ژیانی پێغەمبەران .. خوێندنەوەیەکی نوێ

لەزنجیرەبەرنامەکانی ژیانی پێغەمبەران سەلامی خودایان

لەسەربێت (حاجی کاروان)

ئامادەکردن و تایپ و پێداچوونەوەی : سوهەیب جەمیل عەلی

PDF4Kurd

ئەم کتێبە بۆیەکەمجار لە چاپخانەی (دار المعرفە) ی شاری بەیروتی پایتەختی لوبنان لەساڵی 2008 ی زایینی بەرامبەر ساڵی 1429 ی کۆچی چاپ کراوە .

www.bextewery.com

پێشـــــــەکی:

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى اله واصحابه اجمعين..

بۆبەسەربردنی ژیانێکی پڕ لەسەروەریی و بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی بەندایـەتی، بـۆ دابـین کردنـی یەکـسانیی و دادپەروەریی و بۆ جوان مامەڵە کردن لەگەڵ خوای گەورە و خەڵکی، بۆ گەیاندنی پەیامی خـوایی بـۆ بەنـدەکان و رووناك کردنەوەی رێگای خواپەرستیی، ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرانی رەوانە کردووە...

بۆ ئەوەی ئێمەش لەم کاروانە پڕ بەها و پڕ سەروەرییە دانەبڕێین و جێ دەستمان دیاربێت، ئەوا پێغەمبەرانی خوای گەورە مەزنترین و پیرۆزترین کەسن بۆ ئەوەی چاویان لێبکەین و بیانکەین بە پێشەنگی خۆمان.

هەرلەبەر ئەم هۆیەشە کە بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی بەو بەهرە خواییـەی کـە پێم بەخـشراوە ئـەم بەرهەمـە بەچاپ بگەیەنم و خزمەتێك بـە گەلـە ستەمدیدەکەم و هـەموو موسـڵمانان بکـەم، ئـەم بەرهەمـەم لەشـێوەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش بە بینەران کردووە و، دواتر بە باشم زانی لەکتێبێك چـاپ بکرێـت بۆئـەوەی بینەرانیش سوود لەبەسەرهات و رووداوەکانی پێغەمبەران وەربگرن و لەمانای نێردراوییان شارەزابن، بەڵام ئـەوەی نووسیومە و باسیان لێ ئەکەم لەژیانی پێغەمبەران سـەلامی خـوای گـەورەیان لەسـەربێت، لـەم نووسـینە زیـاتر هەڵئەگرێت ... بەڵام هەوڵم داوە بەشێوەیەکی کورت و پوخت و سەردەمیانە پێشکەشی خوێنەرانی بکەم... هەروەها هەوڵی زۆرم داوە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی زۆر باوەڕ پێکراو وەکو) ئیبن کەسیر و شێخ محەممەد متەوەلی شەعراوی و دکتۆر تاریق ئەلسوەیدان و عەمر خالید (خوای گەورە پاداشتی هەمووڵایەکیان بداتـەوە، تکاکـارم خوێنـەرانی خۆشەویست سوود لەم بەرهەمە وەربگرن و ژیانێکی نـوێ و پـڕ بەختـەوەری سـازبکەن و لەکـەم و کوڕییەکانیـشم ببوورن، چاوەڕێی نزای خێری ئێوەی ئازیز و خۆشەویستم...

حاجی کاروان

هەولێر / هەرێمی کوردستانی عیـــراق

2008زاییینی 1429 / کۆچی

(گرنگی ژیانی پێغەمبەران) سەلامی خوای گەورەیان لەسەربێت

خوای گەورە کە ئاسمانەکان و زەوی و جنۆکەکانی دروستکرد دواتر باوکە ئادەم بڕیار و فەرمانی دەرکـرد کـەدەبێت کەسێك لەسەر زەوی کاروبارەکانی من ببات بەڕێوە و ببێت بەجێ نشینم، بۆیە خوای گەورە ویستی وابوو و کەدەبێ بێتە جێ ئەویش ناردنی کۆمەڵێك پێغەمبەرە بۆ گەلانی سەرزەوی، ئەو هەمووپێغەمبەرانە بـەخۆڕایی و بەویـستی خۆیان نەهاتوون و، بڕیار و فەرمانی خوای گەورەیە و هەرهەمووشیان مەعسومن لەگوناح، کەواتە خوای گەورە کە

هەڵبیبژاردوون دەبێ ئێمەی مرۆڤیش گوێڕایەڵیان بین و لە فەرمانیان دەرنەچین چونکە ئەو هەمووپێغەمبەرە کە خوای گەورە بۆ مرۆڤەکانی ناردوون هەرهەموویان شیاوی ئەو مەقامە بەرزەن و پیرۆزن.

سەرجەم پێغەمبەران بە کردەوە تێکەڵ بەناخی گەلەکانیان بووینە و بەکردەوە و جەستەش لەناویاندا ژیاون و شەو نخوونیان کردووە وماندووبووینە و ئەزیەت و ئازار و ناڕەحەتییان بینیوە چونکە ئەو پێغەمبەرانە بەکردەوەش ببوونە پێشەنگ و قودوە، بۆیە خوای گەورە و میهرەبان هەموو پێغەمبەرانی کردبوو بە مامۆستا و چاوساغی گەلان، هەروەها هەژاربووینە و بەئارەقی ناوچەوانیان رزق وڕۆزییان پەیداکردووە و ماندووبووینە، ئەوەتا زۆربەی پێغەمبەران شوانێتیان کردووە و زۆربەشیان دارتاش و بازرگان وئاسنگەربووینەو هتد...چەندە جوانە بازرگانێک چاو لەحەزرەتی سولەیمان بکات و بڵێت ئەو سەروەت وسامانەی لەبەردەستم دایە هی خوای گەورەیە و هیچی منی تیانییە، یاخود چەندە گرنگە گەنجێک وەکو حەزرەتی یوسف داوێن پاک بێت و چاوی لەکاری ناشەرعیی نەبێت و هەرکاتێک کارێکی ناشەرعیی بەرۆکی گرت ئەو بڵێت) معاذ الله (و لەخوا بترسێت و بزانێت کە خوای گەورەبەردەوام چاودێرە بەسەریەوە، چەندەبەرز و پیرۆزیشە کچێک یاخود ئافرەتێک چاو لەمەریەم و بنەماڵەی) ال عمران (بکات و داوێنی پاک و رەوشتی جوان بێت، ژیانی پێغەمبەران چیرۆکێک نییەو هەموومان لەدەوری چیرۆک خوانێک دابنیشین و ئەڵقە ببەستین و گوێی بۆ بگرین، بەڵکو ژیانیان پڕە لەراستی وهەقیقەت و بەسەرهات، ئێمە کاتێک ژیانی پێغەمبەران ئەخوێنینەوە و گوێی بۆدەگرین بۆئەوەیە تاوەکو لەژیاندا ئۆقرەگر بین و دەستەوسان دانەنیشین، لەوانەوە فێری رەوشتی جوان و خۆشی وناخۆشییەکانی ژیان دەبین، فێرمان دەکەن کەلەم ژیانە بۆچی دەژین و بۆکێ دەمرین؟ پێمان دەڵێن کەبۆچی هاتووینەتە ئەم ژیانە و بۆکوێ دەڕۆین و چیمان بەسەردێت و گەڕانەوەمان بۆلای کێیە؟

پێغەمبەران فێرمان ئەکەن کەتەنها بۆخوا بژین و لەڕێی خواش بمرین وسەربنێینەوە، بەهەشت و دۆزەخیان پێ نیشانداین و لەئازار و ناڕەحەتییەکانی رۆژی دوایی ئاگاداریان کردینەوە، فەرمانییان پێکردین دەست لەگوناهو تاوان هەڵبگرین و ڕێگەی چاکەبگرینەبەر ...پێغەمبەران ماوەی نێوانیان زۆربووە و پێغەمبەری واهەبووە ماوەی نێوانیان دووسەد ساڵ تا پێنج سەدساڵ وتاوەکو هەزار ساڵیش بووە.

خوای گەورە بۆچی ئەو هەموو پێغەمبەرەی ناردووە ولەبەرچی ؟ چونکە کەپێغەمبەرێک لەناو گەلێک بووایە ژمارەیەکیان باوەڕیان دەهێنا و بە ئیمانداری دەمانەوە بەڵام دوای ئەو پێغەمبەرەو بۆماوەی چەند سەد ساڵێک بەهەمان شێوە گەلانی ستەمکار پەیدا دەبوونەوەکە پێشتر پێغەمبەران لەناویان بوون و ماندووبوونیان لەگەڵ دەچێژان.

بۆنموونە ماوەی چەند سەدەیەک گەلی وادەهاتە دنیا پەنای دەبردە بەر کاری بێشەرعیی و بەد رەوشتی و مەی خواردنەوە و داوێن پیسی، بەرلەهاتنی پێغەمبەری ئیسلامیش لەنیمچە دوورگەی عەرەبیی خەڵکانی واهەبوون بەردوداریان ئەپەرست و کڕنووشیان بۆ بتی بێ گیان ئەبرد و کچەکانیشیان زیندە بەچاڵ دەکرد !!!...کە حەزرەتی موحەممەد دروودی خوای لەسەربێت هاتە دنیا و خوای گەورە بە پێغەمبەر هەڵیبژاردئەو جۆرە دیاردە نەشیاوو پڕلەتاوانانەی نەهێشت و قەڵاچۆی کرد و وای کرد کەخەڵکەکەهەر هەمووی ڕوولەئایینی ئیسلام بکەن کەدوایین ئایین و ڕێبازی ژیانە بۆ مرۆڤەکان، پێغەمبەرانی تریش هەروەکوپێغەمبەری ئێمە وابوون و ڕەنجیان کێشاوەو ماندووبووینە بەدەست گەلە ستەمکارەکانیان.

هیچ گەلێک لەسەر ئەم زەوییە نەبووە کەخوای گەورە پێغەمبەری بۆنەناردبێت و هەموو گەلانی سەرڕووی زەوی

لە پێغەمبەران بێبەش نەبووینە و بەزمانی خۆیان خوای گەورەبۆگەلەکانی خۆیانی ناردوون، هەرهەمووشیان یەك هەڵوێست و یەك داخوازییان لەگەلەکانیان ویستووە ئەویش تەوبە و ئیستغفار و ڕوولەخواکردن و هیچی تر ... بەردەوام لەگەڵ گەلەکانیاندا بووینە و تادوایین هەوڵ لەگەڵیان بووینە ولێیان جیاواز نەبوونەتەوە، ئەوەندە خەمخۆری گەلەکانیان بووینە و بەردەوام لەگەڵ خەم وناڕەحەتییەکانیاندابووینە، سەیری ژیان و بەسەرهاتی حەزرەتی موسابکە چەندە خەمی بەنی ئیسرائیلیەتی و چاونەترسانە و بێباکانە ڕووبەڕووی گەورەترین و زاڵمترین و ستەمکارترین کەس دەبێتەوە کەئەویش فیرعەونە و داوای لێدەکات چیتر بەنی ئیسرائیل نەچەوسێنێتەوە و وازیان لێ بهێنێت و دواتر هەرهەموویان کەژمارەیان شەش سەد هەزار کەس دەبێت لەژێرچنگی فیرعەون رزگاریان دەکات.

بەلاّم لێرەوە دەبێت پێغەمبەران لەیەکتر جیابکەینەوە، بەومانایەی دووجۆر پێغەمبەر هەبووینە)نبی و رسول (واتە هەمووپێغەمبەرێك ڕەسول نەبووە و هەموو رەسوڵێکیش نەبییە، رەسوڵەکان پێغەمبەر بووینە و خاوەن پەیامێك بووینە کخوای گەورە بەهۆی ئەوەوە بۆگەلانی ناردووە، ئەگەر پێغەمبەرێکی ڕەسول وەفاتی فەرمووبێ ئەوا خوای گەورە نەبییێکی بۆ گەلەکەی ناردووە کەلەناویاندا ژیاوە و نەبییەکە پەیامی ئەو پێغەمبەرەی جێبەجێکردووە و جارێکی تر ئاگاداری کردوونەتەوە، واتە لەسەر شەرع و بەرنامەکەی ئەو ڕەسوڵە ڕۆیشتووە کەوەفاتی فەرمووە و لەناو گەلەکە نەماوە، هاوەڵانی پێغەمبەر پرسیارلە پێغەمبەری پێشەوا دەکەن کە ئایا چەند پێغەمبەر هەبووینە؟ پێغەمبەری پێشەواش دروودی خوای لەسەربێت دەفەرمووێت : سەد و بیست و چوارهەزار پێغەمبەر هەبووینە، و سێ سەد و پانزەیان رەسولن و ئەوانی تر نەبی بووینە، بەلاّم بیست و چوار پێغەمبەر لە پێغەمبەرەکانی خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەناویان کراوەو ناویان هاتووە، لەناو ئەو سێ سەد و پانزە پێغەمبەرەش پێنجیان ئولولعەزمن کە ئەوانیش حەزرەتی) نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و موحەممەد(ن، سەلامی خوای گەورەیان لەسەربێت، بۆچی پێیان دەوترێت ئولولعەزم ؟ لەبەرئەوەی زۆر ئارامگر و بەهیممەت بووینە لەناو گەلەکانیان و زۆریش بەدەست گەلەکانیان ماندووبووینە و ئازاریان چەشتووەو بەدرێژایی تەمەنیان دەربەدەربووینە وشاری خۆیان جێهێشتووە.

شتێك هەیە لێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژەی پێبدەین کەئەویش ئەوەیە ئەگەر خوای گەورە هێزی وای نەداوەتە پێغەمبەرەکانی تاوەکو لەگەڵ ستەمکارەکان بەشەڕبێن، بەلاّم موعجیزاتی زۆری پێداون و شتێکی زۆر گەورەتری پێبەخشین کەئەگەر تادوایین هەوڵ لەگەڵ گەلەکانیان بوونایە و ئەوانیش گوێڕایەڵیان نەکردبان، ئەوا هێز و وزەی دەستیان نزاو پاڕانەوەبووە لەگەلەکانیان و خوای گەورەش دەستبەجێ گیرای دەکرد و بەهۆی نزای ئەوپێغەمبەرانەوە گەلەکانیان لەناوئەچوون و لەزەوی ڕۆ دەچوون، هەر بەنزاای پێغەمبەری ئێمەیە کە زۆربەمان کەئوممەتی ئەوین دەچینە بەهەشتەوە، ئەوەتا لەشەوی ئیسراو میعراجدا کاتێك پێغەمبەری خوا دەچێتە خزمەت خوای گەورە لەئاسماندا حەزرەتی موسا دەبینێت و حەزرەتی موساش دەگرێیت، کاتێ پێغەمبەری پێشەوا دەچێتەلای و لەهۆکاری گریانەکەی دەکۆڵێتەوە، حەزرەتی موسا دەفەرمووێت : بۆئەوە ئەگریم کەزۆربەی ئەوکەسانەی دەچنە بەهەشتەوەلە ئوممەتەکەی تۆن و ژمارەیان لەهەموو ئوممەتەکانی تر زیاترە، هەتاوەکو لەهەندێ ڕیوایەتتدا هاتووە کە حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت تەمەننای کردووە لە ئوممەتەکەی پێغەمبەری پێشەوابێت.

بۆیە هەردەم پێویستە ئێمە سەرلەکڕنووش و سوژدە دابین و سوپاسی خوای گەورە بکەین کەلە ڕێزی ئوممەتەکەی پێغەمبەری ئازیزداین، سەیری ئەو هەمووگەلەی پێشوو بکە و ژیانی گەلانی پێغەمبەرەکان بخوێنەوەکەچۆن بەهۆی

تاوان و گوناهەکانیان ئەچنە دۆزەخەوە، گەلی نوح چەندە ستەمکار و زاڵم بوون رۆژی واهەبووە بەهەموویان بەرئەبوونە گیانی حەزرەتی نوح و لێیان ئەدا بەدارو بەرد تادەگەیشتە ئەو ڕادەیەی ئەبووڕایەوە و بێ هۆش دەبوو و کەسێك لەوباوەڕەدانەبوو کەجارێکی تر هەناسە بداتەوە و بژیێت، یاخود حەزرەتی یەحیا چۆن سەردەبڕدرێت و حەزرەتی زەکەریاش چۆن و بەچ شێوەیەك بەمشاردەکرێتە دوولەت و دەبڕدرێتەوە!!!..

لێرەوە دەبێ بەراوردێك لەنێوان) قصە و قصص (بکەین، هەمولایەك دەزانێت یەکەمیان بەمانای چیرۆك دێت بەڵام دووەمیان ماناکەی وەکو ئەو نییە و مانای ئەوەیە واتە شوێنکەوتن) إقتص اثرە (واتە شوێن پێی ئەو هەڵئەگرێت، و پێغەمبەریش شوێن پێی ئەو هەموو پێغەمبەرە هەڵئەگرێت خاوەنی یەك دروشمن کەئەویش] إن اریدُ الا الاصلاح مااستطعت وماتوفیقي الابالله علیه توکلت و إلیه أنیب[، جگەلەوەی هەر هەموو پێغەمبەران لەمناڵی تاوەکو دواساتەکانی تەمەنیان پاك بووینە و ئەمین بووینە و مەعسومیش بووینە لەهەمووگوناهێك، پاکییەکەی بەمانای ئەوەی خیانەتیان لەکەس نەکردووە، وەکو حەزرەتی یوسف چۆن خۆی پاراست و نزیکی زولەیخا نەکەوت یاخود حەزرەتی موسا کاتێك ئاودەداتە دووکچەکەی حەزرەتی شوعەیب، ئەمین و دەستپاکیشیان وەکو ئەوەی دەستیان بۆ سامانی کەسێك نەدەبرد و تەنانەت بێباوەڕو جولەکەکان پارەو ئەمانەتیان لای پێغەمبەری پێشەوا دادەناو بۆی هەڵدەگرتن بەبێ ئەوەی دەستی بۆببات.

پێغەمبەران کە خوای گەورە هەڵیبژاردوون و بۆ گەلانی ستەمکار ڕەوانەی کردوون، هیچ خاڵێکی لاوازیان تیا بەدی نەکراوە و نەبینراوە، بێباوەڕەکان بەردەوام بەدوای خاڵێکی لاوازی ئەو پێغەمبەرانەدا گەڕاون و نەیاندۆزیوەتەوە، چونکە هەر لەمناڵییەوە فیترەیان پاك بووە وڕابردوو و ئایندەشیان بەهەمان شێوە، چونکە ئەگەر لەم رۆژگارە کەسێکی چاك جێی متمانە و دەمڕاستی خەڵك بێت و خاڵێکی لاوازی لێ بەدی بکرێت ئابڕووی دەچێت و ناتوانێت جارێکی تر قسە بۆخەڵك بکات و ببێت بەدەم ڕاستیان، لەماڵەوەش هەربەهەمان شێوە ئەگەر کوڕێك لەماڵەوە هەرچەندە نوێژبکات و ئیماندار و گوێڕایەڵ بێت بەڵام ئەگەر خاڵێکی لاوازی هەبێت لە سومعە و ڕەفتاریدا ئەوا چۆن لەناو ئەو ماڵەدا خوشك وبراکانی تری دەیکەن بەپێشەنگ و قودوە و چاوساغ و ڕێ نیشاندەری خۆیان لەهەمووکاروبارێکی ژیان، بەڵام سەرجەم پێغەمبەران وانەبوون و هەرهەموویان پاك بووینە و موعجیزەیەك بوون لەدەستپاکی و راستگۆیی بەر لەپێغەمبەرایەتی و لەکاتی پێغەمبەرێتیشدا تەنانەت حەزرەتی جبریلیش ئەمینە) نزلت بە روح الامین.(

بەختەوەری ژیان:

ئێمە لێرەدا بۆ باسی پێغەمبەران دەکەین ؟ چونکە ئەوان بەختەوەر ترین کەس بووینە و لەهەمووکەسێکی تر خۆشحاڵ تربوون و تەمەنناشیان کردووە گەلەکانیان وەکو ئەوان بەختەوەر بن، سەرکەوتووترین کەسی سەر رووی زەوی بووینەو رۆژێك لەرۆژان بێزاری ڕووی تێنەکردوون و ناسوپاسگوزارییان نەکردووە]لقد کان في قصصهم عبرة لاولي الالباب [هەرهەموویان خاوەنی ئەقڵ و کەمال بووینە و نوقسانییان نەبووە و سەرکەوتووبووینە، ئەگەر کەسێك لەم رۆژگارە داهێنەرترین کەس بێت لە ڕووی ئامێر و پێشکەوتن و لەولایشەوە مانای ژیان نەزانێت و نەزانێت ئاخیرەتی چییەو بۆبەهەشت ئەچێت یان جەهەننەم، ئەوا بێگومان ژیانێکی گیانەوەرانە ئەباتەسەرهەرچەندەی داهێنەر وپسپۆڕ و زانستخواز بێت، بەڵام ئەگەر کەسێك وەکو ئەو داهێنەر بێت و لەگەڵ ئەوەش باوەڕی بەمردن وژیانەوە و جەهەننەم وبەهەشت هەبێت زۆر لەو چاکترە و زانستەکەی بەرەکەتدارترە و سەرکەوتووترە.

بەهۆی ئەو پێغەمبەرانەوە خوای گەورە دەناسین و بەهۆی ئەوانە ئێمە خاوەن عەقڵ و خاوەن جەستەیەکی ڕێکین، بەهۆی ئەوانیشەوە ڕێگەی بەختەوەری دەگرینە بەر، بۆیە پێویستیمان بەوە هەیە ڕێی ئەوان بگرینە بەر و دەسبەرداری نەبین، لای هەمووانیش ڕوون و ئاشکرایە ئەوان فەرمانی خوایان بەجێگەیاند و ئێمەشیان فێر کرد کەوەکو ئەوان بین و وەکو ئەوانیش تام و لەزەتی ئەم ژیانە بکەین و بێزاری خۆمان لەوژیانە نەخەینە ڕوو، و بەردەوام سەرمان لەکڕنووش دابێت و تەسبیحات و ئیستغفاری خوای گەورە بکەین، هیچ پێغەمبەرێك لەگەلەکەی دانەبڕاوە و نەچوونەتە ئەشکەوتێك و سووچێکی پەرستگا و بڵێن من جێگام بەهەشتە و میللەتەکەشم ئارەزووی خۆیەتی، نەخێر وانەبوون و بەردەوام لەگەڵ گەلەکانیان دابووینە و ڕێنماییان پێ بەخشیون و لەخراپە و چاکەکان ئاگاداریان کردوونەتەوە و نەیانهێشتووە بەرەو کوێرایی و تاریکە ڕێگەکان هەنگاو بهاوێن و گومڕابن.

چەندە لەلایەن دەسەڵاتدارانی گەلەکانیانەوە ئەزیەت دراون و ترسێنراون بەڵام ئەوان باکیان نەبووە و خۆڕاگربووینە و لایان ڕوون و ئاشکرابووە کەوا خوای گەورە و میهرەبان پشتیوانیانە و هەرخۆیشی سەریان دەخات، بەڵام ئەو پێغەمبەرانە گەرەکیان بووەژێردەستەی ستەمکاران رزگاربکەن و نەیەڵن بکرێن بەکۆیلە و بەندە و چەوساوە لەهەمان کاتیش چاونەترسانە چوونەتە کۆشك وتەلاری ستەمکاران کەبەرەو هیدایەت بێن وبابەس بێت ستەم وزوڵم لەمرۆڤە لاوازەکان و ژێردەستەکانیان..

لێرەوە پێویستیشە بزانین کەهەر پێغەمبەرەو بەجۆرێك لەلایەن خوای گەورەوە تاقیکراوەتەوە، پێغەمبەرهەیە بەنەخۆشی درێژخایەن تاقیی کراوەتەوەوهەیشە بەمناڵ نەبوون و یاخود تا گەیشتوون بە پلەی شەهادەت، بۆچی خوای گەورە هەواڵی ئەوهەمووپێغەمبەرەی بە پێغەمبەری ئازیزمان گەیاندووە؟ بۆئەوەیە) ما نپبت به فؤادك (تاوەکو دڵەکەی ڕاگر و خۆڕاگربێت بەرامبەر بەو هەموو ئەزیەت وتەنگ و چەڵەمەیەی کەلەژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها جگەلە پێغەمبەریش هەواڵێکە بۆ هەموومرۆڤێك و پێویستە پەند و عیبرەتی لێ وەربگرن، بەڵام ئەگەر کەسێك غافڵ بێت و گوێی پێنەدات ئەوا کەسێکی خەسارەت مەندە و دڵەکەی خۆڕاگر نییە، پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلّم دەفەرمووێ :ڕۆژگارێك دادێت ئایینی ئیسلام لەناو خەڵکیدا دەبێت بەنامۆ بەڵام کەسانێك هەن دەست بە ئایینەکە دەگرن و پارێزگاری لێدەکەن و لەهەوڵی بەرزکردنەوەیدان و پاداشتی ئەو جۆرە کەسانە وەکو پاداشتی پلەی شەهیدێکە.

پێغەمبەران هەتا دوایین ساتەکانی ژیان خۆڕاگربوون و کۆڵیان نەداو لەهیچ شتێك نەترسان، هەمووجۆرە تاوان و ناوزڕاندنێکیان بەرامبەر بەکارهات و بەشێت و جادووگەر و سەرلێشێواو لەقەڵەم دران کەچی ئەوپێغەمبەرانە هێشتا خۆڕاگربوون و ساردبوونەوە ڕووی تێنەکردن، پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران کە ئەویش حەزرەتی یوسفە خۆی لەکاری بێ شەرعیی پاراست و نزیکی نەکەوت لەوکاتەی زولەیخای خێزانی عەزیزی میسر دەرگاکانی لەسەردادەخات و بەرۆکی دەگرێت ...یاخود حەزرەتی ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەران چەندە ئارامگرە لەوکاتەی دەیخەنە ناوئاگرە گەورەکە بە تۆمەتی شکاندنی بتی موشریك و خوانەناسەکان، هەروەها سەیری جورئەت و غیرەتی حەزرەتی ئیسماعیلی نەوجەوان بکە کەلەژێر چەقۆکەی باوکیدایەو دەفەرمووێت) يا أبتي إفعل ماتؤمر ..(ژیانی حەزرەتی ئەیوب بخوێنەوە کە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لەناوجێگا ئەکەوێت و گۆشتی لەشی لەئێسقانەکانی هەڵئەوەرێت کەچی ڕۆژێك لەڕۆژان ناشوکرییێك لەزاری دەرنەچوو، بۆیە پێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموویەتی) الانبياء اشّدُ بلاءا (پێغەمبەری واهەبووە ژنەکەی لەگەڵی نەبووە و بێ باوەڕبووە و یاخود کوڕەکەی لەڕیزی موشریکەکان بووە ئەوەتا حەزرەتی نوح ژنەکەی و کوڕەکەی بێباوەڕبووینە و حەزرەتی لوتیش ژنەکەی بەهەمان

شێوە و دواتر خوای گەورە لەگەڵ موشریك و بێباوەڕەكان لەناوی بردوون.
بۆیە پێویستە لەسەرهەمومان زووبەزوو ئاوڕێك لەژیانی ئەو پێغەمبەرانە بدەینەوە و شارەزای ژیانیان بین و لێی وردببینەوە كەچەندە واقیع بینانە بەرەو نەهامەتییەكانی سەردەمەكەیان چووینە و ئەزیەت دراون، وەرە و سەیری ژیانی هاوەڵانیش بكە ئەوەتا عەبدوڵلای كوڕی مەسعود ڕەزای خوای گەورەی لێبێت كەكاتێك سورەتی پیرۆزی یاسین لەلایەن خوای گەورەبۆپێغەمبەرەكەی دابەزی دەچێتە سەربانی كەعبە و بەدەنگی بەرز ئەیخوێنێتەوەو باكی لەهیچ كافرێك نییە، كەقوڕەیشیە موشریكەكان گوێیان لێدەبێت بەهەموو هێزیانەوە دەكەونە گیانی عەبدوڵلای كوڕی مەسعود تاوەكو لەهۆش خۆی دەچێت و دەبووریێتەوە،هاوەڵێكی لەوشێوەیە كەجەستە و گیان و قاچەكانی لەڕادەبەدەر لاواز بوون پێغەمبەرلەبارەیەوە فەرموویەتی قاچەكانی لەكێوی ئوحود بەهێزترن!!!...
لەوكاتەی ئەو هاوەڵە بەڕێزەبەهۆش خۆی دێتەوەپێغەمبەرپرسیاری لێدەكات كەبۆچی واتكرد؟ دەفەرموێت ئەی پێغەمبەری خوا جارێكی تر و چەندین جاری تریش ئامادەم ئەو دیمەنە دووبارەبكەمەوە، دەزانی ئەو هاوەڵەوسەرجەم هاوەڵانی تر بۆ بەو شێوەیە خۆڕاگربووینە چونكە ژیانی پێغەمبەران و ئەوئیماندارانەیان خوێندۆتەوە كەبەرلەوان ژیاون و بەهەموو شێوەیەك ئەشكەنجە و ئازار دراون، ڕۆژێكیان پۆلێك لەهاوەڵان دێنە خزمەت پێغەمبەری ئازیز و پرسیاری لێدەكەن) متی نصرالله یارسول الله (دەردە دڵی خۆیان لای پێغەمبەرەكەیان ئەخەنە ڕوو كەتاكەی ئەو هەموو ئەزیەت و ناڕەحەتییە و كەی رزگاریان ئەبێت و كەی كاتی سەركەوتن بەرەو ڕوویان دێت ؟ پێغەمبەریپێشەواش پێیان دەفەرموێت بەرلە ئێوە و لەڕۆژگارەكانی پێشوو باوەڕداری واهەبووە لەسەریەوە تاوەكو خوارەوەی بەمشار كراوەتە دوولەت تەنها بۆئەوەی لەباوەڕەكەی پاشەگەزبێتەوە، كەچی پەشیمان نەبۆتەوە و سوورتربووە لەسەر باوەڕەكەی...
بەڵام مخابن بۆگەنجانی ئەم ڕۆژگارەی خۆمان كوا خۆڕاگری؟ كچی واهەبووە چۆتە كۆلێژ و پەیمانگا لەبەرخاتری خۆشەویستەكەی لەچكی سەری لاداوە و پەشیمان بۆتەوە، یاخود گەنجی واهەبووە لەبەردڵی كچێك نوێژو ڕۆژووی تەرك كردووە و وازی لەعیبادەت هێناوە!!!.ئایا ئەمە خۆڕاگرییە؟ نەخێر ئەمە خۆهەڵخەڵەتاندن و لەدەستدانی خۆڕاگری و سەباتەكەیەتی لەسەر ئایین، چەندە خۆڕاگرییە گەنجێك وەكو حەزرەتی ئیبراهیم بێت و باوكی بۆ باوەڕهێنان بانگ بكات، چەندە جوان وخۆڕاگرییە باوك كوڕەكەی بۆ نوێژی بەیانی بانگ بكات و نەهێڵێت بە ئاگری دۆزەخ بسووتێت، خەڵكانێك هەن بۆ پارە و پوول و سامان سوتاون و دینەكەیان بیرنەماوە و خۆڕاگرە بەرامبەر بە قازانج و زەرەری ڕۆژانە كەچی خۆڕاگرییەكی نییە سەرباتە كڕنووش و شوكری نیعمەتەكانی خوابكات، چونكە ئەوەندە دنیاییەو لووت بەرزییەكەی ڕێگەی پێنادات سەر بۆخوای گەورە كەچ بكات و لاوازی و بێ دەسەڵاتی خۆی دووپات بكاتەوە.
باباوكان سەیری دیمەنی حەزرەتی نوح بكەن كەلەوكاتەی لافاو هەڵدەستێت و لەسەركەشتییەكەوەیە و كوڕە بێباوەڕەكەشی لەناو ئاودایە و خەریكە دەخنكێت و بۆی دەگرێیت و بانگی دەكات كەوەرە لەگەڵما، بۆمردنی كوڕەكەی ناگرییێت بەڵكو بۆبێباوەڕییەكەی فرمێسك ئەڕێژێت و داوای لێدەكات بێتە ڕیزی ئیماندارەكانی ناو كەشتییەكە، باباوكان وەكو باوكی حەزرەتی ئیبراهیم نەبن و دژی كوڕەكانیان هەڵس و كەوت بكەن كەئەگەر كوڕەكەت هاتووچۆی ماڵی خواو مزگەوت دەكات دەستخۆشی لێبكە و ئافەرینی لێبكە ودڵت خۆش بێت چونكە ڕێگای ڕاستی گرتۆتە بەر و كوێرە ڕێگاكانی نەگرتۆتەبەر.
چەندە باوك هەیەلەم ڕۆژگارەی ئێمەدا دژی ئەوەیە كەكوڕەكەی هاتووچۆی مزگەوت دەكات؟ لای وایە كوڕەكەی

سەرلێشێواوو کەسێکی توندڕەوی لێدەردەچێت !!!..بەڵام نەخێر ئەوگەنجەی هاتووچۆی مزگەوت دەکات کەسێکی ڕەوشت بەرز و ئیمانداره نەوەك سەرلێشێواوو توندڕەو، چونکە ئیسلامەکەی فێری کردووە ڕێزی خەڵکان بگرێت و نەرم ونیان بێت و پەنا نەباتە بەر توندو تیژی و ڕق و کینە، هەروەها ژیانی پێغەمبەرانی خوێندۆتەوەکە وەکو ئەوان خۆڕاگر بێت، خۆڕاگرییەکەی وەکو خۆڕاگرییەکەی حەزرەتی ئیسماعیل و حەزرەتی یوسفە، کەئەویش ڕەمزی ملکەچی وبەندایەتییە بۆخوای گەورە و میهرەبان، بۆیە پێویستە گەنجەکانمان ملکەچیی ئەو بەندایەتییە بن و ڕێزی باوکیان لەبەرچاوبێت، پێویستە باوکانیش وەکو حەزرەتی نوح بن و نەیەڵن ڕۆڵەکانیان نوێژەکانیان بچێت و تەرکیی ملکەچی و بەندایەتییە بۆ خوای گەورەو میهرەبان بۆیە پێویستە گەنجانمان مالکەچی ئەو بەندایەتییە بن و ڕێزی باوکیان لەبەرچاوبێت.

ئامانجێکی تری ژیانی پێغەمبەران ئەوەیە] لقد كان في قصصهم عبرة لاولي الباب [ئەگەرمن پەند و عیبرەت لەچیرۆك و بەسەرهات و ژیانیان وەرنەگرم کەواتە هیچم نەکردووە و ناشتوانم شتێك بکەم، ئەگەر عیبرەت و پەند لەژیانیان وەربگرم ئەوا کەسێکی سەرکەوتوو و خۆڕاگرم .هەروەها یەکێك لەئامانجەکانی ئەوپێغەمبەرانە] اولئك الّذين هدى الله فبهداهم اقتديه [خوای گەورە هەڵیبژاردن و هیدایەتی دان وبوون بە پێشەنگ و قودوەی هەموو کەسێك وهەموو گەلێك، کەواتە پێویستە ئێمەش بیانکەین بەپێشەنگ و چاویان لێبکەین، تۆش گەردەتەوێت ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنیت و بەهەشتە پان وبەرین ونەبڕاوەکەی مسۆگەربکەیت ئەوا سەرجەم پێغەمبەران بکەبە پێشەنگ و سەرقافڵەی خۆت و خەڵکانیش حاڵی بکە کە هەرئەوان بکەن بەچاوساغ و سەرمەشقی خۆیان، پێویستە لەقوتابخانەش مامۆستایان بەوپەڕی بەرپرسیارێتیەوەئەم چیرۆك و بەسەرهات و پەند وعیبرەتانەی پێغەمبەران وەك ئەمانەتێك بە قوتابیەکانیان بگەیەنن و حاڵیان بکەن لەژیانیان، باسی سەردەمی منالّی حەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی عیسا و حەزرەتی یوسف و حەزرەتی زەکەریا و حەزرەتی موحەممەد سەلامی خوایان لێبێت بۆ قوتابیەکان بگێڕنەوە، با ئەوانیش ژیانی ئەو پێغەمبەرانە شارەزابن و بیزانن.

شارستانیەت و بنیاتنان:

خاڵێکی تر لەئامانجەکانی پێغەمبەران ئەوەیە کە ڕۆڵیان بینیوە لەبنیاتنانی کۆمەڵگە و دروستکردنی ژیار و کلتوور، بۆ ئەم کارە و سەرکەوتنی لەژیاندا ئەم دروشمە بکە ئامانجت وەکو حەزرەتی ئیبراهیم] حسبي الله ونعم الوكيل [بۆ سەرخستنی کاروبارەکانی ژیانت تەنها ئەو دروشمە و پشت بەستن بەخوای گەورە بکە سەرمەشقی ژیانت، چونکە ئەو پێغەمبەرانە بوونە مایەی بونیاتنان و دامەزراندنی ژیار و کۆمەڵگا و خەڵکانیان خستە چوارچێوەی خێزان وڕێزگرتن و خۆشەویستی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

خاڵێکی دیکەی ئامانجەکانی پێغەمبەرانی خوا ئەوەیە کەلەوانەوە فێربووین چۆن وبەچ شێوەیەك خەڵکان بەرەو هیدایەت و دینداری بانگ بکەین، بەڵام ئایا تەنها کاری پێغەمبەرانە کەئیسلاّحی خەڵکی بکەن و بانگەواز بکەن ...؟ نەخێر ... ئێستاکە هیچ پێغەمبەرێك نەماوەو تەنانەت حەزرەتی موحەممەدی سەرداری پێغەمبەرانیش لەناومان نەماوە تائیسلاّحی خەڵکی بکات، خۆ ئێمە لەسەرەتاوە ئاماژەمان بەوەکرد کەخوای گەورە لەکاتی دروستکردنی یەکەم مرۆڤ کەئەویش حەزرەتی ئادەم بوو سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت فەرمووی] إني جاعل في الارض خليفة [خوا فەرمانی دەرکرد کەدەبێت کەسێك لەسەرزەوی ببێتە جێ نشینم و کاروبارو فەرمان و بڕیار و یاساکانم بەخەڵکان بگەیەنێت، ئێمە، من، تۆ، هەرهەمووکەسێك لەئاستی خۆیەوە بەرامبەر بەم جێ نشینە بەرپرسیارەو، دەبێت بانگەوازی خەڵکی بکات بۆ ڕێی هیدایەت و ئیسلامەتی.

گەنجێك کەلەتاوان و گوناهدا ڕۆچووە کێ ڕێنمایی بکات و ئاگاداری بکاتەوە؟ ئایا پێغەمبەر بێتە خەونییەوە و ئاگاداری بکاتەوە و بەرەو ڕێی هیدایەت بانگی بکات ؟ ئەمە ئەرکی سەرشانی ئەو گەنجەیە کە هاوڕێیەتی و دراوسێیەتی و خزمەیەتی، ئەرکێکە بەسەرییەوەکەدەبێت بەردەوام لەگەڵیدابێت و دەسبەرداری نەبێت تاوەکو واز لەتاوان و گوناهەکە دەهێنێت، مەڵێ ئەمە کاری من نییەو دەستم بەکلاوەمەوە گرتووە و تاوەکو با نەبیات، ئەم وتەیە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کەڕۆژانە لەدەمی سەدان گەنج دەردەچێت، چونکە هەمووومان بەرپرسیارین لەگەیاندنی شەرع و پەیامی ئیسلامیی پیرۆز بەهەمووخەڵکان، وەمەڵێ ئەوە فەرمووده و قورئان ئامادەیە و بەس تۆ ئەگەر ڕاڤەیەك لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەزانیت بیدرکێنە و بادەوروبەرت سوودی لێوەربگرن چونکە هەزاران خێر و چاکەت بۆ ئەنووسرێت و دەبێت لەڕۆژی دواییشدا خوای گەورە چ پاداشت و خەڵاتێکی بۆ ئامادەکردبێت کەببێتە هۆی ڕزگاربوونت لە ئازارەکانی ڕۆژی دوایی.

چاوساغی و پێشەنگی:

خاڵێکی تری ژیانی پێغەمبەران ئەوەیە، کەئەوان بوون بەقودوە پێشەنگ بائێمەش ببین بەقودوە و چاوساغی خەڵکی، چەندە جوانە کەسێك چاو لەکارو ڕەفتارێکی جوانی تۆبکات، کەسێك کەلەگەڵ خێزانەکەی خراپە و بەبەردەوام جنێوی پێدەدات و لەگەڵی لەبۆسەدایە و ئیدانەی دەکات، کەچی لەولایشەوەدراوسێیەکی هەیە ورەفتاری لەگەڵ خێزانەکەی لەوپەڕی باشی و لوتکە دایە وحەز دەکات کە کەسە خراپەکەش وەکو ئەو بێت و ڕێزی خێزانەکەی بگرێت و هاریکاری بکات لەکاروبارەکانی ماڵەوەئەوا بێگومان بەهۆی قودوە و پێشەنگێتی ئەوەوە کەسە خراپەکەش چاك دەبێت و هیدایەت وەردەگرێت، بۆیە پێویستە هەموو کەس و گەنجێك لەهەموو شوێنێك و گەڕەکێك و فەرمانگە و دام ودەزگاکان قودوە و پێشەنگایەتی خۆی بسەلمێنێت تاوەکو خەڵکانیش چاو لەو بکەن.

خاڵێکی تری ژیانی پێغەمبەران ئەوەیە کەئێمە بەهۆی ئەوانەوە لەو قورئانە ئەگەین و لێیەوە حاڵی ئەبین، ژیانی ئەوان عەمەلییەومەتەڵ وبەسەرهات وسەرگوزشتە نییە، چۆن منداڵ بەقسەی باوکی بکات؟ لەحەزرەتی ئیسماعیلەوە فێر دەبێت کە گوێڕایەڵی باوکییەتی، چۆن منداڵ ڕاستگۆبێت و درۆنەکات ؟ لەحەزرەتی ئیبراهیم و حەزرەتی یوسفەوە فێردەبێت، یاخود گەنج بەچ شێوەیەك داوێن پاك بێت؟ لەبەسەرهاتەکەی حەزرەتی یوسف و زولەیخاوە، یاخود چۆن کەسێکی ئارامگر و شوکرانە بژێربێت؟ سەیری ژیانی حەزرەتی نو ح و ئەیوب و یونس و حەزرەتی موساو حەزرەتی موحەممەدبکە، چۆنیش ئافرەتێکی داوێن پاك و کچێکی ڕەوشت بەرز بم ؟ سەیری ژیان وبەسەرهات و ڕووداوەکانی مەریەمی دایکی عیساو بنەماڵەی ئالی عیمران و عائیشە و ئاسیادەکەم و دەیانکەم بەسەرمەشقی ژیانم.

چۆن ڕێزی خێزانەکەم بگرم و دڵی ئازارنەدەم و بەردەوام پێی نەڵێم ژن دەهێنم ؟ سەیری حەزرەتی ئیبراهیم دەکەم کەڕۆژێك لەڕۆژان دڵی خێزانەکەی نەهێشاند تاوەکو خێزانەکەی زۆری لێکرد کەژنی دووەم بهێنێت، چۆن ئافرەتێکی ئۆقرە گرو ئارامگر دەبم بەرامبەر بەمێردەکەم ولەکاتی نەخۆشیی و کەوتن لەسەرجێگا بەدیارییەوە دادەنیشم و کۆڵنادەم ودەچم لەبری ئەو کاسبی دەکەم و پارە و خۆراك پەیدائەکەم بۆئەوەی مێردەکەم هەست بەبێزاری و نارەحەتی نەکات؟ سەیری ژیانی حەزرەتی ئەیوبی ئارامگر دەکەم و دەیخوێنمەوە و پەیڕەوی ئەکەم.

بۆناشوکری نەکردن لەکاتی لەدەست چوونی ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی زۆرو بێ شوومارچاو لەحەزرەتی ئەیوب دەکەم، کەژیانەکەی بخوێنەوە کەسێك نەبووە وەکو ئەو بازرگانێکی گەورە و ناودار و خاوەن سەروەت و سامان بێت کەچی لەپڕێکدا هیچی نەماو ڕۆیشت و چواردەمناڵیشی بەداوی یەکدا مردن !!!!... کەچی هێشتا شوکری خوای

گەورە دەكات و بەهۆی نەخۆشییەوە لەناو جێگادایە و سوپاس وستایشی خـوای گـەورە دەكـات و ڕۆژێـك لـەڕۆژان ناشوكری ناكات و ئاخ و ئۆفێك هەڵناكێشێت، كەمن بازرگانم زیان و زەرەری زۆرم بەردەكەوێت و دەستمایە لەدەست ئەدەم ئەوا پێویستە چاو لەحەزرەتی ئەیوب بكەم و كەمناڵیشم مردهەرشـوكرانە و حەمـدی خـوای گـەورە بكـەم، سەرجەم پێغەمبەران بەوشێوەیە بوون و بۆ خوای گەورە ژیاون و بۆخوای گەورەش لەكۆشش دابووینە.

خاڵێكی تری ژیانی پێغەمبەران) خێر بوون(ە، ئەوان هەرهـەموویان مامۆسـتاو زانـستخواز و زانـست بەخـشن و لەلوتكەی پاك و بێگەردیش دابووینە و عابید ترین و زاهید ترین و خـۆڕاگرترین وبـەئارامترین كـەس بووینـە، زانستەكانیان بەتەنها بۆخۆیان نەبووەو بۆهەموو دەوروبەریان بووە، دنیاش وەكو ماراسۆنێك وایە و ئەو كاغـەزەی كەبەدەست راكەرەكەوەیە لەكاتی ڕاكردن دەیدات بەئەوەی تر، كەواتە ئەو پەیام ریسالەیەی پێغەمبـەرانیش كـە یەك دروشم بووە و وەكو یەك خاوەن یەك ئامـانج بـوون و بەیـەكتریان داوە و ئـەمڕۆش وەك میراتێـك بەدەسـتی ئێمەوەیە و دەبێت ئێمەش لەڕاستەخۆمانەوە بیدەین بەخەڵكانی تر و بەهەمووجیهانی بگەیەنین.

ئەوكاتە كەسێكی خۆڕاگر و بەئەمەك و خاوەن باوەڕێكی پتەوو بەتینین، بائێمەش پـەیام و راسـپاردەكانی ئـەو پێغەمبەرانە و بەتایبەتی تر پێغەمبەری پێشەوا موحەممەد دروودی خوای گەورەی لەسەربێت كە دوایین پێغەمبەری خوایە بەئەمانەتەوە بە هەمووكەسێكی بگەیـەنین و بانگـەوازی بۆبكـەین و بێگومـان لـەوكارەش خـوای گـەورە و میهرەبان پشـــــــــــــتیوانمان ئەبێت....

*   *

<u>سەرەتای بوونەوەر:</u>

هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (29) وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (30) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (31) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (32) قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ (33) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (34) وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (35) فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (36)فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (37) قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعًا فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنْ تَبِعَ هُدَايَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ (38) وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ..(39) البقرة

بێگومان كە خودای گەورە زەوی و ئاسمانەكانی دروستكرد وای كرد كۆمەڵێك پێغەمبەر بۆ گەلان بنێرێت بۆ ئـەوەی

هۆشیاری ببەخشن بە گەلەکانیان و لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی خودا وریایان بکەنەوە . ئاشکراشە کە خودای گـەورە سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەری ناردووە بۆکۆمەڵە گەلێك کە یاخیی بوون و لە فەرمانەکانی خودا دەرچوون..
مرۆڤ لێرەدا دەکەوێتە بیر کردنەوە کە ئەم نێوانەی پێغەمبەرانە ئەوەندە ساڵە بووە ئەی چۆن یەك ڕاو یەك پەیام بووینە ؟ چۆن وەکو یەکتر داوای یەك شتیان کردووە کە ئەویشیان یەکتاپەرستی و خۆ بەدوور گرتن بووە لە هەموو جۆرە هاوبەشی پەیداکردنێك بۆ خودایەك کە هەموو گەردوونی دروست کردووە و هەرئەویش ئەم هەموو خەڵکەی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون....
ئەم پێغەمبەرانە ئەوەندە حەکیم و عەلیم و بەخشندە و میهرەبان بووینـە تەنانـەت زۆر خـەمخۆری گەلـەکانیان بووینە و بە بەردەوام لەگەڵ گەلاکانیان دابووینە بۆ ئەوەی بێنە سەر ڕاستە ڕێ و دوورکەونەوە لـەڕێگای جـەهل و نەزانی و تـاریکیی.
پێغەمبەران هەر هەموویان وەکو ئێمە مرۆڤ بووینە و فریشتە نەبووینە و تـەنها وەحیـی خودایـان بـۆ هـاتووە ، سەرەتا با لە دروست بوونی ئەم بوونەوەرە دەست پێبکەین و بزانین چۆن هاتە بوون و چۆن دامەزرا ؟ زانایان دەڵێن :ئەم گەردوونە لە سەرەتادا لە غازێك پێکهات و دواتر تەقیەوە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم کۆمەڵە غازە لە کوێوە هات ؟ قورئان باسی کردووە ئەم کەونە هەمووی لە سەرەتادا لە دووکەڵ پێکهاتووە واتا) دخان ... (تەقیوەتەوە و ئەم گەردوونەی لێ هاتۆتە بوون ، شاندێك لە یەمەنەوە دێنە لای پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليـه وسـلم و و تیـــــــان) :نسألك عن اول هذا الامر (پێغەمبەریش پێی فەرموون) كان الله ولم يكن له شيء..(

پرسیاری سەرەتای دروست بوونی بوونی دنیایان لە پێغەمبەر کرد و حەزرەتیش پێی فەرموون تەنها خودا هەبوو و هیچ شتی تری لەگەڵدا نەبوو ، نە عەرش نە فریشتەکان و نە جنۆکە و نە پێغەمبەران . ئنجا فەرمووی) كـان الله ولم يكن شيئا قبله ..(کەواتە هوالاول ... هو الاخر .. هو الظاهر ... هو القاهر .. هو الباگن...
بەیەك نەفخە و بە بڕیارێکی خوای گەورە ئەم کەونە هاتەبوون و بەیەك نەفخەش هەموو گـــــــــــەردوون لە ناو دەبات] فإذا نفخ فيه نفخة واحـدة [، ئا بەم شێوەیە و بە فەرمانێکی خودای گەورە ئەم بوونـەوەرە هاتـە بوون ، ئەوەتا ڕۆژێکیان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەر مینبەری پیرۆزی باس لە سەرەتای دروستبوونی ئـەم کەونە ئەکات و لە ئەنجامدا مینبەرەکەی لە ژێر پێیە پیرۆزەکانی دێتە هەژان .. خودا خۆی لە قورئانی پـیرۆزدا فەرموویەتی] وهو يبدئ الخلق ثم يعيده[
هاوەڵێك پرسیارێك لە پێغەمبەری پێشەوا ئەکات) يارسـول الله ايـن كـان الله قبـل الخلـق ؟؟ (پێغەمبـەرمان فەرمووی) كان الله في عمى لاشيء معه (واتە خودا شوێنی دیاریکراوی نەبووە و هیچ شتێکی لەگەڵ نەبووە و عەقڵ پەی پێ نەبردووەو هەرخۆی دەسەڵاتدار بووە بەسەر هەموو شتێك ، لێرەدا شەیتانی لەعین زۆر زەفەر بۆ مرۆڤەکان دێنێت لەبارەی بوونی خودا و چۆنیەتی دروستبوونی ئەم مەخلوقاتە بەتایبەتی تر بۆ ئەو کەسەی تازە گەڕاوەیە و ڕوو لە شەرع و بەرنامەی خوا دەکات بۆیە پێغەمبەری خۆشەویستمان فەرموویەتی خۆتان لەم بیرکردنەوانـە بـە) زیکــــــر و لااله الا الله (بپارێزن و واز لە بـیر کردنـەوە بێـنن ، بـەم زیکـرە زەفـەری شـەیتان لێتـەوە دوور دەکەوێتەوە و وازت لێدەهێنێت "کەواتە مرۆڤ نەیتوانیوە 1% ی دروستکراوەکان پەی بەرێت چ لەناخی خـۆی و چ لە دروستکراوەکان، ئەی کەوابێ چۆن لەگەورەیی پەروەردگار بگات ؟..
]هل اتى على الانسان حين من الدهر لم يكن شيئا مذكورا [تۆ سەیرکە ئەوانەی پێشی ئێمە چییان بەسـەر هـات

یاخود تۆی مرۆڤ سەد ساڵ بەر لە ئێستا هەربوونت نەبووە لەسەر ئەم زەوییە کەواتە کێ خالیقی تۆیە ؟ بێگومان الله جل جلالە ، با بشزانین کە یەکەم شت خودا دروستی کردبێت عەرشی خۆی بووە ، عەرشی خودا کەس نازانێت چۆنە گەورەییەکەی لە رادەبەدەرە ئەوەتا پێغەمبەری پێشەوا وەسفێکی ئاسمانەکان دەکات کە تەبەقەی یەکەمی ئاسمان لە چاو تەبەقەی دووەم وەکو ئەڵقەیەك وایە کە لە بیابان فڕێی بدەیت و دووەمیش لەچاو سێیەم هەروا و چوارەمیش لە چاو پێنجەم بە هەمان شێوە و شەشەمیش لە چاو حەوتەم تەبەقەی ئاسمان هەروەها .. تەبەقەی حەوتەمی ئاسمان لە هەموو ئاسمانەکانی تر زەبەللاحترو گەورترە ، و هەر حەوت تەبەقەی ئاسمانیش لە چاو عەرشی خودا بەهەمان شێوە بەقەد ئەڵقەیەکن کە لە بیابان فڕێی بدەیت !!! پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ دەفەرمووێ] وما العرش في كف الرحمن الا كحبة في السماء [زانیت چەندێك قەبارەت هەیە و بەرامبەر ئەم بوونەوەرە گەورەیە چەندێکی، چۆن ئەوێریت بەقسەی نەکەی و بگرە هەندێ جار شەڕی لەگەڵ ئەکەیت و فەرمانی ئەشکێنیت !!..

لێرەوە بزانە بۆچی لەشەوی ئیسراو میعراجدا خودا پێغەمبەرەکەی بانگهێشتی ئاسمان کرد] لنریه من اياتنا [خودا بە عەزەمەت و گەورەیی خۆی هەموو بوونەوەر و ئاسمانەکانی پیشان دا بۆ ئەوەی بۆ ئێمەی باس بکات کە چەندە گەورە و پڕن لە موعجیزاتی خالیقی بوونەوەر و تا بزانێت ئەم هەموو کەون و کائیناتە لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی خودای گەورەیە ، لەهەموو ئاسمانێك پێغەمبەرەکانی بینی و چەندین ئەشکەنجەو ئازار و ناڕەحەتییەکانی دۆزەخ و نیعمەتە بێ کۆتاکانی بەهەشتی بینی .
یەکەم شت کە خودا خەڵقی کرد قەڵەم بوو وەك پێغەمبەر لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێت : یەکەم شت کە خودا دروستی کرد قەڵەم بوو ، و پێی فەرموو بینووسە تاوەکو رۆژی قیامەت ، لە هاتنە دنیای ژمارەی پێغەمبەران و خەڵکان و دنیاو ئاسمان و بوونەوەر و قەزا و قەدەر و تەمەنی هەموو کەسێك و ئەوبەشە خۆراکەی بۆی بڕاوەتەوە وەکو رزقێك بۆ ئەوکەسە لەلایەن خودای گەورە جل جلالە، خودا بە قەڵەمی فەرموو] اكتب من علمي الى يوم القيامة .[
دووەم شت کە خودا دروستی کرد) اللوح المحفوظ (بوو ئەو شتەی کەنووسینی لەسەر دەکرێت ، هێشتا جگە لەم دوو شتە هیچ شتی تر دروست نەکراوە نە بەهەشت نە دۆزەخ نە زەوی هیچ کامێکیان ، پاشان خودا دەفەرمووێت] الله الذي خلق السموات والارض وما بينهما في ستة ايام ثم استوى على العرش [ئەمجارەیان خودای گەورە لە ماوەی شەش رۆژدا زەوی و ئاسمانەکانی دروست کرد ، بۆ لەماوەی شەش رۆژدا ؟ خۆ دەیتوانی بە ماوەی چرکەیەك و رۆژێکیش دروستی بکردایە ، جوولەکەکان ئەڵێن بۆیە بە شەش رۆژ دروستی کرد تاوەکو خودا پشووێك بدات . خودای گەورە دەفەرمووێت] ولقد خلقنا السموات والارض وما بينهما [واتە ئەوانەی لە نێوان ئاسمانەکاندا هەن وەکو هەوا، هەروەها دەفەرمووێت] وما مسنا من لغوب [واتا هیچ هیلاکی و ماندووبوونێك نەیگرتینەوە کە لێرەدا خودای گەورە جوولەکەکان بە درۆ دەخاتەوە کە دەیانووت : خودا لەکاتی ئەو شەش رۆژە پشووی داوە، لەم بوونەوەرە سوننەتی) تدرج (هەیە واتە پلە بە پلە بۆیەش کۆتایی دنیا پلە بە پلەیە وەك نەمانی خۆر و کێشی موگناتیسی و لاوازی مرۆڤ و هتد . .... دوای ئەم شتانە هەرچی پێویست بوو خودا خەڵقی کرد وەکو ئاسمان و هەواو فریشتەکان و ئەو فریشتانەی عەرشی خودایان هەڵگرتووە ، بەڵام گرنگترین شت کە خودا دروستی کرد و لە ژێر عەرشی پیرۆزی بوو) سیلەی رەحم (و تا رەحم و بەزەیی و میهرەبانی.

وەك پێغەمبەرمان دەفەرمووێت] ان الله خلق الخلق ثم فرغ منهم قامة الرحم [، ئنجا بەرەحمی فەرموو کەسێك بەتۆ ناگات تەنها خۆی لەتۆ دابڕێت ، چونکە رەحم و بەزەیی خودا هەموو کەسێك دەگرێتەوە مەگەر ئەو کەسە نەبێ کە خۆی لەو رەحمە بێ بەش دەکات ، وەکو ئەوەی پەنا دەباتە بەر تاوان و خوێن رشتن و پچڕاندنی سیلەی رەحم ، لێرەوە خودا مکوڕبوونی خۆی لەسەر بەجێگەیاندنی سیلەی رەحم دووپات دەکاتەوە، نەکەی پەیوەندیی دۆستایەتی و خزمایەتی بپچڕێنیت، کۆمەڵگای ئەم رۆژگارەش بەهۆی ئەم حاڵەتەوە دووچاری نەمان هاتووە و بەدەست پچڕاندنی شیرازەی خزمایەتی ئەناڵێنێت هەر بەو هۆیەشەوە شارستانیەت کەوتۆتە مەترسی و نەمان.

دوای رەحم و بە زەیی کە شتێك خودا خەڵقی کردبێ تۆبەیە ، واتە لێبووردەیی لە تاوان و گوناح ، پێغەمبەری نازدار فەرموویەتی دوای رەحم و دروستبوونی زەوی و ئاسمان خودا دەرگایەکی دروستکرد کە حەفتا ساڵ رۆیشتنی پانیەکەیەتی و بەردەوامیش کراوەیە و لەلای رۆژاواوە دروستی کردووە و تا دنیاش مابێت داناخرێت مەگەر رۆژی قیامەت دابێت و زەوی و ئاسمانەکان بە) کن فیکون (یێك خاپوور بێت . ئەم دەرگایەش دەرگای تەوبەیە و بۆ ئەو کەسانەیە کە روو لە خودا دەکەن و واز لە تاوان و سەرپێچی دەهێنن . بۆچی خودای گەورە ئەم دەرگایەی لەلای رۆژاوا دروستکرد ؟ رۆژ لەبری ئەوەی لە رۆژاواوە هەڵبێت لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت کە خۆر لەوێ هەڵهات ئیتر ئەم دەرگایە بەفەرمانی خودا دادەخرێت و تۆبەی هیچ کەسێك قەبوڵ نییە...

پێغەمبەریش فەرموویەتی تەوبە قەبووڵە هەتا رۆژ لە رۆژاواوە هەڵبێت و بەس کە گەورەترین نیشانەی قیامەتە، زۆربەی زانایان ئەمەدەسەلمێنن وەکو زانایەك بەناوی) دیمتری (کە فەلەکناسە دەڵێت لەساڵی 1970 خێرایی سوورانەوەی خۆر بەدەوری خۆیدا لە 10% بووە و دواتر بەرە بەرە خێراییەکەی زیادی کردووە و ئەوەتا لەساڵی 1998زیادی کردووە و بۆتە 30% و زیاتریش لە خێراییدایە و جەمسەرەکانی لەیەکتر نزیك دەبنەوە ، کە ئەوەش مانای نزیك بوونەوەی رۆژی قیامەت دەگەیەنێت وەکو هەڵاتنی خۆر لە خۆراواوە و ساڵی 2006 یش خێرایی سوڕانەوەی موگناتیسیەکە زۆر زیاتری کردووە . دوای سیلەی رەحم سێیەمیان خودای گەورە رەحمەتی خۆی دروستکرد و لە لەوحی مەحفوز لە ژێر عەرشەکەیدا نووسی) رحمتی سبقە غـچبی (واتا رەحمەتی من لە پێش خەشم و توڕەییەکەمە ، لەوکاتەدا خودا سەد رەحمی دروستکرد و یەکێکی نادرە سەر زەوی و نەوەد و نۆیەکەی تری لە ئاسمان هێشتەوە .. کە قیامەت و حەشر و حیساب داهات خودای گەورە ئەو رەحمەی خۆی لەسەر زەوی لەگەڵ هەر نەوەدو نۆ رەحمەکەی ئاسمان لە یەکتر دەدات تاوەکو رەحم بە بەندەکانی بکات ، ئەی کەواتە بۆچی ئێمە دڵخۆش و سەرفراز نەبین کە خودا ئەوەندە لەگەڵ ئێمە بەرەحم بێت، پێشەوا عەلی رەزای خوای گەورەی لەسەربێت دەفەرمووێت : ئەگەر لە قیامەت پێم بڵێن خوا موحاسەبەت بکات یان دایك و باوکت، ئەڵێم خوای گەورە چونکە خوای باڵادەست لە دایك و باوکم بەزەیی ترە ..کەواتە تۆش ئاگات لێبێت بەرەو چ ژیانێکی پڕ رەحم و بەزەیی هەنگاو ئەنێیت.

دواتر خوای گەورە حەرامی کرد کەمەککە وێران بێت کە ماڵی خودایە لەسەر زەوی وەك پێغەمبەر دەفـــــــەرمووێت] ان الله حرم مكة يوم خلق السموات والارض [حەرامی کرد بفەوتێ و لەناوبرێ ، یەکەم خەڵقی خودا لەسەر زەوی مەککە بوو ، دواتر فریشتەکان ..پێغەمبەر دەفەرمووێت کە چوومە ئاسمان لە شەوی ئیسراو میعراج مۆڵەتم لە خودای گەورە وەرگرت بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ فریشتەیێك بکەم کە عەرشی خودای هەڵگرتووە ، پێغەمبەر دەفەرمووێت : کە فریشتەکەم بینی لەرادەبەدەر گەورە بوو تەنانەت نەرمایی گوێچکەی حەوت سەد ساڵ لە شانیەوە دووربوو.

هەروەها باسی جوبرائیل دەکات کە شەش سەد باڵی هەیە هەرباڵێك لە باڵەکانی بکاتەوە سەرتاپای جیهان دادەپۆشێت کە ئەوەندە گەورە و فراوانە رۆژهەلاّت و رۆژاوا دەگرێتەوە ، ئەمانەی هەمووی دروستکراوی خودای گەورەن و ئەی کەواتە دەبیّ عەرشی خودا چەندە گەورە بێت ؟؟؟...!!!
دوای ئەم هەموو شتە خودای گەورە جنۆکەکانی لە ئاگر خەڵق کرد و لەسەر زەوی دامەزران ، جنۆکەکانیش وەکو ئێمە دروستکراوی خودان و تا رۆژی قیامەت لە زیادبووندان بەلاّم ئێمە نایانبینین .... بالێرەوە ژیانی جنۆکەکان و دوای جنۆکەکانیش بخوێنینەوە کە مەزنترین دروستکراوی خودان و ئەوانیش مرۆڤەکانن کە خودا فەرمووی] إني جاعل في الارض خليفة ... [هەروەها با ژیانی بەشێك لەو پێغەمبەرانەش بخوێنینەوە کە خودا بەگەورەیی خۆی بۆ جیهانی ناردوون تاوەکو برِیارو راسپاردەکانی خودا بۆ هەموومرۆڤەکان بگەیەنن نەوەکو بەرەو کوێرە رِێی و نەفامی و تاریکاییەکان بکەونە رِیّ و لە میانەیدا بەر خەشم و تووڕەیی خودا بکەون و لە ئەنجامدا دۆزەخی بێکۆتاش مەنزلّ و شوێنیان بێت ، ئەم پێغەمبەرانە ئەوەندە گوێڕایەڵی خودابوون تەنانەت بەکوشتن و دووکەرت بوونیان دەسبەرداری ئەوپەیامە ئاسمانییە نەبوون کە خودا بۆی ناردبوون و زۆریش لە خەمی گەلەکەیان دابووینە و هەرچەندەی لەلایەن گەلەکانیانەوە ئازار درابانا ئەوان نزای هیدایەت و خێریان بۆ دەکردن، خۆ دەیانتوانی نزا لە ئوممەتەکانیان بکەن و بە] کن فیکون [یّکی خودای گەورە و بالاّدەست هەموویان لەناوبردبان ، بەلاّم نەخێر ئەو پێغەمبەرانە رەحمەت بووینە بۆ گەلەکانیان و لە هەمان کاتیش مزگێنی بەخش بووینە بۆ تەوبە کاران کە خودای گەورە لە بری تەوبەکانیان بەهەشتێکی بۆ ئامادەکردوون کە نەگویّ بیستوویەتی و نەچاو بینیویەتی و نە بەدڵی کەسێکیشدا هاتووە ..... بە پێی راپۆرتی زانایان لەساڵی 2002 کە لە شاری ئۆسلۆ بەسترا، دەرکەوتووە کە دوا دروستکراو لەسەر ئەم زەوییە مرۆڤە ...ئەمەش راستی فەرموودەی پێغەمبەری پێشەواو قورئان دووپات دەکاتەوە، سەعیدی نورسی دەڵێت : مرۆڤ بەری داری بوونەوەرە و هەمووشتێك بۆی ئامادەبوو ئنجا خوای گەورە دروستی کرد و هێنایە سەرزەوی...
کەواتەزەوی ئامادەی هاتنی مرۆڤەو هەرچی پێویست بێت لە بیستن و بینین لەم ژیانە کورتەیدا خوای گەورە بۆی دروست کردووە] وسخر لكم مافي السموات و الارض[، نیشانەی ئەوەیە کەئێمە جوانترین و بەرِێزترین دروستکراوەکانی خوای گەورەین ... کەواتە تۆش وانەکەی ئەم گەورەییەی خۆت لەدەست بدەیت!!!..

هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (22) هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (23) هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ... (24) الحشر.

تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (1) الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ (2) الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ (3) ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ (4) وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِلشَّيَاطِينِ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ ...(5) الملك.
اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْأَنْهَارَ (32) وَسَخَّرَ لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَائِبَيْنِ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ (33) وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ

مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ ...(34) ابراهيم.

* *

پێغەمبەر ئادەم) سەلامی خودای لەسەر بێت(

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (30) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ (31) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (32) قَالَ يَا آدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ (33) وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ (34) وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (35) فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (36) فَتَلَقَّى آدَمُ مِنْ رَبِّهِ كَلِمَاتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (37) البقرة.

بێگومان ئادەم پێغەمبەر باوکی مرۆڤەکانە و خوای گەورە وای کردووە کە هەموو مرۆڤێك ئەم پێغەمبەرەیان خۆش بووێت ، چونکە دوای جنۆکەکان دووەمین دروستکراوی خودای گەورەیە و لە رۆحی خۆی نەفخی کردووە.

لە پێغەمبەر ئادەم فێری کۆمەڵێك پەند و عیبرەت ئەبین وەکو خۆ بەگەورە نەزانین ، هەموومان باش دەزانین ئـــــادەم لە) توراب (ە، واتە خۆڵ کەواتە خۆڵیش لەسەر ئەرزە و نابێت بەرز بێت ، هەر لە ئادەم فێری ملکەچ بوون بۆ خودا ئەبین و لەرێی ئەویشەوە دەزانین بەهەشت چییە چونکە یەکەم شوێن و مەنزڵی ئەو بووە بەر لەوەی بێتە سەر زەوی .. هەرلەو فێرئەبین کە چۆن لەدژی شەیتان بوەستین و بەردەوام دژایەتی بکەین ، لە ئادەم فێرئەین کە ئێمە لەچی دروستکراوین و پێکهاتەی جەستەی ئێمە بریتی یە لە چ جۆرە ماددەیەك ، فێریش ئەبین کە کاری ئێمە لەسەر زەوی بریتی یە لەچی ؟

ئایا فێرئەبین کە چۆن پارە و پوول کۆبکەینەوە و چۆن و بەچ شێوەیەك رابووێرین و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکەین و یاخود هەریەکە و بەلایەکەیەوە بە ئارەزووی خۆی مامەڵە بکات و سەرگەردان بێت ؟..

حەزرەتی ئادەم فێرمان دەکات کە بۆچی هاتووینەتە ئەم دنیایە و کاری ئێمە چییە لەســـــەر زەوی ؟ هەزاران گەنج هەیە نازانێ کار و ئەرکی سەرشانی لەم ژیانەدا چییە و بۆچی هاتۆتە ئەم دنیایە؟ ئایا بۆ ئەوە هاتووە بەئارەزووی خۆی ڕابووێرێت و گوێ بە فەرمان و بڕیارەکانی خوای گەورە نەدات، لەژیانی حەزرەتی ئادەمەوە دەبێ فێری ماناکانی ژیان بین و بتوانین بەسەر تاڵ و ناسۆرییەکان سەربکەوین و لەهەمان کاتیش ئەرکی سەرشانمان لەو ژیانەدا بزانین چییە و چی نییە.

ئایاتەنها بۆ ئەوە هاتووینەتە ئەم دنیایە بخۆین و بخۆینەوەو، هەرچی ئارەزوومانە بیکەین و بەجێی بگەیەنین و لەگومڕایی و تاریکاییدا گوزەر بکەین؟ ئەی کاری ئێمە لەم دنیایەدا چییە؟ بەتەنها خۆمان دینداری بکەین و حسابێك بۆ دەوروبەرمان نەکەین ؟ ئەی کاری کێیەخەڵکی بەرەو ئیسلامەتی بانگ بکات و هۆشیاری بەخەڵك ببەخشێت و سەرزەویش ئاوەدان بکاتەوە؟...

باوکە ئادەم فێری دانان بە هەڵەمان ئەکات کە مرۆڤ بەهۆیەوە گەورە ئەبێت و ژیانی بەرەو سەرکـــــــــەوتن هەنگاو ئەنێت.
کاتێ خودای باڵادەست گەردوون و جنۆکە و مرۆڤی دروست کـرد فـەرمووی) انـي جاعـل في الارض خليفـة (واتــا کەسێك لەسەر زەوی جێ نشین بێ و کارەکانی من ببات بەڕێوە ، بەر لە مرۆڤ خـودای گـەورە جنۆکـەکانی دروسـت کردووە و هەندێك لە زانایان دەڵێن کە دە هەزار ساڵ بەر لە مرۆڤ خودا جنۆکـەکانی دروسـت کـردووە بـەلام ئـەم بۆچوونە رای جیاوازی لەسەرە و لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێنەکراوە کە جنۆکەکان چەند ساڵ بەر لەمرۆڤەکان لەلایەن خوداوە دروستکراون . ئیبلیس یەکێکە لەو جنۆکانەی کەلەسەر زەوی دەژیا و خودای دەپەرست ، کە بێگومان ئیبلیسیش شەیتانی گەورەیە کە مرۆڤەکان گومرا دەکات و بەرەو هەڵدێرانیان دەبات .. بەرلـەوەی خـودای گـەورە ئادەم خەلق بکات جنۆکەکان لەسەر زەوی گەورەترین و زەڤترین شەڕیان نایەوە و یەکتریان قڕ کرد و دەستیان نایە خوێنی یەکترییەوە و تاوای لێهات یەکتریان لەناو برد . یەکێك لەوجنۆکانەی خـودای گـەورە لەسـەر زەوی بـەرزی کردەوە و بردییەوە بۆلای خۆی ئیبلیس بوو ، ئەوکاتە ئەو ئیبلیسە عابیـد و خـودا پەرست بـوو پارێزگـاری لـە پەرستنی خودا دەکرد ، دوای ئیبلیس کەسێك لەسەر زەوی نەماو بوو بە چۆڵەوانی ، خودا بە فریشتەکان و ئیبلیسی نەفەرموو من مرۆڤێك دروست دەکەم، دواتر خودای گەورە چەنگێك خۆڵی سەر ئەرزی هەڵگرت و فەرمووی لەم خۆڵەی سەر ئەرز مرۆڤێك دروست دەکەم ، لەفەرموودەی قودسیدا پێغەمبەرمان فەرموویەتی ئادەم واتە خۆڵی سەر ئـــــەرز)ادیم الارض. (
قورئانی پیرۆز باسی دروست بوونی ئادەمی کردووە کە بە چەند قۆناغێـك بـووە ، هـەموو کەسـێك ئـەزانێت کـە ئاسمانەکان حەوت تەبەقەن و حەزرەتی ئادەمیش بە حەوت قۆناغ دروست کراوە.
یەکەمیان : لە خۆڵ بووە) کلکم من ادم وادم من تراب (پاشان) کن فیکون .(یاخود خودای گەورە فەرموویەتی)ان مثل عیسی عندالله کمثل ادم خلقه من تراب (،
دووەمیان : قوڕ واتە تێکەڵکردنی ئاوو خۆڵ کە لەئەنجامدا ئەبێ بە قوڕ) من طین. (
سێیەمیان : کە خۆڵەکە بوو بە قوڕ پێویستی بە مانەوە هەیە لەبەر رۆژ وەکو دروسـتکردنی خـشت لـە لادێکـان و پاشان دانانی لەبەر رۆژ تاوەکو دەبێتە خشتێکی پتە وو توند ، کە خودا دەفەرمووێ) انا خلقناه من گین لازب. (
چوارەمیان) : ولقد خلقنا الانسان من صلصال (وەك داغکردن لە فرن و وشك بوون وپتەوو توند بوون.
پێنجەمیان) : من حمأ مسنون (واتە ئەو قوڕەی بەرەبەرە توند و تۆڵ رەق ئەبێت و ناوەکەی هێشتا بۆشە و تەنها شێوەی دەرەوەیەتی.
شەشەمیان) : من صلصال کالفخار (وەکو بڵێی لە فرن دانراو بێت و بەتەواوەتی وشك کراوە بێت.
حەوتەمیان) : ونفخت فیه من روحي فقعوا له ساجدین (واتە خوداخـوای گـەورە رۆحـی پێبەخـشی ، یەکـە مجار رۆحەکە لەسەرییەوە چووە لەشیەوە کە گەیشتە لووتیەوە ئادەم پژمین رووی تێکرد.
بەلام بەرلەوەی خودا رۆحی پێببەخشێت شەیتان واتە ئیبلیس بە دەورو بەری پەیکەرەکە ئەسـووڕایەوە و ئەچـووە ناویەوە وەك بڵێی گاڵتەی پێ دەهات کە خودا نەیتوانیوە رۆحی پێبدات .. درێژی بالای ئادەم شەست باڵە و ئیبلیس نەیدەزانی کەرۆحی بۆ دێت و سەرزەوی ئاوەدان دەکاتەوە و دەبێت بە جێ نشینی خوای گەورە لەسەر زەوی.
لەبەرامبەر دروستکردنی ئادەم لەلایەن خوداوە لە خۆڵ، زانایان رای جوانیان هەیە و دەڵێن لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە

خۆڵ دروستکراوە بۆ ئەوەی تەکەبور نەیگرێت و دەشتوانێت لەسەر ئەم ئەرزە کاروبارەکانی خۆی ببات بەڕێوە ، یاخود کە لەخۆڵ دروستکراوە هەر دەبێ ئیعماری زەوی بکات و خۆڵ بۆ مرۆڤیش دەبێ بە شاهێد لە رۆژی دوایی چاکە و خراپەکانی دەخاتە روو کە رۆژێك لە رۆژان بەسەریدا گوزەری کردووە . جگە لەوەی دەبێت بشزانن کە هەمووتان لە ئادەمن کە خودا فەرموویەتی) کلکم من ادم وادم خلق من تراب .. (بۆ ئەوەیە کەسێك لەکەسێکی تر خۆی بە گەورەتر و خاوەن شکۆ و دەوڵەمەندتر نەزانێت ، ئێستا زانیمان کە ئادەم لەخۆڵ دروستکرا بەلام چ خۆڵێك ؟ خۆڵی سەر زەوی و شوێنی دروستکردنی لە بەهەشت و رۆحەکەیشی لە ئاسمان ، ئێمەش لەسەر زەوی پێویستمان بە خۆراك و گیانە، کەم کەس هەیە بتوانێ سێ تا چوار رۆژ بەرگەی خۆراك نەخواردن بگرێت ، کەواتە رۆحیش پێویستی بە خۆراکە کە ئەویش نوێژ و عیبادەت و پەرستشی خودایە سەیری ئەوکەسانە بکە کە نوێژ ناکە ن و بێ باوەڕن بەلام کە تێکەڵ بە ناخیان ئەبیت دەبینیت زۆر ناڕەحەت و دڵ توندن چونکە رۆحیان مردووە و پێویستی بە خۆراکی گیانە کە ئەویش نوێژ و سوپاسگوزاری نیعەتەکانی خودای گەورەیە . با دەوڵەمەنترین کەس و ناودارترین کەسی دنیابێ هەر ناڕەحەت و خەمۆکە بەلام کەسێکی ئیماندار لە و خۆشبەخت و خۆشحاڵترە چونکە خۆراکی گیانی دۆزیوەتەوە کە سوپاس و ستایشی نیعمەتەکانی خودایەکەیەتی لەسەر دروستکردن و رزق و رۆزی پێدانی .. لای هەموانیش ئاشکرایە کە جەستەی مرۆڤ حەزی بە زەوییە کە ئەخەویت حەز دەکەی لەسەر زەوی بخەویت و لەسەر زەویش نان بخۆیت ، ئەی رۆحەکەت ؟ بێگومان ئەم رۆحەت تەنها بە بینینی بە هەشت و شادبوون بە بەهەشت پشوو ئەدات و ئەحەسێتەوە و تەنها بە شادبوون بە بەهەشت و لیقای خودا تامەزرۆی ئەشکێت، لێرەوە دەردەکەوێت ماڵی راستەقینەی تۆ بەهەشتە، چونکە شوێنی لەدایك بوون و سەرەتای دروست بوونت لەبەهەشتە .هەربۆیە ئەبێ بڵێین)إنا لله وإنا إليه راجعون (کەواتە کاتی خۆی لەوێ بووین و ئێستاکەش بەشێوەیەکی کاتی لەسەر زەوین و دواتر جێی دەهێڵین .

کە خودای گەورە ئادەمی دروستکرد و رۆحی پێبەخشی، فریشتەکان و ئیبلیس لە هۆکاری ئەم دروستکراوەکەیان پرسی و خوداش فەرمووی ئەمە مرۆڤە و جێ نشینی منە لەسەر زەوی ، بەمە فریشتەکان دڵتەنگ بوون و ئیبلیسیش هەروا ، فریشتەکان فەرموویان تۆ کەسانێك لەسەر زەوی دروست دەکەیت کە فەساد بلاوبکەنەوە و خوێنی یەکتر برێژن لەسەر زەوی ؟ فریشتەکان ئەمیش وەکو جنۆکەکان تێگەیشتبوون کە لەسەر زەوی ئەو کارانەیان ئەنجامدا .
لە بەرامبەردا خودا فەرمووی) اني اعلم مالا تعلمون (واتە ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن...
فریشتەکان دەیانووت ئێمە بۆ ئەم جێ نشینە باشترین و ئیبلیسیش دەیووت) انا خیر منه .. (فریشتەکان لە نور دروست بوون جنۆکەکانیش لە ئاگر و مرۆڤ و ئادەمیش لە خۆڵ ، بەلام قەدری مرۆڤ لە ماددەکەوە نییە بەڵکو لەبڕیارەکەی خواوەیە کە فەرمووی) اني جاعل في الارض خليفة.(
خودا فەرموویەتی) فإذا سويته ونفخت في روح فاقعوا له ساجدين (بزانە مرۆڤ چەندە مەزن و پیرۆز و گەورەیە کە خودا بڕیاردەدات کە دەبێ هەمووان کە جوبرائیل و فریشتەکان و ئەو فریشتانەی عەرشی خودایان هەڵگرتووە کڕنووش بۆ ئادەم ببەن !!..
لەوکاتەوە یەکەم سەجدە سەری هەڵدا و هەموو فریشتەکان کڕنووشیان بۆ ئادەم برد بەتەنها ئیبلیسی لەعین نەبێت و سەرپێچی لە بڕیارەکەی خودا کرد و لە وێوە یەکەمین تاوان سەری هەڵدا کە ئەویش دوو تاوانی زۆر زەق و خەسارەت مەند بوو کە تاوانەکانی تەکەبور و حەسوودی بوون..
کەواتە مرۆڤەکان بەرز و پیرۆزن و خودا ئەم ئەمانەتەی بە ئادەم و ئینسانەکان بەخشی و ئادەم و مرۆڤەکان

توانیان ئەم ئەمانەتە وەربگرن) فحملها الانسان (واتە مرۆڤ توانی ئەم ئەمانەتـەی خـودا هـەڵبگرێت ، ئەگـەر ئەمانەتەکە هەڵنەگرێت دەبێتە) ظلوما جهولا (واتە گەر قەدری نەگرێت و پابەندی ئەم قورئانە نەبێت و قـەدر وقیمەتی خۆی نەزانێت ستەمی لەخۆی کردووە و تەمەن مایە پووچە .. هەموو کەسێك لەسەر ئەم زەوییە جێ نشینە و دەبێ ئەم ئەمانەتەی خودای گەورە لە ئەستۆ بگرێت ، باوەڕداریتی مرۆڤەکان بە تەنها پەرستش و نوێـژ و ڕۆژی نییە بەڵکو ئاوەدانیی سەرزەوی و هەڵگرتنی ئـەو ئەمانەتـەی خودایـە ، ئەوکاتـە مرۆڤەکـە کەسێکی کامیـل و شامیلەبەواتایەکی تر) خلیفە (ڕەنگدانەوەی نـاوو سـیفاتی خـوای گەورەیـە لەمرۆڤـەکان، کەبـەزەیی وسـۆز و بەخشندەییە و هتد .... وەکو پێغەمبەری خوا) تخلقوا بأخلاق الله(، پاشان) وعلم ادم الاسماء كلها (تەنانەت پێغەمبەری پێشەواش داوای ئەو زانستەی لە خودا کردووە و فەرموویەتی) یا معـــلم الادام علمني (، ئنجا پێـی فەرمووی) انبأهم بأسمـائهم (خـودا هـەموو فریـشتەکانی کـۆکردەوە و ئـادەم هـەموو زانـستەکانی فێرکـردن و فریشتەکانیش فەرموویان) ربنا سبحانك لا علم لنا الا ما علمتنا (واتە خودایە ئێمە هیچ نازانین مەگەر ئـەوەی فێرمانت کرد..

زانستی فریشتەکان لەلایەن خودابوو بەڵام زانستی مرۆڤەکان موکتەسەبە و هەوڵ دەدات فێرببێت . چـونکە خـودا عەقڵ و هۆش و مێشك و توانای پێ بەخشیوە هەردەبێت فێر ببێت ، نیعمەتێکی تر ئەوەیە دەبێت فێـر ببیـت کـە هاوسەنگییێك لە نێوان جەستەو ڕۆح دروست بکەیت .. جێ نشینیش بریتییە لەوەی سەر زەوی ئاوەدان بکەیتەوە وەکو ئادەم، تاوەکو زانست و ڕاسپاردەکانی خوا بڵاو بکەیتەوە و بە هەموو خەڵکانی بگەیەنیت ، کـە کەسـانێك لەسـەر زەوی خەریکی بڵاو کردنەوەی فەساد و بەد ڕەوشتین ئەی بۆ مرۆڤی باوەڕداریش ئەم ئایینەی خودا بڵاونەکاتەوە ؟؟؟ مرۆڤ زۆر گەورەیە و جێ نشینی خودایە بەو مانایەی ئەرکی سەر شانیەتی خەڵکان فێری ئیسلامەتی بکات و زانست و زانیاری خودای گەورە بۆ هەموو دەوروبەر بگەیـەنێت ،) والله یـدعوا الى دار الـسلام (واتـە خـوا خـەڵکان بـۆ بەهەشتەکەی بانگ دەکات دەی تۆی مرۆڤیش وەکو ئادەم ئەو ئەرکە بگرە ئەستۆی خۆت و بۆ بەهەشتیان بانگ بکە . ئەم تەمەنەی مرۆڤ ئەمانەتێکە هەر بۆلای خودا دەگەڕێتەوە و لەم ئەمانەتە بەرپرسیاری .. کە خوا پێی فەرمووی)اني جاعل في الارض خليفة ..(کوا جێ نشینیەکەت چیت کردووە بۆ ئەم بڕیارەی خودای گەورە ، بۆ بێ بەش بین لەم ڕاسپاردەیە؟ هەرکاتێ دووربین لە پشت کردن لە فەرمانەکانی خوای گەورە ڕەوشتی ناشیرینمان ئەنجامدا ئـەوا وەڵامی دوا ڕۆژمان پێنیە و بڵێین خوایە ئێمە جێ نشینی تۆبووین لەسەر زەوی !!..

جنۆکەکان و ئیبلیس نەیانتوانی ئەم بڕیار و ڕاسپاردەیەی خوا لە ئەستۆ بگرن و لەسەر زەوی بن بە جـێ نـشین ، چونکە فریشتەکان و ئیبلیس لە خۆڵ دروست نەکراون ، وەك هەموولایەك ئەزانن کە فریشتەکان لەنور دروستکراون و ئیبلیسیش لە ئاگر، کەواتە تەنها کەسێك شیاوی لە ئەستۆگرتنی ئەم بڕیار و ڕاسپاردەیەی خوابێت تەنها ئادەم و نەوەی ئادەمن.

ئێستا زانیمان کە ئیبلیس کڕنووشی بۆ خوای گەورە نەبرد و بێ بەش بوو لە ڕەحمەتی خوا ، شەیتان بـە مانـای) دەرکراو (دێت واتا دەرچوو لەڕەحمەتی خوای گەورە، لێرەدا شەیتان پەنای بردە بەر لووت بەرزی و خۆبەزل زانی و خۆی بێبەش کرد لە ڕەحم و بەزەیی خودای گەورە ، بۆیە بەردەوام لە بۆسەدایە مرۆڤەکان سەرگەردان بکات و بەرەو هەلاکەت و هەڵدێرانیان ببات ، شەیتان هەموو کات شالاو بۆ مرۆڤەکان دەهێنێـت کـە ڕوو لـە فەسـادی بکـەن و سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوا بکەن ، سەیرکە لەڕۆژی عەرەفەدا خوای گەورە بە گەورەیی خۆی چـۆن شـانازی بـە مرۆڤەکان دەکات کە گرد بوونەتەوە و لەولایشەوە ئیبلیس بەرد باران دەکەن و خـودا بـە گـەورەیی خـۆی ڕوو لـە

فریشتەکان ئەکات و دەفەرمووێ بزانن مرۆڤەکان توانیان ئەو راسپاردەیە لە ئەستۆبگرن و پابەندی بڕیارەکەی من بن. کەواتە ئەی مرۆڤ تـۆ زۆر گـەورە و بەقــەدرو قیمـەتیت لـەلای خوداکـەت، چـونکەخودا رێـزی لێـت نـاوە و لەهەمووکات و ساتێك بەسەرتەوەچاودێرە و نەغافڵ دەبێت و نەخەو دەیباتەوە.

پاش ئەوەی شەیتان لە رەحمەتی خوا بێ بەش بوو شەیتان پەنا دەباتە بەر بـەخیلی بـە ئـادەم و لەگـەڵ خـودا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەڵێت) قال اراًیتك هذا الذي كرمت علي لإن اخرتني الى یوم القیامة لأحتنكن ذریته الا قلیلا (دەڵێ خودایە مادام ئاوا ئادەمت لەمن بەرز تر و پیرۆزتر کرد پەیمان بێت نەوەکانی ئەم ئادەمە لە خشتەبەرم و بەرەو هەڵدێرانیان ببەم ، خوداش پێی فەرموو) قـال اهبط منهـا فمـا یكون لـك ان تتكبر فیهـا ... (دەدەرچـۆ لەبەهەشت چونکە شوێنی کەسانی لووت بەرز و موتەکەبیر نییە ...ئاگاداری خۆ بەگەورە زانین بێت مەبە بەهاوەڵی ئیبلیس و خەڵکی بەکـەم تەماشـا مەکـە، ئـەم نەخۆشـییە کوشـندەیە ئەبێتـە مایـەی رووخـانی کەسـاییەتی و شارستانیەتیش بۆیە خوای گەورە ئاماژە بەو لووت بەرزی و تەکەبوریە ئەکات وەك ئەفەرمووێت) ولاتـصعر خـدك للناس ولا تمشي في الارض مرحا انك ولن تبلغ الجبال طولا ...(ئەوەندە بەس بێت کە پێغەمبەری خوا دەفەرمووێت :کەسێك بە قەد دەنکە گەنمێك گەورەیی و تەکەبوری لەدڵدا بێت ناچێتە بەهەشتەوە !!...هەروەها دەفەرمووێت : هەرکەسێ خۆی بەگەورە نەزانێت، ئەوا خوای گەورە بەرزی ئەکاتەوە.

لێرەدا شەیتان هێرشەکانی بۆ سەر نەوەی ئادەم زیاتر دەکات و بەخودا دەڵێت لە پێشەوە و لە پشتەوە و راستەوە زەفەریان بۆ ئەبەم و لە چەپەوە و لە هەموولایەکەوە ئەوکاتە دەبینی) ولا تجد اكپرهم شاكرین (ئەی ئەوەنییە ئەمرۆ و لەم رۆژگارە زۆربەی مرۆڤەکان رێی شەیتانیان گرتووە و کەمێکیان نەبێت شوکرانەی خودا ناکەن و گەرم و گوڕ نین لە پەرستش و عیبادەتەکانیان و پەنا دەبەنە بەر شـیرك و خـوێن رشـتن و گونـاح و تـاوان ، ئەمـە لـە هێرشەکانی شەیتانەوە سەرچاوەی گرتووە کەلەکاتی دروستبوونی ئادەم ئیبلیس ئەم بڕیارەی دا کە تۆڵە لە نەوەی ئادەم بسەنێت..

دوای قۆناغەکانی تەواو بوونی دروست بوونی ، حەزرەتی ئادەم لە بەهەشت دەسوورێتەوە و گوزەر دەکـات ، بـەلام خەم بۆ تەنیایی خۆی دەخوات و خۆی بە غەریبێك دەزانێت وەك پێغەمبەرمان دەفەرمووێ) استوحش ادم ...(خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکرد و دواتر وای کرد کە پیاو بەبێ ئافرەت نەژێێت و کارەکانی ببات بەرێوەو ژنیش بەهەمان شێوە، بۆیە بەتەنها ژیان خۆشی تیانییەو ناچێتە سەر ...

بۆیە حەزرەتی ئادەم هەستی بە بۆشاییەك ئەکرد، کە ئەبێ کەسی تر لەگەڵ من نەژێێت؟ بەلام هێشتا نایزانێت . لەوکاتەدا خودای گەورە خەو دەخاتە چاوەکانی ئادەم و خەو دەیباتەوە .. لەوکاتـەی ئـادەم خـەوتووە خـودا واد ەکات لە پەراسووی چەپییەوە کەسێکی تر دروسـت بکـات کـە ئەویـشیان دایکـە) حـەوا (یـە ، وەك پێغەمبـەر دەفەرمووێت) خلقت من ضلع اعوج .. (کە بێگومان جوانترین ئافرەت بـووە لـە دوای ئـەویش حـەزرەتی سـارە ی خێزانی پێغەمبەر ئیبراهیم کە هەردووکیان جوانترین ئافرەت بووینە، بەلام بۆچی لەلای پەراسووی چـەپی ئـادەم دروست بوو و لەلای راستیەوە دروست نەبوو؟

بەداخەوە هەندێك کەس ئەڵێن : چونکە لای پەراسووی خوار دروستکراوە و هەر خواریشە !!!!.. کەچی پێچەوانەی ئەو قسەیە چونکە پەراسووی سنگی مرۆڤ دڵی داپۆشیوە، بـەس نییـە بـۆ ئافرەتێـك دڵـی پیاوەکـەی بپارێزێـت لەکاتەکاتەکانی خۆشی و ناخۆشیدا ...لەبەر ئەوەش خەوی لێکەوت تاوەکو هەست بـە ئەزیـەت نـەکات لـەکاتی

دروست بوونی حەوا، و دواتر پێی بڵێت کەمن بەهۆی تۆوە ئەزیەتم خواردووەو بەچاوێکی تر سەیری بکات .پاش خەلق بوونی دایکە حەوا ئادەم علیە السلام لە خەوەکەی بە ئاگادێتەوە و دەبینێت کەژنێك بە تەنیشتیەوە دانیشتووە و ئادەمیش سەری سوڕ دەمێنێت و رووی تێدەکات و لێی دەپرسێت کەتۆ کێیت ؟ حەواش ئەفەرمووێت من حەوام و ئافرەتم .. و لەتۆوە خەلق بووم .. وشەی حەوا سێ مانا بەدەستەوە ئەدات و بەخششێکە بۆ هەموو ئافرەتێکی باوەڕدار حەوا بە مانای) حیاه (واتە ژیانەوە دێت و بەمانای ئیحتیوا و حەیا دێت .. واتا ئەگەر ئافرەت نەبێت ژیان ئەستەمە و نابێت ... واتایەکی تری) حواو (حەیایە ...حەیاش گەورەترین خەسڵەتی رەوشتی ئوممەتی پێغەمبەری پێشەوایە، کە ئەبێت ئافرەتان خۆیان بەو حەیایەوە جوان بکەنو لەدەستی نەدەن ... خوشکەکەم ئاگات لێبێت قەدر وڕێزی تۆ بە حەیاکەتەوەیە هەرکاتێ لەدەستتدا دڵنیابە لای کەس قەدر و رێزت نامێنێت و نەکەی بیتکێنیت و بە قسەی دڵداری پێش هاوسەرگیرێتی، جل و بەرگی خراپ و هەڵس و کەوتی ناشیرین وات لێنەکات ئەم رەوشتە بەرزەت لەدەست بدەیت، زانایەك کە لە ئەوروپا ژیان بەسەردەبات دەڵێت : ئەوروپا لەزۆر شتتدا کامڵە و نوقسانی نییە هەر لە رووی رۆشنبیری بگرە تاوەکو شارستانێتی .... تەنها) حەیا و عەقیدە (ی نوقسانە !!!..کە ئەمە راستییێکە و هەرکەسێك لە ئەوروپا بێت ئەزانێ ئەم قسەیە لەجێی خۆیەتی و تەواوو راست و دروستە ...پێغەمبەری ئازیزیش ئەفەرمووێت : گەر حەیا نەما، ئەوا هەموو شتێك ئەنجام دەدرێت، کەسەرەتایەکە بۆ رووخان و لەناوچوون...

ئیحتیواش بە مانای لە ئامێز گرتن و لەباوەش گرتن دێت ، تۆ سەیر بکە ئافرەت چەندان مناڵ بەخێو ئەکات و لە باوەشیان ئەگرێت ، ئایا پیاو ئەو توانایەی هەیە مناڵ بەخێو کات و سۆز و بەزەیی خۆی بۆ مناڵەکان دەربخات ؟ بێگومان ناتوانێت .. ئەی ئەگەر ئافرەت لە مێردەکەی دابڕا ئەم ئیحتیوایە بەشی پیاوەکە دەکات بێگومان نەخێر ، چونکە ماڵ بێ ئافرەت چۆڵ دەبێت و شیرازەی خێزانیش تێك دەچێت .

دواتر باوکە ئادەم پرسیاری لە حەوا کرد و پێی فەرموو کاری تۆ چییە؟ دایکە حەواش پێی فەرموو) لتسکن الی (بەومانایەی من دەبم بەمایەی ئیسراحەت وپشوو بۆتۆ وخێزانێك پێکدەهێنین، خوشکان سەیری ئەم وتەجوانەی دایکە حەوا بکەن چەندە وتەیەکی جوان و پڕ پشوویێکە بۆ بەرامبەرەکەی، چی تیایە ئەگەر ئەمڕۆ کچێکی ئیماندار وخاوەن ڕەوشت بەگەنجێکی ئیماندار و هاوتای خۆی بڵێت :من و تۆ بۆیەکتری دەشێین و داواکارم بێیتە خوازبێنیم.

ئەوپەڕی جورئەت و هەست کردنە بەباوەڕدارێتی و جێبەجێکردنی سوونەتێکی پێغەمبەری ئازیزە، بۆکوڕانیش بەهەمان شێوە و خۆزگە هەموو کوڕو وکچێك بەدوای ڕەوشت و ڕەفتاری جوان وئیماندارانە دەگەڕان نەك بۆ پارەو پول و سامانی زۆر، چونکە زۆر کەس ئەوسەروەت و سامانەی هەیە کەچی لەژیانیدا بەختەوەر نییە و زۆریش دڵتەنگە چونکە لەژیانیدا ڕۆژێك لەڕۆژان تامی ئیمانی نەچەشتووە، گەر ئەوانەی باس لەمافی ئافرەت دەکەن ولەتەلەفزیۆنەکان مێزگرد ئەبەستن و لەرۆژنامە و گۆڤارەکانیش بابەت لەبارەی ئافرەت و مافی ئافرەتانەوە دەنووسن و لەبارەیەوە لێدوان ئەدەن وتەمەننا دەکەن ژیانی ئافرەتانی کوردیش وەکو ئافرەتانی ئەوروپی لێبێت و ئیسلام ناشیرین ئەکەن وبەنامۆی دادەنێن ئەوا راست ناکەن وخەیاڵیان خاوە، چونکە لەئەوروپاو لەوڵاتانی ڕۆژاوا ئەوەی مافی نەبێت ئافرەتە .چونکە کاری سەرەکیی زۆربەی ئافرەتانی ئەوروپی لەش فرۆشیە ودوورکەوتنەوەیە لەسۆزی دایکایەتی واتا لەدەستدانی ئەرکی) سکنا (و موهیممەی خۆی لەدەست ئەدات، هەزاران وملیۆنان ئافرەت بوونەتە قوربانی دەستی داوێن پیسان لەئەوروپاو بازرگانیان پێوەدەکرێت لەفیلمە سێکسی یەکان و هتد !!!...کوا شەرم وحەیایەکی هاوتای دایکە حەوا لەجەرگەی ئەوروپا؟ کوا شیرازەی خێزان و پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی

بەڕێگای شەرعیی و لەسەربنەمای گوێڕایەڵیی و خۆشەویستی و سۆز و مەحەبەت؟
روون وئاشکراشە هیچ پیاوێك بە قەد ئافرەت ئۆقرە گر و بە رەحم نییە بەرامبەر منالٚ و هەموو کارو بارێکی ئەم دنیایە لە سۆز و عەتف و رەحم و بەزەیی "کەمنالێك لەژوورێکەوە ئەگرێیت وژێرنابێتەوە دەبینیت باوکەکە لەژوورەکە دێتەدەرەوە وتەنها دایکەکە سۆزوخۆشەویستی خۆی بۆمناڵەکەی دەردەبڕێ و ژێری دەکاتەوە، ئایا بینیوتانە ڕۆژێك لەرۆژان منالێك بەبێ دایك و بەلایلایەی باوکی ژێربێتەوە؟ ولاتانی ئەوروپیش بەو شێوەیەن و ئافرەتێك نییە وەکو ئافرەتێکی موسڵمانی داوێن پاك مناڵەکەی بەخێوبکات و شەونخوونی بەدیارییەوە بکات، هەزاران منالٚ فرێدەدرێن و بەخێو ناکرێن و ملیۆنەها منالێی بێ شەرعیش لەدایك ئەبن و فڕێ ئەدرێن !!!...ژیانی کامە ئافرەت چاکترو گرنگتر و پیرۆزترە؟ ئایا ئافرەتێکی ئەوروپی یاخود ئافرەتێکی موسڵمانی داوێن پاك و خاوێست؟ بێگومان ژیانی ئافرەتە موسڵمان وداوێن پاکەکە.
پاش ئەوەی ئادەم و حەوا هەستیان بە بەبرسێتی کرد خودای گەورە پێی فەرموون) ولا تقربا هڑہ الشجرہ فتکونا من الظالمین (، هەموو شتێك لە بەهەشتدا بۆ وان ئاسایی بوو بیخۆن تەنها لە بەری ئەوداره نەبێت کە خودا ئاگاداری کردنـــــەوە .. نەی فەرمووی مەیخۆن فەرمووی نزیك ئەو دارە مەکەون) !!! ولا تقربا (ئەم ئاگادارکردنەوەیە لەلایەن خوداوە بۆ ئادەم و حەوا ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ هەموو مرۆڤەکان واتا نزیکی گوناح و تاوان مەکەون، هەموو گوناهێك سەرەتا لە نزیك بوونەوە دروست ئەبێت، یەکەم لەخەیالٚ و بیر کردنەوە و دواتر زەمینە خۆشکردن و سازکردن و گەیشتن وئەنجام دان !!! بۆیە هەنگاونان بەرەو گوناهو حەزلێکردن و پێ خۆش بوون رێگایەکن بۆئەنجامدانی ئەو گوناهانە.
گەنجانی بەڕێز .... ئەبێ هۆشیاربن لەم سەردەمە تازەیە، خۆشل کردن بۆگوناهو شەرم کردن لە ئەنجامنەدانی خۆی لە خۆیدا ئەنجامدانی گوناهەکە مسۆگەر دەکات !!!... بۆیە گوناهو تاوانی زیناش لەنزیك بوونەوە دروست دەبێت و سەرهەڵدەدات نەك ئەنجامدانی بەشێوەیەکی یەسکەری وەك خوای گەورەش دەفەرموویت] ولا تقربوا الزنی نزیکی زینا مەکەون...[
وەکو خۆڕاهێنان لەچاوپیسی ... پەیوەندیی نێوان کوڕ و کچ ... و تێکەڵاوی خراپە ... و خەڵوەی نێوانی کوڕ و کچ ...
بۆیە زۆربەی ئەوکەسانەی کە تووشی گوناح ئەبن لەسەرەتایەکی بچووکەوە دەستی پێکردووە نەوەك ئەنجامدانی گوناهە گەورەکە ... خوشکان ئێوەش ئاگاداری جل و بەرگی جوانتان بن، زۆرجار مەڵێ دەی قەیناکا با لەگەلٚ مۆدێلی سەردەم بڕۆم و جلی کورت بپۆشم چونکە گوناهباردەبیت و کەئەمە هۆیەکە بۆ سەرهەڵدانی گوناهو خراپەکاریی ...
دواتر شەیتانیش ئەم هەلەی قۆستەوە و رووی لە ئادەم و حەوا کرد : وقال مانهاکما ربکما عن هذه الشجرة ؟ بۆ خودا ئەو دارەی لێ قەدەغە کردن ؟
بڕیاری خودا وابوو کە نابێت ئادەم و حەوا نزیکی دارەکە بکەون چونکە ئەگەر وابکەن لە نیعمەتەکانی بەهەشت بێبەش دەبن و خۆشییەکانی ناو بەهەشت لە دەست دەدەن ... خودا پێشتر ئاگاداری ئادەم و حەوای کردبۆوە کە ئاگاداری ئیبلیس بن کە سەختترین و گەورەترین دوژمنی ئێوەیە ، لێرەدا ئیبلیس نیاز پاکی خۆی بۆ ئادەم و حەوا خستە روو و) وقاسمهما انی لکما لمن الناصحین (سوێند بە خوا دەخوات کە من بۆئێوەمە و ئامۆژگاریتان دەکەم ، کە سوێندی خوارد ئادەم و حەواش پێیان باوەڕ کرد ... و چونە ژێر دارەکە وە و) ژاقا (واتا دارەکەیان تام کرد و

نەیا نخوارد بەلاّم تەنها تامیان کرد، راســــتەوخۆ) بدت لهم سوأتهما .. (پۆشتەی بەریان نـەما کـە پێـشتر دا پۆشراو بوون !!!...کەواتە ئاگاداربە چەندەی بیٚ فەرمانی خوای گەورە بکرێت ئەوەندە و زیاتریش کۆمـەڵگا روو لەخرا پەکاری ئەکات بەتایبەتی تر لەرووی) جنس و فاحشە (ە،وە .خـودای گـەورە ئاگـاداری ئـادەم و حـەوای کردبۆوە کە تا لەبەهەشتا بمێنن نە برسیان ئەبێت نە رووت ئەبن ، بەلاّم وەسوەسەی شەیتان ئەمەی لەدەستدان ، ئەمجارە ئیبلیس وەسوەسەی زیاتری بۆ هێنان تاوەکو گویٚ لە راسپاردەی خوا نەگرن و لە بـەری دارەکـە بخـۆن ..

ئادەم و حەوا ترس دایگرتن و رایانکرد خوداش بە گەورەیی خۆی بانگی کردن و پێی فەرموون ئایـا لەترسـی مـن رائەکەن ئەوانیش وتیان) بل حیاوا منك (چونکە رووت بوون و دا پۆشراو نەبوون ، وتیان نەخێر شـەرم ئەکـەین بۆیە رائەکەین واتا شەرم لەتۆ دەکەین، ئەی کەوابیٚ دایکە حەوا بەو شێوەیە شەرم لەخوای گەورە بکات ئافرەتانی ئەم ڕۆژگارە بۆ شەرم لەخواناکەن کەبەڕێگاو شوێنە گشتییەکاندا گوزەر دەکەن نیوەی لەشیان بەدەرەوەیـە، بـەلاّم لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی ئافرەتان سەرپێچی لەشەرع و بەرنامەی ئیسلام ئەکەن و بۆژیانێکی کـاتی خۆیـان لـەڕەحم وبەزەیی خوای گەورە بێبەش دەکەن، ئەوەتا پێغەمبەری پێـشەوا فەرموویـەتی لەشـەوی ئیسراومیعراجدا جبریـل دیمەنێکی ئەشکەنجە و ئازارەکانی دۆزەخی نیشان دام و بینیم زۆربەی کەسانی دۆزەخ لەئافرەتانن، زۆرپێویـستە خوشکانمان ئەو دیمەنە جوان وشەرم وحەیایەی دایکە حەوایان لەبەرچاوبێت و جوانی وزینەتیان بۆکەسانی بێگانە نەخەنە ڕوو کەبەهۆیەوە فەسـادی وبـیٚ ڕەوشـتی سـەرهەڵدەدات سـەرەڕای خەشـم وقینـی خـوای گـەورە بەسـەر ئەوئافرەتەی پەنا دەباتەبەر ئەوکارە ناشەرعییە .

ئادەم و حەوا بە پەلە پووش و پەلاّشی ژێر دارەکانی بەهەشتیان کۆکردەوە و لە خۆیان ئالاّنـد و خۆیـان پۆشـتە کردو ئنجا خودا بانگی کردن و پێی فەرموون) الم انهکما تلـك الـشجره(، بـەڕێزان خۆپۆشـتە کـردن نیـشانەی ملکەچی و فەرمان بەرداری خوای گەورەیە و مایەی پاراستنی جوانی ئافرەتە، هەروەهاخوای گەورە روو لە ئـادەم و حەوا ئەکات و پێیان ئەفەرمووێت : پێم نەوتن کە ئیبلیس سەختترین و گەورەترین دوژمنی ئێوەیە ؟ ئا لێرەوە خودا ئادەمی فێر کرد کەچی بڵێت) .. قالا ربنا ظلمنا انفسنا فإن لم تغفرلنا وترحمنا لکونن من الخاسرین (وتیـان ئێمە زوڵممان کرد لە خۆمان و ئەگەر رەحممان پیٚ نەکەیت و لێمان خۆش نەبیت ئەوا خەسارەت مەند ئەبین ...

راستەوخۆ ئادەم تەوبەی کرد ، کەلێرەوە یەکەم تۆبە لە مێژوو سەری هەڵدا و خودا تۆبەکەی قەبووڵ کرد.

ئنجا ئادەم زۆر گریا و خوداش هەردووکیانی لە ئاسمانەوە ناردە سەر زەوی و لەبەهەشـت و نـاز و نیعمەتـەکانی بێبەش بوون ، زانایان ئەڵێن جیاوازی هەڵەی ئادەم و گوناهی ئیبلیس لەوەدایە:

یەکەم : حەزرەتی ئادەم کەهەستی کرد لەودارەی خوارد خوای گەورە سەرزەنشتی کرد یەکـسەر داوای لێخۆشـبوونی کردو پەشیمان بۆوە، بەلاّم ئیبلیس دانی بەهەڵەی خۆی دانەناو خۆی بەڕاست لەقەڵەمدا..

دووەم : ئیبلیس رەخنەی لەکاری خوای گەورە گرت و وتی) انا خیر منه (واتە من لـەو باشـترم، بـەلاّم حـەزرەتی ئادەم پرسیاری لەکاری خوای گەورە نەکرد چونکە مرۆڤ دروستکراوە نەوەك دروستکار .خوای گـەورە ئەفـەرمووێت) لایسئل عما یفعل وهم یسألون (کەواتە ئێمە لەلایەن خوای گەورەوە پرسیارمان لێدەکرێت.

سێیەم : حەزرەتی ئادەم پەشیمان بۆوە و تۆبەی کرد، بەلاّم ئیبلیس هەڵەی خۆی دایە پالّ خوای گەورە و تی) فبما اغویتني لاقعدن لهم صراطك المستقیم (وتی :خوایە مادام منت گومڕا کرد، ئەبیٚ لەڕێی راستی تـۆ لایـان بـدەم، سەیرکە ئیبلیس بەخوای گەورە دەڵێت : منت گومڕا کرد و نالّێت خۆم گومڕا بووم وام بەسەرخۆمدا هێنا!!!...

چوارەم : ئیبلیس بەهۆی خۆبەزل زانین و تەکەبوورییەکەی وای کرد کە کڕنووش بۆ ئادەم نەبات، بەهەشتیش جێگاو مەنزڵی خۆبەگەورە زانەکان نییە، بەڵام حەزرەتی ئادەم لەبەر شەرمی خوای گەورە جیی پیٚ جیٚ نەبوو لەو بەهەشتە پان وبەرینە کە هەڵەکەی کرد "ئادەم هەر دەگریا ، بەڵام خودا بۆ ئادەم بوو بە دڵنەوایی و پێی فەرموو هەوڵ بدە نەوەکانی تۆ گوناح و تاوان نەکەن و روو لەمن بکەن بێگومان پاداشتیان هەر جەرگەی بەهەشتە و بۆ ئەوانم ئامادەکردووە بۆیە خوای گەورە ڕوو لەنەوەی ئادەم وهەموو مرۆڤەکان دەکات کە ئێوە بۆچی ڕێی شەیتان دەگرنە بەرو بەگوێی فەرمانەکانی دەکەن ئەی ئێوەخۆتان نەتانبیست کە ئیبلیس وتی : دەبیٚ زۆربەیان لەخشتەبەرم و گومڕایان بکەم و نەیوت :لەڕاستەوە ولەچەپەوە ولەپێش و پشت بۆ مرۆڤەکان دەچم کە تەنها کەمێکیان سوپاسگوزاری تۆبکەن؟ خوای گەورە بەو مەزنی و دەسەڵاتی خۆیەوە داوا لەئێمەی مرۆڤی لاواز دەکات کە گومڕا نەبین و بەدوای فێڵی شەیتان نەکەوین ..ئێمە لەوخاکە دروست بووین و پێویست ناکات لووت بەرز بین چونکە) إنالله وانااليه راجعون (و گەڕانەوەمان هەر بۆلای ئەوخوایەیە کەئێمەی لەنەبوونەوەهێناوەتە بوون ورزق و ڕۆزی و ژیانی و هەناسەو عەقڵی پیٚ بەخشیوین .خوای گەورە لەڕۆژی هەینیدا حەزرەتی ئادەمی دروستکرد و، لەرۆژی هەینیش ئەمری خوای گەورەی بەجیٚ هێناو وەفاتی کرد، فریشتەکانی خوای گەورە خۆیان شۆردیان و خۆشیان لەگۆڕیان ناوشاردیانەوە...

) إبن القيم (دەفەرمووێت : بەزمانی حاڵ خوای گەورە بەحەزرەتی ئادەم ئەفەرمووێت : لەبەهەشتدا وا گوزەرت نەکرد کە پادشای بەهەشت بیت، و ئێستاش وەکو بەندەیەك مامەڵەت لەگەڵ ئەکەین، ئەی ئەگەر گوناح نەکەیت لێخۆشبوونی خۆم بەکیٚ ببەخشم ؟ ئەی ئادەم بڕۆ سەر زەوی ولەوێدا بمپەرستەو بەهەشتم بۆت ئامادە کردووە، باش بزانە گەڕانەوەشت هەر بۆلای منە ...ئەی ئادەم بەنەوەکانت ڕابگەیەنە و پێیان بڵیٚ : هەر چەندیٚ تاوانیان کردبێت من لێیان خۆش ئەبم گەرداوای لێخۆشبوونم لێبکەن ...گەر خوای گەورەش پرسیارت لێبکات و لێپرسینەوەت لەگەڵ بکات و پێت بڵێت بۆ کڕنووشێکت بۆم نەبرد؟ بۆ حەرامت خوارد و بۆ حەرامت لەبەرکردبۆ بەگوێی شەیتانت کرد؟ وەڵامی تۆ چی دەبێت؟ دەی تاوەکو لە ژیاندا ماویت ئەوە دەرگای تۆبە و گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە والایە و ڕوو لە پەروەردگارت بکە کەبێگومان شوێن و مەنزڵت بەهەشتەکەی دەبێت کەبۆتی ئامادەکردووە...

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ (26) وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نَارِ السَّمُومِ (27) وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ
لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ (28) فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ (29)
فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ (30) إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى أَنْ يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ (31) قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا لَكَ أَلَّا تَكُونَ مَعَ
السَّاجِدِينَ (32) قَالَ لَمْ أَكُنْ لِأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ (33) قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ
(34)وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ (35) قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (36) قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ
(37)إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ (38) قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَلَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ (39) إِلَّا
عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ .. الحجر.

وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ لَمْ يَكُنْ مِنَ السَّاجِدِينَ (11) قَالَ مَا
مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ قَالَ أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ (12) قَالَ فَاهْبِطْ مِنْهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَنْ
تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَاخْرُجْ إِنَّكَ مِنَ الصَّاغِرِينَ (13) قَالَ أَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (14) قَالَ إِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ (15) قَالَ
فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ (16) ثُمَّ لَآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَنْ
شَمَائِلِهِمْ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ (17) قَالَ اخْرُجْ مِنْهَا مَذْءُومًا مَدْحُورًا لَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكُمْ أَجْمَعِينَ

(18)وَيَا آدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ فَكُلَا مِنْ حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ (19) فَوَسْوَسَ لَهُمَا الشَّيْطَانُ لِيُبْدِيَ لَهُمَا مَا وُورِيَ عَنْهُمَا مِنْ سَوْآتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ (20) وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ (21) فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا الشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَنَادَاهُمَا رَبُّهُمَا أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَنْ تِلْكُمَا الشَّجَرَةِ وَأَقُلْ لَكُمَا إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُبِينٌ (22) قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنْفُسَنَا وَإِنْ لَمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ (23) قَالَ اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ (24) قَالَ فِيهَا تَحْيَوْنَ وَفِيهَا تَمُوتُونَ وَمِنْهَا تُخْرَجُونَ (25) يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ (26) يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ (27) وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ (28)الاعراف

پێغەمبەر نوح سەلامی خودای لەسەربێت:

كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ (105) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ (106) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (107) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (108) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (109) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (110) قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ (111) قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (112) إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَى رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ (113) وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ (114) إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ مُبِينٌ (115) قَالُوا لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا نُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ (116) قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ (117) فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِي وَمَنْ مَعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (118) فَأَنْجَيْنَاهُ وَمَنْ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (119) ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ (120) إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ .(121) الشعراء..

ئەمجارەیان لە خزمەت یەكێكی ترین لە پێغەمبەرەكانی خودا كە ئەویشیان حەزرەتی) نوح (د، سەلامی خودای لەسەر بێت ، ئەم پێغەمبەرە بە باوكی دووەمی مرۆڤەكان ناسراوە و زیاتر لە هەزار ساڵ ژیاوە ، ناوی حەزرەتی نوح لە) ینوح (هاتووە واتە ئەوەی زۆر و بەبەردەوام بگریێت ، چونكە ئەوەندە خودای خۆشویستووە و بەبەردەوام سەری لە كڕنووش بووە و لاڵاوەتەوە و گریاوە و فرمێسكی ڕشتووە "ئاخۆ تۆش لەكەیەوە فرمێسكی خۆشەویستی و سۆز لەچاوانت بۆ خوای گەورە نەهاتۆتە خوارەوە!! ؟؟؟..

ئەم پێغەمبەرە نزیكەی دە سەدە لە دوای حەزرەتی ئادەم هاتۆتە دنیاوە ، هەندێك لە زانایانیش دەڵێن سەدەی ئەو كاتە لەگەڵ سەدەی ئەم رۆژگارە جیاوازی هەبووە و هەر سەدەیەك هەزار ساڵ بووە و دەڵێن حەزرەتی نوح دە هەزار ساڵ لە دوای حەزرەتی ئادەم هاتووە سەلامی خودایان لێبێت . بەو پێیەی لە كاتی حەزرەتی ئیدریس دواتر بۆ سەردەمی حەزرەتی نوح مرۆڤەكان بێ عەیب بوون و هەر هەموویان باوەڕیان بە خودا هەبووە ، كەواتە ئەگەر پێغەمبەران بە بەردەوامی لە دوای یەكتر نەهاتبن ئەوا بزانن كە خەڵكانی پێش ئەوان باوەڕدار بووینە و خودایان پەرستووە.

لەسەردەمی نوح پێغەمبەردا چینێك بەسەر چینێكی ترەوە زاڵ تربوون، وەكو زاڵ بوون بە ماڵ و سامان و پارە و دەسەڵاتداریێتی بەرامبەر بە چینەكەی تر ، و سەرهەڵدانی ژێر دەستەیی و رق و كینە بەرامبەر یەكتری، وەكو ئەو

سەردەمەی ئەمڕۆ کەدەبینین لەسەرانسەری جیهان ژێر دەستەیی بۆتە دیاردەیەکی باوو لەهەموولایەکەوە کەسانێك بوونەتە ژێر دەستە کەلاواز و بێ پشت و پەنان، جگە لەوەی پارە و پوول و سوڵتە و سامان تەنگی بەم خەڵکە چنیوە و لەرادەبەدەر غرور و لووت بەرزی کردوون . شیرك و بت پەرستن لە هەمووڵایەك سەری هەڵدا و نزیکەی هەزار ساڵێکی خایاند ، دوای وەفاتی حەزرەتی ئیدریس سەلامی خودای لەسەربێت خەڵکان و زانایان ئەو ئەمانەتەی پێغەمبەریان گرتە ئەستۆی خۆیان بۆ بانگەواز کردن بۆ وەحدانیەتی خودای هەموو جیهان ، لەسورەتی نوحدا خودای گەورە ئاماژە بە ناوی چوار زانا دەکات کە لەو سەردەمە واتە لە نێوان ماوەی حەزرەتی ئیدریس و حەزرەتی نوح خەریکی بانگەواز بووینە و خەڵکیان بەرەو پەرستنی خودای تاك و تەنها بانگ دەکرد ئەو چوار زانایە ئەمانە بوون) وود و نەسر و یەعوق و یەهود.. (

ئیبلیس نەیدەوێرا نزیکی ئەو خەڵکە ببێتەوە چونکە ئیماندار و خۆڕاگر بوون، ماوەی هەزاران ساڵ ئارامی گرت و خۆی لە خەڵکەکە نزیك کردەوە بەو ئومێدەی دووچاری شیرك و هاوبەشدانان بن بۆ خوا و دەچووە مێشکی خەڵکەکەوە کەبۆچی پەیکەرێك بۆ ئەو زانا مردووانە دروست ناکەن تاوەکو بەجەستە و ڕۆحیش نەبێت بە پەیکەر لە بەر چاوتان بمێنن ..

ئەمانیش وایانکرد و پەیکەریان تاشی و دروستیان کرد ، دوای ئەم نەوەیە نەوەیەکی تر هاتنە دنیا و ئەمجارە ئیبلیس بە یەکجارەکی پلانی گێڕا و خۆی لەخەڵکەکە نزیك کردەوە و پێی وتن : بۆ ئەم پەیکەرانە ناپەرستن و پێویستە تەقدیسیان بکەن ، چونکە بەم کارەتان لە خودا نزیك دەبنەوە و پلە و پایەتان زیاتر بەرز دەبێتەوە ..

ئەمجارەش توانی خەڵکەکە هەڵبخەڵەتێنێت و لە خشتەیان بەرێت ، خەڵکەکە بە گوێیان کردو بە دەوری پەیکەرەکان دەسووڕانەوە و دەیان پەرست و قوربانیان بۆ دەکرد.

خەڵك لە هەموو لایەکەوە کەوتە تاریکیی و هاوبەش پەیداکردن بۆ زاتی خودا جل جلالە ، بۆیە خودای گەورە پێغەمبەرێکیان بۆ رەوانە دەکات ، کە ئەویش پێغەمبەر نوح بوو سەلامی خودای لەسەربێت.

حەزرەتی نوح رەمزی تێکۆشان و ماندووبوون و خەمخۆری خەڵکەکە و ڕێنمایی بەخش و کەسێکی نەرم و نیان و بەسەبر و بەسۆز بوو بۆ، تەمەنی گەیشتۆتە سەرووی چل ساڵان خودا وەحیی بۆ ناردووە و نەبی و رەسولە . خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی] انا ارسلنا نوحا الی قومە ان انذر قومك من قبل ان یأتیهم عذاب الیم [.لە پەنجا ساڵیەوە لەناو گەلەکەی ژیاوە و بۆ ماوەی نۆ سەد و پەنجا ساڵ بانگەوازی لەگەڵ کردن و بە بەردەوام ئامۆژگاری دەکردن و داوای لێدەکرن دەسبەرداری بت پەرستن بن و روو لە خودا بکەن ، بەڵام گەلێکی سەر سەخت و کەللە رەق و نەفام بوون و گوێیان بەو پێغەمبەرە نەدەدا ، و تەنها لە ماوەی دوانزە ساڵدا تاکەسێك باوەڕی پێدەکات واتە هەر دوانزە ساڵ جارێك کەسێك باوەڕی پێدەهێنێت و لە ماوەی ئەو نۆسەد و پەنجا ساڵە تەنها هەشتاو دوو کەس باوەڕی پێدەهێنن و واز لەشیرك و کوفر دەهێنن..

قال الملأ من قومه إنا لنراك في ضلال مبين !!! زۆر سەیرە ئەم پێغەمبەرە بۆ ماوەی نۆسەد و پەنجا ساڵ ئیدانە دەکرێت و بە گومڕا و سەرلێشێواو لە قەڵەم دەدرێت . قال یا قومی لیس لی بچلالە ولکنی رسول من رب العالمین ..

زۆر سەیرە پێغەمبەرێك هەموو تواناو هێزێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی گەلەکەی لە گومڕایی و تاریکایی رزگاریان بێت و روو لەخودا بکەن بۆئەوەی بەهەشتیان دەست کەوێت کەچی بەشێت و سەرلێشێواو ناوزەدی دەکەن، کەسانی بەرژەوەند پەرست لە هەموو کات و سەردەمێکدا کەسانی باوەڕدار و پەیامدار بە گومڕا ئەزانن و لەم سەردەمەی ئەمڕۆش بە تیرۆریست و هتد......

بەلاّم سوپاس بۆ کەسانێك کە شەوێنکەوتەی پێغەمبەرانن) نوح (ئاسا گوێ بەم تۆمەتانە نادەن و خزمەتی پەیامەکەی خوای گەورە ئەکەن .. خودای گەورە دەفەرموێت] کذبت قوم نوح فکذبوا عبدنا وقالوا مجنون مزدجر [هەروەها گەیشتە ئە رادەیەی دەیانووت شێت بووە و مەسی جنۆکە گرتوویەتی] ان هو الارجل بە جنە [ئەمجارە پەنایان بردە بەر ئیدانە کردن و ترساندنی بە کوشتن و لە ناو بردن] قالوا لئن لم تنتة یانوح لتکونن من المرجومین [، هۆشدارییان پێدا گەربێتوو وازیان لێ نەهێنێت ئەوا بەردبارانی ئەکەن و لەناوی ئەبەن کە ئەمەش دوایین هەوڵە بۆ ڕێگرتن لە پەیامداران.
کەبەلایەوە نزیك ئەبوونەوە داوای ئامۆژگارییان لێدەکرد و دەیانووت قسەمان بۆ بکە ئەی نوح ، کە ئەویش قسەی بۆ ئەکردن و دوایی تەواو دەبوو گاڵتەیان پێدەکرد و دەیانووت عەقڵی لە دەستداوە و شێت بووە ، ئەمە نۆسەد و پەنجا ساڵی خایاند . ئنجا حەزرەتی نوح بە خودای فەرموو] ربي اني دعوت قومي لیلا و نهارا فلم یزیدهم دعائي الا فرارا [ئەو هەر کۆڵی نەدەدا هەرچەندی گاڵتەی پێکراو ئازار درا ئەو پێغەمبەرە لەسەر بانگەوازەکەی سوورتر و گەرم و گوڕتر دەبوو ، تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی لێیدرا ، پیاوێکی پەککەوتە دەڵێتە کوڕەکەی لە پشتم بکە و بمبە بۆلای نوح، کە دەیگەیەنێتەلای و بە دار لەحەزرەتی نوح دەدات و گاڵتەی پێدەکات ، وەك دەگێڕنەوە ئەم پێغەمبەرە رۆژانە بە دەستی گەلەکەی زۆر ئازاری دەچەشت لێدانی زۆری بەردەکەوت و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دەبوورایەوە ، پاش بوورانەوەکەی کە سەرتا پای لەشی خوێناوی بوو هەڵدەستایەوە و دەچۆوە بۆلای گەلەکەی و زیاتر ئامۆژگاری دەکردن ، و پێی دەفەرموون من هیچم لە ئێوە ناوێ نە ماڵ نە سامان نە موڵك و نە دەسەلاّتدارێتی من تەنها دەمەوێ ئێوە بەر خەشم و قینی خودا نەکەون گومڕا نەبن ، من هاتووم تا ئێوە لە تاریکی و جەهالەت رزگار بکەم و شیرك بۆ خودا پەیدا نەکەن ، من زۆرتان لێناکەم و باوەڕ هێنان بە زۆر لێکردن نییە و پێی دەفەرموون] إن اجری الا علی الله...[
]فقال الملأ الذین کفروا من قومه ما نراك الا بشرا ام مثلنا [بە حەزرەتی نوحیان دەووت : ئەو ژمارە کەمەی لەگەڵ تۆن هەرهەموویان هەژارن و وەکو ئێمەنین ،] وما نراك اتبعوك الا اربلنا [بە گاڵتە پێیان دەووت : ئەوانەی شوێنکەوتەی تۆن بە تەنها ئەوانەن کە ژێر دەستەی ئێمە بووینە و بەلووت بەرزی ولە خۆباییەکی زۆرەوە دەیانووت چۆن ئێمە شوێن تۆ بکەوین ؟).ملأ (ئەو کەسانەن دارو دەستەی دەسەلاّتدارانن و رۆڵی چەواشەکردن و خۆپەرستی ئەگێڕن، بەلاّم بەهۆی دەسەلاّتدارانەوە خۆیان دەوڵەمەند و پایەدار بکەن، بۆیە زۆر جار دەسەلاّتداران کەسانی دەستکورت و هەژار بەکەم ئەزانن و پێوەر لای ئەوان ماددیە نەك مرۆڤایەتی، بۆیە کاری پێغەمبەران بۆ شوێنکەوتوانیان راستکردنەوەی ئەم بیرە کورتەیە و دابین کردنی یەکسانییە.

پێغەمبەر بە رازی بوون بە قەدەری خوداوە روو لە خودای گەورە دەکات و دەفەرمووێ : خودایە من شەوو رۆژ بانگەوازم لەگەڵ کردن و لەهەمووولایەکەوە لەگەڵیان بووم و راسپاردەکانی تۆم بۆ روون کردنەوە وداوای مەغفیرەتم

بۆ دەکردن کەچی ئەوان رادەکەن و تەنانەت پەنجە دەخەنە گوێچکەکانیانەوە ، ئەمجارە هەر کۆڵ نـادات و] ثم اني دعوتهم جهارا [، کە لە شوێنێك کۆدەبۆوە بانگی هەموویانی دەکرد و هەروەها] واسررت لهم اسرارا [بەنهێنی لە رێگا قۆڵی دەخستە قۆڵی موشریکەکان و داوای لێدەکردن بەرەو مەغفیرەت و لێخۆشبوونی خـودا بـێن و واز لـە گوناح و تاوان بێنن .

داوای لێدەکردن شوکری نیعمەتەکانی خودا بکەن و] یرسل السماء علیکم مدرارا [ئەم ئاسمانەی بـۆ کـردوون بـە پارچەیەك نیعمەت ، بە گوێیان نەدەکرد ، ویمددکم بأموال وبنین .. ویجعل لکم جنات ویجعل لکم انهـارا .. هـەر سەرزەنـشتیان دەکـرد و گاڵتـەیان پێـدەکرد ،] مـالکم لاترجـون لله وقـارا و قـد خلقکـــم اطـوارا [دواتـر نیعمەتەکانی ئاسمانیان بە نموونە بۆ دەهێنێتەوە وەکو رووناکی مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و باران بارین، زیکری ئیستغفار مایەی وەدەست هێنانی جۆرەها بەخششی خوای گەورەیە ئەوەندە بەس بێت بـەم زیکـرە بـەرێی خۆشـیدا ئەرواَت و بەئامانجەکانی ئەگات، بۆیە پێویستە رۆژانە بەلانی کەم سەد جاران ئەم زیکـرە بکـەین و پێغەمبـەری پێشەواش فەرموویەتی هەرکەسێك دەست بە ئیستغفارەوە بکات خوای گـەورە لەهـەموو ناخۆشـی و نارەحەتییـەك رزگاری ئەکات و خۆیشی نازانێت چۆن رزق و رۆزی بۆ دابین ئەکرێت و چۆنیش بۆی دێت.

دوای نۆسەد و پەنجا ساڵ لە بانگەواز کردن لە تەمەنی موبارەکی ئەم پێغەمبەرە ئیتر خودا فەرمانی پێکرد و پێی فەرموو با بانگەوازەکەت بەس بێت .. حەزرەتی نوح دەستی بە نزا کـــــرد و فەرمووی] ربـي لاتـذر علـی الارض من الکافرین دیارا .. انك ان تذرهم یضلوا عبادك ولایلد الا فاجرا کفارا [نزای کرد خودایە نەوەی ئەو موشریك و زاڵمانە نەهێڵێت نەوەکو شوێنکەوتەی ئەوان بن .. خودای گەورە نزاکەی گیرا کرد و پاشان فەرمانی پێکرد کەشتییێك دروست بکات ، ئەویش فەرمانی خودای بەجێ هێناو کەشتییێکی زۆر گەورە و زەبەللاحی لە بیابانێکی وشك دروستکرد ، گەلەکەی بینیان خەریکی دروستکردنی کەشتیە لە بیابانێکی وشك و دوور لە شەپۆلی دەریا جارێکی تر کەوتنەوە خۆ بۆ گاڵتەکردن بەم پێغەمبەرە و دەیانووت : راستمان وت کە وتمان تۆ گومڕا و شێتیت !!... ئارامگرتن و هەناسە درێژی و خەمخواردنی حەزرەتی نوح گەیشتە ئەو ئاستەی کە خوای گەورە ئاگاداری بکاتەوە کەتەواو هیچ کەسی تر لەگەلەکەت باوەڕ ناهێننهیچیان لەگەڵ مەکە و چی تر بانگەوازییان لەگەڵدامەکە ...بەمتمانە بوون بەخوای گەورە و باوەڕهێنان بە پەیمانی خوای گەورە، حەزرەتی نوح نەیپرسی بۆ لـەم شـوێنە دوورە و دوورتـر لـە دەریـا ئـەم کەشتییە دروست بکەم ؟؟؟ بۆیە کە فەرمانی خوای گەورەیە بێ دوو دڵی و راستەوخۆ جێبەجێی دەکات، چونکە خێر و خۆشی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بۆیە ئەگەر خوای گەورە کەبڕیاری سەرکەوتن بدات و بتپارێزێـت کـەس بـۆی نییە و لەتوانایدا نییە لەناوبەرێت و ببێتە رێگر لەبەردەمت.

وتەی زۆر هەیە لەبارەی دروستکردنی کەشتییەکە کە ماوەی چەند ساڵێکی زۆری خایاندووە، چونکە حەزرەتی نـوح خاوەنی دار و کەرەستەی کەشتییەکەنەبوو، بەڵام گەورەیی کارەکە و دروسـتکردنی کەشـتییەکە هـەموو ئەزیـەت و ئازارەکانی حەزرەتی نوحی بیردبۆوە، بۆیە پێویستە کەسی خواناس ئازا و چاونەترس و نەبەرد بێت جگە لە خوای گەورە لەهیچ هێز و دەسەڵاتێك نەترسێت بەڵام نابێت بەحەماسەت و کەف و کوڵ بێت، پێویستە بەبیر و هـۆش و زانست و پلان دانەر بێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری بەجێ و پرۆژەکانی ئایندەی لەهـەمووی گـرنگتر نابێـت) نیەت بۆ خوای گەورە (مان، لەبیر بچێت.

خودای گەورە بە حەزرەتی نوحی فەرموو] ان موعدهم الصبح الیس الصبح بقریب [خۆی و خێزانێکی و سێ لە منالەکانی لەگەڵ بڕوادارەکانی کە لەگەڵی بوون بەرەو کەشتییەکە سەرکەوتن خێزانەکەی تری و منالەکانی تری لەگەڵ موشریکەکان مانەوە چونکە لەریزی ئەوان بوون و دژی حەزرەتی نوح بوون .. چەندەناخۆش و نارەحەتییە لەماڵەوە خێزان و منالەکانت بەقسەت نەکەن و لە فەرمانەکانت دەربچن و سەرەڕای ئەوەش دژی بیر و باوەڕەکەی تۆبن و گوێی بۆ نەگرن!!!...

بەرلەوەی سواری کەشتییەکەبن خودا پێی فەرمووبوو کەی لەناو تەنوری ماڵەوەت لەبری ئاگر ئاو هاتە دەرەوە سواری کەشتییەکە بن و پەلە بکەن ، و لەهەموو گیانداریک دوو جووت سواری کەشتییەکە بکە ، کە ئاو لە شوێنی تەنووری ئاگر فوارەی کرد ، سەرتاپای زەوی رووی لەتەقینەوە کرد و بوو بەکانی و ئاوی لێ هەڵقوولا و] وفجرنا الارض عیونا.[سەرتاپای ئاوی زەوی و ئاسمانیش بوون بەیەك و] بماء منهمر [ئنجا حەزرەتی نوح رووی لە باوەڕدارەکان کرد و فەرمووی] ارکبوا بسم الله مجریها [نەیفەرموو من و کەشتییەکەم رزگارتان دەکات و ناوی خودای هێنا کەمەبەستی رزگاربوون هەربەدەست خوداوەیە ، تاقیکردنەوەکانی خودا لەگەڵ ئەم لافاوە بۆحەزرەتی نوح هێشتا درێژەی هەیە و بەردەوامە ، دەبینێت کوڕەکەی لە لێواری خنکانە و ژنکەی تریشی نایەت و روو لەکوڕەکەی دەکات و پێی دەفەرمووێ] یا بني ارکب معنا [خودا کوڕەکەی لە کەشتییەکە نزیك کردەوە ، و هەرداوای لێدەکرد و پێی فەرموو] ولاتکن مع الکفرین [بەڵام کوڕەکەی دەڵێت ناخنکێم و دەگەمە نزیك ئەم شاخە !!... کوڕەکەی بە کافری خنکا بەڵام خودا بە حەزرەتی نوحی فەرموو] انه لیس من اهلك [ئەوە کەس و کوڕی تۆ نییە بەڵکو سەرنشینانی کەشتییەکە کەس و نزیکی تۆن...

وەك باس دەکرێت بە دەیەها کیلۆمەتر ئاو بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە و کەشتیەکەی نوح لە چاو شەپۆلی ئاوەکان زۆر زۆر بچووك بۆتەوە ، لەناو کەشتییەکەدا حەزرەتی نوح نزا دەکات و دەفەرمووێت : رب انزلنی منلا مبارکا ... کوردستان وڵاتی پێغەمبەران و پاکییە تا ئەوکاتەش خراپی تێدا روونەدابوو و پاك و بێگەرد بوو ...وڵاتێك لە قورئانی پیرۆزدا بە پیرۆز ناوبرێت شایانی ئەوەیە بیپارێزین و پارێزگاری لێبکەین.

خوداش دوعاکەی گیرا کرد و] فستوی علی الجودي [جودی چیاییکە کەوتۆتە کوردستانی تورکیا بە فەرمانی خودای گەورە کەشتیەکەی حەزرەتی نوح لەسەر شاخی جودی وەستا .. لە ساڵی 1980 چەند زایایەکی ئەمریکی و رۆژاوایی دوای ماندووبوونێکی زۆر و گەڕان توانیان شوێنی کەشتییەکەی نوح لەسەر ئەو شاخە ببیننەوە لەگەڵ چەند پارچەیەکی کەشتییەکە ... دەڵێن دوای پەنجا ساڵ پاش ئەم موعجیزە گەورەیەی خودا کە بۆ لەناوبردنی گەلی نوح ناردی حەزرەتی نوح ئەمری خودای بە جێ هێناو وەفاتی فەرموو...

چەند ژیان درێژ بێت هەر تەمەنت کورت ئەبێت ئەگەر تەمەنت سەد ساڵ زیاتریش بێت هەردەبێ تەمەنەکەت لەدەست بدەیت، ئەوەتا حەزرەتی نوح دوای هەزار و پەنجا ساڵ لەتەمەنەکەی ئنجا تەمەنەکەی بەکۆتا هات، کەوابێ ئێمە بەتەمای چەند ساڵین ؟ بۆچەند ساڵیش کۆبکەینەوە؟ دەگێڕنەوە رۆژێك لەرۆژان حەزرەتی نوح بەلای ئافرەتێك رەت ئەبێت کەلەسەر گۆڕی کوڕەکەی ئەگرییێت، و حەزرەتی نوحیش دەچێتەلای و دڵی ئەداتەوە و پێی دەڵێت : مەگری، ئافرەتەکەش دەڵێت : ئەی نوح نازانیت ئەو کوڕەی من چەندە شیرین و چەندە گەنج بوو ؟ حەزرەتی نوحیش لەتەمەنی کوڕەکەی پرسیار ئەکات و ئافرەتەکەش ئەڵێت : سێ سەد ساڵ بوو !!!... حەزرەتی نوحیش پێی ئەڵێ : ئەزانی پێش بەکۆتا هاتنی دنیا گەلانێك پەیدا ئەبن زۆرترین تەمەنیان لەنێوان حەفتا بۆ هەشتا ساڵانە !!!..ئافرەتەکەش سەری بەرز ئەکاتەوە و روو لەحەزرەتی نوح ئەکات و دەڵێت : ئەمانە خانوو

ئەکەن ؟؟؟؟...

بۆچی و لە پێناو چی ئەم هەموو ئیدانە کردن و ئازاردانە؟

بۆ بێدەنگ نەبوون؟

بۆدەست نەگرتن بەکلاوەکەی تاوەکو با نەییات؟

بەرپاکردنی چاکە و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی پیرۆزترین کارە، چونکە رزگارکردنی مرۆڤە لەناخۆشییەکانی دنیا و قیامەت.

نەکەی بێزاربیت لەکاری ئامۆژگاری کردنی خەڵکی و بەرپاکردنی دینداری، ساردبوونەوە رووت تێنەکات و کۆڵ نەدەیت و چۆك دانەدەیت ...نەڵێی دنیا بەمن ناگۆڕێت و کەسێك بەمن ئیسلاح نابێت، نەشڵێیت زۆرم کردو زۆریش ماندوو بووم، چونکە بەقەد حەزرەتی نوح ماندوونەبوویت و ئەزیەتت نەبینیوە.

ئامۆژگاری بەتەنها بە) خگبە محاچرە (نابێت ئەبێت هەموو هۆکاریٚ بگریتە بەر و دەبێت تێکەڵ بەناخی کۆمەڵگابیت و بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانیان بکەین.

گەر تەمەنێك بۆ خواو کاری جوان و چاکەکردن بەسەرنەبەیت، بۆ هەر شتێکی تر سەرفی بکەیت ئەوا لەدەست چووە و بەفیڕۆ و زایە چووە.

ئەگەر بۆ خوای گەورە بسووڵحێین و بکەوینە خۆ ئەوا بێگومان هەموو دروستکراوەکانی خوای گەورە لەگەڵمان ئەبن و لەسەرئێمە دێنە وەلاّم.

گەلی نوح دەرگای وتوێژ و بیرکردنەوەیان لەخۆیان داخست، نەیانویست راستیەکان دان پیٚ بنێن، ئەوە بەهۆی رابواردن و پلەو پایە و خۆشییەکانی دنیاوەبوو و، کەواتە بائێمەش چاو لەوان نەکەین.

ئەبێت زۆر رۆشنبیر بین و نابیٚ بە قسەی هەموو کەسێك بکەین، و خۆمان هیچ نەزانین ...چ رێبازێك بەرنامەی ژیانتە؟ چ کەسێك سەرمەشق و چاوساغتە؟ تەنها بەقسەی ئەوبکە، چونکە گەلی نوح بەقسەی پێغەمبەرەکەیان نەکرد و گوێڕایەڵی کاربەدەست و بەرژەوەند خوازیان کرد بۆیە لەناوچوون....

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ (14) فَأَنْجَيْنَاهُ
وَأَصْحَابَ السَّفِينَةِ وَجَعَلْنَاهَا آَيَةً لِلْعَالَمِينَ (15) العنكبوت..
وَأُوحِيَ إِلَى نُوحٍ أَنَّهُ لَنْ يُؤْمِنَ مِنْ قَوْمِكَ إِلَّا مَنْ قَدْ آَمَنَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ (36) وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا
وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ (37) وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ قَالَ
إِنْ تَسْخَرُوا مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنْكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ (38) فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُقِيمٌ
(39)حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آَمَنَ
وَمَا آَمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ (40) وَقَالَ ارْكَبُوا فِيهَا بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَحِيمٌ (41) وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ
فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا وَلَا تَكُنْ مَعَ الْكَافِرِينَ (42) قَالَ سَآَوِي إِلَى جَبَلٍ
يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاءِ قَالَ لَا عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِلَّا مَنْ رَحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ (43) وَقِيلَ يَا
أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (44)
وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (45) قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ
أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (46) هود.
إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ أَنْ أَنْذِرْ قَوْمَكَ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (1) قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ (2) أَنِ

اعْبُدُوا اللَّهَ وَاتَّقُوهُ وَأَطِيعُونِ (3) يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرْكُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ أَجَلَ اللَّهِ إِذَا جَاءَ لَا يُؤَخَّرُ لَوْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (4) قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا (5) فَلَمْ يَزِدْهُمْ دُعَائِي إِلَّا فِرَارًا (6) وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَارًا (7) ثُمَّ إِنِّي دَعَوْتُهُمْ جِهَارًا (8) ثُمَّ إِنِّي أَعْلَنْتُ لَهُمْ وَأَسْرَرْتُ لَهُمْ إِسْرَارًا (9) فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا (10) يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا (11)وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا (12) مَا لَكُمْ لَا تَرْجُونَ لِلَّهِ وَقَارًا (13) وَقَدْ خَلَقَكُمْ أَطْوَارًا (14) أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَوَاتٍ طِبَاقًا (15) وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا (16)وَاللَّهُ أَنْبَتَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ نَبَاتًا (17) ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا (18) وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ بِسَاطًا (19)لِتَسْلُكُوا مِنْهَا سُبُلًا فِجَاجًا (20) قَالَ نُوحٌ رَبِّ إِنَّهُمْ عَصَوْنِي وَاتَّبَعُوا مَنْ لَمْ يَزِدْهُ مَالُهُ وَوَلَدُهُ إِلَّا خَسَارًا (21) وَمَكَرُوا مَكْرًا كُبَّارًا (22) وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا (23) وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا (24) مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا فَلَمْ يَجِدُوا لَهُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْصَارًا (25)وَقَالَ نُوحٌ رَبِّ لَا تَذَرْ عَلَى الْأَرْضِ مِنَ الْكَافِرِينَ دَيَّارًا (26) إِنَّكَ إِنْ تَذَرْهُمْ يُضِلُّوا عِبَادَكَ وَلَا يَلِدُوا إِلَّا فَاجِرًا كَفَّارًا (27) رَبِّ اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِمَنْ دَخَلَ بَيْتِيَ مُؤْمِنًا وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا تَبَارًا (28) نوح.

*　　　　*　　　　*

پێغەمبەر هود سەلامی خودای لەسەر بێت:

كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ (123) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ (124) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (125) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (126) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (127) أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (128)وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (129) وَإِذَا بَطَشْتُمْ بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (130) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (131) وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ (132) أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ (133) وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (134) إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (135) قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُنْ مِنَ الْوَاعِظِينَ (136) إِنْ هَذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ (137) وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ (138) فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (139) وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ .(140) الشعراء..

گەلی عاد گەلێك بوون كە دوای سەد ساڵێك لە پاش گەلی نوح سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت پەیدابوون ، ئەم گەلەی عادە كەوتبوونە نێوان وڵاتانی یەمەن و عوممان و سعودیە .ئەم گەلە گوناح و تاوانیان لە رادەبەدەر زۆر و بێ ژماربوو بۆیە خوای گەورە پێغەمبەرێكی بۆ ناردن بە ناوی هود ، ئەم پێغەمبەر عەرەب بووە و ، لە مێژووی پێغەمبەرایەتیدا تەنها چوار پێغەمبەر عەرەب بووینە ئەبو زەڕی غەفاری دەفەرموویێت كە پێغەمبەر بۆی باس كردم و فەرمووی چەند پێغەمبەرێك هەن و لەناو ئەو كۆمەڵە پێغەمبەرانە تەنها چواریان عەرەبن كە ئەوانیش هود و شوعەیب و ساڵح پێغەمبەرەكەت، واتە پێغەمبەری ئێمەش عەرەب بووە لەگەڵ ئەو سێ پێغەمبەرەی كەباسمان كرد .. هەروەها گەلەكە بە) احقاف (ناسراو بووینە و قورئانیش ئاماژەی پێكردووە] واذكر اخا عاد اذ انذر قومە بالأحقاف . [ئەم ئایەتە باس لە براكەی عاد ئەكات كە ئەویش هود پێغەمبەرە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت . بەڵام عاد و هود برای شیریی نین بەڵكو خودا بە برا ناویان دەبات. ناوچەی عاد خۆشترین و جوانترین و نایابترین شوێنی سەر زەوی بووە ، تابڵێی دڵگیر وڕازاوە خۆش و جوان بووە و پڕبووە لە باخچە و سەوزایی و ئاوەدانی بەڵام

دواتر هەمووی بوو بە بیابان و لماوی و بـــــە) الاحقاف (ناوبـانگی دەرکـرد، کەواتـە ئـەو بیابـانەی جـاران پارچەیەك بووە لە سەوزایی و رازاوەیی ...لەفەرموودەیەکی پێغەمبەری پێشەوادا هاتووە) کـە قیامـەت دانایـەت تاوەکو ئەو بیابانە وەکو جارانی لێنەیەتەوە(، هەربۆیەش زانایان بەدووری نازانن بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکان و توانەوەی بەستەڵەکەکانی بەفر ئەم رووداوە دروست بکەن، بـە پێی هەنـدێ توێژینـەوەی کەشناسـیش لـەماوەی ساڵانی داهاتوودا باران لەو ناوچەیە زیاد دەکات، کـە هۆیـەکن بـۆ گەڕانـەوەی شـوێنەکە بـۆ دۆخـی جـارانی و سەرهەڵدانەوەی سەوزایی و ئاوەدانیی!!!!...

4وێنی

شوێنی گەلی عاد لەسەر نەخشە

] الم تر کیف فعل ربك بعاد ارم ذات العماد التي لم یخلق مثلها في البلاد [، گەلی عاد گەلێکی زۆر بە توانـا و بەهێز و بەتین بووینە و لەدوای حەزرەتی ئادەم کەسێك نەبووە وەکو ئەوان گەورە و زەبەلاح و بەهێز بووبێت ، بۆ نموونە بچووکترین و کورتە بالاترین کەسیان درێژییەکەی شەست مەتر بووە ، و هەندێکیان سەد مەتر بووینـە و گەورەترین بەردە شاخیان زۆر بە ئاسانی بە کۆڵ هەڵگرتووە ، خودای گەورە ئەم گەلەی بۆیە دروست کرد کە بتوانن ژیار و حەزارەتێك بێننە بوون و ئەوەتا لە شاخ خانوویـان دروسـت کـردووە. گەلەکـە بـەرەو هەڵـدێران چـوون و هەلاکەت رووی تێکردن و روویان نایە شیرك و فەساد ، بۆیە خودای گـەورە هـود پێغەمبـەری بـۆ رەوانـە کـردن ، پێغەمبەر لە زۆر فەرمایشتا باس لە هود پێغەمبەر دەکات و زۆر خۆشەویستی خـۆی بـۆ ئـەو پێغەمبـەرە دووپـات کردۆتەوە.

وشەی هود مانای) نەرم و نیانی (دەبەخشێت ، حەزرەتی هود زۆر بە نەرم ونیانی و حەکیمانە لەگەڵ گـەلی عـاد دەستی بە بانگەواز کرد و هۆشیاری دەکردنەوە ، باسی ناز و نیعمەتەکانی خودای بۆ دەکردن و باسی لە گەورەیی و رەحم و بەزەیی خوای بۆ کردن ، یەکەم شت کە داوای لێکردن پێی فەرموون) قـال یـا قـومی اعبـدوا الله (ئـەی گەلەکەم روو لە خودا بکەن و خودا بپەرستن و دەسبەرداری شیرك و تاوان بن ... ئەم ئامۆژگارییانەی حەزرەتی هود بۆ ئێمەش و بۆ هەمووکەسێکی ئەم رۆژگارەیە وەك دەبینن هەزاران کەس روویان لە خراپە و خراپەکاری کـردووە و سەرپێچی فەرمانەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی دەکەن] قال الملا الذین کفروا من قومه انا لنریك في سفاهة [سەیر کە هێشتا بەگوێی هود پێغەمبەر ناکەن و بە) سفاهە (ناوی دەبەن ، کە بە مانای گێل و نەفام دێت .. بەلأم ئەو هەر نەرم و نیان و لەسەر خۆ و ئارامگرە] قال یا قـومي لـیس لـي بـسفاهة ولکـني رسـول مـن رب العـالمین ابلغکم رسالات ربي وانا لکم ناصح امین [سەیرکە چەندە ژیرانە و ئاقلأنە و بەبێ هەڵچوون بانگیان دەکات..

]او عجتم ان جاءکم ذکر من ربکم علی رجل منکم لینذرکم واذکر اذ جعلکم خلفاء من بعدي قوم نوح ... [من نەزان و گێل و نیم من پێغەمبەری خودام و دوای گەلی نوح بۆ ئێوە هاتووم ، ئایا بیرتـان چوو کە گەلی نوح چییان بەسەر هات و چۆن نغرۆ بوون و ئاسەواریشـــیان نەما ؟

] وزادکم في الخلق بـسطة [بەلأم باش بزانن ئێوە لەگەلی نوح بە هێزتر و بە دەسەلأتترن] ... فاڑکروا الاوالله [نیعمەت و بەخششەکانی خوایان بیر دێنێتەوە کە چۆن پێیداون و بەسەری دابارندوون ،] اذ قال لهم اخوهم هود الا تتقـون [هەروەها پێشـــیان دەفەرمووێت من هیچ پاداشـــتێك لە ئێوە داواناکـــەم و] ان اجري الا علی رب العالمین.. [هەروەها پێی فەرموون کە ئەو شتانەی دروستی ئەکەن تاسەر بۆتـان دەمێنێتەوەو لە دەستی نادەن ؟

هەرچەندە خانوو و پەیکەری گەورە لە چیاکان دروست بکەن هەر دەبیٚ لە دەستی بدەن و جیٚی بهیٚلن ، بەڕاستی گەلەکەم ئیٚوە تاوانی گەورە لە خۆتان ئەکەن و خەسارەتمەندیی هەر بۆ ئیٚوەیە و ئیتر بابەس بیٚ روو لە خوا بکەن .ئەوانیش لەبەرامبەردا پیٚی دەلیٚن ئیٚمە گەلیٚکی بە هیٚز و بازووین و هیچ شتیٚك کارمان لیٚناکات و خەسارەتمەند نابین ..

بۆیە پیٚغەمبەر فەرموویـــەتی) شیبتني هود و اخواتها (واتە :سورەتی هود و ئەوانی تر پیریان کردووم، زانایان دەلیٚن : ئایەتی) فاستقم کما امرت ومن تاب معك ولا تگغوا انه بما تعملون بصیر (چونکە بەراستی گەلەکەی سەرسەخت بوون و گویٚیان بە ئامۆژگارییەکانی نەدەدا.

حەزرەتی هود پیٚی فەرموون بابەس بیٚ ئیدی روو لە ئیستغفار و تەوبە بکەن و بگەڕیٚنەوە بۆلای خودا ئەوەتا گەورەترین هیٚزی پیٚ بەخشیون ، ئەوانیش وتیان] قال یا هود ما جئتنا ببینة وما نحن بتارك الهتنا [وتیان : ئیٚمە واز لە خوداکانی خۆمان ناهیٚنین و وازلەم قسانە بیٚنە ... چیت لە دەست دیٚت بیکە و باکمان نییە ، سەیرکە خودا چی بەسەر هیٚنان ؟ بۆ ماوەی سیٚ سالٚ بارانی بۆ نەباراندن و وشکە سالی رووی لەگەلی عاد کرد .... پاشان خودا سیٚ هەوری بۆ ناردن کە رەنگیان سوور و سپی و رەش بوون ، حەزرەتی هودیش فەرمووی کام هەور هەلدەبژیٚرن تابچنە ژیٚرییەوە ؟ خۆیان داوای هەوری رەشیان کرد..

پاشان چوونە ژیٚرهەورە رەشەکەوە، کەچوونە ژیٚرییەوە رەشەبایٚکی زۆر بە هیٚز هەلیکرد و ماوەی هەشت رۆژی خایاند ... بەر لە هەلبژاردنی هەورە رەشەکە حەزرەتی هود پیٚـــــــــی فەرموون] فکیدونی جمیعا [بەو واتایەی چیتان لە دەست دیٚت بیکەن و باکم نییە ، و پاشان فەرمـــــــووی] انی توکلت علی الله. [بایەکە هەلی کرد بەلاٚم چ باییٚك] بریح صرصر عاتیة [ئەوەندە بەهیٚزو زۆر زۆر ساردیش] . ثمانیة ایام حسوما فتری القوم فیها صرعا کأنهم اعجاز نخل خاویة [وەکو دار ئەکەوتن و ئەشکان و لەناو دەچووادی الی ولیا فقد اژنتهرە بالحرب... [

هەر کەسیٚك دژایەتی دۆستیٚکی من بکات ئەوا شەڕی لەگەلٚ من بەرپاکردووە .کیٚ هەیە لەدەست خالقی بوونەوەر رزگاری بیٚت ؟؟ کیٚ هەیە بەدەسەلاٚتی خۆی بنازیٚت و لەدەستی نەچیٚت ؟؟ شەڕکردن لەگەلٚ پەیامداران و خواناسان شەڕکردنە لەگەلٚ خوای گەورە و میهرەبان، بۆیە خوای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسیدا ئەفەرموویٚت] من عادی الي ولیا فقد اذنتە بالحرب [هەرکەسیٚك دژایەتی دۆستیٚکی من بکات ئەوە شەڕی لەگەلٚ من بەرپا کردووە ... ئالیٚرەدا گەلی هود لەناو چوون و بە فەرمانی خودا حەزرەتی هود و ئەوباوەڕدارانەی لەگەلی بوون، زۆرجار دەسەلاٚت و هیٚز دەبیٚتە مایەی گومرایی و سەر لیٚشیٚوان و خۆلەبیر کردن و خوا لەبیر کردن !!!.....بۆناپرسیت کە کیٚ منی کرد بە خاوەن پارە و سامان ؟؟ یاخود کیٚ منی کرد بە خاوەن هیٚز و دەسەلاٚت ؟؟ گەر کەسیٚك وا بیربکاتەوە کە خۆی بە بازووی خۆی گەیشتۆتە ئەو دەسەلاٚت و هیٚزە و کەسانی بەرامبەر بەچاوی سووك و خوار خۆی سەیر ئەکات و بەبەردەوام حەز و ئارەزوو دەکات خەلکانی لەخۆی نزمتر بکات بە کۆیلە و بەندە ..

گەلی عاد پەندییان لەگەلی نوح وەرنەگرت هەرچەندەی ماوەی نیٚوانیان زۆرنەبوو، بۆیە یەکیٚك لەو خالە بەهیٚزانەی کە مرۆڤ بەختەوەر ئەکات و کۆمەلگاش دووچاری لەناوچوون نابیٚت، ئەوەیە کە گەلان و کەسانی پیٚش خۆمان لەبەر چاوبیٚت و بەبەردەوامیی ژیانیان بخویٚنینەوە و پەندیان لیٚوەربگرین، بەهەلەی ئەواندا بچینەوەو، سوود لەچاکەکانیشیان وەربگرین .هەرلەبەرئەوەشە خوای گەورە جگە لەباسی گەلان لە قورئانی پیرۆزدا هەندیٚ شویٚنەواری ئەو گەلانەی بۆ هیٚشتووینەتەوە تاوەکو ئیٚمەش وابزانین کە ئەمڕۆی ئیٚمەش ئەبیٚتە دویٚنیٚی سبەی ...

هەر شارستانیەتێك گەر ڕەوشت پارێزی تێدا نەبێ و باوەڕ و ڕۆڵی نەمێنێ بێگومان نالەباری رووی تێدەكات و لاسەنگ ئەبێت و مێژووش گەواهیدەری ئەم حاڵەت و راستیەن، ئالێرەدا گەلی هود لەناوچوون و بەفەرمانی خوای گەورە حەزرەتی هود و ئەو باوەڕدارانەی كەلەگەڵیدابوون رزگاریان بوو و لەناونەچوون..
ئەوەی لەم چیرۆك و بەسەرهاتەی گەلی هود تێگەیشتین ئەوەیە كە دەبێ گوێڕایەڵی پێغەمبەران بین ولەفەرمانیان دەرنەچین هەرچەندەی گەلەكەی هود بەتواناو بەهێز بوون مادام گوێڕایەڵی پێغەمبەرەكەیان نەبوون، ئەوا لەناوچوون.

ئەگەر ئێمەش بەهێزبین و خاوەن توانا و وزەبین ئەوا بێگومان تواناو هێزەكەمان دادمان نادات گەربێتوو لە پێناوی ئاییندا نەیخەینە گەڕ ئەگەر گەلی هود بەجەستە و بەدروستكردنی حەزارەت سەركەوتووبن ئەوا ئەمرۆ گەلانی جیهان بە داهێنان و فەلەكناسی و نەوەوی و بواری جیۆلۆجی بەهێزن، بەلاّم ئەگەر وەكو گەلی هود لووت بەرزی و لەخۆبایی بوون روویان تێبكات ئەوا دەبێ باجی لەخۆباییی بوونەكە بدەن، كەئەویش لەناوچوونی حەزارەتەكەیە، چونكە ئەم جۆرە بەهرە و داهێنانە هەرهەمووی لەلایەن خواوەیەو هەرخۆیشی بەتوانایە لەسەندنەوەی ئەو جۆرە نیعمەت و داهێنانە ..

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنْتُمْ إِلَّا مُفْتَرُونَ (50) يَا قَوْمِ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلَا تَعْقِلُونَ (51) وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلَا تَتَوَلَّوْا مُجْرِمِينَ (52) قَالُوا يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آَلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (53) إِنْ نَقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آَلِهَتِنَا بِسُوءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِمَّا تُشْرِكُونَ (54) مِنْ دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنْظِرُونِ (55) إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آَخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (56) فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ مَا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (57) وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آَمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَنَجَّيْنَاهُمْ مِنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (58) وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُوا بِآَيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا رُسُلَهُ وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ (59) وَأُتْبِعُوا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا إِنَّ عَادًا كَفَرُوا رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِعَادٍ قَوْمِ هُودٍ .. (60) هود.

*   *

پێغەمبەر ساڵح سەلامی خودای لەسەر بێت :
كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ (141) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ (142) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (143) فَاتَّقُوا اللَّهَ
وَأَطِيعُونِ (144) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (145) أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آَمِنِينَ
(146)فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (147) وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ (148) وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ (149)
فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (150) وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (151) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ (152) قَالُوا
إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ (153) مَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا فَأْتِ بِآَيَةٍ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (154) قَالَ هَذِهِ نَاقَةٌ لَهَا
شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَعْلُومٍ (155) وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ (156) فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ
(157)فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآَيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (158) وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ . (159)
الشعراء...

ئێمە کە باس لە ژیانی پێغەمبەران دەکەین و تەنها تیشك دەخەینە سەر ژیانی بیست و پێنج پێغەمبەر ئەوا لای هەمووان روون و ئاشکرایە کە تەنها ئەم بیست و پێنج پێغەمبەرە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەناویان کراوە و پێنجیشیان ئولولعەزمن.. ئەمجارە باسی یەکێك لە نێردراوەکانی خودای گەورە دەکەین ، کە ئەویشیان حەزرەتی ساڵحە سەلامی خودای گەورەی لەسەر بێت.

گەلێك هەبوو نزیکەی پێنج سەد و هەشتا کیلۆمەتر لە مەدینەی پیرۆز دووربوون و بە گەلی پمود ناسراو بوون ، وشەی) ثمود (بە مانای بێ ئاوی و وشکایی دێت ، تابڵێی گەلێکی سەرسەخت و کەللە رەق و بت پەرست بوون ، ئەم گەلە باش دەیانزانی کە بەر لەوان گەلێك هەبووە بەناوی عاد و دواتر بەهۆی تاوانەکانیان خودای گەورە هەمووی لەناو بردن و بوونیان لەسەر زەوی نەما. ناوی ئەو گەلە لە باپیرەیانەوە هاتبوو بە بەردەوامیی لە لووت بەرزی و بت پەرستیی دابوون و سەرپێچی برِیارو راسپاردەکانی خودایان دەکرد ، هەربۆیە خودا حەزرەتی ساڵحی بۆناردن کە ئەم پێغەمبەرەش لە نەوەی باپیرە گەورەی بووە کە (پمود (ە ، لەسورەتی الحجر بەروونی باس لەو گەلە کراوە ، تابڵێی شوێنێکی خۆش و رازاوە و جوانیان هەبووە ، کەسەرتاپای شارەکە سەوزایی بووە ، خودا بۆیە باس لەم گەلە دەکات چونکە پەند و ئامۆژگارییان لە گەلانی پێش خۆیان وەرنەگرت و زیاتر لووت بەرزی رووی تێکردن، کە گەلی حەزرەتی نوح بوو، لای ئەوان روون و ئاشکرابوو کەچییان بەسەرهات.

خودا فەرموویەتی] وإلی ثمود اخاهم صالحا [کە واتە خودای گەورە برای پشتیانی بۆ ناردن کە ئەویش حەزرەتی ساڵحە سەلامی خودای گەورەی لەسەر بێ ،] قال یا قومي اعبدوا الله مالکم من اله غیره ... [پێغەمبەران خۆیان بە برای گەلەکانینا داناوە، براش مانای خۆشەویستی خەمخواردنە، نیشانەی دڵسۆزییە بۆ گەلەکانیان بۆ یە لەقورئانی پیرۆزدا بە برا هاتوون.

حەزرەتی ساڵح سەلامی خودای لەسەربێت بە بەردەوام بیری دەهێنانەوە کە بەخشش و نیعمەتەکانتان هەر هی خودایە و هی خۆتان نییە ئەی کەوایە بۆچی ئەو خودایە ناپەرستن کە سەدان نیعمەت و رۆزی پێ بەخشیون بۆچی بتێکی بێ گیان ئەپەرستن ؟ دەی ئەگەر خواتان بیرچووە داوای ئیستغفارو تەوبە بکەن] ثم توبوا الیه ان ربي

قريب مجـــيب... [

گەلی) يمود (ئەوەندە بــە هێزبووينــە تەنانــەت لــە نــاو چيــاو شــاخە بــەرزەكان كۆشــك و خــانووی جــوان و سەرسوڕهێنەریان دروست كردووە] فتنحتون من الجبال بيوتـا [رێگـاو بانيــان دروســت دەكـرد شــارەكانيان وەكـو بەهەشت وابووە و هەموو شتێكی تيادابووە ، بۆيە حەزرەتی ساڵح ئامۆژگارييان دەكات كە شوكرانەی نيعمەتی خودا بكەن و لە خودا غافڵ نەبن وەگەرنا دووچاری سزای خودای گەورە دەبن و وەكو گەلانی پێشوو لەناو دەچن..

گەلەكەی كەوتنە خۆ و جۆرەها بوختانيان خستە پاڵ حەزرەتی ساڵح و بە ساحير و شێت و درۆزن ناوزەديان كرد ، ئەويش زۆر بەلەسەر خۆيی و نەرم و نيانی وەڵامی دەدانەوە و پێی دەفەرموون خراپەكانی من چين و دەنگ بكــەن و بۆم دەستنيشـــــــان بكەن.

پێغەمبەر ساڵح پێی فەرموون ئەی ئەگەر من بەڵگەيەكی دروست و راست و رەوانم بۆ هێنــان ؟ ئــەوانيش وتيــان] ماانت الا بشر مثلنا [و ياخود] فأتي بايت ان كنت من الصادقين [خۆيان داوايان كرد كــە هەقيقــەت و راســتيان نيشان بدات ، حەزرەتی ساڵحيش پێی فەرموون ئێوە خۆتان داوای شتێك بكەن لە ئاياتەكانی خودای گەورە تاوەكو نيشانتان بدەم ؟...

وتيان ئەی ساڵح ئەم سێ بەردە گەورە و زلە لەسەر ئەم شاخە ئەبينيت ؟ داوا دەكەين گەورەترين وشتر لە ناو ئــەو سێ بەردە بێنيتە دەرەوە و رەنگی سپی و تووكن بێت و بەچكەيەكی دە مانگانەی لە سكييەوە بێت !!!...

لێرەوە حەزرەتی ساڵح لە خودا دەپاڕێتەوە و نزا دەكات ، بە فەرمانی خودا هەموو شاخەكان دێنە لــەرزين و ئــەو وشترەی ئەوان داوايان كرد لەناو بەردەكان هاتــە دەرەوە !!. بــەڵام هــەر گــەلێك خۆيــان داوای موعجيزەيــان لــە پێغەمبەرەكانيان كردبێ و دواتر باوەڕيان بەو موعجيزەيە نەهێنابێت ئــەوا بــەر ســزای بــە ئێــشی خــوای گــەورە كەوتوون و لەناوچوون.

هەرچی خەسڵەت و ويستی ئەو گەلەی حەزرەتی ساڵح بوو لە وشترەكە خودا نيشانی دان و ئنجا حەزرەتی ساڵح پێی فەرموون] هڎه ناقه الله [، بەڵام هەر باوەڕيان پێنەكردو و تيان ئەمە سيحرە و چۆن شتی وا دەبێــت ؟ ئــەمجارە وتيان با بۆماوەی چەند هەفتە و مانگێك وشترەكە لەناوماندا بمێنێتەوە بزانين چی بەسەر دێت ، چونكە لە كاتی هاتنە دەرەوەی وشترەكە حەزرەتی ساڵح ئاگاداری كردنەوە كە لە وشترەكە نزيك نەبنەوە.

ئەو ئاوەی لەلای گەلەكە هەبوو هەمووی وشترەكە دەيخواردەوە و بەشی ئەوانی نەدەكرد سكالای حاڵی خۆيان بردە لای حەزرەتی ساڵح كە وشترەكە ئاوەكەمانی هەمووی نۆش كردووە و بەشی ئێمە ناكات .. خودا وەحيی بۆ حەزرەتی ساڵح نارد كە ئاوەكە دابەش بكەن رۆژێك بۆ ئەوان و رۆژێكيش بۆ وشترەكە ، سەير لەوەدابوو هــەر رۆژێــك نــۆرەی وشترەكە بووايە ئەو رۆژە بەقەد هەموو شارەكە شيری پێ ئەبەخشين ... گرفتی ئەو گەلە لەوەنەبووە كە پێويستيان بە موعجيزەيەكەتاوەكو باوەڕی پێ بهێنن، چونكە حەزرەتی ساڵح زۆر كەسێكی خۆشەويــست بــوو هــەروەها لــەلای گەلەكەيشی بەراستگۆ ناسراو بوو ...هەرناوەكەيشی خۆی لەخۆيدا پەيامێكە) صالح (لە) صلح (و لە) اصلاح (ە، وە هاتووە، دنيا پەرستی و ئارەزوو پەرستی دوو دەردی زۆر گەورەن ..دڵەكان ڕەش ئەكــەن و چــاوەكانيش كــوێر ئەكەن و دڵەكانيش كز ئەكەن و ئەيمرێنن .

.كە بەچكەكەی دانا ئەويش هەروەكو خۆی بوو بەهەمان قەبارە و خەسڵەت ، سەردەستەی گەلەكەی ساڵح كەوتنــە بير كەوتنەوە و تيان با وشترەكە بكوژين و لەناوی بەرين ، كێيان هەڵبژارد] كذبت ثمود بطغواها إذ بعث اشقاها [لەناو خۆيان خراپترين و نەگريسترين پياويان بۆ پيلانەكە دەستنيشان كرد .. پێغەمبەر سەلات و ســەلامی خــودای

لەسەربێت بە ئیمامی عەلی دەفەرمووێت دەزانیت خراپترین پیاو کێیە ؟ دەڵێ نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا ، حەزرەت دەفەرمووێت : ئەوکەسەی وشترەکەی سالّح پێغەمبەری کوشت و ئەو کەسەش کەتۆ دەکوژێت و خوێن لەسەرت دەهێنێت .

بەلاّم ئەو پیاوە خراپە چۆن وشترەکەی کوشت ؟ لە رادەبەدەر عەرەقی پێدراو تەواو سەرخۆش و مەست کرا و ئنجـا وشترەکەی کوشت . کەئەو کارەی کرد حەزرەتی سالّح لەو شوێنە نەبوو کە گەڕایەوە بینی گەلەکەی لــە خۆشـیدان و گۆشتی وشترەکە ئەبرژێنن و ئەیخۆن !!! وتیان ئەمەمان کرد و چیت لەتوانادایە بیکە و بە گاڵتە پێکردنەوە ئــەم قسانەیان بە حەزرەتی سالّح ئەووت ، بەمەش نەوەستان هەستان لە چەند هۆزێك نۆ پیاویان کۆکردەوە بۆ ئەوەی حەزرەتی سالّح لە ناو بەرن ...

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ (61) قَالُوا يَا صَالِحُ قَدْ كُنْتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ (62) قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنْتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِنْ رَبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً فَمَنْ يَنْصُرُنِي مِنَ اللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ (63) وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (64) فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (65) فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (66) وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (67) كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا أَلَا إِنَّ ثَمُودَ كَفَرُوا رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِثَمُودَ(68) هود.

لەناو ئەو هۆزانە ئافرەتێك هەبوو تا بڵێی لەش فرۆش و بێ رەوشت بوو و چەند کچێکی هەبوو بە نۆ پیاوەکـەی وت ئەوەی سالّح پێغەمبەرم بۆ بکوژێت یەکێك لە کچەکانمی پێشکەش ئەکەم بەبێ بەرامبەر تەنها بۆ رابـواردن ، هاتنە لای حەزرەتی سالّح لە ماڵەکەی خۆی و پێیان وت : تۆ بە سزای خوداکەت دەمانترسێنیت دەی کەوایە ئەگـەر راست ئەکەیت کوا سزای خوداکەت ، بۆیە دەستبەجێ فریشتەکانی خودا ئەو کۆمەڵە پیاوەیان بەرد باران کرد و لــە ناویان بردن و حەزرەتی سالّحیان رزگارکرد ، دواتر حەزرەتی سالّح ئاگاداری گەلەکەی کردەوە و پێی فەرموون کـە بۆماوەی سێ رۆژ لە ماڵەکانتان نەیەنە دەرەوە و چاوەڕێی سزای بە ئێشی خودا بکەن کە بۆتان دەنێرێت. حەزرەتی سالّح لەگەڵ ئەو باوەڕدارانەی لەگەڵیدابوون لە شـاردوورکەوتنەوە ، بۆیــەیانی خەڵکــە لــەماڵ هاتنــە دەرەوە و هەرهەموویان رەنگ زەرد رووخساری داپۆشیبوون ، بۆ رۆژی دووەم رەنگیـان سـوور هەڵگـەڕا و بـۆ رۆژی سـێیەمیش رووخساریان رەش هەڵگەڕا...

دواتر زەوی لەرزەیەکی توند سەری هەڵدا کە ماوەی هەشت رۆژی خایانـد و هەرهـەموویان لەسـەر ئـەژنۆ کـەوتن و جووڵەیان لێبڕا و کەسێك نەیتوانی هەنگاوێك بچێتە پێشەوە...

پاشان خودای گەورە دەفەرمووێت [فأخذتهم الصاعقة فكانوا كهشيم محتضر [دەنگێکی ئەوەندە گەورە و بە ترس کە لەگەڵ دەنگەکە هەرهەموویان سنگیان شەق بوو و کـــــــەوتن] .. فدمدم عليهم ربهم بذنبهم فسواها [شوێن و جێگاکانیان وێران بوو و خاپووربوو و بە ویستی خودا باوەڕدارەکان و حەزرەتی سالّح رزگاریان بوو و هەرئـەوان بەسەر موشریك و خوانەناس و بت پەرستەکان زاڵ بوون...

گەلی سالّح تائێستاش لەگەڵدابێت شوێنەوارییان ماوە و لـەوڵاتی عەرەبـستانی سـعودیە وەکـو خـۆی ماوەتـەوە، دروستکردنی شارستانی ئەرکی سەرشانی مرۆڤەکانە لەسەرزەوی .بەلاّم نەك بە لەدەستدانی بـەهاکان و نەناسـینی

خاوەن نیعمەت و بەخششەکان، ئاگاداربە ماڵ و سامان و دەسەلاّتداریّتی فریوت نەداو خوای خۆت لەبیر نەکـەیت و بەردەوام بیر لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بکەوە، ماڵ و سامان و پارە و پول بۆئەوەیە ببیّـت بەخزمـەتکاری تـۆ نەوەك تۆ ببیت بەخزمەتکاری سامان و پارەو پولەکە، شتیّکی وانەکەی بەهۆی سامانەکەتەوە پەیوەندیت لەگـەڵ پەروەردگارەکەت بپچڕیّت.!!!

* *

پیّغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خودای گەورەی لەسەربیّت:

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ إِبْرَاهِيمَ (69) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا تَعْبُدُونَ (70) قَالُوا نَعْبُدُ أَصْنَامًا فَنَظَلُّ لَهَا عَاكِفِينَ (71) قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ (72) أَوْ يَنْفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ (73) قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آَبَاءَنَا كَذَلِكَ يَفْعَلُونَ (74) قَالَ أَفَرَأَيْتُمْ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ (75) أَنْتُمْ وَآَبَاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ (76) فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِي إِلَّا رَبَّ الْعَالَمِينَ (77) الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ (78) وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ (79) وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ (80) وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ (81) وَالَّذِي أَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ (82) رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (83) وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآَخِرِينَ (84) وَاجْعَلْنِي مِنْ وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ (85) وَاغْفِرْ لِأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ (86) وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (87)الشعراء...

پیّغەمبەریّکی بەهیّز و ئۆقرە گر و خۆڕاگر ، بە هیّز بەو مانایەی کە بە هیّز بووە بەرامبەر عیبادەتی خودای گەورە و بە ئەمەك و دڵسۆز بووە بۆ شەرع و یاسای خوداکەی ، ئەوەندە کەسیّکی راستگۆ و دیندار و لـە خـواترس بـووە و خودا کردوویەتیە خۆشەویســــــــــتی خـــۆی) خلیل الله (، ئەم پیّغەمبەرە بـە تـەنها هـەرخۆی رووبـەرووی هەموو ئەزیەت و ئازاریّکی دنیا بۆتەوە و کۆڵی نەداوە بیّ باکانەو چاونەترسانە بەرەنگاری هەموو دەسەلاّتداریّکی سەردەمی خۆی بۆتەوە و داوای لیّکردوون دەسبەرداری بت پەرستن بن و روو لە خودا بکەن و تەنانەت لە گەورەترین پاشای ئەو سەردەمە نەترساوە کە نەمرودی ناو بووە.

خودای گەورە فەرموویەتی] ان اولی الناس بإبراهیم للذین اتبعوە [، ئەم حەزرەتی ئیبراهیمە سـەرتاپای ژیـانی قدوە و پەند و عیبرەتە بۆ هەموولایەك ، لە مناڵی هەر سـەر مەشـق و قدوەیـە لـە گـەنجیّتی و پیربـوون و تـا ئەوکاتەی ئەبیّت بە باوك هەر سەرمەشقی مرۆڤەکانە، وەك زانیمان کە حەزرەتی نوح لە کاتی سەرهەڵدانی زریان و تۆفانەکە لە خوای گەورە پاڕایەوە و فەرمووی] وانزلني منزلا مبارکا [و خودا نزاکەی گیرا کردو لە پیرۆزتـرین خاك کەشتیەکەی وەستاند کە لەسەر کیّوی جودی بوو، پیّغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خـودای لەسـەربیّت لـەو خاکـە پیرۆزە هاتە بوون و فەرمان و راسپاردەکانی خودای گەورەی بە هەموو کەس دەگەیاند، ناوی ئیبراهیم لە دوو وشـە پیّکهاتووە لە کوردەواری ئەوتریّ) برایم(،) برا (،) یم (واتا) برای من (یاخود) برا (،) هیم (و) هیم (بە واتای زانست دیّت بەزاری کرمانجی سەروو، بۆیە بەدوور نازانریّت کە حەزرەتی ئیبراهیم لەکوردستانەوە لەدایك بووبیّ، ناوی باوکیشی) ئازەر(ە، کە پاڵپشتی ئەم قسەیە دەکات بەلاّم نەزانراوە بەچ زمانیّك قسـەی کـردووە، یان کورد بووە یاخود هەرنەتەوەیەکی تر، گرنگ ئەوەیە چی کردووە و فیّری چیمان ئەکات.

خودای گەورە ئەم پیّغەمبەرەی بە خۆشەویستیّکی لە رادەبەدەرو نزیـك لـە خـۆی ناوبـــــــــردووە] واتخذ الله ابراهیم خلیـــــلا[، بۆیە یەکەم سیفەتی ئەم پیّغەمبەرە) خلیل (بـووە . هـەروەها ئـەم ئیبراهیمـە بـە تـەنها ئوممەتیّك بووە] إنّ ابراهیم امة قانتا لله حنیفا ولم یكن من المشرکین [، بەو مانایەی تاعەت و عیبادەتی ئـەم

پێغەمبەرە بەرامبەر ئومەتێك بووە، سیفەتێکی تری حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خودای لەسەر بێت وەفاداری بوو بۆ پەیامەکەی خودا] وإبراهیم الّذي وفىّ [بەوەفا بـووە بەرامبـەر جێبـەجێکردنی بڕیارەکـانی خـودا و پـەیمان و راسپاردەکانی بە جیّ دەهێنا.

هەروەها یەکێکی تر لە سیفەتەکانی حەزرەتی ئیبراهیم راستگۆیی بووە] واذکر في الکتاب ابراهیم انه کان صدیقا نبیا [زۆر راستگۆ بووە و بەرلەوەی ببێت بە پێغەمبەر راستگۆ بووە) صدیقا (صدیق بە مانای راستگۆ دێـت و بـە هیچ شێوەیەك درۆی نەکردووە و پاك بووە.

سیفەتی ئەم پێغەمبەرە زۆرن و بیّ شومارن هەروەها خودا فەرموویەتی ئەم پێغەمبەرە کەسێکی نەرم و نیـان و زۆر ئارامگر و سنگ فراوان بووە، لەهەمان کاتیش بەردەوام بۆلای خودا گەڕاوەبووە و ئیستغفاری کردووەولالاوەتـەوە] إنّ إبراهیم لحلیم اواه منیبٌ ... [خودا فەرموویەتی ئەگەر کەسێك چاو لەو پێغەمبەرە نەکات و وەکو ئـەو نـەبێت ئەوا گومڕاو سەرلێـشێواوو سـەرگەردانە، بزانـە خـوای گـەورە مـەقامی ئـەو پێغەمبـەرەی چـەندە بـەرز و بڵنـد کردووەتەنانەت لە نوێژەکان لە کاتی خوێندنی لە تەحیاتەکان هەر دەبیّ ناوی بهێنیت وەگەرنا نوێژەکەت بەتاڵە)اللهم صلي علی محمد وعلی ال محمد کما صلیت علی ابراهیم وعلی ال ابراهیم(، شـۆرەت پەیـدا کـردن بـەجیّ هێشتنی ئاکار و خەسڵەتی جوانە، حەزرەتی ئیبراهیمیش لای خوای گەورە بە هەموو ئاکارە جوانەکان ناسراو بـوو، ئاخۆ من و تۆش لای ئەو خوایە گەورەیە چ شۆرەتێکمان هەیە.

باوکی پێغەمبەر ئیبراهیم کە ئازەری ناوبوو تـابلێی پیاوێکی موشریك و بـت پەرسـت بـوو بەبـەردەوام حـەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت ئامۆژگاری باوکی دەکرد کەلەبەرچی بت دەپەرسـتێت کـە هـیچ سـوود و قازانجێکی ئەوتۆوی بۆتۆ نییەو تەنانەت توانای جووڵە و قسەکردنیشی نییە] یا أبتي إني قد جاءني مـن العلم مالم یأتیك فاتبعني اهدیك صراطا سویا [باوکە گیان هەندیّ زانیاریم وەرگرتووە و، لە خـوداوە بـۆم هـاتووە و بۆتۆ نەهاتووە بەدوای من بکەوە ڕێگایەکی راست و رەوان دوور لەشیرك دەدۆزیتەوە، بزانە چەندە بە نەرم و نیانی و لەسەر خۆییەوە ئامۆژگاری باوکی دەکات بەبیّ ئەوەی هەڵبچێت و تووڕەبـوون رووی تێبکـات، چـەندە زیـرەك و زیتەڵە کە زانست دەخاتە پێش ناوی خۆیەوە و داوا دەکات کە باوکی دوای زانستەکەی بکەوێت، باوکیشی دەیەوێت بزانیّ زانست و زانیاریی کوڕەکەی چییەو داوای لێدەکات . حەزرەتی ئیبراهیم سـەلامی خـودای لەسـەر بێـت پێـی دەفەرموێت] لاتعبد الشیطان إنّ الشیطان کان للرحمن عصیا [ئەی باوکـە گیـان شـەیتان مەپرسـتە و بـەدوای شەیتان مەکەوە، باوکیشی وەڵامی دەداتەوە] أراغبٌ انت عن الهتي یا أبراهیم لان لم تنتهي لارجمنك وهجرني ملیا [باوکیشی پێی دەڵێت : گەر واز لەم قسانە نەهێنیت بەرد بارانت ئەکەم و هەرنامەوێت بشتبینمەوە ، ئیبراهیمـی سیانزە ساڵان چ وەڵامێکی باوکی ئەداتەوە؟ پێی دەفەرمووێ :سلامٌ علیك ، واتـا تۆ لەسەر دەستی منـدا سـەلامەت ئەبیت و زیانت پێناگات.

ئنجا حەزرەتی ئیبراهیم بە ئازەری باوکی ئەڵێت :مـن لـەئێوە دوور ئەکەومـەوە کەمەبەسـتی گەلەکەیـەتی نـەك بەتەنها باوکی چونکە باوکیشی خستە ناوگەلەکەیەوە چونکە ئەویش وەکو ئەوانی تر بت پەرست و موشریك بـوو، ئەم حەزرەتی ئیبراهیمە ئەوەندە حەلیم و خەمخۆربووە و تەنانەت لەرۆژی قیامەتیشدا داوا لەخوای گەورە دەکـات کە رەحم بەباوکی بکات و دەفەرمووێت : ئەی خودایە خۆت فەرمووتە لە نزیکەکانی تۆ خۆش دەبم دەی ئەوەباوکمەو بیخە ژێر رەحمەتی خۆتەوە، خودای گەورەش دەفەرمووێ :نەخێر ئەی ئیبراهیم من لەدنیا مۆڵەتم پێدان و بەگوێی تۆیان نەکرد و ئەمڕۆ لێبووردەیی من ئەوانە ناگرێتەوە چونکە ڕێگەی تاریکایی و شەیتانیان گرتەبەر و پشتیان لە

شەرع و بەرنامەکەی من کرد، و منیش بەهەشتم لەوانە قەدەغەکردووە .
خودای گەورە ئەوەندە حەزرەتی ئیبراهیمی خۆش ویستووە و وای کرد هەموو مەلەکوتەکانی ئاسمان بەچاو ببینێت کە زۆربەی زاناکانیش لەسەر ئەوڕایەن کەتاکە کەسێك بەر لە محمّد صلی الله علیه و سلّم ئاسمانەکانی بینیبێت، ئەوکەسە حەزرەتی ئیبراهیم بووە ، موشریکەکان لەسەر تاون و گوناهەکانیان بەردەوامن کەئەویش تاوانی گوێنەدانە بەحەزرەتی ئیبراهیم وراسپاردە وبڕیارەکانی خودا کەبۆی ناردوون، رۆژێك لەرۆژان بۆئاهەنگ و بۆنەی خۆیان موشریکەکان دەچنە دەرەوەی شارو داوا لەحەزرەتی ئیبراهیمش دەکەن بچێت لەگەڵیان، بەلاّم حەزرەتی ئیبراهیم پێیان دەڵێت : من نایەم وئــــــــــــــازارم هەیە] انی سقیم [نالێت من نەخۆشم بەڵکو دەڵێ : من بە ئازارم، واتە) بە ئازارە بۆ حاڵیان.(
حەزرەتی ئیبراهیم درۆناکات و راست ئەکات چونکە دڵی بۆ ئەوان بە ئازارە کەسەرپێچی خودا دەکەن وڕێگای کوێرایی دەگرنەبەر، و پێشتر پێی وتن کەڕۆژێك دادێت شار لەوبتانە خاڵی دەکەمەوە و پاکی دەکەمەوە، بەلاّم موشریك و بت پەرستەکان ئەو قسەیەی ئیبراهیمیان بیر نەماوە، کەشار چۆڵ بوو و کەسی تیانەما خودا وەحیی بۆدەنێرێت کەبتەکانیان بشکێنێت کەخۆیان دروستیان کردووەو هەرخۆیشیان ئەیپەرستن...
هەمووبتەکان ئەشکێنێت تەنها گەورەکەیان نەبێت کەبەردەوام کڕنووشیان بۆدەبردوقوربانیان بۆ دەکرد، حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خودای لەسەربێت تەوروئەوکەرەستانەی کەبتەکانی پێ شکاندووە دەخاتە سەرشانێکی بتەگەورەکەودەچێتەوەماڵەوەو، دەخەوێت، کەبت پەرستەکان دەگەڕێنەوە شارو دیمەنی بتە شکێنراوەکان دەبینن شۆك دەیانگرێت و دۆش دادەمێنن.
لەیەکتری دەپرسن دەبێ کێ سووکایەتی بە خوداکانی ئێمەی کردبێ ؟ دەکەوێتە بیریان خۆمێرد منداڵێك لەگەڵ ئێمە نەهات ولەشارمایەوە کەئەویش ئیبراهیمی ناوە، دەیگرن و لەناو هەمووخەڵکدا دەیگێڕن، و ئەویش زۆر بێ باکانەو چاونەترسانە دەفەرمووێت] حسبي الله ونعم الوكيل [و رووی تێدەکەن وپرسیاری لێدەکەن] اانت فعلت هذا بألهتنا [ئەویش چاونەترسانە روویان تێدەکات و] قال بل فعله کبيرهم فسألوه فارجوا الی انفسهم [و دەی لێی بپرسن باوەلاّمتان بداتەوە، تۆسەیری ئەم قسەیەی ئیبراهیم بکە چ وەلاّمێکیان ئەداتەوەکەلەوکاتە بێ دەنگ دەبن !!!!.... ئەکەونە ژێر ژێر پرسیاری خۆیان، بەلاّم جارێکی تر خۆیان بەڕاست زانی !! چونکە بەرژەوەندییان لەوەدایە کە خۆیان بەدەستی خۆیان خودایەك بۆخۆیان دروست بکەن و بازرگانی پێوەبکەن!!!...
گەنجێکی پانزە ساڵ شارێك لێی کۆبۆتەوە لە چاوەڕوانی دان بەڵکو بیهێنن و ببینن، کاتێك ئەیهێنن هەرهەموویان بەیەك دەنگ هوتاف لێدەدەن و هاوار دەکەن بیکوژن...بیسووتێنن...لەناوی بەرن ...ئەویش بەمتمانەیەکی زۆرەوە بەخوای گەورەناترسێت و باکی لەکەسێك نییە و زۆر ئازایانە و سەربەرزانە بەناو ئاپۆرای خەڵکەکەدادەڕوات، کەسێك نییە لەو هەموو خەڵکە پشتی بگرێت و پارێزگاری لێبکات و پشتیوانی بێت ...کەسێك ناڵێت ئازادی بکەن و لێی خۆش بن و کەسێکیش نایەتە گۆڕەپانەکە و بەرەنگاری موشریکەکان بێتەوە و پارێزگاری لەحەزرەتی ئیبراهیم بکات...
بەلاّم ئەگەر کەسێك بەبەردەوام پشت بەخوای گەورە ببەستێت و زیکری بکات ئەوا بێگومان خوای گەورە پارێزگاری لێدەکات.

لێرەوە حەزرەتی ئیبراهیم تەنها پشت بەخوای گەورە ئەبەستێت و ئەفەرمووێت] حسبي الله ونعم الوكيل [واتا

خوای گەورە بەسە بۆئەوەی بەهانام بێت و سەرم بخات و لەسەرم بـەوەڵام بێـت و هتـد ...بۆچـی) حـسبی الله (هاتووە و ناوێکی تر نەهاتووە؟ چونکە) حسبي الله (تەعبیر و گوزارشت لەهەموو ناوەجوانـەکانی خـوای گـەورە دەکات وەکو خوای گەورە دەفەرموێت] هو الخالق الباريء المصور له الاسماء الحسنى [.... دەی تۆش خوای گـەورە بکە بە وەکیلی خۆت و پشتی پێ ببەستە ...ئایا رازیت خوای گەورە بکەیت بە وەکیلی خۆت ؟ ئەگەر وەڵامەکەت بـە بەڵێ بێت ئەوا بێگومان کەسێکی بەختەوەریت و دڵیشت ئاسوودە دەبێت و چـۆك دامـەدە بەرامبـەر بـە گرفتـەکان، ئەگەر کەسێك خوای هەبێت باکی چییە ..گەر کەسێك خوای گەورە پشت و پەنای بێت کەواتـە تـرس و دڵـەڕاوکێی بۆچییە ..بۆیە خوای گەورە و میهرەبان یارو یاوەرت بێت بەستە..

حەزرەتی ئیبراهیم پێیان دەڵێت : چۆن دەبێت کە خودایەك بپەرستن قسەنەکات و جووڵەی نەبێت ؟ ئـەم وەڵامـەی بۆئەوەیە کەئاقڵانە بجووڵێن و بزانن کێ دروستی کردوون..

تووڕەدەبن و دەست وپێی بەستراوەو دەیـانووت :بیـسووتێنن و بیـبرژێنن، هەنـدێکیش دەیـانووت : بەمە نجـەنیق بـەردبارانی بکـەن، دەسـتیان کـرد بەچـەپڵەڕێزان کـەئیبراهیم دەسـووتێنرێت، ئیـبراهیم دەهێـنن و لەچواردەورییەوەئاگرێکی لەرادەبەدەر گەورەدەکەنەوە وبەو ئومێدەن کە حـەزرەتی ئیـبراهیم بـسووتێت و ببرژێـت، لێرەوەفریشتەی باران بارین داوا لەخوداگەورە دەکات ڕێگەی پێبدات باران ببارێنێت و خـوداش پێـی دەفـەرموێت نەخێر ئەمە لەدەسەڵاتی مندایەو هەرخۆم ڕزگاری ئەکـەم، لەولایـشەوە سـەرجەم فریـشتەکانی خـودا دەگـرین و نزادەکەن کە حەزرەتی ئیبراهیم ڕزگاری بێت.

موشریکەکان چەندین ڕۆژە خەریکی کردنەوەی ئەو ئاگرە گەورەن و لەچاوەڕوانی ئەوەدان بەکەمترین ماوە ئیـبراهیم بسووتێنێت و بیبرژێنێت، بەڵام ویستی خودایە نابێت ئیبراهیمی خۆشەویستی بسووتێت، خودا فەرمان بە ئاگرەکە دەکات] یانار کني بردا وسلاما على إبراهيم [ئەی ئاگر ساردبە و ئیبراهیم سەلامەت بێت، بەڵام نەوەك زۆر ساردو لەتاو ساردییەکەت ئیبراهیم ڕەق بێتەوە، بەڵام ساردییەك زەرەر بەجەستەی نەگەیـەنێت .ئالەوکاتـەدا ئیـبراهیم بەویستی خودا ناسووتێت وهەموو کۆت و زنجیرەکانی دەست وپێی ئەپسێن !!!.... لێـرەوە خـوای گـەورە دەیـەوێت سەرنجمان بۆئەوە رابکێشێت گەر هەموو دنیا بەجارێك لێت کۆبێتەوە و بیانەوێت ئەزیەت و ئـازارت بـدەن، ئـەوا ناتوانن ئەزیەتت بدەن و لەناوت ببەن.

خۆ خوای گەورە دەیتوانی بەبەرچاوی هەرهەموویان حەزرەتی ئیبراهیم بۆ ئاسمان بەرز بکاتەوە یـاخود بـارانێکی بەگوڕ ببارێنێت بۆ ئەوەی ئاگرە گەورەکە بکوژێتەوە، بەڵام خوای گەورە لێرەوە فێرمان ئەکات لـە ڕێـی حـەزرەتی ئیبراهیمەوە هەرچەندەی ناخۆشی تەنگی پێ هەڵچنین و لەناو ناخۆشیدا بین ئەوا خوای گـەورە ئـەوا زۆر ئاسـانە خوای گەورە رزگارت بکات و دەرت بهێنێت، بەڵام دەبێ تۆش متمانەی ئیبراهیمت هەبێت بە پەروەردگارتەوە.

ڕاستەوخۆ لەئاگرەکە دێتە دەرەوە، بۆیە لەکۆتایی تەمەنیدا پرسیار لەحەزرەتی ئیبراهیم دەکەن کەخۆشترین ڕۆژلای تۆ کەی بووە؟ دەفەرمووێ ئەوکاتەبوو کەسێ ڕۆژلەناو ئاگرە گەورەکە دابـووم، چـونکە بـەردەوام خـودا خـۆراك و خواردن و خواردنەوەی بۆدەناردم !!!!...

دوای سێ ڕۆژلەناوئاگرە گەورەکە حەزرەتی ئیبراهیم بەبەرچاوی هەموو کەسێك دێتەدەرەوەو دەسـتەکانی لـەکۆت و زنجیر خاڵین و تۆزوخۆڵەکانی سەرشانی پـاك دەکاتـەوە، لێرەبەتـەنها تاکـە کەسـێك بـاوەڕی پێـدەهێنێت کـە ئەویشـــــیان حەزرەتــــی) لوگ (پێغەمبـــــــــــەرە]فأمن لـه لـوط [، ڕووداوەکـە گەیـشتە نەمرودی ستەمکار و بۆیان گێڕاوە، و بانگی حەزرەتی ئیبراهیم دەکات و لەگەڵیدادەکەوێتە گفتوگۆ کەوەسفێکی ئەم

خوایەی خۆتم بۆ بکە کەدەیپەرستی بزانم چ خودایەکە..؟؟؟
حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی خودای من مردووزیندوو دەکاتەوە، نەمرود وتی :منیش دەتوانم !!!! دووبەندکراوی هێنا یەکێکیانی کوشت و ئەوەی تری خستەوە بەندیخانە و تی : کەواتە منیش توانام هەیە مردوو زیندووبکەمەوە، حەزرەتی ئیبراهیم گاڵتەی بەعەقڵی نەمرود هات و وەڵامی نەدایەوە.
ئەمجارە حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی خوای گەورە خۆر لە رۆژهەڵاتەوە دەگەیەنێتە خۆراوا، دەی تۆ بتوانە بەپێچەوانەوە خۆر بهێنیتە رۆژهەڵات .. نەمرود هیچی بۆ نەکراو لەئاست ئەم داوایەی حەزرەتی ئیبراهیم سەری شۆڕکرد] فبهت الّذي كفر [، نەمرود فەرمانی کرد دەری بکەنە دەرەوە و ناشبێت لە وشارە بمێنیٚ، حەزرەتی ئیبراهیم سارای ئامۆزای هێناو گواستیەوە و پاشان لەگەڵ ساراو حەزرەتی لوگ کەبرازای حەزرەتی ئیبراهیم بوو شار بەجیٚ دەهێڵن و بەرەو شام دەکەونە ریٚ، لەکاتی رۆیشتنیا حەزرەتی ئیبراهیم دەفەرمویٚ] إني ذاهب الى ربي سيهدين [بەومانایەی لەرێی خوا لەشاردەرکرامە دەرو هەرلەڕێی خواش رێگادەگرمە بەر بۆ هیدایەتدانی خەڵکی.
دەگاتە شام ، کۆمەڵەگەلێك ئەبینێت هەندێکیان مانگ ئەپەرستن و هەندێکیان ئەستێرە و هەندێکیشیان بت ئەپەرستن، ئەویش پێیان دەڵێت : بۆ شتی گەورەتر ناپەرستن واتەبۆئەستێرەی گەورەتر ناپەرستن ئەوانیش دەیانووت :راست دەکات، بەرەبەرە تاگەیشتە ئەورادەیەی کەبۆ خودا ناپەرستن کەخودایەکی تاك و تەنهایەو هەرئەویش ئەم هەمووگەردوون و ئەستێرەیەی دروست کردووە، وتیان بەخوا ئەمە گاڵتەمان پێدەکات و وتیان دەبێت لەم شارە دەربکرێتەدەرەوە، وبڕیارەکەیان هێنایە جیٚ و حەزرەتی ئیبراهیم لە شام دوورخرایەوە، حەزرەتی ئیبراهیم روو لەهەر شارێك دەکات بەپەرۆشەوە روو لە خەڵکەکە دەکات و لە راسپاردە و بڕیارەکانی خوای گەورە ئاگادارییان دەکاتەوە کەچی ئەو بەبەردەوام دووچاری ئەزیەت و شاربەدەر کردن دێتەوە!!!..
ئەمجارەبەرەو میسر رێگای گرتەبەر، حەزرەتی ساراش کە خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەرە نموونەی نەبووە لەجوانیدا و لە دوای دایکە حەوا جوانترین ئافرەتی سەرزەوی بووە .پاشای میسر بەم هەواڵە دەزانێت جوانترین ئافرەت رووی لەمیسر کردووە داوای دەکات و دەڵێت بیهێنن، پێش ئەوەی بیانبەن بۆلای پاشا، حەزرەتی ئیبراهیم بەسارای خێزانی دەفەرمووێت :بەم پاشایە ئەڵێم کەمن برای تۆم ، واتە برای ئیمانی چونکە هەرمن و تۆ ئیمانداریں، بەرلەبانگکردنی سارا دەستنوێژێك دەشوات و لەخوا دەپاڕێتەوە کە خوائەو مەلیکەی بەسەر زاڵ نەکات، سەیری رەوشت و ئەخلاقی بەرزی ئەم ئافرەتەبکەن کە چەندە باوەڕدارە و دژی ئەوەیە کەسێکی بێگانە دەستدرێژی بکاتە سەر ، جوانیی و پاکیی ئافرەت لەوەدایە کە شەرەف و کەرامەتی خۆی لەدەست نەدات و بەپاکیی و بێگەردی بژیێت و بمرێت..
کە سارای خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم دەچێتە لای ژوورەوە پاشاکە سەری سوڕدەمێنێت و یەکسەر پەلاماری دەدات و ساراش هاواری خودادەکات و دەڵێت خودایە فریام کەوەن دەستبەجیٚ پاشا لە شوێنی خۆی دەستەکانی رەق ئەبن، و هاوار دەکات بیکوژن....
ساراش دوعادەکات تاوەکو نەیکوژن و لەخودا ئەپاڕێتەوە دەستەکانی چاك ببنەوەو، چەندجارێك دوعا دەکات ئنجا دەستەکانی مەلیکەکە چاك ئەبنەوە و پاشا بڕیاردەدات دەری بکەنەدەرەوە و دەڵێت ئەمە ئافرەت نییەو شەیتانە و هەندێك زێڕو پولیشی پێبدەن لەگەڵ ئافرەتێکی خزمەتکار بەڵکو دوعاکانی کارم لێنەکات...
خزمەتکارەکەش کێیە ؟ ئەویش هاجەرە خانە کە بەبڕیاری مەلیك بوو بە خزمەتکاری ئیبراهیم و سارای خێزانی .
سارا بۆماوەی هەشتا ساڵ لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیم مایەوە و منداڵیان نەبوو و رۆژێك لە رۆژان ئەم پێغەمبەرە دڵی

سارای خێزانی نەهێشاند، ساراش روو لەحەزرەتی ئیبراهیم ئەکات و پێی ئەڵێت ئەی ئیبراهیم ژن بهێنەو بۆ ئەم مەبەستە هاجەرە شیاوترین کەستە تابیێت بە خێزانت چونکە خۆت ئەزانیت ماوەی هەشتا ساڵە منالمان نییەولەتەمەنیش رۆیشتووین، حەزرەتی ئیبراهیم بەگوێی ئەکات و هاجەرەدەکات بەخێزانی خۆی .تۆ ژیانی ئەم پێغەمبەرە بخوێنەوە رۆژێك لە رۆژان ئاخێکی بۆ منالْ نەبوونی ژنەکەی نەخواردو رۆژێك دڵی ژنەکەی نەشکاند کەبڵێت بۆ منالت نابێت و من دەمەوێ ژن بهێنم !!...چەندین پیاوی ئەم رۆژگارەمان بینیوە کەژنەکەی مندالی نەبووەراستەوخۆ هەستاوە شیرازەی خێزانیی پچڕاندووە و ژنەکەی تەلاق داوە !!یاخود بەبێ پرسی ژنەکەی چووە ژنێکی تری هێناوە و یاخود پەنا دەباتە بەر ناشوکری و نارازی بوون بە قەدەری خودا، چونکە خودا خۆی ئارەزووی لێبێت منالْ دەبەخشێ هەروەها ئارەزووشی نەبێت نایبەخشێت، یاخود بیبەخشێت بەویستی ئەو کوڕ دەبێت یاخود کچ دەبێت.

پاش ئەوەی حەزرەتی ئیبراهیم کە هاجەرە ئەگوازێتەوە خوا فەرمانیان پێدەکات کە دەبێ بەرەو مەککە بڕۆن و ئەو شوێنە ئاوەدان بکەنەوە، لەوکاتەدا مەککەچۆنە؟ زەوییێکی وشك و چۆڵایی .ئەوکات مەککەناوێکی تری لێبووە کە پێی دەووترا بەککە، لەوکاتە حەزرەتی ئیسماعیل بچووك بوو و بە پێیان کەوتنەڕێ، هاجەرە هیچ پرسیارێکی لەحەزرەتی ئیبراهیم نەکرد کەبۆکوێ دەڕۆیت و بۆ کوێمان ئەبەیت، چونکە دەیزانی ئەمە بڕیارێکی خودایەو دەبێ بەجێی بگەیەنن و نابێ پشتگوێی بخەن.

زۆر رۆیشتن تاگەیشتن بە بەککە، و حەزرەتی ئیبراهیم جێی هێشتن و تەنانەت شەوێکیش لایان نەمایەوە، و لێرەوە هاجەرە سەیری ئەو وشکاییەو دوور لە ئاوەدانییەدەکات و سەری سوڕدەمێنێت و روو لەحەزرەتی ئیبراهیم دەکات ئایا خودا فەرمانی پێکردووی بێینە ئێرەو تۆ جێمان بهێڵی ؟ حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی بەڵێ ئەمە فەرمانی خودایە، ئنجا هاجەرەی خێزانی وتی : بێگومان خودا دەمانپارێزی و چاودێریمان ئەکات، چونکە بەڕێزەکەم کاتێك گوێت لە فەرمانەکانی پەروەردگارت دەبێت نابێ بڵێیت جارێ نا !!.. یاخود بڵێیت دواتر خۆم پۆشتە ئەکەم و جارێ گەنجم، هاجەرە ئاسا ملکەچیی فەرمانەکانی خوای گەورە بە چونکە دەرگای هەموو خۆشیی و بەختەوەرییەك تەنها لای خوای گەورە و میهرەبانە.

حەزرەتی ئیبراهیم لەشوێنێك جێی هێشتن کە هیچ شتی لێ نەبوو] بواد غیر ذي زرع [هیچ ئاوەدانی وسەوزایی و ژیانی لێنەبوو، کەمێك خواردنی بۆ بەجێ هێشتن کەتەنها بایی دووڕۆژی دەکردن، بەلاّم ئایا کام لەئێمە بۆی هەیە نەك تەنیا شەوێك بەڵکو چەند مانگ و چەندین ساڵ جورئەت بکات وەکو حەزرەتی ئیبراهیم ژن و منالەکەی لە بیابانێکی وشك و بێ ئاوەدانی جێ بهێڵێ ؟ بێگومان کەسێك ئەو جورئەت و توانایەی نییە، چونکە ئەم پێغەمبەرە ئەوەندە باوەڕی بە خوای گەورە هەبووە تەنانەت لای زۆر روون و ئاشکرابوو کەخودا هەرخۆی پارێزگارو چاودێری ژن و منالەکەیەتی، ئەی چ ئافرەتێك ئەو غیرەت و هێزو خۆڕاگرییەی هاجەرەی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیمی هەیە؟ بەڵێ غیرەت غیرەتێکی پڕاو پڕ و خۆڕاگر بەرامبەر بەم بیابانە وشك و بێ درەخت و بێ سەوزاییە، لێرەوە حەزرەتی ئیبراهیم لەبیر نەکەیت، ئاخۆ چ هەستێك دایگرتووە .خێزانی و ئیسماعیلی تاقانەی لە بیابانێکی وشك بەجێ دەهێڵێت و دڵی چی بکات و چەندە بە ئازار بێت، بەلاّم ئەزانێت کە خوای گەورە و میهرەبان بەسۆزو میهرەبانترە لەو بۆخێزان و منالەکەی.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ (35) رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (36) رَبَّنَا إِنِّي أَسْكَنْتُ مِنْ ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِنْدَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ

رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُمْ مِنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ (37) رَبَّنَا إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِي وَمَا نُعْلِنُ وَمَا يَخْفَى عَلَى اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ (38) الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَهَبَ لِي عَلَى الْكِبَرِ إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ (39) رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ (40) رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ .(41) ابراهيم.

شەویان بەسەردا دێت و ئیسماعیل زۆر دەگریێت و هیچیان لانییەو حەزرەتی هاجەر هەڵدەستێتە سەرپێ و لەنێوان دووشاخ کە ئێستاکە بۆتە شوێنی سەفا و مەروە، لەو شاخ بۆ ئەو شاخ دەڕوات بەڵکو ئاوەدانییەکی بەرچاو بکەوێت و تاوەکو بەهۆیەوە خۆراکێك بۆ ئیسماعیل پەیدا بکات بەڵکو ژیر بێتەوە و گریانەکەی بوەستێت، بێ تاقەتی رووی تێدەکات ئەوەندەی بەرەو شاخەکان لەلایەك و بۆلای ئیسماعیل لەلایەك رابکات، ئا لەم کاتەداو بەبڕیاری خودای هەموو جیهان و لەژێر پێیە ناسکەکانی ئیسماعیلی کۆرپەلە ئاوێك هەڵدەقوڵێت و فوارە دەکات.

بڕوانە بڕیاری خوای گەورە بۆ ئەم دووکەسە و بەنووکە باڵێکی حەزرەتی جبریلی ئەمین ئاوی زەمزەم لەم بیابانە وشکەی مەککە و لەژێرپێی ئیسماعیلی کۆرپە ئاوی زەمزەم هەڵدەقوڵێت، بەلاَم چ ئاوێك گەر بیخۆیتەوە تاوەکو چەند رۆژێك هەست بەبرسێتی ناکەیت .لەوکاتەوە ئەو ئاوەی زەمزەمە هەر هەڵدەقوڵێت و کۆتایی نایەت و رەنگ و بۆنیشی وەکوخۆی دەمێنێت، لەوکاتەشدا گەلێك لە یەمەن هەبوون و رووبارێکیان هەبوو، لەنێوانی رووبارەکە بەربەستێك هەبوو کەبەو هۆیەوە خەمیان لەمەترسی و دڵەراوکێ نەبوو، بەویست و فەرمانی خودای گەورە بەربەستەکە دەڕووخێت و گەلەکە لەبەر بێ ئاوی و دەستنەکەوتنی ئاوی پێویست بەرەو مەککە پەڕاگەندە و ئاوارە دەبن و لەنزیك ئەوشوێنەی هاجەرو ئیسماعیلی لێ نیشتەجێ یە نزیك بوونەوە و وتیان : رێگەمان بدە لێرە بمێنینەوە و دا بمەزرێین.

هاجەرەش رێگەی پێدان و وتی بەمەرجێك دەمەوێت ئیسماعیلی کورم فێری زمانی عەرەبیی بکەن، ئیسماعیلیش لەناو ئەوخەڵکە ئاوارەیە مایەوە وفێری زمانی عەرەبیی دەبێت، پێغەمبەر ئیبراهیم دوعا دەکات و لەخوا دەپاڕێتەوە] ربي اجعل هذا البلد امنا وارزق اهلها من كل الثمرات [هێشتا بینای کەعبەی دانەمەزراندووە نزا بۆ ئاوەدانی ئەو شوێنە دەکات، خودای گەورەش نزاکانی حەزرەتی ئیبراهیم گیرا دەکات، هەروەها فەرمووشی] ربنا اني اسكنت من ذريتي بواد غير ذي زرع عند بيتك المحرم [حەزرەتی ئیبراهیم بەفەرمانی خوای گەورە گەڕایەوە مەککە و فەرمانی پێکرد کە بینای کەعبە بکات ئەوکاتەی تەنها بنکەکانی کەعبە بەنزمی لەوشوێنە هەبوو کەخودا پێشتر نیشانی دابوو، حەزرەتی ئیبراهیم کەگەڕایەوە شوێنەکەی هاجەر و حەزرەتی ئیسماعیل تەمەنی حەزرەتی ئیسماعیل لەشەش ساڵان تێپەڕی کردبوو .کەگەڕایەوە شوێنەکە شەوی دواتر لەلای ئەوان خەونی بینی بەلاَم خەونێکی پڕ وەحیی لەلایەن خوداوە و لە خەونەکەیا فریشتەکان فەرمانیان پێکرد کەدەبێ بەیانی سەری ئیسماعیلی کوڕت بېڕیت و ئەمە فەرمانی خودایەو دەبێت جێبەجێ ی بکەیت.

سەیری ئەم تاقیکردنەوە گەورەیە بکە کە چۆن باوکێك جورئەت دەکات رۆڵە جوانەکەی بۆ خوای گەورە بکات بە قوربانی کە ئەوباوکە بەدرێژایی تەمەنی ئەم رۆڵەیەی بووە، کاتێك خەونەکە بۆ ئیسماعیلی کوڕی ئەگێڕێتەوە ئەویش ئەڵێ] يا ابتي افعل ماتؤمر ستجدني انشاءالله من الصابرين [سەیری ئیمان و باوەڕە بەهێزو پتەوەکەی ئەم رۆڵە چاونەترسە بکە چۆن بەباوکە پیرەکەی دەڵێت خودا چ بڕیارێکی بۆ دەرکردوویت وابکە !!!... ئنجا دەڵێ : باوکە گیان تۆ بڕیارەکەی خودا جێبەجێ بکە و منیش ئارامگر دەبم، تۆ بێنە بەرچاوی خۆت کام باوك لەم رۆژگارەدا ملکەچی بڕیارەکانی خودایە و کام رۆڵەش ئامادەیە لەڕێگەی خودای گەورە گیانی خۆی ببەخشێت، ئەمە

هەرهەمووی تاقیکردنەوەی خودای گەورەن بۆ بەندەکانی، لەوکاتەی حەزرەتی ئیبراهیم خەریکە رۆڵەکەی سەر ببڕێت، چەقۆ بەملی رۆڵەکەی دادەهێنێت بە فەرمانی خوا نایبڕێت دواتر دەچێت تیژتری دەکات هەر نایبڕێ بە بەرد دادەهێنێت بەردەکە دەبڕێت کەچی ملی ئیسماعیلی نەوجەوان نابڕێت!!!...

لەوکاتەی ئیسماعیل لەژێر چەقۆکەی باوکیدایە شەیتانی لەعین لە ئیسماعیل نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت بیترسێنێت بەوبیانووەی کەبڕیارەکەی خودا نەچێتەسەر لەوکاتەدا حەزرەتی ئیسماعیل حەوت بەرد لەسەرزەوی هەڵدەگرێت و ئاڕاستەی شەیتانی دەکات، بۆیە لەوکاتەوە تائێستاش رەجم کردنی شەیتان لەوشوێنەی ئیبراهیم و ئیسماعیل بوو بەواجبێکی فەریزەی حەج .حەزرەتی ئیبراهیم گەرەکییەتی بڕیارەکەی خودای گەورە بگەیەنێتە جێی خۆی .خودا پێی دەفەرمووێ بابەس بێت و رۆڵەکەت سەرمەبڕە و لەبری ئەو قوربانییە بەرانێك لەئاسمانەوە بە دیاریی بۆ حەزرەتی ئیبراهیم و خەڵکەکەدێت و سەری دەبڕێت و لەوکاتەوە جەژنی قوربان سەرهەڵدەدات] وفديناه بڑبح عڤيم وسلام على ابراهيم كڑلك نجزى المحسنين [ئەمە تەنها بۆ ئیبراهیم نییە، بەڵکو خودا دەفەرمووێت هەرکەسێك چاکە بکات ئێمە پاداشتی ئەدەینەوە کەئەمەش مزگێنییێکە بۆ هەموو چاکەکارێك .فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانْظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ (102) فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ (103) وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ (104) قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (105) إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ (106) وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ (107) وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ (108)سَلَامٌ عَلَى إِبْرَاهِيمَ (109) كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (110) إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ (111) وَبَشَّرْنَاهُ بِإِسْحَاقَ نَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (112) وَبَارَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَى إِسْحَاقَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِنَفْسِهِ مُبِينٌ (113) وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ (114) وَنَجَّيْنَاهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ (115) وَنَصَرْنَاهُمْ فَكَانُوا هُمُ الْغَالِبِينَ .(116) الصافات...

دوای ئەم رووداوە خودا راستەوخۆ مزگێنییێکی تر بە حەزرەتی ئیبراهیم دەدات ئەویش] وبشرناه بإسحق نبيا [، سەرسامی روو لە حەزرەتی ئیبراهیم دەکات کەتازە چۆن هاجەرە منداڵی ئەبێت؟ خۆ لەتەمەن دەرچووە، بەڵام خودا مزگێنی بۆ ئەنێرێ کە لەسارای خێزانت ئیسحاقت پێئەبەخشین، ئەوکاتە سارا لە فەلەستینە و تەمەنی لە هەشتا ساڵان نزیک بۆتەوە، حەزرەتی ئیبراهیم زۆردڵی خۆش دەبێت و سوپاسی خوای گەورە دەکات چونکە مزگێنیێکی دیکەی پێ بەخشی کە پێغەمبەرێکی تر دەبێتە کوڕی ئیسحاق کە ئەویش یەعقوب پێغەمبەرە سەلامی خودای لەسەربێت، بۆیە سارا نامرێت تاوەکو یەعقوبی کوڕی ئیسحاق دەبینێت .

بەم مزگێنی و مژدەیە هەموو ئاوات و حەز و ئومێدێکی سارا دێتەدی چونکە تەمەنی گەیشتۆتە نزیك هەشتا ساڵان لەسۆزی منداڵ بێ بەشە و نەك هەرخەمی خۆی نییە بەڵکو لەخەمی حەزرەتی ئیبراهیم دایە کەوەکو هەموو باوکێکی ئەم دنیایە منداڵی خۆی ببینێت.

ئەمجارە پێغەمبەر ئەگەڕێتەوە بۆ فەلەستین بۆلای سارای خێزانی و ئەم مزگێنییەی پێدەدات و ساراش پێکەنین دەیگرێت و گاڵتەی پێدێت کەچۆن پیرژەنێکی وەك من منداڵی دەبێت ؟؟ !!!

وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ فَمَا لَبِثَ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ (69) فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ (70) وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (71) قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (72) قَالُوا أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَجِيدٌ (73) فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ

إِبْرَاهِيمَ الرَّوْعُ وَجَاءَتْهُ الْبُشْرَى يُجَادِلُنَا فِي قَوْمِ لُوطٍ (74) إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُنِيبٌ ... هود.
ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویّت] وامرأته قائمة فضحكت فبشـــرناها بإسحاق ومن وراء اسحاق يعقوب [پاشـان خودای گەورە دەفەرموویّت] وإذابتلی ابراهيم ربه بكلمات فأتمهن [ويستی خودا وابوو كەئەم حـەزرەتی ئيبراهيمـە بەهەموو شتێك تاقی بكاتەوە بە ناخۆشی و خۆشی ئەزیەت بینێ و ئاوارەبوون، كەچی ئـەو هـەر سوپاسـگوزارە و شوكری نیعمەتەكانی خوا دەكات كەبەسەری باراندوویەتی، بۆیە خودای گـەورە بـە خـەلیل و خۆشەویـستی خـۆی هەڵیبژاردووەو هەرخوداخۆی فەرموویەتی] قال إني جاعلك للناس إماما [بۆ كردی بە پێشەواو پێشەنگیی خەڵك ؟ چونكەبەدرێژایی تەمەنی لەبەردەم هەموو ناخۆشی و ئەزیەتێك سەبروئارامیی گـرت و هـەموو بڕیارەكـانی خـوای گەورەی بەجێ گەیاند.
ئەگەر باوك ئیبراهیم ئاسا مامەڵە لەگەڵ خاوخێزانی بكات و خەمی هیدایەت دانی منداڵەكانی بێت، بێگومان خێر و خۆشی و رەحمەتی خوا بەسەریاندا ئەرژێت، چەندین باوك هەیـە ئـەناڵێنێ بەدەسـت منداڵەكەوەبـەهۆی خراپـی پەروەردەكردنی منداڵەكانیان چونكە رۆژێك لە رۆژان خەمیان لەمنداڵـەكانیان نـەخواردووە و ڕایـان نـەهێناون لـە پەرستش و چوونە مزگەوت و قورئان خوێندن، كەكاتێكیش گەورە ئەبن نەك بەقسەی باوكیان ناكەن بەڵكو دەبـن بە مایەی ئەزیەتیش بۆ باوكیان .لێرە خاڵێكی گرنگ هەیە :كە ئەویشیان رۆڵی دایكە، چونكە ئەوەندەی هاجـەرە لەگەڵ ئیسماعیلدابووەباوكی لەگەڵیدانەبووە، بۆیە 90% پەروەردەی منداڵ بـۆلای دایكـی ئەگەڕێتـەوە، چـونكە رۆژانە دایك زیاتر هەڵس و كەوت لەگەڵ منداڵ ئەكات و خاڵی لاواز و بەهێزی ئەزانێت، بۆیە تەنانەت ئەو منداڵەی كە لەدنیا پەیڕەوی قورئان ئەكات لە قیامەتتدا دایك و باوكی ئەكەن سەر كورسـییێك و تـاجێكی پـڕ لـە زێـڕ و ئاڵتون ئەكەن سەری دایك و باوكی و ئاهەنگی بۆ ئـەگێڕن ... مانـدووبوون لەگـەڵ جـوان پـەروەردەكردنی منـاڵ زەڕەیەك بەفیڕۆ ناچێت و بەركەی لەدنیا و قیامەت بەدەست دەهێنیت و سەرفراز ئەبیت.
ئەی چ گەنجێك لەتوانای داهەیەوەكو تەمەنی لاوێتی حەزرەتی ئیبراهیم بێت و بتوانێت بەخوێندنەوەی ئایەتێكی قورئان و زیندووكردنەوەی سوونەتێكی پێغەمبەری ئیسلام، بەرەنگاری كوفری ئەم رۆژگارە ببێتەوە؟..
كەسەیری ئافرەتێكی حیجاب لەبەر و بالاپۆش دەكەین لە بازاڕەكان وشوێنە گشتییەكان دڵمان خۆش بێـت چـونكە ئەو خۆداپۆشینەو حیجابەی لەبەریدایە دروشم و هێمایەكن بۆ ئیسلام، بادایك و خوشكـانمان ئـاوا وەكـو سـارای خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم رووبەڕووی زاڵمان وستەم كاران ببنەوەخۆ چەكی ئەوان تەنها گریان نییە چەكی دەستی ئەوان ئەو دەستەیە كەبۆ بارەگای خودا بەرزی ئەكەنەوە.
وەكو ئەو نزایانەی سارا كەلەوكاتەی پاشایەكی داوێن پیس هێرشی بۆدەهێنێ چۆن بەهۆی نزاكانی حەزرەتی سارا دەستەكانی ڕەق ئەبن با دایك و خوشكانمان ئابەو شێوەیە بن.ئەگەر كچێك تەمـەننا دەكـات گـەنجێكی موسـڵمان بچێتە خوازبێنی ئەوا بادڵنیابێـت تەمەننایەكـەی ڕێگەیەكـە بۆدانـانی بناغەیـەكی ئیمـانی و زینـدووراگرتنی ئیسلامەتی.
جارێكی تر خوا فەرمان بە حەزرەتی ئیبراهیم دەكاتەوە كەبگەڕێتەوە بۆ مەككە و مۆڵەتت تـەواوكاتی گەڕانـەوەت هاتووە بۆ مەككە، بۆچی بگەڕێتەوە بۆ مەككە كە پێشتریش لەوێ بوو؟ ئایالەبەر سەلامەتی گیانی هاجەرەی خێزانی و ئیسماعیلی كوڕیەتی ؟ نەخێر...
بۆ ئەوەیە بینای كەعبە بنیات بنێت، بەلام بۆكێ ؟ بۆهەموو خەڵك بەهەموو شێوە و رووخسارێك كە خودا دروسـتی كردوون، بۆ ئەوەی موسڵمانان لەسەرانسەری هەموو دنیا رووی تێبكەن و باوەشی پێبكەن و لە گوناهو تـاوان پـاك

ببنەوە.

]وإذ يرفع ابراهيم القواعد من البيت [لەگەڵ حەزرەتی ئیسماعیل دەکەونە خۆ بۆ دروستکردن وبنیاتنانی ماڵی خودا کەئەویش کەعبەیە، زانایان لەبارەی) قواعد (دەڵێن :پێشتر کەعبە بینا کرابوو ئاسەواری لەسەر زەوی هەبووە و لەسەر بناغەی کۆن بینای نوێ دەستی پێکرد و بەرزکرایەوە.

حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل دەستیان بەدروستکردنی دیوارەکەکرد کە پێشتر وتمان بەرلەدروستکردنی دیوارەکە کەعبە قاعیدەی خۆی لەسەر زەوی هەبووە، دیوارەکە دروست دەکەن تاوەکو دەگاتەباڵای حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خودای لەسەربێت،هیچ شتێکیان پێ نییە تاوەکو بینای کەعبە زیاتر بەرز بکەن و داوا لە ئیسماعیل دەکات بەردێکی بۆ بێنێت، ئەویش بەردێك بۆباوکی دەهێنێت و سەردەکەوێت سوبحانەللا یەکسەر شوێن پێیە پیرۆزەکانی لەسەر بەردەکە دەردەچێ کە ئێستاش لەنزیك کەعبە دانراوە و ئەوانەی چوونەتە عومرەو حەج بینیویانە کە پێی دەڵێن) مقام ابراهیم.(

چەندین جارلافاو لەمەککەی داوەو دووجار کەعبە رووخاوە کەچی شوێن پێ وپەنجەکانی حەزرەتی ئیبراهیم هەرماوە و نەفەوتاوە، ئەمەبۆچی ؟ بۆئەوەیە کەشوێن پێی ئەم حەزرەتی ئیبراهیمە، لەم دنیایە دیارە و ون نابێت چونکە ئەوەندە پەرۆشی بانگەوازی رێی خودابووە و بۆئەم مەبەستەش ئێمە فێردەکات کەچاو لەوبکەین وشوێن دەست و هەنگاوەکانمان دیاربێت بۆ بانگکردنی ئەم خەڵکە بۆ رێی هیدات و وازهێنان لەگوناهو تاوان.

بەهۆی ئەوبەردەوە کەنزیکەی دوانزە مەترێك بەرزە حەزرەتی ئیبراهیم بە هاوکاری ئیسماعیلی کوڕی توانی بینای کەعبە تەواو بکەن، بەڵام لای دیوارێکی کەعبە بۆشایی و کەلەبەرێك هەیە .ئەو دووپێغەمبەرە ئەوەندە گەڕان وسووڕانەوە نەیانتوانی بەردێك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بدۆزنەوە !!!..حەزرەتی ئیسماعیل بەردێکی سپی وزۆر جوان و درەوشاوەی بەرچاو ئەکەوێت و بانگی باوکی ئەکات و دەڵێ :باوکە گیان ئەم بەردە سپییە چییە؟با بەوبەردەوە بۆشاییەکە پڕبکەینەوە، حەزرەتی ئیبراهیمیش بەکوڕەکەی دەفەرمووێت : ئەمە بەردی بەهەشتە و حەزرەتی جبریل بۆی هێناوین.

بەوبەردە کەلێنەکە دائەپۆشن و کە ئەکاتە) الحجر الاسود(، کەعبە یەکێکە لەموعجیزاتە هەرەگەورەکانی خوای گەورە کەتاکو ئێستاش لەسەرزەوی ماوە چەندین جار لافاوبردوویەتی بەڵام نەفەوتاوە، شتێکی زۆر سەیرە نەلەئاگردا دەسووتێت نەلەئاویش نقوم دەبێت !!!..ئەم بەردەش جاران سپی بووە بەڵام بەهۆی تاوان و گوناهەکانی مرۆڤ رەش بووە، هەروەها پێغەمبەری پێشەوا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت دەفەرمووێت) حجر الاسود یمین الله علی الارض (واتە ئەم بەردە رەشە لای راستی خوای گەورەیە لەسەر زەوی ، و دەبێت هەمووکەسێك ماچی بکات.

کەبینای کەعبەش تەاو بوو حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل لە خودا پاڕانەوە]ربنا واجعلنا مسلمین لك ومن ذریتینا امة مسلمة لك وأرینا مناسکنا وتب علینا [تۆ سەیری ئەم نزایە جوان وناوازەیە بکە دوای ئەو هەمووئازەرەق ڕشتن و ماندووبوونە ئنجا دەفەرمون خوایە بەموسڵمان قەبوڵمان بکە، چونکە گەورەترین نیعمەت نیعمەتی هیدایەتە!!

جگەلەوەش دوعا بۆنەوەی دوای خۆینادەکەن کەئەوانیش وەکو ئەوان بن، ئەم ئاینەی ئێمە ئاینێکی پڕبەرەکەت و پڕهیدایەت و مایەی رزگاربوون و ئیسلاحە بۆ هەموو خەڵك، ئاینێکە فێری برایەتی ودادپەروەریی و خۆشویستنی یەکترمان دەکات فێرمان دەکات کەڕێزی یەکتر بگرین و کەسێك بەبێ تاوان نەکوژین وتەنانەت ئەزیەتی کەسێکی غەیرە موسڵمانیش نەدەین.

خوداش فەرموویەتی] وإذ جعلنا البيت مثـــــابة للناس وأمنا [لەوكاتەوەبەبڕیاری خودای گـەورە مەککـە بۆتــە شوێنی ئارامی و ئاسایش، هەمووجیهان رووبەڕووی بوومەلەرزە و فەوتان دەبێتەوە تەنها مەککە و مەدینە نەبێت کە ئەمە بڕیاری خودایە تاوەکو رۆژی قیامەت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەخودا پاڕایەوە و دوعای کرد فـەرمووی خودایە چۆن بەهۆی نزاکەی حەزرەتی ئیبراهیم مەککەت پاراست ئـەوامنیش دوعـا دەکـەم کەمەدینـە بپارێزیـت و ئەمینی بکەیت، زانستی ئەو سەردەمەش سەلماندوویەتی کە هەموودنیا دەمار و رەگی گڕکان و بوومەلـەرزەی تیایـە تەنها دوو شوێن نەبێت کە ئەوانیش مەککە و مەدینەی پیرۆزن، زانستی نوێ دەریخستووە کـە ڕووکردنـە کەعبـەی پیرۆز و کڕنووش بردن رووە و کەعبە دەبێتە خاڵی کردنی لاشەی مرۆڤ لە هەموو لەرە و) شحات (ی، ئـەلیکترۆنی کە بەهۆی مۆبایلەوە ئەلیکترۆنیات و کار و ماندووبوون تووشی مرۆڤ ئەبێت چونکە کەعبە چەقی وشکانی زەوییە و زانستی نوێش ئەم راستی و هەقیقەتەی سەلماندووە.

)مثابة (مانای چییە؟ مانای ئەوە ئەگەیەنێ واتە هەرکەسێ بچێت بۆ حەج و عومرە واتـە بـۆ سـەردانی کەعبـە ناگاتەوە ماڵەوە جارێکی تر بەدڵ و بەچاو بۆ دیداری ئەو کەعبەیەدەگرییت و تەمەننا دەکات جارێکی تر بچێتەوە دیداری کەعبەی پیرۆز.دوای تەواوبوونی دوعاکەیان خودای گەورە فەرمانی بە حـەزرەتی ئیـبراهیم کـرد کـەبانگی خەڵکان بکات بۆ سەردانیکردنی ئەم کەعبەیە، ئەویش فەرمووی جا خودایە دەنگی مـن چـۆن دەگـات بـەو هـەموو خەڵکە؟ خوداش پێی فەرموو ئەی ئیبراهیم بانگ کردن لەسەرتۆ و وەڵامدانەوەش لەسەرمن، حەزرەتی ئیـبراهیمیش بانگی خەڵك ئەکات و لەوساوە تائێستاش لەگەڵدابێ ئەم خەڵکە بەرەوئەو بانگەوازەی حەزرەتی ئیبراهیم دەچن و دەڵێن) لبيك اللهم لبيك لبيك لاشـريك لك.(بائێمەش وەکو ئەو پێغەمبەرە شەووڕۆژ بخەینە سەر یـەکترو کـۆڵ نەدەین بابەردەوام لەژێر فەرمانی خوادابین و ماندووبین و بگــــــەڕێین بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینــەژیانی ئـەم حەزرەتی ئیبراهیمە پڕبووە لەئاوەدانی و پڕبووە لەسەبر وئارامی و پڕبووە لەبانگەواز کـردن لەگـەڵ گەلەکـەی، بائێمەش وەکو ئەو پێغەمبەرەبین و شەونخوونی بکەین و کۆڵ نەدەین لە بـانگکردنی ئەم خەڵکە بۆ ئیسلامەتی و بۆ تەبایی و برایەتی و پێکەوەژیان باوەکوحەزرەتی ئیبراهیم جگـە لـەخودا لـە کەسـی ترنەترسـین، پێغەمبـەرمان لەڕادەبەدەر حەزرەتی ئیبراهیمی خۆشویستووە و ناوی هێناوە تەنانـەت کـوڕی یەکـەمی بـەناوی ئەوپێغەمبـەرەوە کردووە، هەروەك پێغەمبەری ئازیز سەلات وسەلامی خوای گـەورەی لەسـەربێت دەفـەرمووێت لەئاسمانـدا لەشـەوی ئیسراو میعراج حەزرەتی ئیبراهیمم بینـی پـشتی دابـووە) بيت المعمور (و پرسـیارم لەفریـشتەکان کـرد و وتم ئەمەکێیە؟ وتیان ئەمە حەزرەتی ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەرانە...

ئنجا پێغەمبەری پێشەوا دەفەرمووێت چوومە لای و سەلامم لێکرد و پێی فەرمووم : ئەی موحەممەد زەوی بەهەشت خاڵییە و بەئوممەتەکەت رابگەیەنە بەتەسبیحات بۆخۆیان بیچێنن، ئنجا فەرمووی) إذ رأيت ابراهيم أقرب الناس إليه شبها صاحبكم (واتە نزیکترین کەس کەشێوەی لەمن بکات حەزرەتی ئیبراهیمە، ئینشائەڵلا لەبەهەشتدا خوای گەورە بەلیقا و دیدەنی حەزرەتی ئیبراهیم و سەرجەم پێغەمبەران شادمان دەکات و کۆمان دەکاتەوە..

وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنْتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (127) رَبَّنَا وَاجْعَلْنَـا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا وَتُبْ عَلَيْنَا إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الـرَّحِيمُ (128) رَبَّنَـا وَابْعَـثْ فِيهِمْ رَسُـولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُـزَكِّيهِمْ إِنَّـكَ أَنْـتَ الْعَزِيـزُ الْحَكِيمُ (129) وَمَـنْ يَرْغَـبُ عَـنْ مِلَّـةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَنْ سَفِهَ نَفْسَهُ وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ (130) إِذْ قَـالَ لَـهُ رَبُّـهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (131) وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا

وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ (132) أَمْ كُنْتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (133) تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ (134) وَقَالُوا كُونُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى تَهْتَدُوا قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (135) قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (136) فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنْتُمْ بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوْا وَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (137) صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ (138) قُلْ أَتُحَاجُّونَنَا فِي اللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ وَلَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُخْلِصُونَ (139) أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطَ كَانُوا هُودًا أَوْ نَصَارَى قُلْ أَأَنْتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَتَمَ شَهَادَةً عِنْدَهُ مِنَ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (140) البقرة.

وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ (51) إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنْتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ (52) قَالُوا وَجَدْنَا آبَاءَنَا لَهَا عَابِدِينَ (53) قَالَ لَقَدْ كُنْتُمْ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (54) قَالُوا أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنْتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ (55) قَالَ بَلْ رَبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ (56) وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (57) فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (58) قَالُوا مَنْ فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ (59) قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ (60) قَالُوا فَأْتُوا بِهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (61) قَالُوا أَأَنْتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ (62) قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنْطِقُونَ (63) فَرَجَعُوا إِلَى أَنْفُسِهِمْ فَقَالُوا إِنَّكُمْ أَنْتُمُ الظَّالِمُونَ (64) ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلَاءِ يَنْطِقُونَ (65) قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ (66) أُفٍّ لَكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (67) قَالُوا حَرِّقُوهُ وَانْصُرُوا آلِهَتَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (68) قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ (69) وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ (70) وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ ...(71) الانبياء .

* *

پێغەمبەر لوط سەلامی خوای لەسەربێت :

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ الْمُرْسَلِينَ (160) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ (161) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (162) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (163) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (164) أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ (165)وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ (166) قَالُوا لَئِنْ لَمْ تَنْتَهِ يَا لُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمُخْرَجِينَ (167) قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُمْ مِنَ الْقَالِينَ (168) رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ (169) فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ (170)إِلَّا عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ (171) ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ (172) وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ مَطَرًا فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنْذَرِينَ (173)إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ .(174) الشعراء...

پێغەمبەران بۆ ئەوەهاتوون ژیان ببەخشن و ژیانیش جوان بکەن و، لەم میانەیەشدا پەیامی خوای گەورە بەهەموو خەڵکان بگەیەنن و هەوڵ و ماندووبوون بکێشن، هیدایەت دانی خەڵکان یەکەم ئامانجی پێغەمبەرانی خوای گەورەیەو هەموویان یەك دروشمیان هەڵگرتبوو ئەویش) والله يدعوكم الى دار السلام (و هیچ شتێکی تریان لەگەڵەکانیان داوانەکردووە جگە لەگەڕانەوە بۆلای خوای گەورە و واز هێنان لەشیرك و تاوان و سەرەڕۆیی و سەرپێچییەکان نەبێت.

سەیری ژیانی پێغەمبەری پێشەوا بکە لەسەرەتای هاتنە خوارەوەی وەحیی و پەیامی ئاسمان لەلایەن خواوە ڕۆژێك لەڕۆژان پشوویەکی نەدا تاوەکو ئەمری خوای بەجێهێناو وەفاتی فەرموو، پێغەمبەرانی تریش هەروەهائەوەتا حەزرەتی نوح بەدرێژایی نۆسەد و پەنجا ساڵ خەریکی بانگەواز بوو لەناو گەلەکەی کەچی دوانزە کەسێك باوەڕی پێ ئەهێنن و دەسبەرداری شیرك و تاوان ئەبن و بۆلای خوای گەورە ئەگەڕێنەوە و ڕوو لەتۆبە و ئیستغفار ئەکەن، ئەرکی سەرشانی ئێمەش لەدوای ئەو هەموو پێغەمبەرانە بەهەمان شێوە بانگکردنی خەڵکانە بۆ هیدایەت وەرگرتن و هۆشیارکردنەوەیان ئەگەرتۆ مامۆستای قوتابخانەیت یاخود زانکۆ ئەرکی سەرشانتە ئەم پەیامە بەقوتابییەکانت بگەیەنیت و ڕێنماییان پێببەخشیت ... ئەگەر گەنجێك یاخود قوتابییەك نوێژناکات بەڵام خاوەنی ڕەوشت و ئاکارێکی جوانە، ئەوا بەنەرم و نیانییەوە قسەی لەگەڵ بکە کەبۆچی نوێژ ناکەیت چونکە نەکردنی نوێژ سەرپێچی کردنە لەبڕیار و فەرمانەکانی خوای گەورەیە، یاخود خزمێکت سەرقاڵی کار و کردەوەی خراپ و قێزەونە خۆتی لێ نزیك بکەرەوە و ئامۆژگاری بکە چونکە خێرێکی گەورەت پێدەگات، ئەگەر بەگوێی کردی و ماڵ و منال و نەوەی دوای خۆیشی وایان کرد ئەوا خێر و چاکە بۆتۆی بانگخواز و ئامۆژگاری بەخش دەنووسرێت.

یاخود خوشکێکی هاوڕێت نوێژناکات و بالاپۆش نییەتۆ دەتوانی لێی بچیتە پێشەوەو پێی بلێی خوشکەکەم بۆ حیجاب ناپۆشیت ؟ خۆبڕیاری خوای گەورەیە، دەزانی ئەگەر بەگوێی تۆی کرد چەندە خێر و چاکەت بۆ ئەنووسرێت، یان مامۆستا لەقوتابخانە هەردەم خوای گەورەی لەیاد بێت و وانەکات قوتابییەکانی ئەزیەت بدات وەکو ئەو مامۆستایەی قوتابیەکی بچکۆڵەی هەیە، ئەو قوتابیە بچکۆڵەیە بەردەوام لەچکی لەسەردایە و خۆی داپۆشیوە، هەمووڕۆژێك مامۆستاکەی پێی دەڵێت بەیانی بەولەچکەوە نەیەیتە قوتابخانە و سەرپۆشەکەی سەرت داکەنە.

بەلام قوتابییە ئاقڵ و ژیرەکە هیچ بەگوێی مامۆستاکەی ناکات و هەر بەوشێوەیە دێتە قوتابخانە، دواجار مامۆستاکەی تووڕەبوون ڕووی تێئەکات و پێی دەڵێت : نەمووت بەم شێوەیە نەتبینم؟ قوتابیە ژیرەکەش پێی دەڵێت :مامۆستا گیان ئەمە بڕیاری خوای گەورەیە، کەتۆش بڕیارم بەسەردائەسەپێنیت نازانم بەگوێی تۆ بکەم و بەگوێی خوای گەورە بکەم ؟؟؟ !!!!!شتی وامەحاڵە و ناتوانم لەچکەکەم فڕێبدەم...

سەیرکەن لەوکاتەدا مامۆستاکەی تەزووێك سەرتاپای گیانی ئەگرێتەوە و ئەلەرزێ کە ئەم منالە ژیرە چ وەلامێکی دایەوە و پرسیارێك لەناخی دڵیەوە هەڵئەقوڵێ کەبۆچی منیش لەچك نەکەم و سەرپێچی لەفەرمانی خوای گەورە بکەم ؟ !!!بەهۆی ئەو منالەوە مامۆستاکەشی خۆی پۆشتەکرد، کەمنالێك بەم شێوەیە وەلامێکی بەوشێوە جوان و لەجێیە بداتەوە مامۆستاکەی ئەی بۆچی ئێمەش وانەبین و نەبین بەمایەی هیداتدانی دەوروبەرمان ؟....

یەکێك لەو پێغەمبەرانەی لەتەمەنی منالێدا باوەڕی بە پێغەمبەر ئیبراهیم هێنابێت حەزرەتی لوت بووە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، وەك وتمان کە حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت لەناو ئاگرە گەورەکە بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە دێتە دەرەوە، ئالەو کاتەدا حەزرەتی لوت باوەڕ بەحەزرەتی ئیبراهیمی مامی ئەهێنێت، ئەم پێغەمبەرە لەتەمەنی منالێدا باوکی دەمرێت و لای باپیرەی کە ئازەر بووە واتە باوکی پێغەمبەر ئیبراهیم گۆش ئەکرێ و بەخێو ئەکرێت، حەزرەتی لوت بیست و حەوت جار ناوی لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە واتە لە چواردە سورەت ئاماژە بەناوەکەی کراوە، وەکو ئاماژەمان پێدا کەحەزرەتی ئیبراهیم گەلەکەی جێهێشت و بەرەو فەلەستین لەوێشەوە بۆ مەککە کەوتە ڕێ بەمەبەستی بانگەواز کردن و بانگکردنی خەڵکان بۆ یەکتاپەرستی، حەزرەتی لوت لەناو گەلەکەی مایەوە تائەوکاتەی پێرائەگات و گەورە ئەبێت.

کە گەورە بوو خوای گەورە فەرمانی پێکرد بەرەو) سەدوم (کۆچ بکات کەئێستاکە دەریای مردووی پێدەڵێن،

حەزرەتی لوتیش فەرمانەکەی خوای گەورە بەجێ دەگەیەنێت و بە پشتیوانی خوای گەورە ڕوو لەسەدوم دەکات کە ئێستاکە ولاتی ئوردەنی پێدەڵێن و فەرمووی] إني مهاجر الى ربّي[، هەتا بلێی گەلێکی بەدڕەوشت و سەرسەخت و کەللە ڕەق و داوێن پیس بوون، ئە گەلە بەدرێژایی شەوو ڕۆژ سەرقاڵی نێربازی بوون و وازیان لەئافرەتەکانیان هێنابوو!!!!..

لەم شارەی سەدومە تەنها ماڵێك باوەڕیان بەخوای گەورە هەبوو جگە لەوماڵە هیچ باوەڕدارێکی تر نەبووکەئەویش ماڵی حەزرەتی لوت بوو لەگەڵ دووکچە باوەڕدارەکەی بەلام خێزانەکەی باوەڕی پێنەهێنا و بەبێ باوەڕی مایەوە وەکو خوای گەورە فەرموویەتی) فخانتاهما (مەبەستی خیانەتی هەردوو ژنەکەی حەزرەتی نوح و حەزرەتی لوتە کە باوەڕیان بە پیاوەکانیان نەهێنا و خیانەتیان لێکردن کە ئەویش خیانەتی بیروباوەڕ و عەقیدەبوو، حەزرەتی لوت و دووکچەکەی هەتا بلێی باوەڕداربوون بەلام وەنەبێ دەستە و دامێن دابنیشن بەردەوام خەریکی بانگەواز بوون لەگەڵ خەڵکی سەدوم، ئەوشارە بەناوبانگترین شاری بازرگانی بوو هەرچی کەشتی و بەلەم و کاروانچی هەبووایە ڕوویان تێدەکرد بۆ کڕین و فرۆشتنی کەل و پەل و خواردن و خواردنەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت] ولوگا إژقال لقومه اتأتون الفاحشه ما سبقكم بها من أحد [پێیان دەفەرمووێت :ئێوە تاوان و گوناهی وا ئەکەن کەسێك بەرلەئێوە ئەو تاوان و داوێن پیسیەی نەکردووە، ئێوە بۆ پەنا دەبەنە بەر نێربازی و پشت لە ئافرەتەکانتان ئەکەن ؟ نێربازییەکان لەڕادەبەدەر لە زیادەڕۆییدابوو...

هەر کەسێك وەکو ئەوگەلەی سەدوم بکات تاڕۆژی قیامەت بەر نەفرەتی خوای گەورە ئەکەوێت و لەگەڵ ئەوانیش حەشر ئەکرێت، چونکە ئەوەی فێری ئەم کارە پیسە ببێت ئەستەمە تاوەکو مردن واز بهێنێت وەکو لەڕۆژئاوا و زۆربەی ولاتان پیاوی بەساڵاچوو هەیە لەسەر ئەوکارە لەڕادەبەدەر بێ شەرعییە بەردەوامە و نەیتوانیوە وازی لێ بهێنێت.

تەنانەت وای لێهات گەلی سەدوم بەبەرچاوی هەموو کەسێکەوە و بەئاشکرا کاری نێر بازییان دەکرد، وەکو لەوسەردەمەش باوە و) شذوذ جنسي (پێدەووترێت :بەومانایەی بەزاندنی سنووری سێکس و زیادەڕۆییەکی بێ سنوور لەوکردارەی سێکسیە، هۆکاری سەرهەڵدانی نەخۆشی ترسناکی ئایدز 60% بەهۆی ئەو کارەوەیە و نەخۆشییکی تر بەم دواییانە پەیدابوو کە لەئایدز پیستر و خێراترە ئەویش لەدەرەنجامی ئەوکردارە سێکسی و جووت بوونەی نێر لەگەڵ نێرە، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بەڕوونی باسی لەخراپی و ڕەوشت نزمی ئەو گەلەی کردووە، وەکو) فاسقون و کافرون و مجرمون و کاذبون و مسرفون (و هتد ...هەروەها حەزرەتی لوت پێی فەرموون] بل أنتم قوم عادون [بەو مانایەی ئێوە تەعەددا لەخۆتان و لەشەخسیەت و نەسەبی خۆتان ئەکەن، خۆ خوای گەورە زۆر لای ئاسان بوو ئەم گەلە بەدڕەوشتەلەناو ببات، بەلام ویستی نییە زوورلەناویان بەرێت بەڵکو جارێ پێویستییان بە مۆڵەت هەیە و پێغەمبەرێکیش پێویست دەکات بۆ هۆشیارکردنەوەیان جگەلەوەی ئەو پێغەمبەرە لە ڕۆژی قیامەتا دەبێت بەگەواهیدەر بەسەر تاوان و گوناهەکانیان، شتێکی تر جگە لەوکارە ئەوگەلەی سەدومە دزی و چەتەشیان تێدابوو و ڕێگەیان لەکاروانچییان دەگرت و شتیان لێئەسەندن جگە لەوەش شەوانە یانەیان هەبووە بۆ مەی خواردنەوە و رابواردن، هەروەها بە کۆمەڵ بەرامبەر بەیەکتری بەڕووتی و بەبێ جل وبەرگ دادەنیشتن و گاڵتەیان بەیەکتری ئەکرد و گاڵتەشیان بە پێغەمبەران ئەکرد] كذبت قومُ لوطٍ المرسلين.[

بەلام حەزرەتی لوت خۆی بەبرای ئەوان ئەژمێرێت و لە پاشەڕۆژیان ئەترسێت و پێیان دەفەرمووێت] إني لكم رسولٌ أمين[، پێشیان ئەفەرمووێت لەخوا بترسن و بەگوێم بکەن و من هیچ پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت، بەگاڵتە پێکردنەوە بە حەزرەتی لوتیان ئەووت : ئەی کەوایە با خوداکەت سزای خۆیمان بۆبنێرێت تاوەکو بزانین چ جۆرە

سزایەکە !!!..کەواتە هەرکاتێك میللەتان گەیشتنە ئەو ئاستەی خۆیان داوای سزای خوای گەورە بکەن و بێ منەت بن، ئەوا کاری پێغەمبەران بەفەرمانی خوای گەورە ئەوەستێنرێت و بەر سزای بەئێشی خوای گەورە ئەکەون.
حەزرەتی لوتیش پێی فەرموون کەوایە چاوەڕێی توندترین سزای خوای گەورە بکەن کە خۆتان بە گاڵتە پێکردنەوە داوای ئەکەن، ئەو گەلە پیشتر سزای گەلی نوح و و ئیبراهیمیان بینیبوو بەلاّم گوێیان پێنەدەدا و گاڵتەیان پێدەهات، گەیشتە ئەو ڕادەیەی یەك ڕابوون و کۆك بوون لەسەر دەرکردنی حەزرەتی لوت لەشارەکەیان و دەیانووت : ئەمە دەربکەنە دەرەوە چونکە لەخەڵکە خاوێن و پاکەکانە و زیان لەئێمە دەدات!!!..
پێیان ووت : لان لم تنتە لتكوون من المخرجين، حەزرەتی لوت کەسێك لەشارەکەیان شك نابات داڵدەی بدات و پشتی بگرێت و بەغەریبێك خۆی دێتە بەرچاو، ماوەیەك بەبێ دەنگی لەناویان مایەوەو ئنجا پێی فەرموون] قال إني من عملكـــــم من القالين[، پێی فەرموون من ڕەفزی ئەو کردەوەی ئێوەدەکەم و بەهیچ شێوەیەك پێی ڕازی نیم و لەدژی ئەوەستم، بەلاّم ئەم وتانەی حەزرەتی لوت هیچ سوودێکی نەبوو و گاڵتەیان پێدەهات.
حەزرەتی لوت وازی لێنەهێنان تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی فەرمووی] ربّي نجيني و أهلي مما يعملون [، دواتر فـــــەرمووی] فقال انصُرني على القوم الفاسدين [حەزرەتی لوت زۆر لەخوای گەورە پاڕایەوە و لالاّیەوەو خوای گەورە ش نزاکانی گیراکردو سەری خست، خوای گەورە سێ فریشتەی ناردن بۆلای حەزرەتی ئیبراهیم، کە ئەوانیش جبریل و عزرەئیل و میکائیل بوون، و مژدەیان پێدا کەژنەکەت منالی ئەبێت کەئەویش حەزرەتی ئیسحاق پێغەمبەرە سەلامی خوای گەورەی لێبێت، دواتر حەزرەتی ئیبراهیم پێی فەرموون بۆکوێ ئەڕۆن ؟ هەرسێ فریشتەکەی خوای گەورە کەلەسەرشێوەی سێ گەنج هاتن بۆلای حەزرەتی ئیبراهیم فەرموویان بۆلای تاوانبارترین گەل دەچین و خوای گەورە ئێمەی بۆئەوان ناردووە، وتیان بۆ گەلی سەدوم ئەڕۆین و لەناویان ئەبەین، حەزرەتی ئیبراهیم پێی فەرموون خۆ حەزرەتی لوت لەناو ئەوگەلەیە ...چۆن وادەبێت ؟ فەرموویان ئەمە بڕیار و فەرمانی خوای گەورەیە، فەرمووی ئەی ئەگەر سێ سەد باوەڕداریان تێدابوو؟ فەرموویان لەناویان نابەین، پێی فەرموون ئەی ئەگەر ژمارەی باوەڕدارەکان چل کەس بوون ؟ وتیان لەناویان نابەین، پێی فەرموون ئەی ئەگەر سێ کەسی تیادابوو؟ وتیان لەناویان ئەبەین، پێی فەرموون بەلاّم حەزرەتی لوت و سێ کچەکەیان تێدایە، فەرموویان باش ئەزانین و خۆمان پارێزگاری ئەوانین و نایەڵین لەناو بچن ومەترسە تەنها گەلەکەی و ژنەکەی لەناوئەبەین کە گوێڕایەڵیی حەزرەتی لوت نەبووە و پشتی تێکردووە.
هەرسێ فریشتەی خوای گەورە لەسەرشێوەی سێ گەنجی تابڵێی جوان بەرەو سەدوم ئەکەونە ڕێ، کەدەگەنە ناو گەلەکەوە هەرهەمووداوێن پیسەکان ڕێگایان لێئەگرن و لەهەوڵی ئەوەدان دەستدرێژی بکەنە سەریان، کچێکی حەزرەتی لوت ئەو سێ گەنجە زۆر جوانە ئەبینێت و بەڕاکردن دێتەوە بۆلای باوکی و پێی ڕادەگەیەنێ کەسێ گەنجی زۆر جوان و غەریب ڕوویان لەشارەکەمان کردووە وتاوەکو پیاوە بەدڕەوشتەکان دەستدرێژییان نەکردوونەتە سەر فریایان بکەوە !!!..حەزرەتی لوتیش دەگاتە شوێنەکە و نازانێت کە ئەمان فریشتەن و خوای گەور ە ناردوونی بۆلای ئەو گەلە داوێن پیس و نێربازە، بەلاّم ئەوسێ فریشتەیە باش دەزانن کەئەمە حەزرەتی لوتە و پێغەمبەری خودایە.
حەزرەتی لوت لە فریشتەکان نزیك دەبێتەوەو پێیان ئەفەرمووێت بۆ هاتوونەتە ئەم شارە ئەی نازانن ئەمانە هەرهەموویان دزو جەردەن و نێربازن و داوێن پیسی ئەکەن؟ ئەمان باش دەزانن بەلاّم چاوەڕێی دواین گەواهیدانی پێغەمبەر)لوت(ن، لەسەر گەلەکە بەر لەوەی لەناویان ببەن، ئەوان دەڵێن مەحاڵە بڕۆین و ئێمە میوانی تۆین،

لەگەڵ حەزرەتی لوت دەچنەماڵەوە و کەخێزانی حەزرەتی لوت چاوی پێیان ئەکەوێت و بە نهێنییەوە دەچێت بانگی داوێن پیسەکان ئەکات کەسێ گەنجی زۆر جوان لەماڵەکەی ئێمەن و خێراکەن، ئەو داوێن پیسانە بەڕاکردن بەرەو ماڵی حەزرەتی لوت ڕادەکـــەن،] وجاء أهلُ المدينةِ يستبشرون [مزگێنییان بەیەکتردەدا کەسێ گەنجی زۆر جوان گەیشتوونەتەماڵی لوت و فریایان بکەون !!!!..هەرهەموویان بەڕاکردن بەرەو ماڵی حەزرەتی لوت ڕایان ئەکرد و تەنانەت کارەکانیان جێدەهێشت.

خەڵکە داوێن پیسەکە چواردەوری ماڵەکەی حەزرەتی لوتیان گرتووە و تەمەننای ئەوەدەکەن کە دەستدرێژی بکەنە سەر ئەوسێ گەنجە زۆر جوانە بەڵام نازانن کە ئەو سێ گەنجە جوانە فریشتەی خوای گەورەن و بۆ لەناوبردنی ئەمان هاتوون و لەماڵەکەی حەزرەتی لوت میوانن.

حەزرەتی لوت لەماڵەکەی دێتە دەرەوە و سەیر دەکات بەدرێژایی ڕێگا و کۆڵانەکان ماڵەکەی دەوردراوە و هەرچی داوێن پیس هەیە لەچواردەوری ماڵەکەی کۆبوونەتەوە!!!!...

پێیان دەڵێت ئەی گەلی سەدوم لەخوای گەورە بترسن و دووربکەونەوە تاوەکو سزای سەخت و بەئێشی خوای گەورەتان بۆنەهاتووە، پێیان ئەفەرمووێت] أليس منكم رجلٌ رشيد [ئێوە پیاوێکتان تێدانییە خاوەن غیرەت بێت و پیاوەتی هەبێت؟ بۆ واز ناهێنن؟ و دوورکەونەوە، حەزرەتی لوت ئەیووت) یاقوم هؤلاو بناتی (..... هتد ... مەبەستی کچەکانی شارەکەی وەکو کدووکچەکەی خۆی وان، ئەی ئەوەتا ئەو هەموو کچە چییە لەلاتان؟ بۆ هاوسەرگیریی پێك ناهێنن؟ لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت سزای خوا بۆ هەرگەل و کەسێك بێ هودە نییە گەر مرۆڤەکان نەگەنە ئاستی شیاوی سزا وەرگرتن، ئەو خوای باڵادەست سزایان نادات...

ئەوانیش بەدەنگ هەڵبڕین و گاڵتە پێکردنەوە دەیانووت :نازانیت کە ئێمە پێویستیمان بە ئافرەت نییە و لەسەر ئەم کارە ڕاهاتووین؟ حەزرەتی لوت ترس دایگرت و گەڕایەوە لای سێ گەنجە جوانەکەی کە لەماڵی ئەون و فریشتەی خوان و ئەو نایانناسێت، پێی فەرموون هەرچۆنێك بێت دەبێ خۆتان لەدەست ئەو داوێن پیسانە ڕزگاربکەن، لێرەوە حەزرەتی جبریل دێتە وەڵام و پێی دەفەرمووێت : ئەی لوت ئێمە فریشتەین و نێردراوی خوای گەورەین، حەزرەتی جبریل لەژوورەوە دێتە دەرەوە و دەستێك بۆناو خەڵکەکە ئەوەشێنێت کەلەنزیك ماڵەکەی حەزرەتی لوت گردبوونەتەوە، ڕاستەوخۆ هەرهەموویان کوێر ئەبن و دەستبەجێ هاوار ئەکەن و پڕ دەمیان دەڵێن لوت جادووی لێمان کرد و چاومان کوێربوو!!!!!...

هەرهەموویان بەکوێریی بەدوای ماڵەکانی خۆیاندا ئەگەڕان و دەستیان لەزەوی دیوارەکان دەدا تاوەکو بگەنەوە ماڵەکەی خۆیان !!!..کەواتە دەرەنجامی داوێن پیسی و چاوپیسی و ژیان پیسی کردن گەر دەرەنجامی ئەمە نەبێت ئەوا لەمە خراپترە، تا ئەو کاتەی کوێربوون هێشتا دەڵێن وازناهێنین و بەیانی دێینەوە، هەڕەشەیان لە حەزرەتی لوت کرد کەبەیانی ئەتکوژین و لەناوت ئەبەین، حەزرەتی جبریل بە حەزرەتی لوتی فەرموو] انّ موعدهم الصبح [بەیانی ڕۆژی لەناوچوونیانە و خۆت و دوو کچەکەت زوو لەشار بڕۆنە دەرەوە و ئاوڕ لەدواوە مەدەنەوە، خوای گەورە دەفەرمووێت] الا ال لوط نجيناه بسحر [تەنها لوت و دووکچەکەیمان ڕزگار کردن لەبەیانییەکی زۆر زوودا، دوای دەرچوونی حەزرەتی لوت و دووکچەکەی لەناو سەدوم زەوی لەرزەیەکی توند ڕوویدا و گەلی سەدوم کەوتنە سەر ئەژنۆ، وەك پێشتریش وتمان حەزرەتی جبریل شەش سەد باڵی هەیە هەرباڵێکی بکاتەوە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دائەپۆشێت، نوکە باڵێکی لەزەوییەکەدا و بەرزی کردەوە و لەوکاتە ترسناکەدا هەموویان کوێرن و تەنها لەهاوارکردندان، پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت : تەنانەت دەنگی سەگ و کەڵەشێرەکانیان

گەیشتە گوێی فریشتەکانی خوا لەئاسمانەکان، چونکە لەڕادەبەدەر لەلایەن حەزرەتی جبریل شارەکەیان بەهەموو کۆشك وتەلار و خانووەکانەوە بەرز کرایەوە، ئنجا وەریگێڕایە ئەو دیوییەوە و خەڵکەکەی کەوتنە سەرزەوی و ئەوشارەی کەبەرزی کردبۆوە بۆ ئاسمان دای بەزەویدا، ئنجا خوای گەورە بەردبارانی کردن و هەر تاوانبارە و بەردێکی خۆی بەرکەوت ولەناوچوون.دوای ئەمانیش لە ولاتی ئیتالیا گەلێك پەیدابوون وەکو گەلی سەدوم رەفتاریان دەکرد تاوەکو خوای گەورە هەرهەمووی کردن بەبەرد کەئێستاش شێوە و لاشەی بەردینیان ماوە، چونکە نێربازییان دەکرد وەکو گەلی سەدوم.

ڕۆژێك دادێت ئەو ئەوروپایەش بەدەردی گەلی سەدوم دەچن و لەزەوی ڕۆدەچن، بەهۆی بەکارهێنانی ئەم رەوشتە پیسە زۆربەی ولاتانی ئەوروپی و لەلایەن پەرلەمانەکانیانەوە بڕیاری مارەبڕینی پیاو لەگەڵ پیاو دراو کلێسەکانیشیان ڕێی بەم کارە نەشیاوو پیسەداوە، ئەی ئەوەتە نییە خوای گەورە نەخۆشی ئایدزی بۆناردوون و چەندە بەدەست ئەونەخۆشییەگرفتار و کوشندەن بەبێ ئەوەی بتوانن چارەسەرێکی بۆبدۆزنەوە، ئەم بەسەرهات و چیرۆکەی حەزرەتی لوت بۆ ئەوەیە کەئێمە بەخۆمان دابچینەوە و سنوورەکانی سێکس نەبەزێنین و زیادەڕۆیی نەکەین لەم کارە چونکە خوای گەورە ئەم گەلەی کرد بە پەندو عیبرەتێك بۆ گەلانی دواتریش، بێگومان ئەم نەخۆشیی و ئەم دەردو عیللەتە ڕووبکاتە هەرخێزانێك و هەرکۆمەڵگەیەك و ولات و نەتەوەیەك ئەوا دەڕووخێن وشیرازەی خێزان لەدەست ئەدەن و سزای خوای گەورەیان بۆ دێتە خوارەوە و لەقیامەتیش دەبێت چاوەڕێی سزایەکی زۆر تووندتر بکەن خوای گەورە هەمووڵایەکمان بپارێزێت و هیدایەتیش بەهەمووڵایەکمان ببەخشێت....

شوێن و میحرابی حەزرەتی لوت سەلامی خوای لێبێت

* *

پێغەمبەر ئەیوب / سەلامی خودای لەسەربێت.

وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (83) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ ...(84) الانبياء.

پێغەمبەری پێشەوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت : ئەگەر خودا کەسێکی خۆش بوویت ئەوا بە نەخۆشی یاخود بە گرفت و بە نەبوونی و دەستکورتی و دەرد و بەلا بەسەری دەکاتەوە و تاقی دەکاتەوە ، ئەوەتا کەسێکی تابیعی دوای چەند مانگێك لە پێکهێنانی خێزان و ماڵ ، ژنەکەی داوای تەلاقی لێدەکات ، هاوەڵەکەش دەڵێت شتی

وانابێت و مەحاڵە ، ژنەکەیشی پێی ئەڵێ ماوەی چەند مانگێکە لای تۆم هێشتا نەمبینیوە دووچاری نەخۆشیێك و بەلایەك ببیت ، کەواتە رەنگە خودا تۆی خۆش نەوێت بۆیە داوای جیابوونەوە لە تۆ ئەکەم ...

یەکێك لەو پێغەمبەرانەی بۆتە رەمزی ئەو خۆشەویستییە پێغەمبەر ئەیوبە سەلامی خودای لەسەربێ، ئەیوبێکی ئارامگر و بە حەیا و ئەدەب لەبەر دەم تاقیکردنەوەی خوادا ، ئەیوبێك کەشەرم دەکات لە ئاست نەخۆشییەکەی دەنگ هەڵبڕێت ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ شەکوای حاڵی خۆی بۆلای خوای گەورە بەرز بکاتەوە و بڵێ) انما اشکوا بثي و حزني الی الله (گرنگییەکەی لەوەدایە شەکوای حاڵی خۆت بۆ خوا بەرز کەیتەوە و بەس بەلام ژیرانە و ئاقلانە نەك بە ناشوکری و رازی نەبوون بەقەدەری کردگاری هەموو جیهان.

حەزرەتی ئەیوب نەوەی ئیبراهیمە و لە ئیسحاق پێغەمبەرە ، هەموو پێغەمبەران رەچەڵەکیان بۆ پێغەمبەر ئیسحاق دەگەڕێتەوە تەنها پێغەمبەری ئێمە نەبێت کە رەچەڵەکی بۆ ئیسماعیل پێغەمبەر دەگەڕێتەوە..

حەزرەتی ئەیوب بە سێ پشت ئەگات بە ئیسحاق پێغەمبەر و خوای گەورە ئەم ئەیوب پێغەمبەرەی بۆ) حوران (نارد کە کەوتۆتە شام ، خوای بالادەست هەموو شتێکی لەماڵ و منداڵ و سامان و جوانی پێ بەخشیبوو و تەنانەت چواردە منالی هەبووە ، و دوو ژنیشی هەبووە و خاوەن سامانێکی ئێجگار زۆربووە . هیچ کەم و کورێیکی نەبووە و پارەیەکی ئێجگار زۆری هەبووە و خەڵکان بۆ وەرگرتنی پارە و کۆمەکیی لەو پێغەمبەرە ریزیان گرتووە ، بازرگانێکی ناوداربوو و خزمەتکاری ئێجگار زۆری هەبووە ، بەلام بەخشش و نیعمەتی خوا تاسەر بۆ کەس نییە ، بەلام پێغەمبەر ئەیوب هیچ تاوان و گوناهێکی نەبووە و ناشوکری نیعمەتەکانی خوای نەکرد .. بەلام خودا خۆشی ویست و زیاتر ویستی وابوو تاقی بکاتەوە ، بۆیە لە کاتێکی زوودا هەر چواردە منداڵی مردن و جەرگی سووتا ... بەلام کام کەس لەئێمە ئەو توانایەی هەیە وەکو حەزرەتی ئەیوب بەرامبەر بە لەدەستدانی چواردە منالەکەی سەبرو ئارامیی هەبێت و زیاتر شوکرانەی خودابکات و فرمێسکێك لەچاوییەوە نەیەت ؟

ئەوەندەی نەبرد هیچی نەما و سەروەت و سامانەکەیشی لە دەست چوو ، تەنانەت مێگەل و مەڕ و مالاتی ئەوەندە زۆری هەبووە کەچی دانەیەکیشی نەما و زەوییێکی کشتوکالیشی نەما ، بەلام هێشتا تاقیکردنەوەکانی خوا بۆ ئەیوب ماویەتی و کۆتایی نەهاتووە ، تاوای لێهات دووچاری نەخۆشییێك بوو گۆشت لەلەش و قەدو بالای وەك گەلا هەڵئەوەری!!!

یەکەمجار نەخۆشیەکە پێستی پیرۆزی گرتەوە و رزی و شەقار شەقار بوو ئاوو کێمی لێدەهات و خوێنی لێ ئەتکا ، هەژدە ساڵ ئەم نەخۆشیە بەرۆکی پێغەمبەر ئەیوبی بەرنەدا و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بە ئێش و توندتر دەبوو...

ژنێکی مرد و تەنها ژنێکی مایەوە و جێی نەهێشت و جار جارەش دوو هاوەڵی سەردانیان ئەکرد و لە دوورەوە قسەیان لەگەڵ دەکرد ، تەنانەت لە ناو خەڵك وا بلاو بۆوە کە کەسێك لە ئەیوب نزیك بێتەوە هەمان نەخۆشی روو لە ئەویش دەکات!!!

لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایا ئافرەتێك لەم رۆژگارەدا هەیە هاوتای خێزانەکەی حەزرەتی ئەیوب بێت ونموونەی ئەوی هەبێت و بەدرێژایی هەژدە ساڵ لەنەخۆش کەوتنی مێردەکەی ئۆقرە بگرێت و بەدیارییەوە دابنیشێت و خزمەتی بکات و بۆ ماوەی خولەکێکیش لێی دانەبڕێت؟ کێ هەیە بەدرێژایی هەژدە ساڵ لەجێگاکەی بکەوێت و ئنجا شوکری خودا بکات لەسەر ئەوبەلاو موسیبەتەی بەسەری هاتووە؟ یاخود لەگەڵ نەخۆشیەکەشی ئنجا رێز و خۆشەویستی بۆ خێزانەکەی دەربڕێت و فەرماۆشی نەکات و زیاتر دڵی خێزانەکەی بداتەوە و هێشتا لەسەر نەخۆشییەکەی خۆی رووبکاتە خێزانەکەی وبڵێ ژنەکەم سەبر وئارامیت هەبێت

حەزرەتی ئەیوب لەجێگا کەوتووە و تەواو بێتاقەتی رووی تێکردووە و بەو هۆیەوە کەس نەدوێرا بچێتەلای تەنها دووبرادەرەکەی نەبێت ، بەڵام لەو کاتەدا دڵسۆزترین و دڵنەواترین کەس بۆ ئەیوب علیه السلام خێزانەکەی بوو ، رۆژێك لە رۆژان ئەو ژنە ئۆفێکی نەکردو بەردەوام خزمەتی دەکرد و بە دیارییەوە دادەنیشت.

تەنانەت پێغەمبەر ئەیوب گەیشتە ئەو رادەیەی بەیەکجارەکی کەوتە ناو جێگا و جەستەی پیرۆزی وشك بوو و توانای دانیشتن و نان خواردنی نەما ، سەیری ئەم پێغەمبەرە ئارامگرە بکە وشەیەکی ناشوکرانەی لەدەم دەرنەچوو و هەر دەیووت : الحمدلله ، تەنانەت داوای شیفای نەدەکرد چونکە دەیزانی ئەم بەلاّ و دەردە تاقیکردنەوەیەکی خودایە بۆ ئەو...

دەردو بەلاّکەی ئەیوب درێژەی کێشاو ژنەکەی پێی وت : بۆ دوعا ناکەی بۆ داوای شیفا لەخودا ناکەیت ئەی تۆ پێغەمبەر نیت خۆ نزای تۆ گیرایە؟؟؟ .. پێغەمبەر ئەیوبیش رووی لە خێزانەکەی کرد و فەرمووی : چەند ساڵ لە نازو نیعمەتدا بووین ؟ خێزانەکەی وتی : هەشتا ساڵ .. فەرمووی چەند ساڵە لەناو جێگا کەوتووم و نەخۆشم ؟ وتی : هەژدە ساڵ ، فەرمووی کەواتە هێشتا نەگەیشتۆتە شەست ساڵی تەمەنی پڕ لەناز و نیعمەتەکانم ... تاوەکو داوای شیفا لە خودا بکەم و سەبر بگرە هێشتا زووە ، دواتر خێزانەکەی حەوسەڵەی نامێنێت و بێزار بوونی خۆی دەخاتە روو...

زۆرجار دوعا ئەکرێت بۆلابردنی نەخۆشییێك یاخود ناخۆشییێك، بەلاّم وەلاّمدانەوەی لای خوای گەورە دوا ئەکەوێت و لەدنیادا گیرای ناکات و بەو هۆیەوە کەسی داواکار بێ ئومێد دەبێت و سەبری نامێنێ، باش بزانین هەرکەسێ نەخۆش بێ و نزا بکات ئەوا نزاکەی لای خوای گەورە قەبوڵە چ لەدنیا بێت یاخود لە قیامەت، و هەرکەسێکیش نەخۆش بێت لای خوای گەورە و میهرەبان خۆشەویستە، هەرکەسێکیش نەخۆش بێت و ئارامگربێت و ناشوکریی نەکات، و گەر چاك بێتەوە، ئەوا گوناهەکانی وەکو گەلاّی دار هەڵئەوەرێت و خوێن و گۆشتەکانی جەستەشی لەجاران پاکتر و چاکتر شوێنی خۆی ئەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەرهاتوو مردیش ئەوا بەبێ گوناهو تاوان سەرئەنێتەوەو بەدیداری پەروەردگاری شاد ئەبێت.

زۆرجاری واش هەیە خوای گەورە نزاکانمان دوا دەخات بۆتاقیکردنەوەمان یاخود وەکو پێغەمبەری ئازیز دەفەرمووێت :کاتێ بەندەیەك لەخوای گەورە ئەپاڕێتەوە خوای گەورەش وەلاّمی ناداتەوە و فریشتەکانیش ئەڵێن : ئەی خوایە بۆ وەلاّمی نادەیتەوە؟ خوای گەورەش دەفەرمووێت : پێم خۆشە گوێم لە دەنگی بێت و نزاو لالاّنەوە و موناجاتم بکات چونکە زۆرم خۆش ئەوێت، دواتر زیاتری ئەدەمێ و زیاتریش پێی دەبەخشم...

پێویستە بیرمان نەچێت دنیا بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە هاتۆتە بوون، بەهەموو شێوازێك تاقیی ئەکرێینەوە)خۆشی و ناخۆشیی (و بە) سوپاس و ئارامگری (سەردەکەوین و بەر رەحمەت و بەخشش خاوی گەورە و میهرەبان ئەکەوین.

پێغەمبەر ئەیوبیش رووی تێدەکات کە شەرت بێ سەد دارت لێبدەم لە بەرامبەر ئەو درکاندنەت ، پێغەمبەری پێشەوا دەفەرمووێت ئەوکەسە لای خودا خۆشەویستە کەرازی بێت بە بوون و نەبوون و بەرابردوو و ئایندە و یەقینی هەبێت کە لەهەموو کات و ساتێك خودا رەقیبە بەسەریەوە و لێی بێ ئاگا نابێت.

پێغەمبەر ئەیوب هیچ شتێکی نەما پێی بژێیت و هەموو دەرگایەکی لێداخرا ، تەنانەت ژنەکەی جووتیاری بۆ خەڵك ئەکرد بە مەبەستی کۆکردنەوەی خۆراك و پارە بۆ حەزرەتی ئەیوب ئەوەیشیان نەما ... ئەم ژنە هەر کۆڵی نەدا ، رۆژێك لەرۆژان خواردن دێنێتە پێش پێغەمبەر ئەیوب و حەزرەتی ئەیوبیش رووی تێدەکاو لە چۆنیەتی پەیداکردنی خواردنەکە پرسیاری لێدەکات ، ئەویش دەڵێ پەیدام کردووە و ئەم دیاردەیە چەند هەفتەیەك

دەخایەنێت ، دیسان حەزرەتی ئەیوب لە چۆنیەتی دەستکەوتنی خواردنەکە پرسیار دەکاتەوە و خێزانەکەیشی نهێنی پەیداکردنی خواردنەکە باس دەکات ، کە کەزییەکانی قژی بڕیوە و فرۆشتوویەتی تاوەکو خواردن بۆ ئەو پەیدا بکات ، خێزانی پێغەمبەر ئەیوب قژێکی زۆر درێژی هەبووە وکردوویەتی بە کەزی و بەسەر سەرییەوە ئالآندوویەتی ، بەم هەواڵە حەزرەتی ئەیوب دڵگران دەبێت کە چۆن قژی ئەو خێزانەی کەوتۆتە بەر دەستی کڕیارێك بەمەبەستی پەیدا کردنی خۆراك بۆ ئەو!!!...

جوانیی ئافرەت یەکێکە لەنیعمەتەکانی پەروەردگار، یەکێك لەو جوانیانەش قژەکەیەتی ...مافی خۆیەتی جوانی بکات و بیڕازێنێتەوە و دڵی پێ خۆش بێت، بەڵام ئاخۆ بەکارهێنانی ئەم جوانییە و دەرخستنی بۆ هەموو کەسێکە و لەهەمووکاتێکیش؟ بۆخوای گەورە فەرمانی کردووە کەئافرەت دەبێت قژی دا پۆشێت؟ تۆ بڵێی ئەم فەرمانە زیان بە جوانیی ئافرەتەکەوە بگەیەنێت؟ یاخود لەخۆشەویستیی و ڕێز ڕاگرتنی ئافرەتەکەوەیە؟ بێگومان پەروەدگاری مەزن فەرمانی بەکارێك کردبێت بۆ ئێمە، جێبەجێکردنی مایەی بەختەوەریمانە لە دنیا و لەدواڕۆژ ....کەواتە نەکەی ئەم فەرمانە پشتگوێ بخەیت و بەسووکیی بزانیت، بزانە خێزانەکەی حەزرەتی ئەیوب بەکوێ ئەگات؟!!!!!

ئا لێرەدا حەزرەتی ئەیوب سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەفەرمووێ] ربی انی مسنی الچر وانت ارحم الراحمین [ئەم نزایەی حەزرەتی ئەیوب دوای هەژدە ساڵ بۆ نەخۆشییەکەی نییە بۆ ئەو موسیبەتە نییە کە بەسەری هاتووە ، بۆ لە دەستدانی ژنەکەی و چواردە مناڵ و سەروەت و سامان و ناز و نیعمەت و بازرگانییەکەی و خزمەتکارەکانی نییە ، بەڵکو بۆ خستنە دەرەوەی قژی خێزانەکەیەتی و خەم و خەفەتی لەوە خوارد ، تەنانەت دوعای نەکرد خودایە بابەس بێت ئەم نەخۆشیە و بەتەنها ئەو نزایەی کرد...

ئەم خەم و خەفەتەی ئەیوب بۆ نەوەکانی دوای خۆیەتی کەترسی لەوە هەیە رۆژگارێك دابێت خوشکان و ئافرەتان سەرپۆش نەبن و قژیان بەدەرەوە بێت کە هۆکارێکە بۆ) فیتنة و فةساد (کە لەم رۆژگارەی ئەمڕۆمان تێیکەوتووین .

ئەوەتا خودا بە پێغەمبەرمان رادەگەیەنێ) واذکر عبدنا ایوب (نالێ پێغەمبەرەکەم بەڵکو بەبەندە ناوی دەبات ، بۆ ئەوەی خەڵکان پەند و عیبرەت لە سەبر و ئارامگریی ئەو وەربگرن ..

بەڵێ دوای نزاکەی ئەیوب خودا فەرمووی) فستجبنا لە (بەبێ دواکەوتن وەڵامی دایەوە و نزاکەی گیرا کرد ، و راستەوخۆ خودا فەرمانی بە حەزرەتی ئەیوب کرد) بڕۆ بۆ شوێنێك پێیەکانت لە زەوییەکە بدە و ئاوێك دێتە دەرەوە و دەستبەجێ لە نەخۆشییەکەت رزگارت دەبێت ، و فەرمانی خودای بە جێ هێنا و وایکرد ، ئاوەکە دوو جۆر بوو) مغتسل و شراب (بۆ خۆشۆردن و خواردنەوە کە شیفای بە حەزرەتی ئەیوب بەخشی.

لەگەڵ خۆشۆردن نەخۆشیەکانی جەستەی نەماو چاك بۆوە لەکاتی خواردنەوەی ئاوەکەش هەموو لەشی چاك بۆوە ..

پاشان خودای گەورە کوللەیەکی ئێجگار زۆری بۆلای پێغەمبەر ئەیوب نارد بەڵام چ کوللەیەك کە هەمووی زێڕ بوون و هەرهەموو کوللەکان جەستەی حەزرەتی ئەیوبییان دا پۆشت چونکە لە کاتی خۆشۆردن بە ئاوەکە جەستەی رووت بوو، پێغەمبەر دەفەرمووێت پاشان ئەیوب پێغەمبەر کوللە زێڕەکان کۆ دەکاتەوە و دەبیات و خوداش پێی دەفەرمووێ : ئەی ئەیوب بەس نییە نیعمەتی زۆرم پێبەخشیوی ؟ پێغەمبەر ئەیوبیش دەفەرمووێ : جا خودای گەورە کەسێك هەیە لە ناز و نیعمەتەکانی تۆ تێر بێت ؟؟؟ پاشان بەرەو ماڵ گەڕایەوە و خێزانەکەی بەمە ئاگادارنییە و وەکو جاران گەنج بۆوە و نەخۆشی لە رووخسار و لەشی نەما ، لەژوورەکەی جارانی دادەنیشێت و خێزانەکەی دێتەوە ماڵەوە و دەچێتە ژوورەوە و چاوی پێدەکەوێت و دەگەڕێتەوە دواوە و ئەترسێت و پرسیاری لێدەکات کە کوا ئەو پیاوەی لەو

جێگایه ساڵانێکه کەوتووه و نەخۆشی بەرۆکی بەر نەداوه ؟ حەزرەتی ئەیوبیش دەفەرمووێ : کێیە ئەو کەسە ؟ خێزانەکەیشی دەفەرمووێ : لە کاتی لاوێتیدا شکڵ و شێوەی هەرلەتۆ دەچوو !!!!

پێغەمبەر ئەیوبیش پێدەکەنێ و دەڵێ من ئەیوبم !!! ئەوکاتە کە حەزرەتی ئەیوب دووچاری نەخۆشیکە بوو تەمەنی هەشتا ساڵان بوو ، دوای چاك بوونەوەی خوای گەورە تەمەنی گەڕاندەوە تافی لاوێتی .. ئیبن عەبباس لە پێغەمبەر دەگێڕێتەوە کە بەویست و فەرمانی خودای گەورە خێزانەکەی حەزرەتی ئەیوبیش وەکو ئەو هاتەوە تەمەنی لاوێتی !!!

هەروەها ناز و نیعمەت و سامانەکەی بۆ گەڕایەوە ، کەبەخششی خودا بوون ئەویش کولله ئاڵتوونیەکان کە لە کاتی خۆشۆردن بە ئاوەکە لەلایەن خوداوە بە دیاری بۆی هات ، بۆئەوەی سوێندەکەی لەسەر نەکەوێت کە بە خێزانەکەی وت دەبێ سەد دارت لێبدەم بەفەرمانی خودا سوێندو شەرتەکەی هێنایە جێ کە خودا فەرمانی پێکرد لە بری سەد دار سەد پووشو پەلاشی داری لێبدات نەوەکو ئازاری پێ بگات ... لەریوایەتێدا هاتووە کە حەزرەتی ئەیوب پاش ئەو هەموو تاقیکردنەوەی خوای گەورە بەرامبەری و لەبەرامبەر سەبر و ئارامییەکەی خوای گەورە بیست و شەش کوڕی پێ بەخشی و یەکێك لەکوڕەکانی بوو بە پێغەمبەرکە ئەویشیان حەزرەتی) ذوالکفل (بووە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، بۆیە بەم نازناوە ناسراوبووە چونکە کەفالەتی هەمووکەسێکی کردووە و تەنانەت لەشەونوێژەکان و رۆژووەکاندا بۆتە کەفیلی خودی خۆی و خەریکی بانگەواز و چاکسازی بووە لەناو گەلەکەیدا.

ئەم هەموو نیعمەت و بەخششەی خوایە بۆچی؟ چونکە حەزرەتی ئەیوب زۆر ئارامگر و لەسەرخۆبوو بەرامبەر بەنەخۆشییەکەی و رۆژێك لەرۆژان ناشوکری خوای گەورەی نەکردو هێشتا ئیستغفار و تەسبیحاتی خوای دەکرد.

*هەرکەسێ نەخۆش و دەردە دارە، هەرکەس بێ بەشە لە نازو نیعمەتی دنیا و خوای گەورە بەشتێك لەشتەکان تاقیی کردۆتەوە، خەیاڵ نەکەیت خوای گەورە رقی لێتە، پێغەمبەر سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت دەفەرمووێت] إذا أحب الله عبدا ابتلاه [گەر خوای گەورە کەسێکی خۆش بووێت ئەوا تاقیی دەکاتەوە.

*سەروەت و سامان و ماڵی دنیا موڵکی ئێمەنین و رۆژێك دادێت بەجێی دەهێڵین و لەدەستی ئەدەین، چونکە ئەوەی لەبەردەستماندایە هەرهەمووی موڵکی پەروەردگارە و هیچی هی ئێمەنییە، گرنگ ئەوەیە لە پێناوی خوای گەورە سەرفی بکەین و بەفیڕۆی نەدەین و وانەکەین سڵ لەحەرام و حەڵاڵ نەکەینەوە.

*گەر دڵنیابووی رزقەکەت کەسێك نایخوات و کەسێکیش دەستکاری ناکات و کار و کردەوەکەت بۆ کەسێك نییە، ئەوکات لەبەندایەتی دنیا ودینار دەردەچێت و بەندەیەکی راستەقینەی خوای خۆی دەبێت و بەختەوەر و سەرفراز ئەبێت.

* * *

پێغەمبەر یونس سەلامی خودای لەسەر بێت:

وَذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ (87) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ..(88) الانبياء.

هەر کاتێك باسی پێغەمبەرێك دەکرێت ئەوا دەبێ بزانین کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە تەواوە و نوقسانی نییە بەرامبەر بەو پەیامەی خوای گەورە بۆی ناردووە تاوەکو ئەویش بەخەڵکی بگەیەنێت، جگەلەوەی سەرجەم پێغەمبەران مەعسومن لەگوناح و دوای پێغەمبەران هیچ خەلیفە و جێ نشینێك مەعسوم نین لەگوناح و تاوان، ئەگەر خەڵکان کەسێك بکەن بەبەرز و لوتکە ئەوا مەرج نییە ئەو کەسە مەعسوم بێت لەگوناح، چونکە مرۆڤەکان و پیاوچاکان و پێشەواکان هەرهەموویان لەدەرەوەی ئەو مەعسومەدان، و یەکێکی تر لەسیفەتی پێغەمبەران پێشەنگییە و پێویستە هەمووماں بیانکەین بە قودوە و پێشەنگ و سەرمەشقی، جگە لەوەش مرۆڤ دەکرێت بە پێشەنگ وەك ئەوەی گوێ بۆ راسپاردەکانی بگریت و بەگوێی ئامۆژگارییەکانی بکەیت، بەلام دەبێ پێش خەڵکانی تر خۆی جێبەجێی بکات و پەیڕەوی بکات، لەوکاتەدا تۆبۆت هەیە بڕیارو راسپاردەکانی بەجێ بگەیەنیت، بۆنموونە :لەقوتابخانەیەك و لەپۆلێکدا مامۆستایەك بۆ ماوەی مانگێك قوتابیەکانی بخاتە ژێر چاودێرییەوە و پێیان بڵێت کامتان ئاقڵ و ژیربێت دەیکەم بە چاودێر وپێشەنگ بەسەر قوتابییەکانی تری پۆڵ، دەبینیت سەرجەم قوتابیانی پۆڵەکە و هەرکەسە و لەشوێنی خۆی دەبێت بەپەپوولەیەك و بەبێ دەنگی و ئاقلانە لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێت .کەواتە مامۆستاکە کارێکی باشی کرد و قوتابیەکان گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکەی بوون، ئەی ئەگەر قوتابییێکی پۆڵەکە بەپێشەنگ و چاوێر هەڵبژێردرا و قوتابیەکانی تر بەگوێیان کرد ئەوا ئەویش بەهۆیەوە خێرێکی دەست دەکەوێت وداوی مردنیش ئەو مامۆستا و قوتابیە خێریان پێ ئەگات، بەلام ئەگەر کەسێك خۆی بەپێشەنگ بزانێت و زار و زمانێکی خراپ و جنێوئاسای هەبێت و تۆ بەگوێی بکەیت و وەکو ئەو بکەیت ئەواوەکو ئەو خراپەت بۆحیسابە سەرباری گوناهی زیاتر بۆئەو، بۆنموونە :ئەگەر منالێك لەباوکییەوە فێری جنێوو قسەی ناشیرین بێت ئەوا گوناهەکە بۆ باوکەکەی و بۆخۆیشی ئەگەڕێتەوە.بشزانین لەدوای مرۆڤ دووشت بەجێدەمێنن ئەوانیش) صدقة جارية و سيئة جارية (ن، خراپەکەش روون و دیارە وەکو ئەوەی کچێك لەبازاڕدا جل وبەرگی خراپی پۆشیبێت و لەشی بەدەرەوەبێت و کچێکی تر چاو لەوبکات و مۆڵەت لەباوکی وەربگرێت کەرێگەی بدات جلی هاوتای ئەو بپۆشێت، باوکەکەی رێگەی بدات ئەوادەقات گوناهی زۆرتر بۆکچکەی یەکەم ئەنووسرێت کەکچەکەی دووەم چاوی لێکردووە و جلی وەکو ئەوی پۆشیوە، یاخوددایکێك لەماڵەوە بەشێوەیەکی خراپ منداڵەکەی پەروەردە بکات ئەوا دوای مردنی دایکەکە دەهەندە گوناهوخراپە بۆ دایکەکە ئەچێت.

بالێرەوە بڕیاربدەین لەسەرەتای تەمەنمانەوە ببین بە پێشەنگ و قودوە بۆ خەڵکان و وابکەین هەمووڵایەکمان) صدقة جارية (کە بکەینەسەرمەشقی ژیانمان لەجووڵە وهاتن وچوونمان و هەڵس و کەوتمان بەرامبەر بەخەڵکان بەڵکو بەهۆی ئێمەوە هیدایەت روویان تێبکات و دوای مردن و دەرچوونمان لەم دنیایە خێر و چاکەمان بۆبێت لەبری خراپە.

لێرەوەش سەیربکە پێغەمبەری ئازیزمان یەکەم شت کە هەڵیبژارد پێشەنگ و قودوە بوو، وەکوهەڵبژاردنی پێشەوا ئەبوبەکری راستگۆ لەشوێنی خۆی تاوەکو ببێت بە ڕێنمایی بەخش بە هاوەڵان و یارانی پێغەمبەر، جگەلەوەی

پێغەمبەری پێشەوا دوعای کرد و فەرمووی خوایە ئیسلام بەیەکێك لەم دوو عومەرە سەربخەیت کە ئەوانیش ئیمامی عومەر و ئەبو جەهل بوون، دوعاکەی هاتە جێ و بەهۆی ئیمامی عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای گەورەی لێبێت ئیسلام سەرکەوت و بووبەئاییینی فەرمی هەموو جیهان لەچاو ئاییینەکانی تر، بۆچی خودا هیدایەتی عومەری داو، بووبە پێشەنگ و قودوەی موسڵمانان؟ چونکە ڕۆژێك لەڕۆژان پەنای نەبردبووە بەر خراپەکاری و زیناو حەرام خواردن و کەسێکی پاك بوو.

هەروەها) صهیب الرومي (گەنجێکی جوان و دەوڵەمەند، لەوڵاتێکی دوورهاتوو بۆ مەککە و مەدینە بوو بە پێشەنگی هاوەڵەکان، ولەولایشەوە (بلال بن رباح) کەسێکی حەبەشی و بەندەی ژێر دەستی ئوممەییەی ستەمکار دەبێت بەپێشەنگی بەندەکان !!...جگەلەوەی ئەم پێغەمبەرە هاوەڵێکی ڕەوانەی شارێك دەکرد بۆ بانگەواز و بانگکردنی خەڵکی دواتر ئەم هاوەڵە بە سێ هەزار کەسەوە دەهاتەوە خزمەت پێغەمبەری پێشەوا سەلات و سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، ئێمەش هەرکەسە و لەڕاستەخۆی بابیێت بە قودوە و پێشەنگ بەنموونەی ڕەوشتی جوانی و بەجل وبەرگی و بەئاکار و ڕەفتاری، با لەکۆلێژ و لەقوتابخانە و لەفەرمانگە ببین بە نموونە وپێشەنگی کەسانی دەوروبەرمان و گوفتار شیرین بین و ڕەفتار باش بین، یاخود لەماڵەوە باوکێکی ریش سپی وپشت چەماوەی نەخوێندەوار بۆتە مایەی بەرەکەت بۆ ماڵەکەی بە پەروەردەکردنی مناڵەکانی، کەمناڵەکە خاوەن ڕەوشت و پەروەردەیەکی جوان بێت، ئەوا وەك پێغەمبەری ئیسلام فەرموویەتی لە ڕۆژی دوایی ئەم مناڵە دەبێت بە) صدقة جارية (بۆ ئەوباوکە و لە ئازار و ناڕەحەتیەکانی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریی دەبێت .

بالێرەوەش ژیان وبەسەرهاتی گەورەترین و پێشەنگترین پێغەمبەری خوا بخوێنینەوە کەئەویش حەزرەتی) یونس (د، سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت.

لەشوێنێکدا بە ناوی نەینەوا کە کەوتۆتە باکووری عێراق گەلێك هەبوون بە بەردەوامی خەریکی شیرك و تاوان و گوناح بوون ، هەندێ لە زانایان دەڵێن ژمارەی ئەو گەلە سەد هەزار کەسێك بووە و هەندێکی تریش دەڵێن زیاد لە سەد هەزار کەس بووینە و نزیکەی سەد و حەفتا هەزار کەسێك بوون ، خوای گەورە بۆ ڕێنمایی و هیدایەتی ئەم گەلە پێغەمبەرێك دەنێرێت بە ناوی یونس علیه السلام ، وەك فەرموویەتی] وارسلناه الى مائة الف او يزيدون. [

حەزرەتی یونس سەلامی خوای لەسەر چەندین ساڵ لەناو ئەو گەلە مایەوە و بە هەموو شێوەیەك بانگەوازی لەگەڵ کردن ، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو چونکە گەلەکەی نەینەوا زۆر سەرەڕۆ و سەرسەخت بوون و گەیشتە ئەو رادەیەی ڕووبەڕووی حەزرەتی یونس بوونەوە و گیرایان کرد . لێرەدا حەزرەتی یونس زۆر خەمبار و بێ تاقەت دەبێت و خودا وەحی بۆنارد و پێی فەرموو ئاگاداری گەلەکەت بکەوە ئەگەر تا سێ ڕۆژی تر باوەڕ نەهێنن ئەوا توندترین و بەئێش ترین سزاتان بۆ دەنێرێت.

حەزرەتی یونس هەموو خەڵکەکەی کۆکردەوە و ئاگادار کردنەوەکەی خودای پێ ڕاگەیاندن و گوێیان لێ نەگرت و دوایی جێی هێشتن] فاذالنون اذ ذهب مغاضبا .. [لەگەلەکەی توڕە بوو و ڕێی دەریای گرتە بەر ... دوای سێ ڕۆژ لە ئاگادار کردنەوەکەی یونس سەلامی خودای لەسەر هەورێکی ڕەش سەرتاپای ناوچەی گەلەکەی گرتەوە بەڵام چ هەورێکی ڕەش و ترسناك ، وتیان خۆ بڕیارەکەی هاتە جێ!!!..

چاکسازان نابێ بەئاسانی واز لە ئامۆژگاری دەوروبەریان بێنن، مەرج لە بەراییدا خەڵکان بەگوێت بکەن بگرە زۆرجار دژایەتیشت ئەکەن و گاڵتەت پێ ئەکەن، یەکێ لەو نەخۆشییانەی کە) بەنی ئیسرائیل(ی، لەناوبرد وەکو

پێغەمبەری پێشەوا نەفەرمووێت) ئەمڕۆ فەرمانیان بە چاکە ئـەکرد و بـەیانیش پـشتگوێیان ئەخـست و وازیـان لێدەهێنا (!!!..کەواتـە نابێـت کەسـێك دەستەوسـان دابنیـشێت لەوکاتـەی هـەڵگری پـەیامی خـوای گـەورە و پێغەمبەرەکەیەتی، و بەدیار ئەوخەڵکەوە دابنیشێت و سەیریان بکات و بڵێت چیان بەسـەردێت ونایـەت ئـارەزووی خۆیانە .سەیرکە حەزرەتی یونس بەبێ پرسـی خـوای گـەورە گەلەکـەی جـێ هێـشت و دواتـر دەکەوێتـە ناوسـکی نەهەنگێکەوە، بۆیە لەفەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستدا هـاتووە) یـا ئـەوەتا فـەرمان بەچـاکە ئەکەننـەهی لەخراپە ئەکەن، یا ئەوەتا خوای گەورە سزای بە ئێشیان بۆدەنێرێت و بەو هۆیەوە لەناودەچن.
ئەمڕۆش هۆکاری ئەنجامدانی ئەو کارە گرنگ و پیرۆزانە زۆر ئاسانە و دەتوانی لەڕێی هۆکارەکانی بینین و بیـستن سوود و کەڵك بە خەڵکان بگەیەنیت و دەتوانیت لەبواری راگەیاندن وەکو ئینتەرنێت و دەنـگ و ڕەنـگ و تەنانـەت بەجل و بەرگیشتەوە دەتوانیت چاکەیەك بلاو بکەیتەوە وسـوودێك بـەو خەڵکـە بگەیـەنیت، کەئەمـەش ئـەرکیی سەرشانی هەموو کەسێك و بانگخوازێکە.
فەرمانڕەواکانی نەینەوا هەموو خەڵکەکەیان کۆکردەوە و ترسان و وتیان بـا بەکۆمـەڵ تۆبـە بکـەین و ئیـستغفار بکەین ، چونکە هەواڵی لەناو چوونی گەلانی پێشی خۆیان دەزانی وەکو گەلی عـاد و گـەلی لـوت .. هـەر هـەموو خەڵکەکە بە لێشاو روویان لە چۆڵەوانی کرد و جل وبەرگی بەریان بەراوژوور کرد و لە پڕمەی گریانیاندا ، کە لە بیابان و چۆڵەوانییەکە بە کۆمەڵ دەستیان بە تۆبە کرد خودای گەورەش تۆبەکەی قـەبووڵ کـردن و گـیرای کـرد و هەورە رەشکەش نەماو رۆیشت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کاربەدەستان و کەسانی خاوەن بڕیار کاریگەرییان لەسـەر میللەتەکەیان هەیە، بەخۆداچوونەوە و هەڵوێستە بۆهەڵەکان و مومارەسەی خراپ لەژیان سـەرەتای سـەرکەوتنە، دانانان بەهەڵە و تاوان و پەشیمان بوونەوە نیشانەی گەورەیی و دڵسۆزییە بۆ میللـەت، هـەر نەتەوەیـەکیش لـەو ئاستەدا نەبێت گوناهو تاوان ئەنجام بدات و دەسبەرداری نەبێت و چاو لە سەرکردە و دەسەلاَتدارەکان بکات ئـەوا خوای گەورەش بەوهۆیەوە دەرووی خێریان لێناکاتەوە و بەبەردەوامی دەسـەلاَتداری سـتەمکار فەرمانڕەوایـەتییان بەسەردا ئەکات و دەیانچەوسێنێتەوە، تێبینییێکی گرنگ لەم ڕووداوەدا هەیە ئەویش ئەوەیـە :هـەرکاتێك گونـاهو تاوان لەدەستی ئێمە ڕوویدا هەرلەوشوێنەی کە هەڵەو گوناهو تاوانەکـەمان تێیـدا ئـەنجام داوە ئـەوا پێویـستە دەستبەجێ تۆبە بکەین و داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکەین و بۆکاتێکی تری دوانەخەین.
حەزرەتی یونس سەلامی خودای لەسەر لەناویان نەماوە و لەو بڕوایە دایە گەلەکەی نغرۆ بوون و هەرهەموویان بەر سزای خودا کەوتوون ، پاشان حەزرەتی یونس بەرەو کەشتێکی گەورە کەوتە ڕێ ، کەشتیە زەبەللاحەکە گەشـتیار و خەڵکێکی زۆری هەڵگرتبوو لەوکاتەشدا باوبۆران و شەپۆلێکی گەورە هەڵیکرد و خەریك کەشتییەکە نقـومی دەریـا بێت، لەترسی نقوم بوونی کەشتیەکە تاخمی کەشتیەکە بڕیاریاندا هەندێك لەکەل و پەلەکانی سـەر کەشـتیەکە بخەنە دەریاوە و فڕێی بدەن.
ئەمجارە وتیان سوودی نییە و با هەندێ لەسەر نشینەکان هەڵبدەینە ناو دەریاوە ، کۆمەڵێك داریان هێنـاو نـاوی هەرهەموو سەرنشینەکانیان لەسەر نووسی و کردیان بە تیرو پشك تاوەکو یەکێك هەڵبدەنە دەریـاوە و یەکـەم دار راکێشرا ناوی حەزرەتی یونس دەرچوو کە دەبێ فڕێ بدرێتە دەریاوە.
لەوکاتەدا یەکێك حەزرەتی یونس ئەناسێتەوە و دەڵێ ئەمە پێغەمبەرە و کەسێکی ساڵحە با لەناومان بمێنێتەوە ، بە گوێی دەکەن و دیسان دەست دەکەنەوە بە تیر و پشك بۆ جارێکی تر هەرناوی حەزرەتی یونس دەردەچێتەوە !!! و جاری سێیەمیش بە هەمان شێوە کە لە کەشتییەکە دەرئەکرێت لەیەکەم هەنگاوی کەوتنە ناو ئاوەکـەوە ئەکەوێتـە

دەمی ماسێکی گەورە ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموویت خودای گـەورە راسـتەوخۆ فـەرمانی بـە ماسـییە گەورەکە کرد کە نەگۆشتەکەی برژێنێت نە ئێسقانەکانیشی ورد بکات و بەڵکـــــــــو بیهێڵەوە لەلای خۆت.
هەندێك لە زانایان دەڵێن سێ رۆژ لە ناو سکی نەهەنگەکە مایەوە و لەوشوێنە حەزرەتی یونس هەستی بە تـاریکیی کرد و پێیەکانی جوولاند و کڕنووشێکی بۆ خودا بردو فەرمووی خودایە لە شوێنێك کڕنووش بۆ گەورەیی تۆ دەبەم کە تائێستا کەسێك لە شوێنێکی ئاوا کڕنووشی بۆت نەبردووە.. گەنجەکان تکایە لەیادتـان نەچـێت لەهـەر شـوێنێك بوون ئەتوانن خواپەرستی بکەن، دەتوانی بەلاشە و بەچاوو دڵ و هەست و بیر کڕنـووش بۆخـوای گـەورە ببـەیت و پەرستشەکەت بەجێ بگەیەنیت، هیچ کاتێ سڵ نەکەیتەوە و شەرم نـەتگرێت ونـەڵێیت :شـەرم دەکـەم لەوشـوێنە عیبادەتەکەم بەجێ بگەیەنم، نەخێر بۆتۆ زۆر ئاسایی بێت شوێنەکە بەکار بهێنیت بەمەبەستی یاد و زیکرکردنـی خوای گەورە، کاتی دەست بەتاڵی مەهێڵە و بەفیڕۆی مەدە و دڵەکەت بەخوای گەورەوە ببەستە...
حەزرەتی یونس هەستی بە هەڵەکەی خۆی کرد کە نەدەبووایە جێی هێشتبان بەر لە سێ رۆژەکـە و بۆیـە لـە نـاو ســــکی نەهەنگەکە یەکسەر پەشیمانی رووی تێکردو سەری بردە کڕنووش بۆ خودا بـەڵکو لێـی خـۆش ببێـت لـە بەرامبەر ئەو هەڵەیەی کە کردی ، لەوکاتە حەزرەتی یونس گوێی لە چپە چپی ماسـییەکانی نـاو دەریـا دەبێـت و خوداش وەحی بۆ دەنێرێ کە ئەم هەموو مەخلوقاتەی دەریا تەسبیحاتی من دەکەن.
دەستبەجێ حەزرەتی یونسیش لەناو سکی نەهەنگەکەدا دەست دەکات بە تەسبیحاتی خودا و دەفەرموویت] لااله الا انت سبحانك انی کنت من الظالمین . [بەدرێژایی ئەو سێ رۆژە و لەناو سکی نەهەنگەکە هەر ئـەو نزایـە دەکـات و دەلاڵێتەوە بەڵکو خودا لێی خۆش ببێت ، پاشان خودای گەورە دەفەرموویت] فاســـــتجبنا له و نجیناه من الغم و کذلك ننجی المؤمنین [و دواتر بەفەرمانی خودا نەهەنگەکە لەدەمی یـونس پێغەمبـەری فڕێدایـە دەرەوە و کەوتـە نزیك بیابان.
زۆر کەس وائەزانن تەنها ئەمە بۆ پێغەمبەرانە بەپێچەوانەوە هەرلەبەر ئەمەیە بەشێوەی) عملی (کرداری خـوای گەورە چۆنیەتی سەرکەوتن و رزگاربوون و هتد ....بۆ پێغەمبەران ئەهێنێت و بـەو هۆیـەوەش دڵـەکانمان ئـاودێر دەکات...
بەسەرهاتێك:
پیاوێك باسی خۆی گێڕایەوە و وتی : لەساڵی1988 ی زایینـی پێـشمەرگەبووم لەگـەڵ پۆلێـك لەهاوەڵـەکانم لەسنووری پێنجوین و نزیك سنووری ئێران، کەوتینە بۆسەیەکی سوپای عێراقی و هەوڵماندا هەرچۆنێك بێت خۆمان لەدەست بەعسییەکان رزگاربکەین و خۆمان بەدەسـتەوە نـەدەین، ئێمـە بـەرەو لوتکـەی شـاخەکان ئەڕۆیـشتین و لەوکاتەشدا بەفرێکی ئێجگار زۆر دەباری و کەش و هەواش لەرادەبەدەر ساردبوو ...
لەوکاتەدا یەکێك لەهاوەڵەکانم هەڵخلیـسکا و کەوتـە خـوارەوەی دۆڵێـك لـەخوا دۆڵەکـەش خـاڵیکی چـاودێری سەربازانی بەعس هەبوو، هەندێك لەبرادەرەکانم وتیان جێی بهێڵین باشترە و ئەو بەتەنها بمرێت چاکترە نەوەك هەرهەموومان!!!.
ئەم دەگێڕێتەوە و دەڵێت : من گوێم بەقسەی برادەرەکانم نەداو چەندەی کردم ویژدانم ڕێی پێنەدام ئەو بـرادەرەم جێ بهێڵم کە کەوتە دۆڵەکەوە، پێـشم وتـن : ئەگـەر بـڕۆن مـن بـەهیچ شـێوەیەك جێـی نـاهێڵم و دەیخەمـە سەرشانەکانی خۆمەوە و رزگاری ئەکـەم، بەهـەرحاڵ چـوومە خـوار دۆڵەکـەوە و برادەرەکـەم هـەڵگرتوو خـستمە سەرشانەکانمەوە و بەتەنها رۆیشتم لەبەرئەوەی پێشمەرگەکانی تر جێیان هێشتین و خۆیان رزگار کرد !!!..تینـی

سەرما و سۆڵە و زامدار برادەرەکەم ماوەی نەداین خۆمان رزگاربکەین و بەناچاری خۆمان گەیاندە خاڵی چاودێری سەربازانی حیزبی بەعس و خۆمان دا بەدەستەوە، کە چووبە خاڵی چاودێرییەکە وتم پێشمەرگەین و هاتووین خۆمان بەدەستەوە بدەین.
دەستبەجێ رەوانەی ئەمنی سلێمانی کراین و دواتر بەرەو بەغدا ...لەوێش دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی ئێجگار زۆر و تێهەڵدان و ئیهانە کردن ئێمەیان بەرەو دادگا برد و بڕیاری لەسێدارەدانمان بەسەردا سەپێنرا !!..من تا ئەوکات کڕنووشێکم بۆ خوای گەورە نەبردبوو، هەموو شەوێك بەبەرچاوی من کۆمەڵێك بەرەو ژووری سێدارەدەبردرا و لەسێدارە دەدرا، من هەموو کاتێك لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم بڕیارەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لەسێدارەبدرێم، بەردەوام لەناخی خۆم دەپرسی : کەی ڕەوایە تاوەکو ئێستا خوای خۆم نەناسیوە و ئایا ژیان هەر ئەوەندەیە و تەواو؟؟ لێرەوە خوای گەورە ڕۆشنایی باوەڕی خستە دڵمەوە و، تۆبەیەکی ئیخلاسم بۆ خوداکەم کرد و کەوتمە کڕنووش بردن بۆ خوای گەورە، وتم : ئەی خوای گەورە من تاوەکو ئێستا تۆم نەناسیوە و داوات لێدەکەم مۆڵەتم بدەیت نەوەك لەبەرئەوەی لەترسی مەرگ و لەسێدارەدان تۆبە بکەم لەبەر لەبەر ژیانی بەفیڕۆچووی چەندین ساڵەی رابردووم!!!... زۆر لەخوای گەورە پاڕامەوە و دەستم کرد بەنوێژ و زیکر و کڕنووش بردن، زۆر گریام و لاڵامەوە و پەشیمان بوومەوەن بۆ چەند ساتێ خەوم لێکەوت و لەخەوما دووکەس منیان بۆدادگا برد....
ئەو دوو پیاوە توند دەستەکانیان گرتبووم، لەوکاتەدا پیاوێك بەرەو ڕووم هاتوو وتی : مەترسە، بەرەو ژووری دادوەر دەیانبردم و لەمبەر ولەوبەر ماسی گەورە لەسەر کلکەکانیان وەستابوون و لەوکاتەدا پیاوێکی زۆر جوان و نورانی لەناو ماسییەکان هاتە دەرەوە و بەرەو ڕووم هاتوو وتی : مەترسە و تەنها ئەم زیکرە بکە) لاالە الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين .. (سەرم سووڕما و وتم تۆکێیت ؟ وتی :من یونس پێغەمبەرم!!!....
لەوکاتەدا لەخەوەکەم بەئاگاهاتم باوەڕ بکەن لەژیانمدا ئەم ئایەتەم نەبیستبوو زۆر بەجوانیی و ڕەوانی لەبەرم کرد، لەدوای خەوەکەم پاسەوانانی بەندیخانە هاتن و منیان بەرەوە دادگا بردەوە و ، منیش بەدەم ڕێگاوە هەر ئەو نزایەم دووبارە دەکردەوە کە لەخەوەکەدا فێری بووم، منیان گەیاندە ژووی دادگا بەڵام ئەمجارە دادوەرەکەی پێشووتر نەبوو کەبڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندم، دڵم زۆر خۆش بوو ...دادوەر چرپاندی بەگوێما کەتۆ لەم جۆرە تۆمەتانە بەریئیت و بڕیاردرا ئازاد بکرێیت !!!!!...
باوەڕم نەدەکرد لەبەرخۆمەوە ئەمووت : دوای بڕیاری لەسێدارەدان چۆن ئازاد دەکرێم؟ ئەگەر هەرنا ڕەنگە بەشم بەند کردن بێت هەتاهەتایی یاخود دە پانزە ساڵێك .... بەهەرحاڵ ئازاد کرام و ڕەوانەی یەکەی سەربازییەکەی جارانم کرامەوە کە جێم هێشتبوو بەرلەوەی ببم بە پێشمەرگە، ئەفسری یەکەی سەربازییەکە وتی : چۆن ئازاد کراویت ؟ ئەوەندەی لام روون بێت ڕەنگە بەهەڵە ئازاد کرابیت و وا بەباش ئەزانم خۆت دەرباز بکەیت و رابکەیت و چونکە جارێکی تر دەستگیرت ئەکەنەوە، لێرەوەش جارێکی تر خوای گەورە بەهانام هاتەوە و ئەفسەرەکە منی دەرباز کردو تاوەکو سلێمانی نەوەستام...
هەربۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت] وكذلك ننجي المؤمنين [کەواتە باوەڕدارانیش بێبەش نین لە یارمەتی خوای گەورە، بەومەرجەی باوەڕت بە گەورەیی ورەحمی خوای گەورە هەبێت و بزانیت کەلەهەموو ناخۆشیەك خوای گەورە هاودەمتە و بەهانات دێت و فریات ئەکەوێت.
لێرەدا حەزرەتی یونس زۆر نەخۆشە و سێ ڕۆژە نانی نەخواردووە و هەموو پێستەی هەڵوەریوە و گۆشت بە لەشیەوە دیارە، بە فەرمانی خودا دارێك شـــــین دەبێت) شــجرة من يقطين (ئەم دارە سیفەتێکی هەیە گەڵاکانی

پان و درێژن هەم گەڵاکەی ئەخووریت هەمیش میوەکەی ، و بۆنێکی زۆر خۆشیشی هەیە و سیفەتێکی گرنگیشی هەیە بە هیچ شێوەیەك مێش و مەگەز نزیکی ناکەوێتەوە ، لە هەندێ ریوایەتا هاتووە ئاسکێکی شیردەر دێتە نزیك دەمیەوە و شیر دەخاتە دەمی حەزرەتی یونس سەلامی خودای لەسەربێت . لە هەندێ ریوایەتیش هاتووە کە کاتێ دارەکە وشك ئەبێت حەزرەتی یونس دەگرێیت و خودا وەحی بۆ دەنێرێت و پێی دەفەرمووێت : بۆ وشك بوونی دارێك دەگریت کەچی بۆ زیاتر لە سەد هەزار کەس نەگریایت ؟دواتر بەرە بەرە برینەکانی چاك بوونەوە و بۆلای گەلەکەی گەڕایەوە و هەرهەموویان بەرەو ڕووی هاتن و تۆبەیان کرد کە چیتر تاوان و گوناح و شیرك نەکەن خودای گەورەش فەرموویەتی] فلولا ان کان من المسبحين للبيس في بطنه الى يوم يبعثون [بەو واتایەی ئەگەرتەسبیحاتی منی نەکردایا ئەواتا رۆژی قیامەت لە سکی نەهەنگەکە دەمایەوە و رزگارم نەدەکرد، بەلاّم بابزانین کەبۆچی خوای گەورە سزای پێغەمبەرانی تری نەداوە وەکو بەرامبەر حەزرەتی یونس ئەنجامیداو لەهەندێك پێغەمبەری تر لێبووردنی کردووە و بەتاقیکردنەوەی قورس وسەخت وەکو پێغەمبەر یونس سزای نەدان؟

چونکە پێغەمبەر یونس سەلامی خوای گەورە لێبێت بەرامبەر بەگەلەکەی ئۆقرەی نەبوو و ئارامی نەگرت بۆیە ئەم کارەساتە رووی تێکرد، سەبرێکی وای نەبوو وەکو حەزرەتی نوح هەزار ساڵ بەرامبە بەگەلەکەی بوەستێت، یاخود وەکو حەزرەتی موسا بەدرێژایی تەمەنی رووبەڕووی گەورەترین ستەمکاربۆوە و بەهەمان شێوەش حەزرەتی ئیبراهیم ڕێگای چەندین شار و وڵاتی بڕی تا ئەم ئایینەی بەخەڵکی گەیاند، ئەم بەسەرهاتە واقیعییەی حەزرەتی یونس ئامۆژگارییێکی مەزنی خودای گەورەیە بۆ هەموولایەك و بۆ هەموو تاکێکی ئەم سەرزەویە وئەم رۆژگارە، ئەگەر کەسێکی نزیکت نوێژناکات و گوێ بۆ فەرمانەکانی پێغەمبەری پێشەوا ناگرێت، تۆ ئامۆژگاری بکە و بەبەردەوام لەگەڵیدابە، یاخود کچێك سەرپۆش ناکات تۆ بەردەوام ئامۆژگاری بکە و پێی ڕابگەیەنە وپێی بڵێ کە سەردا پۆشین حەیایەو رەوشتە، هەروەها موسڵمانان نابێت سیلەی رەحم بپچڕێنن و هاتووچۆی خزمانیان نەکەن و بەردەوامیش دەبێ ئارامگر و سەبر گربین بەرامبەر هەر رووداو وپێشهاتێك، رەنگە کەتۆ ئامۆژگاری خزمێك یاخود هاوڕێیەکت دەکەیت ئەوهاوڕێ و خزمەت گاڵتەت پێبکات و پێت بڵێ وازلەم شتانە بهێنە و وەرە سەیری ئەم گرتە سێکسییە بکە...

تۆ بەم کارەی ئەو قەڵس و دلگران مەبە و دەسبەرداری مەبە، و زیاتر ئامۆژگاری بکە و پەیوەندیی لەگەڵ مەپچڕێنە ئەگەر هەربەردەوام بوو نزای خێر و هیدایەتی لەلایەن خوای گەورەوە بۆبکەو خەمخۆری بە، و نەرم ونیان بە لەگەڵی و دیاریی بۆ بکرە و لەگەڵی گوفتار شیرین و نەرم ونیان و بەزەیی بە، بەڵکو بەهۆی ئەو نەرم ونیانی و خەمخۆرییەی تۆوە خودا هیدایەتی بدات و لێی خۆش ببێت، ئەگەر وابیت تۆ باشترین قودوە و پێشەنگیی ئەم رۆژگارەیت.

هەربۆیە خودا ئامۆژگاری ثێغةمبةر صلى الله عليه وسلم دەکات و پێی دەفەرمووێت) فَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ وَلَا تَكُنْ كَصَاحِبِ الْحُوتِ إِذْ نَادَى وَهُوَ مَكْظُومٌ (48) لَوْلَا أَنْ تَدَارَكَهُ نِعْمَةٌ مِنْ رَبِّهِ لَنُبِذَ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ مَذْمُومٌ (49) فَاجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَجَعَلَهُ مِنَ الصَّالِحِينَ (50) القلم.

وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (139) إِذْ أَبَقَ إِلَى الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ (140) فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ الْمُدْحَضِينَ (141) فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ (142) فَلَوْلَا أَنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُسَبِّحِينَ (143) لَلَبِثَ فِي بَطْنِهِ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (144) فَنَبَذْنَاهُ بِالْعَرَاءِ وَهُوَ سَقِيمٌ (145) وَأَنْبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِنْ يَقْطِينٍ (146) وَأَرْسَلْنَاهُ إِلَى مِئَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ .(147)

الصافات...

*   *   *   *

پێغەمبەر یوسف سەلامی خوای لەسەربێت:

إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ (4) قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ (5) وَكَذَلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِنْ قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (6) لَقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِلسَّائِلِينَ (7) إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (8) اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ .(9) يوسف ..

زۆربەی زانایان وتویانە :بۆئەوەی گەنجان دووچاری داوێن پیسی و زیناو گوناح نەبن باچاو لەحەزرەتی یوسف بکەن سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت، با سورەتی یوسف و چیرۆکی بەسەرهاتی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە بخوێننەوە کەچۆن خۆی لەگوناح و تاوان پاراست و بەسەر شەیتانی لەعین زاڵ بوو.

خودای گەورە مرۆڤەکان جۆرەها شێوە تاقی دەکاتەوە وەکو ماڵ و سامان و سوڵتە و پارە و پول و جنسە، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی : دەترسم ئوممەتەکەم بەهۆی دووشت بەهیلاکەت بچن کەئەوانیش ماڵ و سامان و سێکسە، بەوددووشتە مرۆڤ بەهەلاکەت دەچێت و خودای گەورەی بیردەچێت .

ئەوەی ئەمرۆ سەرانسەری دنیای گرفتار کردووە و ولآتانی ئەوروپای خستۆتە گرفتارییەوە نەخۆشی ئایدزە کە تائێستا نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بدۆزنەوە، سەدان ملیۆن دۆلار بۆ دۆزینەوەی دەرمان و چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشییە خەرج دەکرێت کەچی چارەسەرییان دەست ناکەوێ، هۆکاری ئەم نەخۆشییەش سەرهەڵدانی بەرەڵایی و رەواجدانە بەسێکسی بێ شەرعیی، هەزاران کەس لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و رۆژاوا بەدەست بەدڕەوشتی و زیادەڕۆیی لەسێکس و سێکس بازان دەناڵێنن، و نەیانتوانیوە سنووورێکی بۆدابنێن و بەربەستێك لەبەردەم ئەو کارە بێ شەرعیی و سەرپێچییە دابنێن و قەدەغەی بکەن، تەنانەت بەرپرسانی دۆسیەی ئایدز لەنەتەوە یەکگرتووەکان بێ هیوایی خۆیان لەونەخۆشییە کوشندەیە دەربڕیوەو رایانگەیاندووە تاوەکو چارەسەر بۆ شەش نەخۆشێك دەدۆزنەوە لەولاترەوە زیاتر لەسەدکەسێك دووچاری ئایدزدەبنەوە، چارەسەرییەکە تەنیا لەوەدایە کە سێکس بەحەلاڵی ولەنێوان ژن و پیاوی شەرعیی ئەنجام بدرێت نەوەك هەرکەسەو بەئارەزووی خۆی وەکو گیانەوەر لەگەڵ کەسانی بێگانە ئەنجامی بدات.

بەلآم وەرە و سەیری بەرنامە و شەرعیی ئەم ئیسلامە پڕفەڕە بکە کە چەندە یاساو ڕێسایەکی جوانی هەیە، چەندە بەرنامەیەکی جوان و ڕێك وپێکی بۆ پێکهێنانی خێزان داناوەو نایەڵێت شیرازەی خێزان بپچڕێت، کەچی لەبەرامبەردا لەولآتانی ئەوروپی و ئەفریقی بەهۆی نەمانی شیرازەی خێزان و سێکس بازی ئەم نەخۆشی ئایدزە حەوت ملیۆن منداڵی گرتۆتەوە و بەدەست ئەونەخۆشییە کوشندەیە دەناڵێنن، ئەمە جگەلەوەی دەملیۆن منال بێ دایك و باوك ماونەتەوە بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە .هەروەك پێشبینی تەواو کراوە کە لەساڵی 2015 ی زایینی

ژمارەی قوربانیانی ئەو نەخۆشیە دەگاتە 250 ملیۆن کەس.

رووپەڕەو مانشێتی رۆژنامە و گۆڤارەکان ببینەو بیخوێنەوە کەدەیان کەس بەهۆی ئەوکارە جنسیەوە دەبنە قوربانی و دەکوژرێن، یاخود خۆیان دەکوژن.
وەرە سەیری شەرع ویاسای ولاَتە زلهێزەکان بکە بەتەنهالەئەمریکا لەماوەی ساڵێکدا لەساڵی 2007 دووملیۆن منالَ لەرێی زیناو سێکسی بیَ شەرعیی لەدایکبوون ئەمە جگەلەوەی رۆژانە چەندین منالَ لەباردەبرێت.
باسکردنی ژیانی پێغەمبەران وێستگەیەکە بۆ بەخۆداچوونەوەی ئێمە و زیندووکردنەوەی بیروباوەڕمان و زیاتر سووربوونمان لەسەر ئایینەکەمان و بۆئەوەیە ئێستاو دواڕۆژمان دیار و روون بێت لەعیبادەت و پەرستشەکان بگرە تاوەکو کار و کاسبی و بازرگانی، بۆیە باسی رابردوو ئەکەین بۆئەوەی دنیا هەڵمان نەفریوێنێت و هەردەم ئەو پێغەمبەرانەمان لەیاد و لەبەرچاو بێت کەچەندە ملکەچی بڕیار و راسپاردەکانی خوای گەورەبوون و چەندە خەمخۆری گەلەکانیان بوون، حەیف و مخابن بۆ کەسێك لەژیانی ئەو پێغەمبەرانە غافڵە و بیَ خەبەرە، چونکە ئەوان قودوە و پێشەنگن، لەخۆت پرسیاربکە بۆچی شوێنی ئەوان نەگرم و بۆچی شەووڕۆژ بەدوای کارو کردەوەی خراپەدا بگەڕێم و عەرەق بخۆمەوە و داوێن پیسی و کاری ناشەرعیی بکەم و هەتاکەی روولەوکارەخراپانەبکەم وبۆچی تەوبە و ئیستغفارنەکەم و نەگەڕێمەوە بۆلای خوای گەورە؟.
بابێین ژیانی پاکترین و داوێن پاکترین گەنجی سەرزەوی بخوێنینەوە ئەو گەنجەی لەپاکیی و راستگۆییدا لەلوتکەدا بووە، گەنجێکی ژیر و زۆر جوان گەنجێکی لەخواترس و باوەڕدار ئەو گەنجەی هەمووکات لەخوا ترساوە و لای روون بووە کەخودا بەبەردەوام لەگەڵیدایەو چاودێرە بەسەرییەوە، ئەویش حەزرەتی یوسفی کوڕی حەزرەتی یەعقوبە سەلامی خودای گەورەیان لەسەربێت، حەزرەتی یوسف قوتابخانەیەکە بۆ پەروەردە و دروستکردنی گەنج، بەلاَم چ گەنجێك ؟ گەنجی لەخواترس و داوێن پاك و بەڕەوشت و بەئیمان ولەخواترس، گەنجێك سەرتاپای تەمەنی لە منالێییەوە تاوەکو تافی لاوێتی و دوای چەشتنی ناسۆری و زەحمەتییەکانی بەندیخانەبێت و دواتر پرۆژەکەی پێشەنگی و سەرکەوتوویی بێت حەزرەتی یوسفە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، هیچ پێغەمبەرێکی تر جگە لەحەزرەتی یوسف ئەم تاقیکردنەوە دوور و درێژەی نەبینیوە، کەنیوەی تەمەنی لە ئەزیەت و ئازار و دوور لەسۆزی باوك و کەس وکاری بەسەربەرێت، ئەمە جگە لەتاقیکردنەوەی ئەم پێغەمبەرە بە ئافرەتێك .شارەزابوون و خۆئارایشتدان بە رەوشتی حەزرەتی یوسف سەرکەوتنی خێزان و تێکنەچوونی شیرازەی خێزانە هەروەها سەرکەوتنی گەنجە بەسەر شەهەوات و داوێن پیسی، ئەگەر ژیانی ئەم کەڵە پێغەمبەرە بخوێنیتەوە ئەوا دەزانی کە پێکهێنانی خێزانێکی شەرعیی چەندە بەرز و پیرۆز و گەورەیە لەلای خوای گەورە و میهرەبانەوە، سەیری ژیانی ئەورووپییەکان بکە چەندە پەشۆکاون بەدەست نەمان و رووخانی شیرازەی خێزان، چەندە خەمۆکن بەرامبەر بە کاری داوێن پیسی، کەسێك نازانێت دایك و خوشك و براو خالَ و مام و پوور و ئامۆزاچییە ...نازانیَ ژیانی بەسەر چییەوە بەندە و بۆچی هاتۆتە ئەم ژیانە وئەرکی سەرشانی چییە لەم جیهانە؟ بەلاَم حەزرەتی یوسف دەستی گەنجەکان دەگرێت و پێیان دەڵێت :ئاگاداری داوێن پیسی بن و نزیکی مەکەون، پێمان دەڵێت : وەکو ئەو بژین و داوێن پاك بین و لەخواترس بین کەبەوهۆیەوە بەرزترین پلە و پایەمان دەست دەکەوێت.

رۆژێك لەرۆژان یارانی پێغەمبەر لەلای حەزرەت دانیشتبوون و دوای بەسەرهاتێکی گەورە و گرنگی لێدەکەن،

ئالەوکاتەدا خوای گەورە وەحیی بۆ پێغەمبەرەکەی ئەنێرێت وپێی ئەفەرمووێت] نحن نقصّ عليك احسن القصص بما اوحينـــــا اليك هذا القران [بۆچی خوای گـەورە بە پێغەمبـەری ڕاگەیانـدووە باشـترین چـیرۆك؟ چـونکە حەزرەتی یوسف سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت داوێن پاك و گە نجێکی ئاراگر و بەسەربووە ودوایی بەباوکی شاد بۆتەوە و براکانیشی پەشیمانی رووی تێکردوون و گەڕاونەتەوە بۆلای خوای گەورە، و هەروەها زولە یخای خێزانـی عەزیزی میسر تەوبە دەکات و پەشیمان دەبێتەوە، و مێردەکەیشی لەسەرتەختی وەزیرایەتی لائەدرێت و حـەزرەتی یوسف لەشوێنی دائەنرێت و پاشاکەش بەهۆی داوێن پاکێتی حەزرەتی یوسف تەوبە دەکـات و بـاوەڕ دەهێنێـت، و براکانی یوسف دواتر پەشیمان دەبنەوە و کڕنووش بۆ حەزرەتی یوسف دەبەن و چیرۆکەکە پەند و عیبرەتی ئێجگار زۆری تێدایە وەکو پاراستنی داوێن پاکیی و دوورکەوتنەوە لە کاری بەد ڕەوشتی و سەبر و ئارامی حەزرەتی یوسف لەزیندان و بەڕێوەبردنی ولات لەرووی قات و قڕی و نەبوونی وگەشە پێدانی ولات لەرووی ئابووری و بازرگانییەوە، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەی برا لەگەڵ براکەی هەتاوەکو خراپیش بێـت بەرامبـەری، و تۆڵـە نەسـەندنەوە لـە و تاوانەی کەبەرامبەری ئە نجام دراوەو لەرابردووغەدری لێکراوە، بۆیە بە) أحسن القصص (ناونراوە لەلای خـوای گەورەوە.

حەزرەتی یوسف تەمەنی لەنێوان دە سالان تادوانزەسالانەوەیە و خەون ئەبینێت کە یانزە ئەستێرە و خۆر و مـانگ کڕنووشی بۆ ئەبەن] إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ[، حەزرەتی یەعقوب لەوکاتەدا پێغەمبەرە و مانای خەونەکە چاك دەزانێت، بەلام لەیوسفی ئەشـارێتەوە و ماناکـەی نادرکێنێت، تەنها پێی فەرموو ئەم خەونە بۆ براکانت مەگێڕەوە.

] قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ [ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی خەونەکە بـۆ براکـانی بگێڕێتـەوە، چـونکەدەیزانی کوڕەکـانی تـری وەکـو یوسـف چـاك نـین و حـەزیان بەدنیاوەیە.لێرەوە بزانە خۆهەلکێشان بەباوك و باپیرەوە دادی کەسێك نادات هەرچەندە شێخ و مەلا و سەید بێت .

ئەوەتا کوڕی پێغەمبەرە و لای خوای گەورە نرخێکی ئەوتۆوی نییە، کوڕی پێغەمبەربووە غەرقی زریـانی ئاوولافـاو بووە خێزانی پێغەمبەر بووە بەهـەمان شـێوە، بۆیـە لێـرەوە کـارو کـردەوەی چـاك بـەهانای خـەڵك دێـت نـەك خۆهەلکێشان بەباوك و باپیر و عەشیرەت و تەریقەت.

براکانی حەزرەتی یوسف لەڕادەبەدەر بەخیلن و حەزرەتی یەعقوبی باوکیـشیان بـەو بەخیلیـەی کـە لەناخیانـدا چەکەرەی کردووە ئاگادارە، حەزرەتی یوسف و بنیامین برای یەکتربوون و لەدایکێك بوون و براکانی تری لەدایکێکی ترن، زڕبراکانی یوسف دەکەونە پلان دانان و پرسیار لەیەکتر ئەکەن کەبۆچی ئەم باوکەی ئێمـە یوسـفی لەئێمـە خۆشتر دەوێت؟ و بەدوای پلان دەگەڕێن و شەیتانی لەعینیش بـیر و خـەیالیان دەخاتـە مێـشکەوەوزیاتر فریویـان ئەدات، ئەمە لەلایەك، باناوڕێك لەم رۆژگارەی ئەمڕۆمان بدەینەوە کەچەندان برا هەن و لەگەڵ یەکتر نـاکۆکن و قسە لەگەڵ یەکتری ناکەن، کە هۆکارەکەی بەهۆی سەروەت و سـامانی دنیاوەیـە یـاخود بـەهۆی قسەوقـسەلۆکی ژنەکانیانەوەیە.

دوای ئەوەی براکانی یوسف باوکیان رازی ئەکەن کە حـەزرەتی یوسـف لەگـەڵ خۆیـان ببەنـە دەرەوەی شـارو زۆر داوالەباوکیان دەکەن کەمۆڵەتیان پێبدات تاحەزرەتی یوسف لەگەڵ خۆیان ببەن، سەرەتا باوکیـان رازی نابێـت و دەفەرمووێت دەترسم لەئێوەدابڕێت و گورگ بیخوات.

ئەوانیش بەباوکیان دەڵێن چۆن شتی وادەبێ و چۆن گورگ دەیخوات کـە ئێمـە لەگەڵیـداین !!...اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ

اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ (9) قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (10) قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ (11) أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (12) قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ (13) قَالُوا لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَخَاسِرُونَ ... حەزرەتی یەعقوب لەڕادەبەدەر یوسفی خۆشویستوە و بەردەوام چاودێری دەکرد و دەیزانی رۆژێکی رووناك چاوەڕێی یوسفی نازدار دەکات.

بەهەرحاڵ باوکیان رازی دەبێت و براکانی "یوسف لەگەڵ خۆیان دەبەن و لەڕێگادا هەندێك لەبراکانی دەڵێن بابیکوژین و هەندێکیشیان دەڵێن نەخێر فڕێیدەدەنە ناوبیرێکەوە و دواتر تەوبە دەکەین و روو لەچاکە دەکەین، ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە، چونکە پێغەمبەری پێشەوا فەرموویەتی زۆربەی ئەوکەسانەی لەدۆزەخدا بینیم لەوکەسانە بوون کەلەدنیا گوناهیان ئەکردو دەیانووت :دواتر تەوبە دەکەین و دەگەڕێینەوە، وەکو ئەم رۆژگارە پەنا دەباتە بەر داوێن پیسی و عەرەق خواردنەوە و خواردنی ماڵی خەڵك بەحەرامی و دزی و درۆکردن و دەیەها گوناهی تر ....کە ئامۆژگاری دەکەیت دەڵێ جارێ زووە دواتر تەوبە دەکەم ..!!! پاشان براکانی حەزرەتی یوسف کراسەکەی بەری دادەکەنن و بەخوێنی ئاژەڵ سووری ئەکەن و دێنەوە پیشانی باوکیان ئەدەن و دەڵێن گورگ خواردی، حەزرەتی یوسف بەتەنها و لەبیابانێك و لەناو بیرێکی قوڵی پڕ لە دووپشك و مارداپە و هاوار دەکات ئەی براکانم تەنها جلەکانم بدەنەوە، ناڵێت دەرم بهێنن بەڵکو جلەکانی دەوێتەوە، چەندە جوانە شەرم وحەیا و خۆداپۆشین، ئەو نایەوێت بێ جل بێت و گەرەکیەتی پۆشتە بێت، جل و بەرگیش کاریگەریی هەیە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ، چەندە جل و بەرگی شەرعیت لەبەربێت ئەوەندە هەست بە گەورەیی و کەسایەتییەکەی خۆت ئەکەیت، دواتر کاتی ئێوارە براکانی بەگریان رۆڕۆوە دەگەنەوە ماڵەوە بەڵام چ گریانێك ؟ گریانێکی ڕاست بۆ باوکیان و بۆ تاوانە خراپەکەیان .... بەباوکیان ووت :ئێمە یاریمان دەکرد و یوسف لای جلەکانمانەوە دانیشتبوو گورگ هێرشی بۆبرد و ڕفاندی و ئەمەش جلەکانیەتی، حەزرەتی یەعقوب بڕوا بەکوڕەکانی ناکات و دەزانێت فێڵێکە و کردوویانە و لەهەمان کاتیش دەزانێت کە وئەمە بڕیارێکی ئیلاهییە و دوای ئەو رووداوەش خێرێك دێتە کایەوە، و بەو شەوە سواری ئەسپەکەی دەبێت و بەرەو بیابان دەڕوات یوسف نابینێتەوە و دەگەڕێتەوە و بەردەوام دەگری تائەوکاتەی چاوەکانی پڕدەبن لەئاوی سپی، بەڵام هەرسەبر و ئارامی دەبێت و ناشوکری ناکات. لەڕیوایەتێکدا هاتووە کە حەزرەتی یەعقوب سەیری جلەکەی حەزرەتی یوسف ئەکات و دەبینێت نەدڕاوە، و دەڵێت : ئەو گورگە چەندە بەزەیی بووە و یوسفی ئەزیەت نەداوە !!!..خۆ باش ئەزانێت کە راست نییە و گورگ نەیخواردووە، دوای سێ ڕۆژ مانەوە لەناو بیری تەنگ و قوڵ و تاریکایی بەقودرەتی خوای گەورە کاروانێك ڕێگا ون دەکەن وڕوولەبیابان ئەکەن و لادەدەنەلای ئەوبیرەی کەحەزرەتی یوسفی تێدایە، یەکێك لەکاروانچییەکان سەتلێك هەڵئەداتەناوبیرەکەوە تاوەکو ئاو دەربهێنێت هەست دەکات زۆر قورسە و بۆی نایەتە دەرەوە و جارێکی تر هەوڵدەدات، لەگەڵ هاتنە دەرەوەی سەتڵەکە حەزرەتی یوسف لەبیرەکە دێتەدەرەوە و لەجوانی شێوە و رووخساری یوسفی منداڵ سەری سوڕدەمێنێت، دەری دەهێنن و دەیشارنەوە لە کاروانەکە، چونکە دۆزینەوەی منداڵێکی لەوشێوەیە مانای وابوو باشترین شتی دەستکەوتووە کەدەبێت بە کۆیلە و بەندەی ئەو کەسە، هەرچەند لەناو ناخۆشیدا بیت و تەنگ و چەڵمە یەخەت بگرێت دەرگای ئومێد و هیوا لەخۆت دامەخە، کەواتە ئەوکەسەی حەزرەتی یوسف لەبیری تەنگ و تاریك رزگار ئەکات هەرئەویشە تۆ لەتاریکایی و گرفتەکان رزگارئەکات و بەومەرجەی تۆش متمانەت بەخوای گەورە لەدەست نەدەیت و بەردەوام

لەوبیر و خەیاڵە دابیت کەتەنها کەسێك بە هانات بێت و رزگارت بکات ئەوا خوای گەورە و میهرەبانە ...وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَا بُشْرَى هَذَا غُلَامٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (19) وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ (20) وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ.بە پارەیەکی زۆرکەم فرۆشرا چونکە مناڵە و تواناى کارکردنی نییە، عەزیزی میسر دەیکڕێتەوە کەئەو عەزیزە وەزیری خەزێنەی میسرە و، فەرمان بەژنەکەی دەکات کەبەجوانترین شێوە پەروەردەی بکات و چاودێری بکات، ئاگاتان لێبێت هەندێ کەس ئەڵێن : چیم کردووە خوا وام بەسەردەهێنێت!!!.. ؟؟؟ ئەم پێغەمبەرانە چییان کردووە ئەو هەموو ناخۆشیی و نارةحةتيةيان بةسةرديَت ؟؟ وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ... ئێمە لەم بەسەرهاتە فێری ئەوەدەبین کەخودا پشتیوانی هەمووکەسێکە و خۆی چاودێرییان دەکات و نایەڵێت لەناوبچن، سەیری یوسف بکە سێ شەو لەناوبیرێکی تەنگ و تاریك و قوڵدا مایەوە، بەڵام کێ پاراستی ؟ بێگومان خودای گەورە خۆی پاراستی و چاودێریکرد، ئەگەر لەم رۆژگارەش ئەوانەی هێرش دەکەنە سەرئیسلام و دەیانەوێت لەکەدار وناشیرینی بکەن و گەنجان لەئیسلامەتی ساردبکەنەوە و بیانەوێت بەئەشکەنجەو ئازاردان بەرەو بەدڕەوشتی وکاری بێ شەرعییان بەرن، ئەوا خەیاڵیان خاوە و خودا خۆی چاودێریی و پشتیوانی ئەو گەنجانە ئەکات، ئەگەر گەنجێك دووچاری ئەزیەتی لەوشێوەیەبوو باپەلەنەکات و ئارامگر بێت چونکە خودای گەورە بەسەر هەمووشتێکەوە زاڵە و خۆیشی پشتیوانی ئەبێت.

هەمووما‌ن ئەم بەسەرهاتەی حەزرەتی یوسفمان گوێ لێبووەو بیستوومانە بەڵام گرنگ ئەوەیە کە یوسفی نەوجەوان لەلایەن کاروانێکەوە کەبەلای بیرەکە رەت دەبن و دەریدەهێنن و بەرەو وڵاتی میسر ئەیبەن و تادەگەیەنرێتەلای عەزیزی میسر وتائەوکاتەی تەمەنی دەگاتە تافی لاوێتی کەچەندە گەنجێکی جوان و درەوشاوە بووە) وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(، لێرەوە دەست پێدەکەین کەلەکۆشکی عەزیزی میسرە و بەسەرهاتەکانی ئەم پێغەمبەرە دەخوێنینەوە و پێغەمبەریش ئازیزیش فەرموویەتی) نیوەی جوانیی دنیا بە حەزرەتی یوسف دراوە. (
زولەیخا خێزانی عەزیزی میسربووکە عەزیزی میسر وەزیری خەزێنەی ئەوکاتەی وڵاتی میسر بووە، زولەیخاتابڵێی ژنێکی زیتەڵ و زانا بووە لە داڕشتنی پلان بەرامبەر کەسانی بەرامبەری،] وراودته الّذي في بيتها عن نفسه وغلقت الابواب وقالت هيت لك [سەیری فێڵ و پلانی ئەم ئافرەتە بکە بەرامبەر بەحەزرەتی یوسف هێواش هێواش و بەرەبەرە دەیەوێت حەزرەتی یوسف هەڵبخەڵەتێنێ و لەخشتەی بەرێت ئەوەندە بەنەرم ونیانی بەواتای دایك و خوشکایەتی لەگەڵ یوسف دێتەگۆبەڵکو بەو ئومێدەی رۆژێك لەرۆژان هەڵیبەخەڵەتێنێ و دووچاری کاری ناشەرعیی بکات، تاوای لێهات بەبێ ئاگایی حەزرەتی یوسف هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی کۆشکی لەحەزرەتی یوسف داخست.
بەڵام حەزرەتی یوسفی گەنج ولەخواترس ئاگای بەم پلانەی زولەیخا نییە و نازانێت چی لەهەگبەدایەو نازانێت دەیەوێت بەرەو گوناهو ناشەرعیی دەبات، زولەیخا لە حەزرەتی یوسف دێتە ژوورەوەوخۆی رازاندۆتەوە و پێی دەڵێت)هیت لك (خۆتم بۆ ئامادکردووە، خۆی جوان کردووە و لەرادەبەدەر خۆی رازاندبۆوە، و پێی دەڵێت : هەموو شتێکم

ڕەخساندووە و مەترسە .. حەزرەتی یوسف خودای دێنێتەوە بیرو] قال معاذالله [لێرەوە حەزرەتی یوسف ئامۆژگاری هەموو گەنجێك دەکات کە هەرکاتێك ناشەرعیی و ئافرەتێك ویستی هەڵتبخەڵەتێنێت بڵێن پەنادەگرم بەخواو کاری واناکەم، پاشان حەزرەتی یوسف دەفەرمووێت] انه ربي احسن مثواي [هەندێك دەڵێن ئەم قسەیەی یوسف بەرامبەرزولەیخا لەگەڵ مێردەکەیەتی کەبەجوانترین شێوە لەناو ماڵەکەی خۆی پەروەردەی کردووە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێت :هەرگەنجێك لەلایەن ئافرەتێکەوە داوای کاری بێ شەرعیی لێبکرێت و ئەویش لەترسی خودا نەیکات، یاخود ئافرەتێك لەلایەین پیاوێکەوە داوای ئەوکارەی لێبکرێت و لەترسی خوا نەیکات، ئەوا ئەو دووجۆرە کەسە لەرۆژی قیامەتتدا لەژێر سێبەری عەرشی خوادان و داوەتی تایبەتی خودای گەورەن....

ئەی گەنجی بڕوادار یوسف ئاسا هەڵس و کەوت بکە، دەسبەرداری نامە گۆڕینەوەوتەلەفۆن کردن و دڵداری بە لەگەڵ کچی نامەحرەم و واز لەو کارە بێ شەرعیی و خووە خراپانە بهێنە، چونکە ئەمانە هەرهەمووی هۆکارێکن بۆ نزیك بوونەوە لەگوناهو ئەنجامدانی کاری ناشەرعیی ، خۆت ببینە چەند گەنج و چەند ئافرەتی خاوەن مێرد و منالْ بەهۆی ئەم کارانەوە لەناوبران وکوژران، کەجگە لەوێران بوون و تێکچوونی شیرازەی خێزان و ئابڕووچوونی بنەماڵەو عەشیرەت هیچی تریان بۆنەمایەوە، ئایا ئەمەیان چاکترە یاخود وەکو حەزرەتی یوسف ؟؟؟ پێویستە لەکاتی سەرهەڵدانی هەرکارێکی ناشەرعیی بڵێی پەنا بەخودا دەگرم.

دەی خۆ دەتوانی زۆر بەئاسانی تەرکی ئەو جۆرە گوناهانە بکەیت، خۆ دەتوانی ژمارەی مۆبایلەکەت بگۆڕیت و هاتووچۆی ئەوماڵە نەکەیت کەکەسی داوێن پیسی لێیە وەئەگەر هاوڕێی خراپت هەیە تۆش ئامۆژگاری بکە، ئەگەر وەرینەگرت هاتووچۆی مەکە.

لەوکاتەدا هەریەك لەزولەیخا و حەزرەتی یوسف بەرەو دەرگا ڕایان کرد، زولەیخا بۆئەوە رایکرد تاوەکو یوسف دەرگاکە نەکاتەوەو هەڵنەیەت حەزرەتی یوسفیش بۆئەوەرایکرد بەڵکو لەم کارە ناشەرعییە رزگاری بێت و دەرگاکە بکاتەوە، بوو بەپێشبڕکێ لەنێوان گوناهو مەعسییەت و تەوبە و لەخواترسان، لەئەنجامدا کێیان پێش دەکەوێت کەسی دووەمیان کەتەوبە و لەخواترسانە کە ئەویش حەزرەتی یوسفة علیه الســـــلام، لەبەرئەوەی) إبن الکریم ...إبن الکریم ... ابن الکریم(ە، ئنجا لەدواوەزولەیخا کراسی یوسف رادەکێشێت و ئەدڕێت و نینۆکەکانی لەپشتی ئەچەقێت و برینداری ئەکات و خوێنی لێدێت هەروەکو خوای گەورەدەفەرمووێت] فقدت قمیصـــــــه مـن دبـر [ئالەو کاتەدا مێردەکەی زولەیخا دێتە ژوورەوە، کە عەزیزی میسر ئـەم دیمەنـە دەبینێـت سـەری سـوڕدەمێنێت و زولەیخای خێزانی پێی دەڵێت : پاداشتی ئەو کەسە چییە دەستدرێژی بکاتە سەرخێزانت ؟؟!!!

ئەمجارە بەمێردەکەی دەڵێ : یان ئەبێ سزای بدەی یان ئەبێ بەندی بکەی.

مێردەکەی زولەیخا روو لەحەزرەتی یوسف دەکات و پێی دەڵێت : بۆتۆعـەیب نییـە کـاری وادەکـەیت ؟ حـەزرەتی یوسفیش دەڵێ : من شتی وام نەکردووە و ژنەکـەت دەسـتدرێژی کردۆتـە سـەرمن، تـەنها عـەزیزی میـسر لەگـەڵ پاسەوانەکەی بەم کارە دەزانن و کەسێکی تر جگەلەمان و لەخوای گەورە کەسی تر ئاگادارنییەو نازانێت.

پاسەوانەکەش بە عەزیزی میسر دەڵێت : گەورەم چۆن ئێمە بزانین کە ئەم گەنجە تاوانبارە و سـەیری کراسـەکەی بکە ئەگەر لەپێشەوە دڕابێت ئەوا تاوانی یوسفە و ئەگەر لەدواوەش دڕابێت ئەوا تاوانی ژنەکەتە، عەزیزی میـسر سـەیری کراسـی یوسـف دەکـات و دەبینێـت لـەدواوە دڕاوە وپشتیـشی بەخوێنـە و شـوێن نینۆکـەکانی ژنەکـەی پێوەدیارە!!!!...

یەکسەر روو لەژنەکەی دەکات و پێی دەڵێ] استغفري لذنبكِ [و پاشان بە حەزرەتی یوسف دەڵێت :ئەم نهێنییە لای

کەس نەدرکێنی.

هەڵوێست وەرنەگرتنی عەزیزی میسر لەو کاتەدا لە بێ غیرەتیدابووە، ژنێك بگاتە ئەو ئاستەی) خیانەت (لە مێردەکەی بکات خێزان بەرەو سەرشۆری ئەچێت وەکو ئەوروپا پیاوان زۆر لایان ئاساییە دایکیان و خوشك و ژنەکانیان و کچیان هەر رۆژەی لەلای یەکێك بێت و رابووێرێت !!!.. تەنانەت لەوڵاتی فەرەنسا واباوە پیاوان رێگە بەژنەکانیان ئەدەن تاوەکو بیست پیاویش ئاساییە لەگەڵ ژنەکانیان و خاوو خێزانیان رابووێرن و پەنا ببەنە بەرکاری ناشەرعیی ... ئەم جۆرە سیفەتانە تەنانەت لەناو ئاژەڵانیشدا نییە و قەبوڵ ناکرێت !!! تەنها بەراز نەبێت، ئەم خووەی بەرازیش بۆ ئەوان گەڕاوەتەوە کەئەمەش حیکمەتی حەرام بوونی گۆشتی بەراز دەردەخات.

خاڵێکی گرنگ لەم باسەدا هەیە:

ئەو کەسانەی زۆر سەرقاڵن بەکار و کاسبی و بازرگانی و ناپەرژێنە سەر خێزانیان زۆرجار گرفتەکە لەمەوە سەرهەڵدەدات، ئەگەر زولەیخا پیاوەکەی بەبەردەوام لەگەڵی بووایە و ساتەکانی لەگەڵ بەسەر بردایەتە سەر و خۆشەویستییان بۆ دروست بووایە، بیری لەو کارە نەدەکردەوە، جوانترین خەسڵەتی ئافرەتیش) حەیا(یە، گەورەترین دەستمایەیەتی و ناکرێت ئافرەتانیش بێدەنگ بن لە ئاست) ئیهمال (کردنی پیاوەکانیان بەرامبەریان، بەئاسانیش لێنەگەڕێن پیاوەکانیان بەهۆی سەرقاڵی و گەشتکردن و کار و کاسبی ، خێزانیان لەبیر بکەن ..بەتایبەتی لەرۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ کە هۆکاری پەیوەندی وغەریزە جوڵاندن زۆرە و لەبەرەودایە.

بەسەرهاتێك

گەنجێك بەناوی) موحەممەد (تابلێی جوان و رێك و پێك لە شاری) کوفە (ژیاوە، ئەم کورە دایکێکی پیری هەبووە، و بەردەوام خەریکی کارو کاسبی بووە و بەهۆی پارەی کاسبیەکەی دایکی ژیاندووە، رۆژێك لەرۆژان ژنێك لە کۆڵانێکی کوفە چاوی لێئەبڕێت و بەفێڵی کرینی باوەشێنەکانی دەیهێنێتە ماڵەوە و خۆی بۆ جوان ئەکات و پێی دەڵێت : لەگەڵم جووت نەبیت هەموو خەڵکیت دەهێنمە سەر و ئابڕووت ئەبەم، لەوکاتەدا ژنەکە لەوپەڕی رازاوەیی و خۆئامادەکردندایە بۆ کاری بێ شەرعیی!!!...

ئەو گەنجەش دەڵێت : رێم بدە بچم بۆ ئاودەست دوایی چیت دەوێت من ئامادەم ... دەچێتە ئاودەستەکەوە و هەموو گیانی خۆی ئەکات بە پیسایی و دێتە دەرەوە و دەچێتە بەردەم ژنەکەوەو، دەڵێت من ئامادەم !!!... ژنەکەش سەری سووڕدەمێنێت و هاوار دەکات و بەپەلە دەری دەکاتە دەرەوەی ماڵەکەی ، دواتر دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دایکی دیمەنەکە ئەبینێت سەری سوڕ دەمێنێت کەکوڕەکەی سەرتاپای گیانی لەپیساییدایە !!! دواتر دەچێت خۆی دەشوات و بەسەرهاتەکە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، لەوسا بەدواوە بە) موحەممەدی بۆنخۆش (ناوبانگ دەردەکات لەبەرئەوەی بەهەر شوێنێك داچووبایە بۆنێکی ئێجگار خۆش ئەو شوێن و جێگایەی دەگرتەوە!!!....ئافەرین بۆئەو کچەی کە کوڕێك داوای پەیوەندیی دڵداری لێئەکات و ئەو نایکات، ئافەرین بۆئەو کوڕەش زەمینەی بۆ خۆشکراوە بۆکاری ناشەرعیی و خۆی ئەپارێزێت، ئافەرین بۆ بازرگان و کاسبکاران کە ژنێك یەخەی دەگرێت بۆکاری خراپ و ئەو ئەڵێت) أنيّ أخاف الله ... (من لەخوا ئەترسم ... نەکەن ئەم دروشمە لەیاد بکەن ...بۆخۆشییەکی چەند ساتێکی کەم ... ناخۆشیەکی درێژخایەن و نەبڕاوە مەکە بەکاڵای بەری خۆت ... گەر تا ئەو ساتەش تووشی هاتووی، ئەوا پەلە بکە و دەرگای تۆبە و گەڕانەوە کراوەیە و پاك و بێگەردانە بژی بۆخۆت.

پاش ماوەیەك لەم رووداوە دەنگ وباس گەیشتەلای ئافرەتانی نزیك كۆشك و خزمـەتكارەكانی خێزانـی عـەزیزی میسر كە ئەویش زولە یخا بوو كە چۆن دەبێت زولـە یخا بـەو گەورەییـەی خۆیـەوە داوای كـاری بـێ شـەرعیی لـە گە نجەكەی ناومالەكەیان بكات كەئەویش حەزرەتی یوسفە سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت .

دیسان زولە یخا كەوتەوە پلان دارشتن و بە ئافرەتەكانی وت :خۆتان دەتـوانن بـێن وبەچـاوی خۆتانـەوە یوسـف ببینن، بانگیان ئەكات و هەریەكەوچەقۆیەكیان دەداتە دەستەوە و دەستی خۆیان ئەبرن و بـەفێل و تەلەكەیـەكی تری زولە یخا دەچنەوەلای یوسف بەلكو لە زولە یخانزیك ببنەوە، بەلام ئەوان هەریەكە و خۆی بۆ نمایش دەكات و ئەلێن ئەی یوسف وەرە لەگەل ئێمەرابووێرە وئێمە لەزولە یخا جوانتر و جەوانترین، ئەمەش هۆیەكی تـر بـوو بـۆ هەلخەلەتاندنی یوسف بۆ ئەوەی زولە یخا بۆ عەزیزی مێردی و هەموو خەلكەكەی بسەلمێنێت كەیوسف داوای كـاری بێ شەرعیی لێكردووە.
هەلوێستی حەزرەتی یوسف لەوكاتانەدا چۆنە؟ ئەو هەروەكو خۆیەتی و هەر پەنا بەخوا دەگرێت و] ربـی الـسجن احبّ الی مما یدعوننی الیه[، ئەی گەنج سەیری هەلوێستی ئەم پێغەمبەرە بكە و بەندیخانە هەلئەبژێرێت لەبری كاری ناشەرعیی و نزیك بوونەوە لەو هەمووئافرەتە كەدانەدانە دەچن بۆلای بەلكو فریوی بدەن، زولـە یخا پێـشتر ئەو رووداوەی بۆ ئەو كۆمەلە ئافرەتە گێرایەوە كە تاوم بۆ برد و پەلامارم دا لەشوێن خۆی نەجولاو هەستی نەبزووا و نزیكم نەكەوتەوە و دەستی بۆنەهێنام.
مێردەكەی زولە یخا بریاری بەندكردنی بەسەر یوسف داسە پاند و دەلێن لەنێوان سێ سال تاوەكو دە سـالان ژیـانی بەعیبادەت و پەرستش لە بەندیخانە بەسەربرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێت] الانبیاء اشد بلاءا [حەزرەتی یوسف لەنازو نیعمەت و زۆری و بۆری كۆشكی وەزیر كەچی بەندیخانە هەلدەبژێرێت، ئەگەر وانەبووایـە نەدەبوو بە وەزیری خەزێنەی میسر دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەردەچێت ، چونكە كەلە بەندیخانـە بـووە چـەند خەونێكی بۆ كەسانی بەندیخانە گێراوەتەوەو هەقیقەتی خەونەكان هاتنە دی، دووكەس خەون ئـەبینن لـە دوای راڤە كردنی خەونەكان حەزرەتی یوسف بەیەكێكیان ئەلێت : تۆ ئەمریت ولەسـێدارە ئـەدرێیت، بـەوەی تریـشیان ئەلێت : تۆ ئازاد ئەكرێیت و لای پاشا كاری خۆت ئەكەیت ...لێرەوە حەزرەتی یوسف داوای لێكرد لـەبیری نـەكات ولای پاشا ئاماژەی پێبكات] اذكرني عند ربك [واتە لای ئەو كەسەی كەكاری لەگەل ئەكەیت باسم بكـە و نـاوم بهێنە ...دواتر لەبیری ئەكات) فأنساه الشیگان ژكر ربه (واتە لەبیری كـرد لای پاشـا نـاوی حـەزرەتی یوسـف بهێنێت ..
هەندێ لەزانایان ئەلێن : ئەوەش هۆیەكە بۆزیاتر مانەوەی حـەزرەتی یوسـف لەبەندیخانەكـەدا، كـە ئەبووایـە رزگاربوونی خۆی لەوپیاوە نەبینیایە و بیكاتە هۆكارێك بۆ دەرچوون لە بەندیخانە، بەلكو تـەنها داوای لـەخوای گەورە بكردایە چونكە خوای گەورە زۆری پێناخۆشە كە داوای لێنەكەیت....
لێرەوە حەزرەتی یوسف ئەیەوێت ئەوەندە سالە بۆچی خراوەتە بەندیخانەوە و هەروەها دەیـەوێت بەئاسـانی بـێ بەرهەم نەبێت و گەرەكیەتی سەرنجی كاربەدەستان و خەلكی شار بۆپاكیی و بێگەردییەكـەی رابكێـشێت و بلێـت : دەرە نجامی ستەمكردن، و ناداد پەروەریی منی گەیاندۆتە ئێرە ...بۆیە دەفەرمووێت : من دەرناچم تا ئەوەی ئەمەوێت بۆمی بكەن.

پاشای میسر شەوێك لەشەوان خەون دەبینێت بەهۆی خەونەکەیەوە بێزاری و بێتاقەتی رووی تێدەکات و کە گومانی تێدانییە خەونەکەی دێتە جێ و راستی و هەقیقەتی بەدواوەیە ...لەخەوەکەدا ئاماژە بەحەزرەتی یوسف دەکرێت کە لەبەندیخانەدایە و بچۆرە لای و تەنها ئەو راڤەی خەونەکەت ئەزانێت !!!... بۆ پێغەمبەر یوسف دەهێنن لە بەندیخانە ئەویش لەبەراییدا پێیان دەڵێت بە عەزیزی میسر بڵێن کەبۆچی ئەوەندە ساڵە منی بەبێ تاوان بەند کردووە؟

ناوبراو خۆی دەچێتە بەندیخانە و لەگەڵ حەزرەتی یوسف دادەنیشێت و خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، حەزرەتی یوسف پێی دەفەرمووێت :مانای وایە حەوت ساڵ بەبەردەوامی بارانتان بەسەردا ئەبارێت و کشتوکاڵ و بەروبوومی زۆرتان ئەبێت بەڵام دوای ئەو حەوت ساڵە حەوت ساڵی تر دەکەونە نەبوونی و هەژاری.

حەزرەتی یوسف پێی رادەگەیەنێت کەلەسەرتان پێویستە ئەو گەنمەی کە بەهۆی باران بارینەکەوە دەستتان دەکەوێت، هەڵیبگرن تادوای ئەو حەوت ساڵە لەحەوت ساڵە بێ بارناویی و وشکاییەکە بۆخۆتان بەکاری بهێنن تاوەکو رووبەڕووی گرانی و قات و قڕی نەبنەوە، بزانە حەزرەتی یوسف سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت چەندە حەکیم و زاناو کەسێکی ئابووری ناسە، بێگومان سایلۆی ئەم سەردەمە و سەردەمەکانی پێشووتریش کە گەنمی تێدا عەمباردەکرێت هەمووی بۆبیرۆکەکانی حەزرەتی یوسف دەگەڕێتەوە کە ئاگاداری عەزیزی میسری کردەوە، حەزرەتی یوسف ئاگاداری دەکاتەوە کە گەنمەکە بەپووش و پەڵاشەکەیەوە هەڵیبگرن و نارزێت، لێرەوەزانیمان کەبیرۆکەی دامەزراندنی سایلۆ بۆ حەزرەتی یوسف دەگەڕێتەوە بەڵام باباشیش بزانین کە هەروڵاتێك سایلۆی نەبێت وڵاتێکی وێران و بێ بەرەکەت و سەرنەکەوتووە.

پاشای میسر لێرەوە رووڵەکاربەدەستانی بەندیخانە ئەکات و ئەپرسێت ئەم پیاوە بۆچی بەبێ تاوان خراوەتە بەندیخانەو فەرمان دەردەکات کەدەبێت دەستبەجێ ئازادبکرێت، بڕیاری ئازادکردنی دەدرێت و حەزرەتی یوسفیش دەفەرمووێت دەرناچم تاوەکو پاشا نەزانێ کەمن لەبەرچی و لەسەرچی خراومەتە بەندیخانە؟ پاشا لەگەڵ حەزرەتی یوسف دەکەوێتە وتوێژ و حەزرەتی یوسف بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و زولەیخاش دان بە تاوانەکەی خۆی دادەنێت و کۆمەڵە ئافرەتەکەی کەهاتنەلای ویستیان تاقی بکەنەوە و بۆخۆیانی فریوبدەن ئەمانیش گەواهیاندا کەئەم پیاوە کەسێکی زۆر پاکە و بێ تاوانە!!..

پاشا دەستبەجێ بەرائەتی حەزرەتی یوسف لەبەردەم هەموو خەڵکی رادەگەیەنێت و فەرمان دەردەکات کە حەزرەتی یوسف بوو بەوەزیری خەزێنەی دەوڵەتی میسر، چونکە پلانێکی بازرگانی زۆر پوخت و جوانی داڕشت و بەو هۆیەوە توانی میسر لە برسێتی و هەژاری رزگار بکات و تەنانەت هەموو وڵاتێك روویان لەو وڵاتە دەکردو بەقازانج گەنمیان لە میسر دەکڕیەوە.

متمانەبەخۆبوون گەورەترین فاکتەرە بۆ سەرکەوتن لەژیان، حەزرەتی یوسف متمانەی بەخۆیەتی بۆ دەرچوونی وڵات لە قەیرانی نەبوونی و داوا دەکات بیکەن بەوەزیری خەزێنەی میسر) اجعلني خزائن الارض اني حفيظ عليم (هەر وڵاتێك و دەسەڵاتێك خاوەنی سیفەتی) حفيظ (و) عليم (بێ، واتا پاراستنی خێر و بێری وڵات لە پاشاگەردانی و بەفیڕۆچوونی سامان و گیرفان پڕکردنی هەندێك لەسەر حیسابی خەڵکی هەژار و نەدار و پاراستنی بەرژەوەندی خاك و وڵات مانای) حفیف (ە، لەگەڵ ئەمەش) علیم (واتا زانا بەهەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی

ولآت ...بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستی وردەکاری، کە بێگومان ئەمەش بە) مۆسسە (کردنی دەزگاکانە و دورخستنەوەی دەسەلآتی تاکە کەسییە، هۆکاری بەرەو پێشچوونی ولآتانی پێشکەوتوو لەرووی تەکنەلۆژیاوە ئەم دوو سیفەتەیە کە) حفیظ و علیم(ن، بۆمان دەرکەوت کە پێغەمبەران تەنها ئامۆژگارییان نەکردووە و وەعزیان نەداوە بەڵکو پڕۆژەی چارەسەرکردنی کێشەکانیان کردووە و لەخەمی گەل و ولآتیان دابووینە.

حەزرەتی یەعقوبی باوکی حەزرەتی یوسف لە فەلەستین دەبێت ئەو کاتە گرانی و کەم خۆراکی روو لەفەلەستین دەکات و فەرمان بەکوڕەکانی دەکات کەدەبێ بچن بۆ میسر بەڵکو لەو ولآتە گەنم لەگەڵ خۆیان بێنن، براکانی حەزرەتی یوسف دەگەنە میسر، کەحەزرەتی یوسف چاوی پێیان دەکەوێت دەستبەجێ دەیانناسێتەوە.

حەزرەتی یوسف لەگەڵیان دادەنیشێت و گەنمیان پێدەدات و پێیان دەڵێت ئەمجارە کەهاتنەوە برایەکی ترتان هەیە لەگەڵ خۆتان بیهێنن و گەنمی زیاترتان پێدەدەم، بزانە ئەم پێغەمبەرە چ پلانێکی جوان و سەیری دارشت بەڵکو ئەمجارە بێنەوەلای و خۆی بۆیان ئاشکرابکات کەمن یوسفم و برای ئێوەم.

براکانی حەزرەتی یوسف دەگەڕێنەوەلای باوکیان ئەوکاتە حەزرەتی یەعقوب چاوەکانی کوێربووە، ئەوەندە لەدووری و بێ هەواڵی خۆشەویستترین کوڕی بگرێیت کەئەویش حەزرەتی یوسفە، هەواڵەکەبەباوکیان رادەگەیەنن و دەڵێن باوکە دەبێ) بنیامین (ی، برامان لەگەڵ خۆمان ببەین چونکە ئەو پیاوە کە وەزیری خەزێنەی میسرە و بەپێی کەسەکان خۆراك و گەنمان ئەداتێ، باوکیان هەرچۆنێك بێت رازی دەکەن و بنیامین لەگەڵ خۆیان دەبەن، کەدەگەنەوە میسر حەزرەتی یوسف بەتەنها لەگەڵ) بنیامین (دادەنیشێت و خۆی پێ دەناسێنێت کەمن بـــــــــرای تۆم و) یوسف(م، حەزرەتی یوسف پلانێکی تر دادەرێژێت کەئەویش ئەوەیە :

ئەو شتەی دەستی کەگەنمی تێدەکات و دابەشی سەر خەڵکی ئەکات ئەیخاتە ناوکیسەی برا بچووکەکەیەوە، یاسای ئەوکاتیش وابوو کە ئەگەر شتێك لەیەکێك بدزرێت دەبێ کەسە دزەکە ببێتە بەندەی خاوەن شتە دزراوەکە، حەزرەتی یوسف بەپلانەکەیەوە لەشتەکەی دەگەڕێت و لەبرا گەورەی دەست پێدەکات و دوایین جار دەڵێت ئەوەتا لەناو بەشە گەنمی برا بچووکەکەیانە، هێشتا خۆی بۆ ئەوانی تر ئاشکرانەکردووە کەمن برای ئێوەم و ئێوە پێش سی ساڵ بەر لەئەمڕۆ منتان فرێدایە ناوبیرێکەوە و پاشان بەهۆی کاروانێکەوە گەیشتمە ئەم میسرە، براگەورەکانی هێشتا لەسەر تاوانەکانیان بەردەوامن و دەڵێن ئەم برا بچووکەمان دزە و کاتی خۆیشی برایەکی بچووکمان هەبوو کەبەهەمان شێوە دزبوو!!!!....

حەزرەتی یوسف دەفەرمووێت : من ئەوبرا بچووکەتان نادەمەوە و دەبێ لێرە بمێنێتەوە چونکە یاسای ئەوسەردەمە وابووە دەبێت ببێت بەبەندە، دەچنە لای پاشای میسر و داوادەکەن برا بچووکەکەیان بدەنەوە، ئەویش دەڵێت: ئەمە مەحاڵەو نایدەینەوە دەستتان، براگەورەکەیان دەڵێت کەوابوو من ناڕۆم و لێرە دەمێنمەوە .براکانی تری دەگەڕێنەوە میسر و بەسەرهاتەکە بۆ باوکیان دەگێڕنەوە و برا بچووکەکەیان وەکو حەزرەتی یوسف بۆماوەی ساڵێك لەدەست دەڕوات و لای حەزرەتی یوسف دەمێنێتەوە، بەلآم هێشتا باوك و براکانی نازانن کەئەم پیاوە یوسفی برایانە، جارێکی تر براکانی بەهۆی بێ گەنمی خۆراکەوە دەچنەوە میسر ئەمجارەیان حەزرەتی یوسف جیایان دەکاتەوە و پێیان دەفەرمووێت] هل علمتم مافعلتم بیوسف [، زانیتان چیتان بەیوسف کرد؟ سەرهەڵدەبڕن و دەڵێن تۆ یوسفیت؟] اانت یوسف [؟؟؟؟!!!!!

ئنجا حەزرەتی یوسف خۆی ئاشکرا دەکات و دەفەرمووێت:بەڵێ من یوسفم و برای ئێوەم، ئەوانیش تاودەدەنە دەست و پێیەکانی حەزرەتی یوسف و ماچی دەکەن و ئەویش دەفەرمووێت واز بهێنن و ئەمە لەبیر خۆتان بەرن و پێیان

دەفەرمووێت] عفا الله عما سلف[، پێی فەرموون ئەوەی لەخوابترسێت و سەبر و ئارامیی هەبێت خودا پاداشتی دەداتەوە، تەقواو لەخواترسانەکەی بۆ ئەوەبوو کەنزیکی کاری ناشەرعیی نەبۆوە، سەبر و ئارامگرتنەکەشی بۆ ئەوەندە ساڵەی بەند کردنی بوو بەبێ تاوان و گوناح .پاشان فەرمانی کرد کراسەکەی بۆباوکیان بەرن، باوکیشی کراسەکە دەخاتە سەر چاوەکانی و دەستبەجێ ڕۆشنایی دەگەڕێتەوە نێو چاوەکانی و چاك ئەبێتەوە، بەر لەناردنی کراسەکەش بۆ باوکی هەموو براکانی کڕنووشی بۆ ئەبەن ، و خەونی سی و پێنج ساڵ بەر لەئێستای دێتە دی کە یانزە ئەستێرەو ڕۆژ و مانگ کڕنووشی بۆ ئەبەن و خەونەکە بەمناڵی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە و باوکیشی هۆشداری دەداتێ کە ئەم خەونە بۆ براکانی نەگێڕێتەوە چونکە شەیتانی لەعین دوژمنی بەردەوام و ئاشکرای مرۆڤە] إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ [ئا ئەمڕۆ خەونەکەی هاتەجێ و براکانی دەستیان بەتەوبە و ئیستغفارکرد و وازیان لەدرۆ و تاوان هێنا، لەهەندێك ریوایەتیشا ئاماژە بەوەکراوە زولەیخا تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە و دوای مردنی عەزیزی میسر دەبێت بە خێزانی حەزرەتی یوسف وئەوەندە شەیداو عەشقی خوای گەورە دەبێت تەنانەت حەزرەتی یوسفی بیردەچێت.

لەکۆتایی ئەم بەسەرهاتەدا حەزرەتی یوسف ڕوومان تێدەکات و فێری ژیانمان ئەکات و ئەفەرمووێت] ربّ قد اتيتني من الملك [.... زانایان ئەڵێن : مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە، خودایە موڵکی خۆتت پێبەخشیم!!!..

ئایا باس لە پۆستی وەزیرییەکەدایە یا خود ماڵ و سامانی دنیا ؟؟ نەخێر) موڵك (لێرەدا بەمانای سەرکەوتن بەسەر ڕەوشتیداوێن پیسی دێت !!!... با موڵکی دنیامان هەلبێت بەلام گەرهاتوو شەرەف و ڕێز وحورمەت لەدەست بدەیت چی لەموڵکی دنیا دەکەیت ؟؟؟بۆیە ناوی ناوە) موڵك (هەموومولکی لەدەست بچێت ئەگەڕێتەوە بەلام کەئابڕوو تکا و شەرەف و کەرامەت لەدەست چوو گەڕانەوەی بۆ نییە و کەسێك لەتوانایدانییە بیگەڕێنێتەوە!!!..

دواتر لەدوای ئەم ژیانە پڕ لەسەروەرییە کە تۆماری کرد و ، بەپاکی و سوپاس گوزاریی کۆتایی پێ هێنا، نزا دەکات و دەفەرمووێت] أنت ولى فى الدنيا والاخره توفنى مسلما و ألحقنى بالصالحين [با گەورەترین ئاواتت ئەوەبێ کە بەموسڵمانی بژیت و بە موسڵمانیش سەربنێیتەوە و موسڵمانیش واتا)) بۆ خوا ژیان و بۆ خوا مردن ((
....

لەحەزرەتی یوسف فێری کۆمەڵێك وانە و پەند و عیبرەت دەبین:

*فێری ڕاستگۆیی و لەخواترسان دەبین.

*فێردەبین کەبەردەوام تەوبەو ئیستغفار بکەین.

*فێربووین کە نزیکی کاری ناشەرعیی و داوێن پیسی نەبینەوە.

*فێربووین کەلەنێو ماڵێك پەروەردەبووین نابێت خیانەت لەوماڵە بکەین.

*فێربووین کەبەردەوام خودا لەگەڵمانە.

*فێربووین کەلێبووردەبین، وەك چۆن براکانی دەبەخشێت و تۆڵە لەو کاربەدەستەش ناناتەوەکەزیاتر لەدەساڵ بەبێ بوونی تاوان و تۆمەتێك خستیە زیندانەوە.

*فێری سەبر و ئارامگری کردین.

*فێری کردین کە هەمووەمان وەك ئەو فێری ئابووری و سەرخستن و بەگوڕخستنی بازرگانی ببین و وڵات لەنەبوونی ڕزگاربکەین.

*فێربووین ژیان کورته و تاقیکردنەوەکانیش بەجۆرەها شێوەن.
لقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِلسَّائِلِينَ (7) إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (8) اقْتُلُوا يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ (9) قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ (10) قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ (11) أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (12) قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ (13) قَالُوا لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَخَاسِرُونَ (14)فَلَمَّا ذَهَبُوا بِهِ وَأَجْمَعُوا أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هَذَا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (15) وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ (16) قَالُوا يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ (17) وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ (18) وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُوا وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَا بُشْرَى هَذَا غُلَامٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (19) وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ (20) وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِنْ مِصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (21) وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (22) وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَنْ نَفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (23)

* * *

پێغەمبەر شوعەیب سەلامی خوای لەسەربێت:
كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ (176) إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ (177) إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ (178) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (179) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (180) أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ (181) وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ (182) وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (183)وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الْأَوَّلِينَ (184) قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ (185) وَمَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا وَإِنْ نَظُنُّكَ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (186) فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِنَ السَّمَاءِ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (187) قَالَ رَبِّي أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ (188) فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ . (189) الشعراء..

ئەمجارەیان لەخزمەتی یەکێکی ترین لەنێردراوو پێغەمبەرەکانی خوای گەورە کە ئەویشیان حەزرەتی شوعەیبی کوڕی مەدیانە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، ئەم پێغەمبەرە بەدووپشت دەگاتەوە بەحەزرەتی ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەران و باوکی حەزرەتی شوعەیب سەرۆك هۆزی مەدیەن بووە لە ئوردن و حەزرەتی شوعەیب لەناو ئەو هۆز و گەلە ژیاوە کە لەنزیك دەریای مردوو بووینە، بەرلەو هۆزە گەلی سەدوم لەشوێنەکەی ئەوان ژیاون و دەیانزانی کەبەرلەوان ئەو گەلە بەر سزای خوای گەورە کەوتن و لەناوچوون.

حەزرەتی شوعەیب ڕەمزی تێکۆشان و کۆڵنەدان بووە وپێمان دەڵێت : کەباوەڕهێنان و ئیمانداریيەتی ڕاستەقینە هەر ئەوەنییە شایەتوومان بهێنیت و لەماڵەوە یاخود لەسووچێکی مزگەوت دانیشیت و بەتەنها زیکر و یادی خوای گەورە بکەیت، بەڵکو پێت دەڵێت :تۆش هەوڵبدەوماندووبە و ڕەنج بکێشە بۆ بانگەواز وبانگکردنی ئەم خەڵکە بۆ ڕێی هیدایەت و سەرفرازی و بەختەوەری، حەزرەتی شوعەیب وەکو هەموو پێغەمبەرەکانی تر شەووڕۆژ لەگەڵ گەلەکەی بووەو خەمخۆرییان بووە و درەنگانی شەوانیش لەخەڵوەدا لەبەردەم خوای گەورە ئیستغفاری کردووە و بەکوڵ گریاوە، ئەگەر ئێمەش لەم چەرخ و ڕۆژگارە بمانەوێت نزاکانمان گیرابن و خوای گەورە بەهانامانەوەبێت بۆ

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی و بەدڕەوشتی و سەرخستنی ئەم ئايينە ئەوا وەكو ئەو پێغەمبەرەو پێغەمبەرەكانی تر پێویستیمان بەماندووبوون وخەڵوە و ئیستغفارهەیە، بەم شێوەیە دەتوانین رەزامەندی خوای گەورە بەدەست بهێنین و بەرەنگاری هەموو كۆسپ و تەگەرەیەكی ئەم رۆژگارە ببینەوە، لەهەموو كات و سات و شوێنێك دەتوانین پەنا ببەینە بەر خەڵوە و موناجات و نزاو پاڕانەوە، لەماڵ و لەمزگەوت ولەسەرشەقام وتەنانەت لەبازاڕەكانیشدا بۆت هەیە لەگەڵ خوای گەورە موناجات بكەیت و خەڵوەبكەیت كەموناجات و خەڵوەش لەگەڵ خوای گەورە كڕنووش بردن و تەسبیحات وبیركردنەوەیە لەگەورەیی خوای بالآدەست، لەوكاتەدا تۆ زۆر خۆشەویست و ڕێزدار دەبیت لەلای خوای میهرەبان و بەسەردەكاتەوە و وەلآمی نزاكانت دەداتەوە.

بەلآم ئەوكەسەی بەو شێوەیە نەبێت و كەمتەرخەمی بكات لەخەڵوەت و گوێنەدان بەفەرمان و بڕیارەكانی خوای گەورە ئەوكەسە با باش بزانێ كەكەسێكی سەركەوتوونییە و كەمتەرخەمە لەبەڕێوەبردنی كاروبارەكانی ژیان، ئەگەر بێدەنگ بێت لەئاست تاوان و ناهەقی و نادادپەروەریی كاربەدەستان ئەوا بێگومان كەسێكی بێ گیانە و هیچ بوونێكی ئەوتۆوی نییە لەم دنیایەدا، كەسێك كە عیبادەت وباوەڕەكەی كردۆتە ڕەمز و هێمای ژیانی و خەڵكانیش لەو ڕەمزە دەوڵەمەند ئەكات ئەوە كەسێكی سەركەوتووە و، ئایندەیەكی گەش چاوەڕێی ئەكات، بائێمەش وابین و لەوكەسانە نەبین كەبڵێین ئەركەكانی خۆم بەجێدەگەیەنم و خەڵكان چیدەكەن ئارەزووی خۆیانە و گرفتی من نییە، ئەمە گەورەترین تاوان و هەڵەیە، چونكە لەسەرەتاوە وتمان ئەم نەوەی ئادەمە هەرهەموویان جێ نشینی خوای گەورەن لەسەر زەوی و دەبێ وەكو سەرجەم پێغەمبەران لەهەوڵدابن و ماندووبن بۆ گەیاندنی پەیامی پیرۆزی ئیسلام بەهەموو خەڵكان .ترسناكترینیان ئەوەیە هەندێك عاداتی چاولێكەری هەیە تائێستاش لەگەڵدابێ خەڵكان پەیڕەوی ئەكەن و لەسەری دەڕۆن، وەكو عاداتی خیانەت كردن لەیەكتری و پچڕاندنی سیلەی ڕەحم و هاتووچۆنەكردنی یەكتری، ئەگەر عیبادەتەكەت ئەو عادەتانەت نەگۆڕێت ئەوا لەئیمان و باوەڕەكەت بترسە، پێغەمبەرانیش وەكو ئەڵقەیەكی گەیەنەر بووینەلەنێوان مرۆڤەكان و خوای گەورەچونكە هەرچی فەرمانی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەكانیان ناردووەو مرۆڤیشیان راسپاردووە كەملكەچی فەرمان وبڕیارەكانی خوای میهرەبان بێت، تۆش كەباوكی و لەتەمەندا ڕۆچوویت پێویستە باوەڕو بەندایەتیەكەت وات لێبكات بەردەوام ئامۆژگاری كوڕو كچەكانت بكەیت و ئامۆژگارییان بكە كە هاتووچۆی هاوڕێ و برادەری خراپ نەكەن و بالآپۆش بن و نزیكی حەرام و گوناهو تاوان نەكەون، ئەركێكی تری پێغەمبەران ئەوەبووە كەبەدرێژایی تەمەنیان كەلەناو گەلەكانیان بوون، دژی گەندەڵیی دارایی و بێ رەوشتی وستەمكردن ئەوەستان كەبەزەبری هێز و دەسەلآت خۆیان بەسەر گەلەكانیان سەپاندبوو و مافیان زەوت ئەكردن، لەناو هەرگەل ومیللەتێك كەخراپەكاری و فەسادی و بەدڕەوشتی و گەندەڵیی هەبووبێت ئەوا خوای گەورە پێغەمبەری بۆناردوون.

گەلی حەزرەتی شوعەیب بەم شێوەیە بوون و ستەمیان لەخەڵكان ئەكرد و گەندەڵ بوون و پارەو سامانی زۆر و بێ شوومارییان لەخەڵكی هەژار وكاسبكار ئەسەند، شتیان بەخراپ ئەكڕی و بەباشە ئەیانفرۆشتەوەوەكوئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ وابوون لەڕادەبەدەر گەندەڵ و خراپ بوون، خراپەكارییان لەڕادەبەدەرتێپەڕی كردبوو چونكە دەسەلآتدارەكانیان زاڵم و ستەمكار و گیرفان پڕبەلآم كەسە هەژار وكاسبكارەكان دەست كورت و بێ پشت و پەنا، دز و جەردەییان زۆر تێدابوو لەسەر ڕێگاكان ببوونە گومرگ بەسەر بازرگانان و پارەی زۆریان لێ ئەسەندن و كەل و

پەلەکانیشیان بەتالآن ئەبردن .ئەوگەلەبەوەندەش نەوەستان دارێکی گەورەیان چاندبوو کە) ئەیکە (یان پێ ئەوت و قورئانیش ئاماژەی پێداوە) اصحاب الایکە (و، ئەمانە دارەکەیان ئەپەرست و کڕنووشیان بۆ دەبردو دەسەلآتدارەکان خەڵکەکەیان بە پەرستنی ئەو دارە سەرقاڵ کردبوو، خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی] کذبت اصحاب الایکة المرسلین [واتە : هیچ پێغەمبەرێك بەلایانەوە ڕاست نەبووە وگاڵتەیان پێ هاتووە و بەگوێیان نەکردوون ولەدژیان وەستاون.

هەروەها خوای گەورە لەبارەی حەزرەتی شوعەیبەوە فەرموویەتی] وإلی مدین أخاهُم شعیباً قال یاقوم اعبدوا الله مالکم من الە غیرە[، حەزرەتی شوعەیب جاڕ پەلەناکات و دەیەوێت بانگیان بکات کەبۆچی خوای تاك و تەنها ناپەرستن کە ئایا جگە لەو خوایەکی تر هەیە؟

پێغەمبەران هەرهەموویان بەدەست ستەمکارانی سەردەمەکەی خۆیان زەحمەتییان کێشاوە و ئەزیەتدراون، چونکە گەلەکانیان زۆری پارەو سامان هەڵیخەڵەتاندبوون و لووت بەرزبوون و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی خوای گەورە نەبوون کەلەلایەن پێغەمبەرانەوە بۆیان دەهات.

ئێستاکە لەولآتانی ئەوروپی هەر بەرپرس و تەنانەت سەرۆکیش بێت گەندەڵیی لەسەر بسەلمێت دەدرێتە دادگا ئەگەر پارەی دەوڵەتیشی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکار هێنابێت یاخود خانووی پێ دروست کردبێت، گەیشتۆتە ئەورادەیەی چەندین بەرپرس بەهۆی ئاشکرابوونی گەندەڵییەکانیان خۆیان کوشتووە یاخود دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، ئەمە بۆچی ؟ لەوەدەترسن کەبەرنەفرەتی ڕۆژگاربکەون و ئابڕوویان بچێت، ئەمانەخۆ کەسانی بێ باوەڕن و باوەڕیان بەئیسلام نییە، بەلآم حوکم و یاسا وای لێکردوون بەو شێوەیە پەروەردەبن، ئەی ئەگەر کەسێك بەگوێی خواو پێغەمبەرەکەی نەکات دەبێت چ سزا و پاداشتێك چاوەڕێی بکات لەکاتێکدا خۆی بە ئیماندار و موسڵمان دەزانێت و لەناو ولآتانی ئیسلامیدا ئەو گەندەڵییە بکات ؟ پێغەمبەران خاوەن یەك هەڵوێستن و نایەڵن گەندەڵیی و جەردەیی هەبێت و کەسانی لاواز وبێ پشت و پەنا لەخوارەوەبن و زاڵمانیش لەسەرتەختا حوکم بکەن، پێغەمبەری پێشەواش سەلآت وسەلامی خوای گەورەی لەسەربێت بەم شێوەیەبووە و بۆلەناوبردنی ستەمکاران وسەرخستنی بێنەوایان ماندووبووە و هەوڵی داوە، ئەوەتا هەرشتێکی موشریکەکانی بکەوتبایە دەست هەرهەمووی بەسەر هەژاران و نەداران دابەش دەکرد و هیچ شتێکی بۆخۆی نەدەگێڕایەوە، ئێمەش کەبەرپرس بین و خاوەن دەسەلآت بین دەبێ بەوشێوەیە بین و وانەکەین ژێر دەستەکانی خۆمان مافخوراوبکەین.

ئەمجارەیان حەزرەتی شوعەیب سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت ئامۆژگارییان ئەکات کە ماڵ و سامانی ئەو خەڵکە بەتالآن مەبەن و لەخوا بترسن، و سەرە ڕێگاکان بۆ جەردەیی و دزی و بەتالآن بردن بەکارمەهێنن و چیدیکە زوڵم و ستەم لەوخەڵکە هەژارەمەکەن، حەزرەتی شوعەیب لەگەڵیانەو ئامۆژگارییان ئەکات بەلآم ئەوان بەگوێی ناکەن و گاڵتە بەخۆی و ئەو چەند کەسە ئەکەن کەباوەڕیان پێی هێناوە و لەگەڵیدان، حەزرەتی شوعەیب بەنەرم و نیانییەوەپێیان دەفەرمووێت ئێوە ژمارەتان زۆر کەم بووەو خوای گەورە زۆری کردن و هۆزەکەتان ژمارەی زۆربووە، پاشان سزای گەلەکانی پێش خۆیانیان دێنێتەوە بیر کەخوای گەورە چۆن و بەچ شێوەیەك لەناوی بردن، پێغەمبەران بۆ ئەوەهاتوون هۆشیاری بەخەڵکان و گەلەکانیان ببەخشن کە ئاگادارت دەکاتەوە لەخراپە ئەوا چاکەکەیشت بۆدەستنیشان دەکات ودەبێ پەیڕەوی بکەیت، تۆش گەردەتەوێت چاکساز بیت و دەوروبەرت هۆشیاربکەیتەوەبەو شێوەیەبە و کەخراپەی کەسێکت ڕاستکردەوەئەوا باشەکەی پێ بڵێ، بۆنموونە :ئەگەر خوشکێکت بالآ پۆش نییە تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەگەر وتی :بەدیلی ئەوکارەم چییە؟ بڵێ حیجاب و خۆدا پۆشین جێگرەوەیەتی.

گەندەڵیش بەهەمان شێوە بڵێ دەست پاکی جێگرەوەیەتی، دزی و جەردەییش بەهەمان شـێوە دەسـتپاکی و تۆبـەو گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە، حەزرەتی شوعەیبیش بەهەمان شێوە بەگەلەکەی دەفەرموێت :سـنوورێك بـۆ خۆتـان دابنێن و دەستوور و یاسایەك پەیڕەو بکـەن و بـەئارەزووی خۆتـان دەسـتدرێژی مەکەنـە سەرسـامانی خـەڵکانی ژێردەسـتەتان، دواتـر پێیـان ئەفـــــــــەرموێت] إن اريدُ الا الاصلاح مااستطعت وما تـوفيقي الا بـالله عليـــــــــه توكلت واليه انيب [ئەمەئامانج و گوفتار و دروشمی هـەموو پێغەمبەرانـە، حـەزرەتی شـوعەیب لـە گوناهو تـاوانی گەلی لوت ئاگادارییان دەکاتەوەکەلەئێوەوە نزیك بوون و خوای گـەورە هەرهـەموویانی لـەناوبرد، گەلەکەی دژی ئەوبیرۆکەی حەزرەتی شوعەیبن و پێی ئەڵێن : ئیتر بەسە وازمان لێبهێنـە، بـەڵام ئـەو پێغەمبـەرە وازیـان لێناهێنێـت و بـۆ ڕێنمـاییکردنی ئـەوان هـاتووە و هۆشـیاریان پێدەبەخـشێت کەدەسـبەرداری تـاوان و گوناهەکانیان بن ولەسزای خوای گەورە بترسن، پێی ئەڵێن : نوێژەکانت فەرمانت پێ ئەکات ئێمە واز لە پەرستنی خوایەك بێنین کە باوك و باپیرانمان پەرستوویانن؟ یاخود ماڵ و سامانمان بـەم شـێوەیە پەیـدا نەکـەین ؟؟] ..
قالوا ياشعيب أصلاتك تأمرك ان نترك مايبعد أباؤنا أو أن نفعل من أمالنا ما نشاء.[
بۆچوونەکانیان وەکوبۆچوونی کاربەدەستانی ئەم رۆژگارەیە پێت دەڵێت : دین و دەوڵەت تێکـەڵ بەیـەکتر مەکـە و نوێژەکەی خۆت بکەو واز لە پارە و سامانی ئێمە بهێنە، پێت دەڵـێ : نوێژەکـەی خـۆت بکـە و دەسـت لـەکاروباری دەوڵەت وەرمەدە !!!!..قورئان بۆخۆت بخوێنە و وازلەبیرۆکە و فیکری ئێمەبهێنە !!!!دابڕانـدنی دیـن لەدەوڵـەت گەورەترین و زەقترین تاوانە، پێچەوانەی شەرع ویاسای ئیسلامە و سەرخستنی نووسـراوو یاسـای مرۆڤـە بەسـەر ئایین، حەزرەتی شوعەیبیش گەرەکیەتی) دین ودەوڵەت (تێکەڵاوی یەکتربن و تابەهۆیـەوە مـافی ژێردەسـتەکان پارێزراو بێت و بەوهۆیەشـەوە یاسـا و ڕێـسایەکی تۆکمـە و پتـەو دەچەسـپێت، کەپێـچەوانەی شـەرع و یاسـای دەستنووسی خۆیانە، ئەمجارە گەلەکەی بەگاڵتە پێکردوونەوە پێی دەفەرموون کەتۆ پیاوێکی باش و نەرم و نیـان بوویت و سەرلێشێواو نەبوویت بۆتێکچوویت و گۆڕاویت!!!.. ؟؟
ئایینی ئیسلام باشترین ونایـابترین ئایینـە بۆچەسـپاندنی یاسـا و شـەریعەت و لـەناوبردنی گەنـدەڵی و بـۆت دەردەکەوێت کە تەنها عیبادەت نییە بەتەنهاو بەڵکو عیبادەت و مامەڵەشە، عیبادەتەکەت دەبێ وات لێبکات کـە ملکەچی یاسابیت و لەیاسا دەرنەچیت، دواجار حەزرەتی شوعەیب ئاگادارییان دەکاتەوە، ئەی گەلەکەم سەرپێـچی لەفەرمانەکانم مەکەن، چونکە سزای هاوشێوەی گەلی نوح و هودتان بۆدێت و لەناودەچن و بۆدواجار پێتان دەڵـێم لەخوای گەورە بترسن وگوێڕایەڵیم بکەن.
ئنجـا پێیـان دەفـەرموێت داوای لێخۆشـبوون لـەخوای گەورەبکـەن و خـوای بـاڵادەسـت زۆر بـەڕەحم وبەزەییـە ولەگوناهەکانتان خۆش دەبێـت، دیـسان بـەگوێی ناکـەن و گاڵتـەی پێدەکـەن و فەرامۆشـی ئەکـەن و حـەزرەتی شوعەیبیش پێیان ئەفەرموێت چاوەڕوان بن تائەوکاتەی خوای گەورەسزاتان بۆئەنێرێت و لەناوتان ئەبات.

گەورەدەسەڵاتدارەکان دێنە گۆو، بەحەزرەتی شـوعەیب دەڵـێن : گـەر بێـدەنگ نـەبیت و بەبێـدەنگی لـەناومان نەمێنیتەوەئەوا خۆت و ئەوانەی لەگەڵتن شاربەدەرتان ئەکەین و بەردبارانتان ئەکەین ولەناوتان ئەبەین، بـەڵام حەزرەتی شوعەیب گوێیان پێنادات ولێیان ناترسێت و دەزانێت کە خوای گـەورە خـۆی پارێزکـاری ئـەوەو بەسـەر ستەمکارانی سەردەخات و براوەش هەربۆ باوەڕدارانە، ئەمجارە پێی دەڵـێن) یاشعیب مانفقه كثیرا مماتقول(، پێشیان ووت :لەبەرخزمایەتی نەبووایە بەردبارانمان ئەکردی و لـەناومان دەبـردی، حـەزرەتی شـوعەیب پێیـان

دەفەرمووێت] اعملوا على مكانتكم إني عامل[، پاشان پێی فەرموون چاوەڕێی بەئێشترین و سەختترین سزای خوای گەورە بکەن و منیش ئەوکاتە دەتانبینم و ئێوەش دەزانن کەکاممان براوە و سەرکەوتووە، حەزرەتی شوعەیب لەخوا دەپاڕێتەوە ونزادەکات] ربنا افتح بيننا وبين قومنا بالحق وأنت خير الفاتحين [نزا دەکات ولەخوای گەورە تکاکارە لەگەلەکەی جیابێتەوەو چ سزایەکی توندی خۆی هەیە بەسەریان داببارێنێت و لەناویان ببات، خوای گەورە نزاکەی گیراکرد و سزای خۆی بۆناردن و یەکەمجار هەوای لێبڕین و ئۆکسجین نەماو تەنگە نەفەسی رووی لەهەموویانی کرد، سێ ڕۆژ لەماڵەوە بەتەنگەنەفەسی مانەوە و ڕەوش و کەش وهەوایەکی نالەبار هەڵیکرد و هیچ سێبەرێك بەسەریانەوە نەما !!!!..ئنجا خوای گەورە لەدوورەوە هەورێکی چڕی ڕەنگ ڕەشی بۆناردن و سێبەری لەگەڵدابوو، هەرهەموو گەلەکە چوونە ژێرییەوەو زەوی لەرزەیەکی زۆر توندڕوویدا و هەرهەموویان لەناوچوون، بەلاّم حەزرەتی شوعەیب و ئەوانەی لەگەڵیدابوون باوەڕداربوون نەچوونە ژێر هەورە ڕەشەکەوە و ڕزگارییان بوو، چونکە بڕیاروفەرمانی خوای گەورە بەوشێوەیەیە و هەتا دنیاش مابێت سەرکەوتن وبراوەیی تەنها بۆ موسڵمانان و باوەڕدارانە.سەیر لەوەدابوو حەزرەتی شوعەیب و باوەڕدارەکان بەرامبەر ستەمکارەکان زۆر بەئاسانی هەوایان هەڵئەمژی و هەناسەیان ئەدا، حەزرەتی شوعەیب و باوەڕدارەکان نموونەی سزاکەیان بینی، گەلی مەدیەن وەکو گەلی سەمود کەوتنە سەرئەژنۆ و دوای زەوی لەرزەکە دەنگێکی زۆر بەرز هات و هەرهەموویان سنگیان شەق بوو و دڵیان لەجەستەیان هاتە دەرەوە، پاشان حەزرەتی شوعەیب چووەسەرلاشە تەقیوەکانیان و پێی فەرموون گەلەکەم پێموتن : خوای گەورە بپەرستن وبەگوێم بکەن وستەم وزۆرداری مەکەن گاڵتەتان پێدەهات و لەسزای خوای گەورە ئاگادارم کردنەوە و دەتانویست بەردبارانم بکەن و شار بەدەرم بکەن، و زۆر لەگەڵتان بووم و زۆریش ئامۆژگاریم کردن، کەچی سەرپێچیتان دەکرد و گاڵتەتان پێدەهات، حەزرەتی شوعەیب گەڕایەوەلای باوەڕدارەکان و دەستی کردەوە بەبانگەواز کردن تائەوکاتەی تەمەنی بەرەو پیربوون دەڕوات وحەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت لادەداتە مەدیەن و دەبێت بەزاوای حەزرەتی شوعەیب سەلامی خوای گەورەیان لەسەربێت...

* * *

پێغەمبەر موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت :

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُمْ مُتَّبَعُونَ (52) فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (53) إِنَّ هَؤُلَاءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (54) وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَائِظُونَ (55) وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَاذِرُونَ (56) فَأَخْرَجْنَاهُمْ مِنْ جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (57) وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ (58) كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (59) فَأَتْبَعُوهُمْ مُشْرِقِينَ (60) فَلَمَّا تَرَاءَى الْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَابُ مُوسَى إِنَّا لَمُدْرَكُونَ (61) قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ (62) فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانْفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ (63) وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ (64) وَأَنْجَيْنَا مُوسَى وَمَنْ مَعَهُ أَجْمَعِينَ (65) ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ (66)إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (67) وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ .(68) الشعراء..

یەکێك لەو پێغەمبەرانەی بە درێژایی تەمەنی پیرۆزی رووبەڕووی دەسەلأتداری زاڵم وستەمکار بۆتەوە و بەبەردەوام پشتیوانی کردووە لە ستەم لێکراوان و ستەم دیدەکان و زۆر سووربووە لەسەر بلأوکردنەوەی ئایین و بڕیار و راسپاردەکانی خوای گەورە حەزرەتی) موسا (یە، سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت.

کەباس لەم پێغەمبەرە دەکرێت تواناو هێزو چاونەترسی و خۆڕاگری و فیداکاریت دێتە بەرگوێ و بەرچاوان، چونکە ئەوەندە بەهێز وتوانابووە باکی لەدەسەڵات و هێزی فیرعەوندانەبووە، پێغەمبەرێکە لەهەمووپێغەمبەران زیاتر ناوی لەقورئانداهاتووە، چونکە بەبەردەوام لەهەوڵ و ماندووبوون و کۆشش دابووە و رۆژێك لەرۆژان پشووی نەداوە، خوا خۆی فەرموویەتی] إني جاعل في الارض خليفة [کەواتە هەموو مرۆڤێك لەسەر ئەم زەوییە جێ نشینە و ئەرکی سەرشانیەتی بەرنامە و شەرع و یاسای خوای گەورە بەو خەڵکانە بگەیەنێت و خۆی ماندووبکات، نەڵێت ئەمە کاری من نییە و خەڵك ئارەزووی خۆیەتی و چی دەکات و چی ناکات بابیکات !!ئەم وشەیە کەلەزاری ئەم خەڵکە دەردەچێ بەتاییەتی تر لەم رۆژگارە هەڵەیە و بەخۆداچوونەوەی پێویستە.

پێغەمبەر موسا بەرەنگاری گەورەترین ستەمکار و تاغوتی سەردەمی خۆی بۆوە کەئەویش فیرعەون بوو، فیرعەونێك لەناو کۆشکەکەی سەدەها منداڵی شیرەخۆر سەر دەبڕێت نەوەکو موسایەك لەناو ئەو منالآنە سەرهەڵبدات، حەزرەتی موسا لەنێو کۆشك و تەلاری ئەو فیرعەونە گەورە دەبێت دواییش هەر بە هەوڵ و کۆششی ئەم حەزرەتی موسایە لەناودەچێت، ئەو پێغەمبەرە چەند سیفەتێکی هەبووە کە گرنگترینیان دڵسۆز بووە و ئەوەی تریان) کليم الله (بووە، واتا قسەی لەگەڵ خوای گەورەدا کردووە، دڵسۆزییەکەی چەندە بێ وێنەبووە سەیر کە لەوکاتە پەیمانێکی خوای گەورە بەجێ دەگەیەنێ تابگەنە بەردەم کێوی) گور (پێشی هەموو گەلەکەی دەگات بەو کێوە کەژمارەیان شەش سەد هەزار کەسە، خودا پێی دەفەرمووێ بۆچی ئاوەها بەو شێوەیە و بەپەلە پێشی گەلەکەت گەیشتیتە ئێرە ؟ حەزرەتی موساش دەفەرمووێت] عجلت اليك ربي لترضى [بزانە چەندە پەلەیەتی تاوەکو رەزامەندی خودا بەدەست بهێنێت.

یاخود لەوکاتەی کەبەرەو دەریا دەکەونە رێ و فیرعەون و سوپاکەی دەکەونە دوایان حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت لەدواوەی هەموو گەلەکەیەتی تاوەکو تەئکید بێ لەوەی کەتاکە کەسێك لەگەلەکەی دانەبڕاوە و جێنەماوە.

حەزرەتی موسا بەپێنج پشت دەگاتەوە حەزرەتی ئیبراهیم سەلامی خوایان لەسەر بێت، وەك وتمان هەموو پێغەمبەران لەدوای حەزرەتی ئیبراهیم نەوەی حەزرەتی ئیسحاق پێغەمبەرن، تەنها پێغەمبەری ئێمە نەبێت کەلەنەوەی حەزرەتی ئیسماعیل پێغەمبەرە سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت، پێغەمبەر موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت کەسێکی رەش پێستی بەهێز و پتەوو توند و تۆڵ بووە و، کەمێك لەقسەکردن زمانی دەگیرا و هەندێك وشەی جوان نەدەختەڕوو، کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری ژێردەستەکان بوو بەهیچ شێوەیەك زوڵم و ستەمی قەبوڵ نەدەکرد.

لەسەردەمی حەزرەتی یوسفیشدا فیرعەون هەبوون ئەمانە بنەماڵەبوون و ستەمکاربوون، فیرعەونەکەی سەردەمی حەزرەتی یوسف ناوی) قابوس (بوو بەڵام هی سەردەمی حەزرەتی موسا ناوی) هؤليد بوو(، و لەدوای حەزرەتی ئیسحاق و دوای چەند سەدەیەك هاتە دنیا گەلی بەنی ئیسرائیل کە بنەماڵەی حەزرەتی یەعقوب بوون لەگەڵ هاتنی حەزرەتی یەعقوب بۆ میسر کەلەوکاتە حەزرەتی یوسف لەوێ نیشتەجێبوو مایەوە، و نەوەی بەنی ئیسرائیل زۆربوون تاوەکو ئەو فیرعەونەی لێهاتە دنیاوە ... فیرعەونیش هەموو هاوڵاتیەکانی بەنی ئیسرائیلی کرد بەپلە دوو و بۆیان نەبوو ببن بەخاوەن موڵك و سەروەت و سامان و لەئەنجامدا ئەیچەوساندنەوە و ئەیکوشتن.

هەموومان ئەهرامەکانی میسرمان بینیوە کە هەرهەمووی بەفەرمانی فیرعەون و بەهەوڵ وهیممەت و ماندووبوونی

بەنی ئیسرائیل دروستکراون و ئێستاش ماون و شەش سەد هەزار کەس بەندە و ژێر دەستەی فیرعەونی تاغوت بوون ئەمە جگەلەوەی لاشەی فیرعەونی ستەمکار لەناو ئەهرامەکاندا ماوە، چونکە بڕیاری خودابووکەدەبێ لاشەکەت بمێنێت تاوەکو ببێت بە پەندو عیبرەت بۆ هەموو ستەمکارێکی رۆژگار، فیرعەون کچێك دەبینێت کەناوی ئاسیابووە و فیرعەون داوادەکات کەباوکی کچە ئاسیای پێبدات و بیکات بەخێزانی خۆی، باوکیشی ناڕازی بوونی خۆی بەرامبەر بەفیرعەون نیشاندا کە ئێمە باوەڕدارین و لەسەر ئایینی) ئیبراهیم و یەعقوب (ین، و مەحاڵە ئەم کچەت پێبدەم کەتۆ بێ باوەڕی !!!هەرچۆنێك بێت فیرعەون باوکی ئاسیا ڕازی دەکات و ئاسیا دەکات بەخێزانی خۆی بەڵام هێشتا ئاسیا هەر باوەڕدارە و ئامادەنییە واز لە باوەڕە پتەوەکەی بهێنێت و فیرعەونیش بە باوەڕەکەی ئاسیا ئاگادارنییە.
هەندێك ریوایەت هەن کە دەنگ وباس بڵاوبۆوە مناڵێك دێتە دنیاوە و تەخت و تەلاری فیرعەون دەڕووخێنێت و تەنانەت فیرعەونیش لەناودەبات، ریوایەتێکی تر هەیە گوایە فیرعەون شەوێك لەشەوان خەون دەبینێت کە ئاگرێك لەفەڵەستینەوە کڵپە ئەکات و بەرەو میسر دێت و تەنها ماڵی فیرعەون و میسرییەکان و بەنی ئیسرائیلیە ستەمکارەکان دەسووتێنێت، بەڵام بەنی ئیسرائیلیە باوەڕدارەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە.
دەڵێن بۆ بەیانی فیرعەونی ستەمکار خەڵکان کۆدەکاتەوەکەخەونەکەی بۆ راڤە بکەن و ماناکەی لێك بدەنەوە، کۆمەڵێك کەس پێی دەڵێن کەبەم زووانە منداڵێك لەدایك دەبێت و تۆ لەناودەبات، بۆیە فیرعەون بڕیارێك دەردەکات کەهەر منداڵێکی بەنی ئیسرائیل لەدایك ببێت دەبێت دەستبەجێ منداڵەکە بکوژرێت و نابێ بەخێو بکرێت، بەڵام ئەمە بڕیاری سەرزەوییە و بڕیاری خودای گەورە لە ئاسمانەکانەوە پێچەوانەی بڕیاری ستەمکارێکی سەرزەوییە...

چونکە ئەوەی خوابیەوێت وادەبێت و نابێ بچێتەسەر) رزقكم في السماء(، ئەمە بڕیاری خوایە ئەی بۆچی ستەمکاران وستەمکاران لەسەر زەوی خەڵکان دەچەوسێننەوە و زوڵم دەکەن خۆ رزق و ژیان بەدەست ئەوان نییە بەدەست کەسێکە) الّژی لایغفل ولا ینام (ئەی کەوابێت من بۆ زوڵم بکەم و بۆ خەڵك بەکوشتن و گرتن بدەم بۆ ببم بەسیخوڕ بەسەر خەڵکانی باوەڕدار و بێ تاوان؟
فیرعەون دەستی کرد بە زوڵم و ستەم و هەر مناڵێك لەدایك بووایە گەر کوڕبووایە ئەیانکوشت و کچیش بووایە بەخێویان ئەکرد تا گەورە دەبوو ئنجا دەستدرێژیان دەکردە سەر و مامەڵەشیان پێدەکرد، هەندێك دەڵێن ئەو ساڵەی فیرعەون بڕیارەکەی دەرکردبوو حەزرەتی هارون لەدایك ببوو، چونکە حەزرەتی هارون لەحەزرەتی موسا گەورەتربووە، دایکی حەزرەتی موسا سکی ئەبێت و بەهیچ شێوەیەك ناچێتە دەرەوە و تەنانەت دراوسێکانی نایبینن تائەوکاتەی حەزرەتی موسای ئەبێت، بەڵام چ بوونێك تەنانەت مامان بۆ لەدایك بوونی کۆرپەکەی ناهێنێت و هەرخۆی بەتەنهایە.
لەترسی فیرعەون نازانێ چ لەو مناڵە بکات لەلایەن خوداوە وەك چۆن بڵێی ئیلهامێکی بۆدێت] واوحينا الى امي موسى ان ارضعيه فإذا خفتي عليه فألقيه في اليم ولا تخافي ولا تحزني إنارادوه اليكِ وجاعلوه من المرسلين.... [
لەم ئایەتە پیرۆزەدا شەش شت کۆبۆتەوە، دووموزگێنی ، دووهەواڵ، دووفەرمانی تێدایە، خودا پێی دەفەرمووێ مناڵەکەت بخەرەئاوە و مەترسەو خەم مەخۆ، ئێمە بۆت دەگەڕێنینەوە و دەیخەینە رێزی پێغەمبەرانەوە، بەڵام چ دایکێك ئەم جورئەتەی هەیە کەمناڵێکی تازە لەدایك بوو بخاتە سندوقێکەوە و پاشان بیخاتە ناو ئاوەوە بەو

ئومێدەی لەدەستی ستەمکـــــاریکی خوێن ڕێژ رزگاری بێت .
لێرەوە چوار ئافرەت ڕۆڵیان گێڕا لە پێگەیاندن و پاراستنی موسا سـەلامی خـودای لەسـەربێت ئـەوانیش دایکـی و خوشکەکەی و خێزانەکەی و ئاسیای خێزانی فیرعەون کەبەردەوام چاودێری ئەو پێغەمبەرەیان دەکرد، دایکی موسـا ئیلهامەکەی بەجێگەیاند و حەزرەتی موسای کۆرپەلەی خستە تابوتێکەوە و دواترخستیە ناو ئاوەوە، و تابوتەکـە رۆیشت کەموسای تیایە، بەلاّم دایکی هەر دلّی لای کۆرپەکەیەتی و بانگی خوشکە گەورەکەی موسا دەکـات کـەدوای تابوتەکە بڕۆ و بزانە بەرەو کویّ ئەڕوات، خوشکەکەی قەراغ بە قەراغی دەریاکە بەدوای تابوتەکـەدا رائـەکات و دەبینێت بەرەو کۆشك و تەلاری فیرعەون دەڕوات.
تابوتەکە بەهۆی شەپۆلەکانی ئـاوەوە دەڕوات تادەگاتــە بـەردەم پاسـەوانەکانی دەروازەی کۆشـکی فیرعــەون، و هەلّیدەگرنەوە کەدەبینن منالّی تێدایەلەوکاتەدائاسیای خێزانی فیرعـەون لەوشـوێنە دانیـشتووە و تابوتەکـەیان لێئەسەنێت و دەبینێت منالّێکی تێدایە کەرەنگ و رووخساری لە بەنی ئیسرائیلییەکان ئەچێت و شێوە و رەنگـی لـە میسرییەکان جیایە، بەویستی خودای گەورە سۆز و خۆشەویستی حەزرەتی موسا دەکەوێتە دلّی ئاسیاوە و زۆر خۆشی دەوێت و دەیخاتە باوەشی خۆیـەوە، هـەروەها هـەموو کەسـێك ئـەم پێغەمبـەرەی خۆشویـستووە چـونکە رەنـگ و رووخسارێکی خۆشەویستانە و دلگیرانەی هەبووە.
فەرمانی خودا وابووە کە ئەو کاتە ئاسیا منالّی نەبێت، فیرعــەون بەسـەر ئـەو ڕووداوەدا دێـت و سەرسـام دەبێـت کەمنالّێك لەباوەشی ئاسیادایە، هیچ هەلّوەستەیەکی نەکردو بێدەنگی نواند لێرەدا ئاسیا بەفیرعەون ئەلّێت : بـا ئەم مندالّە بکەین بەچاو ڕۆشنایی خۆمان) نجعله قرة عين لي و لك (فیرعەونیش پێی دەلّێت : بۆتۆ و بۆمن نـــا) !!!...ليس لي بل لكِ (فیرعەون دلّی پێی خۆش نەبوو، بەلاّم دلّەکان بەدەست خوای گەورەیە، ئافرەتانی ئـەو شوێنە کۆدەکەنەوە تاوەکو شیر بەحەزرەتی موسا بدات دەم ناخاتە مەمکی هیچ ئافرەتێکەوە و شیرناخوات، ویـستی خوای گەورە وایە نابێت ئەم منالّە لەناو بچێت و بکوژرێت کەفیرعەون شەوو ڕۆژی خستۆتە سەریەك بۆ لەناوبردنی، کەچی خۆی بەهۆی شەپۆلی ئاوەوە دەچێتە ناو کۆشکەکەی و هەرلـەوێش گـەورە دەبێـت و پێـدەگات، شـیری هـیچ کەسێك ناخوات و خوشکەکەی موساش هەربەدیار ئەو دیمەنانە وەستاوە و بەچاوەکانی خۆی دەیبینێـت، لـەبازاڕ و قەرەبالّغییەکان بەدوای ئافرەتی شیردەر دەگەڕێن و کەسێك نادۆزنەوە، خوشکەکەی موسا بە ئاسیاو پاسـەوانەکان دەلّێت)هل ادلكم على أهل بيت يكفلونه لكم وهم له ناصحون (ئـەوانیش رووی تێئەکـەن وپێـی دەلـێن تـۆ چـۆن دەزانیت؟ ئەویش دەترسێت و دەلّێت : ئەم مالّە فیرعەونیان زۆر خۆش دەوێت و لەهەمان کاتیش زۆر هـەژارو دەسـت کورتن، و بە پارەیەکی بەرامبەر بۆتان بەخێودەکەن!!!...
بەفەرمانی خوای گەورە ئەم قسانە هاتە سەر زرمانی خوشکەکەی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسـەربێت، دواتـر دایکی حەزرەتی موسابانگ دەکرێتە کۆشکی فیرعەون و پێی رادەگەیەنن کە دەبیّ بێیتە ئێرەو هـەرلێرەوەش شـیری پێبدەیت و بەخێوی بکەیت، بەلاّم دایکی رازی نابێت و دەلّێت ناتوانم بێم بـۆ ئێـرەو پێمبـدەن لەمالّەکـەی خـۆم گەورەی بکەم، بەلیّ بڕیار و پەیمانی خودا هاتەجێ کـە پێـی فـەرموو بـۆتی دەگەڕێنینـەوە و دەیخەینـە ڕیـزی پێغەمبەرانیش، دایکی موسا کۆمەلّێك قازانجی بەرکەوت ئەویش وەکو گەڕاندنەوەی کۆرپەکەی بـۆ باوەشـی خـۆی کەبڕیارێکی خودایی بوو، هەروەها کۆمەلّێك سوودو قازانجی پارەو پولی فیرعەون بۆی لەبری بەخێوکردن و گـۆش کردنەکە.
حەزرەتی موسا گەورەبوو و ماوەی هەژدە سالّ لەکۆشکی فیرعەون مایـەوە، تەنانـەت هەنـدیّ جـار گـەر فیرعــەون

لەشوێنەکەی نەبووایە کاروباری کۆشکی بەڕێوەدەبرد وەك خودای گەورە دەفەرموویێت] ولّما بلغ أشده واستوى اتيناه حكما وعلما [خودا زانست وزانیاریی پێبەخشی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆشك تەنانەت گەیشتبووە ئەو رادەیەی هەموو پاسەوان وخزمەتکارێکی کۆشکەکە پرس ورایان پێدەکرد، بەڵام بڕیاری خوا بۆ موسا ئەوەنییە کەهەردەبێ لە نێو کۆشکی فیرعەون بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ بچێتە دەرەوە .ڕۆژێکیان حەزرەتی موسا دەچێتەدەرەوە لەڕیوایەتێکدا دەڵێن بەشەو دەچێتەدەرەوە و هەندێکیش دەڵێن گەرمەی نیوەڕۆیە، دەبینێ دووکەس بەشەڕهاتوون و بەرەنگاریی یەکتربوونەتەوە] هڎا من شيعته وهڎا من عدوه [یەکێکیان لە هۆزی خۆیەتی ویەکێکیشیان دوژمنیەتی کەلەهۆزی فیرعەونەکانە، حەزرەتی موسا دەبێتە ناوبژیکارو دەیەوێت لەیەکیان جیابکاتەوە و شەڕنەکەن، پاڵێك بە میسریەکەی هۆزی فیرعەون ئەنێت و کەسەکە بەردەبێتەوە و یەکسەردەمرێت، دەستبەجێ حەزرەتی موسا دەفەرموویێت] هڎا من عمل الشيگان [ئەمە کاری شەیتانە و من گەرەکم نەبوو بیکوژم.

حەزرەتی موسا هەستی کرد کەلەلایەن فیرعەونەوە گەورەترین سزای بۆ دادەنرێت، بۆیە نەگەڕایەوەکۆشکی فیرعەون، لێرەوە هەواڵ بەفیرعەون دەگات کەموسا کەسێکی سەر بەهۆزەکەی تۆی کوشتووە، کەسێکی نزیك لەکۆشکی فیرعەون کە هاوەڵیی حەزرەتی موسا بووە بە پەلە هەواڵ بۆ حەزرەتی موسا دەهێنێت کەخۆت بشارەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆشك لەئامادەباشیدان و بەدوات دەگەڕێن بۆ ئەوەی بتگرن، وپێی دەڵێت] فأخرج اني لك من الناصحين [ئەسپێك بۆ حەزرەتی موسا پەیدادەکات و پێی دەڵێت لەشار بڕۆ دەرەوە چونکە دەسەڵاتدارانی کۆشکی فیرعەون پلانیان دارشتووە بۆ دەستگیر کردنت.

فیرعەون لەهەمولایەکەوە فەرمانی دەستگیرکردنی موسای دەرکرد، بەڵام نەیدۆزییەوەو حەزرەتی موسا بەرەوبیابان ڕۆیشت،لەڕیوایەتدا هاتووە کە حەزرەتی موسا بەتەنها و بەبێ ئەسپ شەو دەکەوێتە ڕێ و بەرەو بیابان دەڕوات، نازو نیعمەتەکانی کۆشك و دایك و خوشك و هارونی برای جێدەهێڵێت و لەرێگا دوعا دەکات] قال ربي نجنّي من قوم فرعون [لەڕیوایەتێکی سەحیحدا هاتووەکەحەزرەتی موسا هیچ خواردنی پێنەبووە و ئەوەندەگەڵای داری خواردووە، تەنانەت سکی بە پشتییەوە نووساوە، هەروەها ئەوەندە بە پیادە ڕۆیشتووە نەعلەکانی پێی ڕزیون و پێیەکانی هەمووی برینداربوون و خوێن لە پێیە پیرۆزەکانی هاتووە و برینداربووە.

ڕۆیشتنی موسا بۆئەوەنەبووەکەلەفیرعەونی ستەمکار ترسابێت، بەڵکو بۆئەوەیە پەیام و بڕیارەکانی خوای گەورە بەسەربڕیارەکانی فیرعەونی تاغوت سەرکەوێنێت، ئێمە لەم ڕۆژگارە زۆر دوعا دەکەین کەخودا لەدەستی ستەمکاران وزلهێزەکانی جیهان رزگارمان بکات، بەڵام زۆر بە پەلەین لە گیرابوونی دوعاکانمان و بەئومێدین دەستبەجێ گیرابێت، حەزرەتی نوح دوای هەزار ساڵ ماندووبوون ئنجا نزای لەگەلەکەی کرد و بە زریان و تۆفان لەناوچوون، بۆیە پێغەمبەر موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت پەلەناکات و دەیەوێت ماندووبێت بۆ ئەوەی تەخت و تەلار و کۆشکی فیرعەون بلەرزێنێت، چونکە خودا خۆی خاوەن بڕیارە بەسەر هەموو ڕووداووشتێك و دەیەوێت حەزرەتی موسا تاقیی بکاتەوە.

جێی خۆیەتی لێرەوە ئێمە ئەم بەسەرهاتانەی پێغەمبەران بەچیرۆك نەخوێنینەوە بەڵکو بەڕووداو سەیری بکەین و بزانین کەئەم پێغەمبەرانە لە پێناو سەرخستنی پەیام و بڕیارەکانی خوای گەورە چەندە ئەزیەت و ئازاریان چەشت و چەندە ماندووبوون، باشوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرانە بین و ڕقمان لە ستەمکارەکان بێتەوە، کە بەدرێژایی تەمەنیان لەدژی ئەو پێغەمبەرانە و پەیامی خوای گەورە وەستان، باسکردنی ژیانی ئەو پێغەمبەرانە بۆ ئەوەیە تاوەکو بزانین کەلەم سەردەمەی ئەمڕۆدا گەر بەگوێڕایەڵیی پێغەمبەرەکەم نەکەم چەندە سوود و قازانج و چەندە

زیانیشــم پێدەگات.

هەندێك كەس بەلایانەوە سوود وەرگرتنە لەلایەنی ماددی بەڵام هەندێك كەس لایان ڕوونە كە بـۆ بەدەسـتهێنـانی ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە و مـسۆگەركردنی بەهەشـتی نـەبڕاوەو بـێ كۆتایـە، و نەسـوتانمانە لـەناو دۆزەخـی هەتاهەتایی، چەندكەس هەیە ئەمڕۆ بەگوێی پێغەمبەر نەكات، سەیركە چەندین كەس لەبـەر دەرگـای یانـەكان ڕیزیان گرتووە بۆ مەی خواردنەوە، چەندین و چەندان كەسیش هەن درۆ ئەكەن و حەرام ئەخۆن و خۆیان بۆ خـەڵك نمایش ئەكەن، كە ئەمانە هەرهەموویان نیشانەیەكن لە گوێنەدان بەخوای گەورە و پێغەمبەرانی خوای گەورە.
ئەو میللەت و گەلانەی پێشوو كەباسیان دەكەین هەروەكو ئەو سەردەمە وابوون لەسەرپێچی كردن لەبڕیارەكانی خواو پێغەمبەر و دەست خستنە خوێنی یەكتری و درۆو تەڵەكەبازی و سوێندخواردن بەغەیری خـوای گـەورەو میهرەبـان، پێغەمبەران هەتا دوایین كاتەكانی ژیانیان هۆشدارییان داوەتە گەلەكانیان گـەڕیێتوو تەوبـە و ئیـستغفارنەكەن گوڕاو سەرگەردان دەبن و بەفەرمانی خوای گەورە لەناو ئەچن، ئەوەتا گـەلی نـوح و عـادو پمـود و هـود و گـەلی ئیبراهیم و گەلی ساڵح و ستەمكارانی سەردەمی موسا چییان بەسەرهات ؟بۆ كـوێ چـوون و كـوا تـەخت و كۆشـك و تەلاری جارانیان؟ بۆیە حەیف و مخابنە ئێمەی ئەو ڕۆژگارە چاو لەوان بكـەین و سەرپێـچی لەشـەرع وبەرنامـەی خوای گەورەو پێغەمبەرەكانی بكەین، حەیف نییە كەبەگوێی پێغەمبەرێك نەكەین كەهەموو نهێنییەكانی بوونەوەری لەزەوی وئاسمان بۆباسكردووین؟ حەیف ئەوەیە بەدوای زانـستەكانی ئـەوان نەكـەوین و وێڵـی دوای زانـستەكانی دەستی مرۆڤێكی لاوازبین.
حەیف بۆئەوەی بەدوای شەرع وبەرنامەی دەستنوسی دەستی مرۆڤ بكـەوم و بیكەمـە چاوسـاغ و ڕێبـازەكـەم كەچـی لەولایشەوە گوێ نەدەمە گەورەترین و پیرۆزترین بەرنامەو یاسای خوای گەورە، گەلەكانی سەردەمی ئەو پێغەمبەرانە كامیان سەركەوتوو و براوەبوون وكامیان دۆڕاوو سەرگەردان؟ بێگومان براوەیی هەربۆ پێغەمبەران و سەرشۆڕی و دۆڕان بۆ گەلەسەرسەختەكانیانە، ئەوەتا پێغەمبەری پێشەوامان دەفـەرمووێت :لـەڕۆژی قیامـەتا پێغەمبـەری واهەیـە دوانزەكەسێك لەئوممەتەكەی لەگەڵدایە وهەیشە هیچ كەسێكی لەگەڵدانییە و هەیـشە خـەڵكانێكی ئێجگـار زۆری لەگەڵدایەو باوەڕیان پێی هێناوە، كوڕو كچی ئەم ڕۆژگارەش لەم زەمەنەدا چەندە گوێڕایەڵیی پێغەمبەری ئیـسلامن ئەگەر پێغەمبەر لەو ڕۆژگارە لەناومان بووایە هەرئەوەندە بەگوێیان دەكرد و شوێنی دەكـەوتن، چـونكە خۆئێـستا فەرمایشت و ڕاسپاردەكانی لەناوماندا بوونی هەیە، و زۆرێك خەڵك پـشتگوێی دەخـەن و پـەیڕەوی ناكەن،ئەگـەر لەناویشمان بووایە هەر بەوشێوەیە دەبوو، بەگوێ نەكردنی پێغەمبەری خۆشەویست وەك ئەوە وایە بێت و لەدەرگایماڵەكەت بدات و ئامۆژگاریت بكات و پێت بڵێت سەرپێچی لەبڕیارەكانم مەكەو خـۆت داپۆشـە و مەهێڵـە خـۆت و كچەكەت بەڕووتی و بەبێ سەرپۆش بچنە دەرەوە و لەخوابترسەو وابكـە منداڵـەكانت بـەجوانترین شـێوە پـەروەردە بكەیت، وەك ئەوەوایە بچێتەلای بازرگانێك و دوكاندارێك و پێی بڵێت داوات لێدەكەم ئاگاداری كارو كاسـبییەكەت ببەو، فێڵ لەتەرازوونەكەیت، و لەخوابترسە.

خوای گەورە ئەفەرمووێت) أعبدوا الله واطیعون (وحەزرەتی موساش پێی فەرمووین خوا بپەرستن و بەگوێم بكەن، و غەش مەكەن و فێڵ لەكاروبارەكانتان مەكەن و بزانن بەبەردەوام خوای گەورە چاودێرە بەسەرتانەوە، بۆیە لەڕۆژێی

قیامەت و دوای حەشر و حیساب کە ئومەتەکەی دەبینێت و دەفەرمووێت :أمتی ... أمتی ... خوایە ئوممەتەکەم، خوای گەورەش پێی دەفەرمووێ : یا محمّد هذا لیس من أمتك ... ئەمانە لەدوای تۆ سوننەتەکانی تۆیان جێبەجێ نەدەکرد و دژی ئایینەکەی تۆ دەوەستان و پارێزگارییان لەرێبازەکەی تۆ نەدەکرد، نوێژیان نەدەکرد و بەڕۆژوونەدەبوون و عەرەقیان دەخواردەوە و داوێن پیسیان ئەکرد.

کوا گەنجەکانی ئوممەتی موحەممەد؟ کوا هەڵوێستیان بەرامبەر بەرووداوەکان؟ هەرهەمووی سەرقاڵی لادان و سەرپێچین و تادرەنگانی شەو بەدیار هۆکارەکانی راگەیاندنەوەن، و ئامادەنین نوێژێکی بە کۆمەڵ لەمزگەوتەکان بکەن و سوننەتێکی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە بەرز و پیرۆز ڕابگرن، هەرهەمووی کەوتۆتە دوای دنیا و سەروەت و سامان و جنێودان وغەییەت کردن، ئەی کوائەو هەمووپارەو پوولەی دەوڵەمەندو خوا پێداوان؟ کەخەریکە لە پێناو دنیاو شەهەواتدا خەرج دەکرێت و کەسێك ئامادەنییە لە پێناوی ئەم دینەی موحەممەد خەرجی بکات، کوان ئەوخوشکە دڵسۆزانەی کەبێنە مەیدان و خەڵکان فێری قورئان بکەن و خوشکانی تریان ئاگاداربکەنەوە و پێیان بڵێن کەسەرپۆشەکانتان بیرنەچێت و لەچك بکەن و حەرامە خۆتان بۆخەڵکی بێگانە نمایش بکەن، ئەمانە هەرهەمووی موحاسەبەی لەسەرە و لەڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەی لەسەرەکەچیتکردووە بۆ ئەم ئایینە؟ با هەمووڵایەکمان بزانین کەئەگەر ئێمەش گوێڕایەڵیی پێغەمبەران نەبین، ئەوا وەکو گەلەکانی ئەوان دووچاری ئازار و نارەحەتی و سزای بەئێشی خوا دەبین و لەناودەچین.

حەزرەتی موسا لەبەجێهێشتنی میسر بەردەوامە تاوەکو بەفەرمانی خوای گەورە دەگاتە مەدیەن و ڕوو لەوشارەدەکات، کەدەبینێت خەڵکانێکی ئێجگار زۆر لەمەدیەن خەریکی بەخێو کردنی مەڕو ماڵاتن و هەموو ئاژەڵەکانیان تێکەڵی یەکتربووە و قەرەباڵغی سەری هەڵداوە، ولەولایشەوەدووئافرەت دەکەونە بەرچاوی حەزرەتی موسا و نایەڵن مەڕەکانیان تێکەڵ بەمەڕەکانی مێگەڵی ئەولابێت، لێرەوە حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت هەستی کرد کە ئەو دووئافرەتە ئیماندارن و خاوەن حەیان و بەشەرمن، چونکە نزیکی قەرەباڵغیەکە نەدەکەوتنەوە .لێرەوە گەنجی بڕوادار دەبێت ئافرەتی باش بناسێت و بزانێت چۆنە و چۆن نییەو بزانێت کەکێ دەکات بەهاوسەری ژیانی، ئەم دیاردەی حەزلێکردنە و دڵداری کچان وکوڕان لەتەشەنەسەندندایە وبەهۆیەوە کۆمەڵگا وێران دەبێت، و سەدان گەنج هەیە دەڵێت :ناتوانم واز لەوکچە بێنم و دەسبەرداری ببم، یان ئەو دەهێنم یاخود ژن ناهێنم بەهەمان شێوە کچانیش هەربەو شێوەیە، حەزرەتی موسا لێیان نزیك کەوتەوە، و پێی فەرموون) ما خگبکما(، وتیان بۆئێمە ناشێت بچینە ناو ئەو قەرەباڵغیە و وتیشیان باوکێکی پیرو بەساڵاچوومان هەیە و هەرخۆمان ئەم مێگەڵە مەڕە بەخێو ئەکەین.

حەزرەتی موساش هاوکاری کردن و ئاوی بۆ مێگەڵی مەڕەکەیانی هێنا، ئنجا حەزرەتی موسا بەشەکەتی وماندوویی و بە پێی بەخوێنەوە چووە ژێر دارێکەوە و پشوویدا، ئەو دووکچەش کەحەزرەتی موسا هاریکاریی کردن دیمەنی ماندوویی و شەکەتی حەزرەتی موسایان بینی و زانیان کەخەڵکی مەدیەن نییە و لەشارێکی ترەوە ڕووی کردۆتەشارەکەی ئەوان، ئەم دووکچەش حەزرەتی موسایان چاك ناسی کەکەسێکی باوەڕدار و لەخواترس و ئەمینە، چونکە هەستی ئافرەت لەهی پیاو بەهێزترە و پیاو چاکتر دەناسێت کەچ مەرامێکی لەدڵدایە و مەبەستی چییە، دوو کچەکە خۆیان گەیاندەوە ماڵەوەو بەسەرهاتەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، باوکیشیان داوای لێکردن بیهێننە ماڵەوەچونکە کەسێکی غەریبە و خەڵکی ئەم شارەنییە.

کچەکان زۆر بەشەرم و حەیاوە بەدوای حەزرەتی موساداچوون، ئەمە شەرم و حەیاو رەوشتی بەرز و بڵندی ئافرەتە نەوەك وەکو ئەم رۆژگارە ئافرەتی وا بەرچاو ئەکەویت نیوەی جەستەی بەدەرەوەیە و تەقەی پێڵاوەکانی دوورە رێیەك ئەبرێت و ئەکەویتە بەرگوێی کەسی بێگانە و جگە لەوەی بەنازەوە رێ ئەبرێت، کەگەرەکییەتی گە نجێك لەخشتەبەرێت و هەڵیبفرێوێنێت، بەبۆن و خۆنمایشکردن و جەستە رووتیەکەی بۆت دەردەکەویت کە ئەم ئافرەتە بایی چەندێکە و مەبەست و مەرامی چییە و بۆچی وادەکات؟ .... تۆدەچیتە بازار شەرم دەتگرێت بەلای ئافرەتێکەوەگوزەربکەیت و سەرهەڵبڕیت کە چاوێکی قایم وبێ شەرمانەی هەیە و شان لەشانت ئەدات، بۆیە پێویستە خوشکان و دایکان ئاگاداری ئەو دیاردە و گوناهەبن و مناڵەکانیان و کچەکانیان ئامۆژگاری بکەن کەنزیکی ئەم جۆرە گوناهانە نەکەون کەسەرەتاییکن بۆ بەرپابوونی تاوان و گوناهو خراپەکاری و فەسادی.
کچێکیان لەحەزرەتی موسا نزیك ئەبێتەوە و پێی دەڵێت :باوکم بەدوای تۆی ناردووە و دەبێت لەگەڵمان بێیت بۆ ماڵەوە، هێشتا حەزرەتی موسا نەبووە بە پێغەمبەر دەڵێ : باشە، کچەکان پێشی ئەکەون و حەزرەتی موساش دەڵێ : بوەستە من خۆم پێشتان ئەکەوم بەبەرد ئاگادارم بکەنەوە، ئەگەر گەرەکتان لای راست بێت بەردێك ئاراستەی لای راستم بکەن، ئەگەرلای چە پیش رێگاکەتان بوو بەهەمان شێوە، سەیری ئەم رەوشتە بەرز و پیرۆزەی حەزرەتی موسابکەن و بزانن چەندە پەروەردەیەکی جوان و ئیماندارانەی هەیە و نایەوێت بەدوایانە بڕوات و لە پێشیان ئەڕوات.
بەڵام لەم چەرخ ورۆژگارەی ئەمرۆدا خەڵکان تێکەڵاوی کچ و کوران بەرەوادەزانن و بەلایانەوە ئاساییە بەیەکەوە گەشت بکەن، یاخود گە نجی واهەیە هەفتانە پارەیەکی ئێجگار زۆر بۆمۆبایلەکەی خەرج کردووە تەنها بۆئەوەی رێگالەبەردەمی ئاسان بێت بۆ دڵداری لەگەڵ ئەو کچەی کە عەشقی بووە !!!..بەڵام ئێستاکە ئەم جۆرە دیاردانە لەزۆری و برەو دان و باخچەی زۆر لەبەردەم کچان وکوران والأیە بۆ مەوعیدەکانیان، باوکیش لەئاست ئەو کارانەی کوڕ و کچەکانی بێدەنگە و هەڵوێستێکی مەردانە نانوێنێت.ئەگەر ئافرەت حەیای نەما ئەوا کۆمەڵگا ئەڕووخێت و وێران دەبێت، سەیری ژیانی ئەوروپا بکە، کوا خێزان ، کوا عەشیرەت، کوا رێز، کوا سۆز و میهرەبانی، کوا حەیا؟؟؟ هەرهەمووی گیرۆدەی دەستی ڕووخانی قیەم و ئەخلاقن و بەدەست بێ حەیایی ئافرەتان سەرگەردانن.

هەرلەمناڵییەوە پەنا دەبەنە بەر ڕووتکردنی مندالەکانیان و بەگەورەییش بەهەمان شێوە، سەدان مەلەوانگەی تێکەلاو لەولأتانی ئەوروپی هەن و هەزاران کوڕو کچ تێکەڵی یەکتری ئەکرێن، و پەرە بەرەللأیی و سێکس و داوێن پیسی ئەدەن کەبەوهۆیەوە کۆمەڵگاش دەڕووخێت، بۆیە پێویستە کوڕان چاو لە حەزرەتی موسابکەن و کچی خەڵکی فریو نەدەن بە هە نجەتی هێنان پێیان رابووێرن و هەرچی قەدەغەیە و نادروستە ئە نجامی بدەن، هەزارەها کچی خۆش باوەڕ گیرۆدەی دەستی کەسانی فریو خواردوو و ئارەزوو بازانن!!!..
بەڵام حەزرەتی شوعەیب سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت خۆی بەرەوشت و کردەوەکانی دووکچەکەی ئاگادارە کەچەندە مەردانە و داوێن پاکانە و بەحەیاو ئەدەبانە مێگەلە مەڕەکانیان بۆلەوەڕ دەنێرن و بۆیە ئامادەیە بەدوای ئەو کوڕە بێگانەیان دابنێرێت کەرووی لەشارەکەیانی کردووە، چونکە دەزانێت ئەو کوڕەش کەسێکی پاك و لەخواترس و باوەڕدارە، لەرێگادا حەزرەتی موسا نزادەکات و لەخوا دەپاڕێتەوەو دەفەرموویت :ربِّي إني بما أنزلت من خيرٍ فقير ... لەکاتی گەیشتنەوەیان بۆماڵەوە کچەکانی حەزرەتی شوعەیب ئەم نزایەی موسا بۆ حەزرەتی شوعەیب دەگێڕنەوەو] إستأجره ان خير من استأجرت القوي الامين [کچێکیان ئەڵێت : باوکە پاداشتی بدەوە،

چونكه شايەنى پاداشت و خەلاّتە ....حەزرەتى شوعەيبيش لەمەبەستى كچەكەى ئەگات كە مەبەستيەتى ببێت بە هاوسەرى حەزرەتى موسا سەلامى خواى گەورەى لەسەربێت، بەلاّم بۆچى خاوەنى دوو ئاكارى جوانە ؟؟ چونكـــــە)قوى (و) امين (بەهێز و دەستپاكيى دوو سيفەتى گەورەن بۆ پياو، حەزرەتى موسا دەگاتە ماڵەكـەى حـەزرەتى شوعەيب و بەيەكەوە دادەنيشن و بەسەرهاتەكەى لەگـەڵ كۆشكى فيرعـەون وتاگـەورەبوون و راكردنـى لەدەسـتى ستەمكارانى كۆشك بۆ حەزرەتى شوعەيب دەگێڕێتەوە و ئەويش رپێى دەفەرمووێت :مەترسە ئێـستا تـۆ لەشـوێنێكى ئەميندای، ئنجا حەزرەتى شوعەيب دێت بەخەياڵى كەبيكات بەزاواى خۆى، و پيێ فەرموو)إني اريدأن انكحك احدى إبنتي هـاتين(، حەزرەتى موساش رازى دەبێت و ئەو كچەيان هەڵئەبژێرێت كە بەدوايدا هـات و گەڕايـەوەو شـەرم گرتى، و پێيانووت :بەومەرجەى بۆ ماوەى هەشت ساڵ لەناوماندا بمێنەوە و ، ببەبەشوانى مێگەڵەكەمان، حەزرەتى موساش رازى دەبێت و بۆماوەى دەساڵ لايان دەمێنێتەوە و مناڵيان ئەبێت و لەشوانێتييەكەى بەردەوامە.

دواى دەساڵ حەزرەتى موسا بڕيارەكـەى خـۆى هێنايـەجێ و ڕووى كـردە حـەزرەتى شـوعەيبى خـەزورى كـەدەبێت بگەڕێمەوە ولاّتەكەم كەميسرە، لێرەوە خواحافيزى لەحەزرەتى شوعەيب كرد و بەرەو ميسر دەكەوێتەڕێ، حـەزرەتى موسا لەگەڵ خێزان و مناڵەكانى دەكەونە ڕێگاشەويان بەسەرداديێت كەش و هەوايەكى زۆر سارد و باراناوييە، و هيچ شتێكيان پێنبييەلە ئاگرێك و چرايەك .لەدوورەوە ڕۆشناييەك دەبينێت] وَهَلْ أَتَـاكَ حَـدِيثُ مُوسَـى (9) إِذْ رَأَى نَـارًا
فَقَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَعَلِّي آتِيكُمْ مِنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى النَّارِ هُدًى (10) فَلَمَّا أَتَاهَـا نُـودِيَ يَـا مُوسَـى
(11)إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى (12) وَأَنَا اخْتَرْتُكَ فَاسْتَمِعْ لِمَا يُـوحَى (13) إِنَّنِـي أَنَـا
اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي (14) إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَـا لِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَـا تَـسْعَى
(15)فَلَا يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَنْ لَا يُؤْمِنُ بِهَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَتَرْدَى(16)
وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَى (17) قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَى (18) قَالَ
أَلْقِهَا يَا مُوسَى (19) فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى (20) قَـالَ خُـذْهَا وَلَـا تَخَـفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الْـأُولَى (21)
وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى (22) لِنُرِيَـكَ مِـنْ آيَاتِنَـا الْكُبْـرَى (23) اذْهَبْ إِلَـى
فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى (24) قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (25) وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي (26) وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِـسَانِي (27) يَفْقَهُـوا
قَوْلِي (28) وَاجْعَلْ لِي وَزِيرًا مِنْ أَهْلِي (29) هَارُونَ أَخِي (30) اشْـدُدْ بِـهِ أَزْرِي (31) وَأَشْرِكْهُ فِـي أَمْـرِي (32) كَـيْ
نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا (33) وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا (34) إِنَّكَ كُنْتَ بِنَا بَصِيرًا (35) قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَا مُوسَى (36) وَلَقَدْ مَنَنَّا
عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَى (37) إِذْ أَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّكَ مَا يُوحَى (38) أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّـابُوتِ فَاقْذِفِيـهِ فِـي الْـيَمِّ فَلْيُلْقِـهِ الْـيَمُّ
بِالسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِي وَعَدُوٌّ لَهُ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِـي (39) إِذْ تَمْـشِي أُخْتُـكَ فَتَقُـولُ هَـلْ
أَدُلُّكُمْ عَلَى مَنْ يَكْفُلُهُ فَرَجَعْنَاكَ إِلَى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا فَلَبِثْتَ
سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى (40) وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي (41) اذْهَبْ أَنْتَ وَأَخُوكَ بِآيَاتِي وَلَـا تَنِيَـا
فِي ذِكْرِي (42) اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى (43) فَقُولَا لَهُ قَوْلًا لَيِّنًا لَعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى (44) قَالَـا رَبَّنَـا إِنَّنَـا
نَخَافُ أَنْ يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَنْ يَطْغَى (45) قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى (46) فَأْتِيَاهُ فَقُولَا إِنَّـا رَسُولَـا رَبِّـكَ
فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِنْ رَبِّكَ وَالسَّلَامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى (47) إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا
أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى (48) قَالَ فَمَنْ رَبُّكُمَا يَا مُوسَى (49) قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَـدَى
(50)قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الْأُولَى (51) قَالَ عِلْمُهَا عِنْدَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لَا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنْسَى (52) الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ
الْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْ نَبَاتٍ شَتَّى (53) كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ
إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى (54) مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْـرِجُكُمْ تَـارَةً أُخْـرَى (55) وَلَقَـدْ أَرَيْنَـاهُ

أَيَاتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَى (56) قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَا مُوسَى (57) فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِثْلِهِ فَاجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَا نُخْلِفُهُ نَحْنُ وَلَا أَنْتَ مَكَانًا سُوًى (58) قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى [(59)طه ..

بەماڵ و منداڵەکەی دەڵێت :ئێوە لێرەوە بمێنن من بۆ ئەم ئاگرە ئەچم، بەڵکو ئەم ئاگرە سوودێکی بۆئێمە هەبێت بۆگەرمکردنەوەی خۆمان و ڕۆشنایی ڕێگامان، حەزرەتی موسا بەرەو ڕۆشناییەکە کەوتە ڕێ کەلێی نزیک کەوتەوە بینی ئەوە ئاگر نییەو دارێکە نوری لێدەرئەچێ و ڕۆشنایی بەدەور و بەری ئەبەخشێت، حەزرەتی موسا سەری سوڕدەمێنێت و لەدارەکە دەچێتە پێشەوە و ڕاستەوخۆ خوای گەورە قسەی لەگەڵ دەکات بەبێ بوونی پەردەیەك لەنێوانیان و بەبێ ئەوەی حەزرەتی جبریلی بۆبنێرێت] نودي ياموسى اني انا ربك فاخلع نعليك[، پێی دەفەرموێت :ئەی موسا من خودای تۆم و نەعلەکانی پێت دابکەنە،] إنك بالوادى المقدس گوى[، لێرەوە بزانە کەدەچیتە نزیك بەرماڵ یان بۆناو حەرەمی مزگەوت دەبێ نەعلە و پێلاوەکانت دابکەنیت، پاشان پێی فەرموو] إني انا الله لااله الاالله فاعبدوني وأقم الصلاة لذكري.[

دواتر خوای گەورە باسی قیامەت بۆ حەزرەتی موسا دەکات کەهەموو کەسێك دەبێت لەوێ پاداشتەکەی وەربگرێت چ بەباشەیاخود بە خراپە کە بێگومان بەهەشت و دۆزەخە و چاوەڕێی باوەڕدار و بێباوەڕەکان دەکات، بەهەشت بۆ باوەڕداران و دۆزەخیش بۆ ستەمکاران وبێباوەڕان.

کەواتە گەنجەکان نەکەن لەئیمان و بڕواکەتان پەشیمان ببنەوەو وانەکەن دنیا هەڵتانبفریوێنێ، بەڕاستی ئیمانەکەتان هەموو شتێکە و گوڵێکە و لەبەرۆك وناختانەوەیە و نورە ودەبێ لەدڵ و ڕۆحی خۆت خۆشەویستتربێت، ئایا پێچەوانەی بیروباوەڕی پاك و بێگەرد لەم دنیایەدا هەیە؟ نەخێر پێچەوانە و هاوشێوەی نییە و نابێت، ئایا کام لە فەرمانەکانی خوای گەورە زیانی بۆ مرۆڤەکان هەیە؟ وەئایا ئەم ئیسلامە جگە لەڕەحمەت و بەزەیی خاڵێك توندو تیژیی و توندڕەوی تێدایە؟ نەخێر ئەم ئایینە هەرڕەحمەتە و ئیسلامیش هەر ڕەحمەت و پێغەمبەر هەر ڕەحمەت و خوداش لەهەموو کەسێك بەزەیی تر و میهرەبان ترە.

ئەم ئایینەی ئێمە فیترەتێکی پاکە و موقەددەسە، تۆچەندە لەگەڵ دینداری ئاڵوودەبیت و چەندەی بچیتە ناو ئیمانەوە و ناخت پڕبێت لەئیمان ئەوسا حەساوە و بەختەوەرو دڵخۆش و سەرفرازیت، ئەوکاتەهەست دەکەیت کە باوەڕەکەت پتەوو جێگیرەو بۆخوایە وبەس، ئەگەر بەبەردەوامی لەگەڵ ئیمان و خواویستیدا تێکەڵ بیت ئنجا هەست دەکەیت تێکەڵی کەشێکی پڕ باوەڕو بەتین و پاك و بێگەردیت، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کەتۆ کەسێکی نەرم و نیان و لێبووردەبیت و توندوتیژ نیت.

حەزرەتی موسا گۆچانێکی بەدەستەوەیە و خوا پێی فەرموو] وما بتلك يمينيك ياموسى [پێی دەفەرمووێ گۆچانەو مەڕو ئاژەڵەکانی پێ دەڵەوەڕێنم، خۆ خودا باش دەزانێ کە ئەمەی دەستی گۆچانە بەلام گەرەکیەتی گەورەیی و بالاَ دەستی خۆی بۆ حەزرەتی موسا بخاتە ڕوو، خوا فەرمانی پێکرد گۆچانەکە فڕێدات، کە حەزرەتی موسا گۆچانەکەی فڕێدایە سەرزەوی بوو بەمارێکی گەورە، ئنجا خوای گەورە فەرمانی پێکردکە دەستەکانت بخەژێر باخەڵتەوەو بەفەرمانی خوای گەورە وەکو دارە درەوشاوەکەسەرتاپای لەشی دەبێت بەیەك پارچە نور و ڕووناکی، ئنجا خوا فەرمان بەحەزرەتی موسا دەکات کەبەو شێوەیەو بەو دوو ئایەتە دەبێ بۆلای فیرعەون بچێت، وەك زانایان دەگێڕنەوە حەزرەتی موسا ئەوەندە تام وچێژی لەووتوێژە لەگەڵ خوای گەورە وەرگرت تەمەنای کردووە، قسەکانی لەگەڵ خوادا کۆتایی نەیەت و درێژە بکێشێت، بەڕاستی بۆئێمەش وایە هەرچەندە خەریکی عیبادەت و شەونوێژو

خەڵوە بێت ئنجا هەست بەتام و چێژی باوەڕدەکەیت، لەکڕنووشو ڕکوعی زۆردا هەست بەتامەزرۆی ئیمان و لەزەتی ئیمان دەکەیت، لە نزاو پاڕانەوەی بەکووڵدا هەست ئەکەیت کەزیاتر لەخوا نزیك دەبیتەوەو دڵنیایت کە باوەڕەکەت تەواوو پوختە، چونکە زەلیلی و ملکەچ بوونی خۆت بۆخواکەت دووپات دەکەیتەوە کەداوای لێکردوویت، وەرەولەماوەی بیست و چوار کاتژمێری تەمەنتا بچۆرە خەڵوەت و زیکری خوای گەورە بکە و بپاڕێوە، لەقەرەباڵغی بازاڕ وەرە دەرەوە و ڕووبکەرە مزگەوتێك و بچۆرە کرنووش بزانە چەندە دڵت فراوان دەبێت و خوداش لێت ڕازی ئەبێت و تۆی خۆش ئەوێت، چونکە خوای گەورە خۆی فەرموویەتی زیکرم بکە زیکرت دەکەم و لەیادت ناکەم و بەردەوام لەگەڵتدام.

لێرەوە دوای بڕیارەکەی خوای گەورە کەدەبێت بڕوات بۆلای فیرعەونی تاغوت و ستەمکار و لەوێوە و لەناو کۆشکەکەی بەرامبەر هەموو دارودەستەکەی بڕیارەکانی خوای گەورەی پێ ڕابگەیەنێت و چاونەترسانە لەگەڵی بکەوێتە گفتوگۆ، حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت نزا دەکات] رب اشرح لی صدری ویسر لی أمری وحلل عقده من لسانی یفقه قولی واجعل لی وزیرا من أهلی هارون اخی.[

حەزرەتی موسا نزای کردو ، داوای لەخوای گەورە کرد سنگی فراوان بکات ولەهەمان کاتیش هارونی برای لەگەڵ بێت و ببێتە هاوکاری، چونکە حەزرەتی موسا زمانی دەگیرابۆیە داوای) هارون(ی، کرد لەگەڵی بچێت چونکە زمانی لەو پاراوتر و ڕەوان تر بووەو بۆئەوەی لەکاروبارەکانیشی هاوبەش بێت و تا زیاتر زیکر و تەسبیحاتی خوای گەورەبکەن، خودای گەورەش نزاکەی قەبوڵ کرد و هارونی براشی کرد بە پێغەمبەر، ئەم نزایانەی حەزرەتی موسا بۆچ کاتێك باشە؟ بۆئەوکاتانە باشە تاوەکو زیاتر و زێتر لەسەر باوەڕەکەت گەرم و گوڕتر بیت و خەم لەنوێژەکان بخۆیت ولەکاتەکانی خۆیان بەئە نجامی بگەیەنیت، بۆ سووربوون لەسەر ڕۆژوو گرتنت و ئیستقامەتت، ئەگەر ئەو جۆرە نزایانە بکەیت و بڵێیت : رب اشرح لی صدری ... بڕوا بکە سنگت فراوان دەبێت و خوای گەورە هەموو کاروبارێکی بەردەمت بۆ ئاسان دەکات و دێتەجێ، کەواتە ئێمەش پێویستیمان بەو جۆرە نزایە هەیە و لەهەمان کاتیش پێویستیمان بە هاوکارێك هەیە تاوەکو دووچاری خراپەنەیەین و لەهەمان کاتیش ئەو هاوڕێ و برادەرە ببێتە چاوساغمان وچەوتییەکا نمان بۆ ڕاست بکاتەوە، تۆ هاوڕێی وا پەیدا بکە کەبتوانی خوشکەکەی خۆتی پێ بدەیت و لەهەمان کاتیش کچەکەی خۆتی بدەیتێ و ئاگاداری منداڵەکەشت بە کەهاتووچۆی چ برادەرێکی دەکات، چونکە تۆ لە پاشەڕۆژی کوڕو کچەکەت بەرپرسیاریت و لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکرێت.

حەزرەتی موسا بەکۆمەڵێك پرۆژەوەبەرەو وڵاتی جارانی دەکەوێتە ڕێ، یەکێك لەوپرۆژانەی ئەوەیە کەدەبێت داوالەفیرعەون بکات کە بەنی ئیسرائیلیەکانی بداتە دەست و لەژێر دەستەیی و کۆیلایەتی ڕزگاریان بێت، بێگومان فیرعەون ئەمەی لاقەبوڵ نییەچونکە کە ئەگەر ئەوکارە بکات ئەی کێ خزمەتکاری بۆ بکات و ببێت بەژێردەستەی خۆی و کارگێڕانی کۆشکەکەی، و میسرییەکانیش وەکو بەنی ئیسرائیل خاوەنی ئەو تواناو وزەیە نین خزمەتگوزاری فیرعەونی ستەمکاربن، موسا بەخودای فەرموو خوایە من دەترسم، خوای گەورەش پێی فەرمووەترسە من خۆم دەتانبینم و دەبیستم] إنی معکما اسمع وأری[، کەواتە ئەمە مزگێنی خوای گەوریە بۆهەموو بەندەیەکی ئیماندار کەمەترسن و خوای گەورە خۆی لەگەڵتانە و بینەر و بیسەری هەمووشتێکە کەڕوودەدات .

حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت دەگاتەوە میسر ویەکەمجار لادەداتە ماڵەکەی خۆیان و بەدایك وخوشك و براکانی شاد دەبێتەوە و بەسەرهاتەکانی بۆهارونی برای دەگێڕێتەوەکەبەفەرمانی خوای گەورە تۆ بووی بە پێغەمبەر و دەبێت بەیەکەوە ئەو بڕیارەی خوای گەورە بەجێ بگەیەنین، پاشان خۆی و حەزرەتی هارونی برای

بەرەو کۆشکی فیرعەونی ستەمکار دەکەونەڕێ پاسەوانانی بەردەرگای کۆشك لێی دەپرسن تۆکێ و بۆ لای کوێ ئەچیت؟ حەزرەتی موساش ئەفەرموێت من نێردراوم و بۆلای فیرعەون ئەچم.

که دەچێتە ژووری کۆشکەکەوە دەبینێ فیرعەون لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتووە و کەچاوی بەحەزرەتی موسا دەکەوێت دەیناسێتەوەو پرسیاری لێدەکات ئایا تۆ ئەوکەسە نیت کەلەماڵ و کۆشکەکەی مندا گەورە بووی و پەروەردە بوویت ؟ حەزرەتی موسا دەفەرموێت بەڵێ من ئەو کەسم .. لێی دەپرسێت تۆ هەر ئەوکەسەنیت کە پیاوەکەت کوشت و لەوڵاتی ئێمە ڕاتکرد و ڕۆیشتیت؟ حەزرەتی موسا دەفەرموێت من هەر ئەوکەسەم کەلەدەست ئێوە ڕامکردو مەبەستم کوشتنی کەسەکەنەبووبەڵام ڕوویدا کەڕۆیشتم ئێستاکە بەکۆمەڵێك زانستەوە و بە پێغەمبەرایەتی هاتوومەتەوە ئێرە وخودا منی ناردۆتەوەلای تۆ، لەوکاتەدا حەزرەتی موسا بەزمانێکی زۆرپاراوو ڕەوان لەگەڵی دەکەوێتە گفتوگۆ و تەنانەت فیرعەون سەری سوڕدەمێنێت و پێی دەڵێت : تۆ جاران کەلای ئێمەبوویت زمانەکەت بەوشێوەیە نەبوو ولەقسەکردن زمانت دەگیرا؟؟....!!!

ئنجا حەزرەتی موسا بەبێ ئەوەی بترسێت و باکی لەدەسەڵاتی فیرعەون هەبێت، ڕوولەفیرعەون دەکات کەمنەت نەکەیت بەسەرمەوە و نەڵێیت من تۆم بەخێو کردووە و گۆشم کردووی، چونکە دایکم منی بەخێوکردووە و پێی گەیاندووم، و پاشان تاکەی بەنی ئیسرائیل دەکەیت بەکۆیلە و بەندە کەخۆشت وەکو ئەوان بەندەیت؟ فیرعەونیش دەیەوێت فراوانی بەگفتوگۆکە بدات و پرسیارلەحەزرەتی موسا دەکات کە ئەو خوایەی تۆ کێیە کەناوی دەهێنیت و چونکە جگەلەمن خوای ترنییە ...حەزرەتی موساش پێی دەڵێت : خودای من ئەوخودایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە وهەموونیعمەتێکی پێداوین، فیرعەونیش روو لەدارو دەستەکەی دەکات وپێیان دەڵێت خۆئەم پیاوە بەتەواوەتی شێت بووە و گۆڕاوە و گومڕابووە، بۆ بێجگە لەمن خودایەکی تر هەیە.... ؟؟؟؟!!!!

ئنجا جارێکی تر ڕوو لەدارودەستەکەی دەکات و پێیان دەڵێ) انا ربکم الاعلی(، ئنجا دەکەوێتە بەر تانە و تەشەر و هەڕەشەکردن لە حەزرەتی موساو پێی دەڵێت : تۆ گومڕابووی و دەبێ بتکوژم، پاشان حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت بەبێ ئەوەی باکی لەفیرعەونی ستەمکار هەبێت و ترسێکی بەدڵدا بێت، پێی دەفەرموێت من کۆمەڵێك بەڵگە و ئایاتت لەبارەی خودای گەورە بۆ دەهێنمەوە ئایا ئامادەی واز لەبانگەشەکەت بهێنیت کە دەڵێی من خوای هەرە گەورەی ئێوەم، وەئایا ئامادەی باوەڕم پێ بهێنیت و دەسبەرداری ستەمەکانت بیت ؟

فیرعەونیش بەحەزرەتی موسا دەڵێت : ئایا شتێکی روون و دیارت لەلایەتاوەکو ئێمەش باوەڕت پێ بهێنین و بەو هۆیەشەوە خوداکەت بناسین؟ حەزرەتی موساش دەفەرموێت : بەڵێ شتی زۆرم لەلایە، فیرعەونیش پێی دەڵێت : دەکەواتە بابیبینین بزانین ئەوشتانە چین ؟ حەزرەتی موساش گۆچانەکەی دەستی فڕێدەداتە سەرزەوی و بەفەرمانی خوای گەورە دەبێتە مارێکی زۆر گەورە، و لەهەمان کاتیش نور و ڕۆشناییەك سەرتاپای کۆشکی فیرعەون رۆشن دەکات و شەبەق دەداتەوە، پاشان فیرعەون دەڵێت : ئەی موسا گەرەکتە بەو سیحرو جادووەت ئێمە لەزەوی خۆمان دەرکەیتە دەرەوە؟ سەیری مێشك و عەقڵی ئەم ستەمکارەبکە هێشتا باوەڕ بەم موعجیزەیە ناهێنێت و بەجادوو و سیحربازی ناودەبات، حەزرەتی موسا بۆئەوەنەهاتووە کە فیرعەونی ستەمکار باوەڕی پێ بهێنێت بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە بەنی ئیسرائیل لەژێر چنگی ئەو زاڵمە رزگاربکات.

پێشتریش لەوکاتەی کەحەزرەتی موسا مەدیەنی جێهێشت و بەرەو وڵاتەکەی دەگەڕایەوە ولەنزیك دارە نورینەکە خوای گەورە قسەی لەگەڵ حەزرەتی موسا کرد، ئامۆژگاری حەزرەتی موسای کردو پێی فەرموو کە چوویتە لای فیرعەون ئارامگر ونەرم ونیان بەو هەڵمەچۆو تووڕەبوون نەتگریت] فاذهبا الى فرعون فقولاله قولا لينا

[، ئامۆژگاری دەکات هەڵمەشاخێ و پەنا نەبەیتە بەر تووڕەبوونێکی لەرابەدەر.

پاشان فیرعەون بەحەزرەتی موسا دەڵێت : دەبێت من هەموو ساحیرێك کۆبکەمەوە و سیحرەکانیشیان لەهی تۆ بەهێزتر و سەرنج راکێشتر بێت، حەزرەتی موساش ئەمە بەدەرفەت دەزانێ و لای ڕوون و ئاشکرایە کە خەڵکان بەچاوی خۆیانەوە دەتوانن ڕاستی و درۆببین و لەیەکیان جیابکەنەوە، بۆیە فیرعەون وادەیەك بۆ ئەو ڕۆژە دیاری دەکات کە) یوم الزینة (ی پێدەڵێن و لەوڕۆژە هەمووخەڵکان دێنە گۆڕەپانێکەوە و کۆدەبنەوە، فیرعەون خۆی ئامادەی گۆڕەپانەکە ئەبێت و بەیانیەکی زووە و هەمووخەڵکان دێنە دەوری گۆڕەپانەکە، فیرعەون چل ساحیری زۆربەهێز دەهێنێت کەهەرلەکۆشکەکەی فیرعەون پەروەردەببوون، هەندێك کەسدەڵێن ژمارەی ساحیرەکانی سەردەمی فیرعەون چوار هەزارساحیر بووینە بەڵام ڕاستیەکەی چل ساحیری زۆر بەهێز بووینە .قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى (59) فَتَوَلَّى فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُ ثُمَّ أَتَى (60) قَالَ لَهُمْ مُوسَى وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى (61) فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى (62) قَالُوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُمْ مِنْ أَرْضِكُمْ بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى (63) فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُمَّ ائْتُوا صَفًّا وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى (64) قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى (65) قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى (66) فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى (67) قُلْنَا لَا تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الْأَعْلَى (68)وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى (69) فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى (70) قَالَ آمَنْتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ مِنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَى (71) قَالُوا لَنْ نُؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنْتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (72) طه..

جادووگەرەکان لەنێوانی خۆیان کەوتنە قسە و چپەچپکردن بە گوێچکەی یەکتردا، و بەیەکتری ئەڵێن ئەم پیاوە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ئەکات و ئەی ئەگەر شتەکانی راست بوون ئێمەچی بکەین؟ خۆیان بەیەکتری دەڵێن سیحر تەمەن و ماوەی کورتە و باسەیری هەقیقەت و راستییەکان بکەین و بزانین ئەم پیاوە چی پێیە کەبانگەشەی پێغەمبەرایەتی و یەکتاپەرستی ئەکات، بەرلەدەستپێکی سیحرەکانیان دەچنە نزیك فیرعەونەوە و پێی دەڵێن ئەگەر ئێمە براوەبووین خەڵات و پلەوپایەی ئێمە لەلای تۆ چییە؟ فیرعەونیش پێیان دەڵێت) إنّكم لمن المقربين (واتە ئێوەدەبن بەنزیکترین کەسی من هەرلەدەسەڵات تا بنەماڵەکەم.

لەم ڕۆژگارەش هەروایە پیاوی واهەیە هەموو شتێك دەکات تەنها بۆئەوەی لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران وکاربەدەستانی رۆژگارزیك بێتەوە، ئامادەیە ملی باوەڕدارێك بشکێنێت و مافەکەی زەوت بکات تەنها بۆئەوەی کاربەدەستەکە دەستخۆشی لێبکات و لەخۆی نزیك بکاتەوە، تەنانەت کەسی واهەبووە ئافرەتەکەی خۆی رازاندۆتەوە و بردوویەتی بۆلای کاربەدەستێك یاخود ئافرەتی داوێن پیسی بۆئەهێنێت و شەرەف و کەرامەتی خۆی ئەدۆڕێنێت تەنها بۆئەوەی پشکێکی لەو دەسەڵاتە بەرکەوێت و ببێت بە بەرپرس.

ئەمە دەردو عیللەتێکی هەموو سەردەم و چەرخێکە تەنها بۆئەوەی پلە وپایەیەکی دەست بکەوێت تاوەکو لەدنیا پێی بژێیت و شانازی پێوە بکات، بەڵام سەرەنجام مردن یەخەی ئەگرێت و گەڕانەوەش هەر بۆلای خوای گەورە و باڵادەستە، حەزرەتی موسا بەساحیرەکانی فەرموو من دەستپێشخەری بکەم یاخود ئێوە ؟ وتیان : ئێمە دەست

پێدەکەین، هەر چل جادووگەرەکە گوریسەکەی دەستیان هەڵدایە سەرزەوی و راستەوخۆبووبەمار!!!!!..
حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت شتی لەو شێوەیەی نەبینیوە وسەرسامی دەیگرێت و دەترسێت] أوجس في نفسه خيفة موسى.... [
سەرۆکەکانی دنیاش لەرابردوو و لەئێستا زۆربەیان جادووگەرییان هەیە و پشتیان پێدەبەستن و لەکورسی و دەسەڵاتەکانیان دەترسن لێیان داگیربکرێت، ئەوەتا مۆسۆلینی ئیتالیا و هیتلەری ئەڵمانیا و ستالینی روسیا و سەدامی رژێمی بەعس و چەندان سەرۆکی تری دنیا، بۆنموونە لەسەردەمی حوکمڕانی خۆیدا سەدام جادووگەری تایبەتی خۆی هەبوو ، لێرەوە کە حەزرەتی موسا ترس دایگرت خوای گەورە پێی فەرموو مەترسە) قلنا لا تخف إنّك انت الاعلى (هەروەها پێی فەرموو) وألقى ما فى يمينيك تلقفوا ما صنعوا انّما صنعوا كيد ساحرٍ ولايفلحوا الساحر حيپ اتى(، پاشان خودای گەورە پێی فەرمووگۆچانەکەی دەستە ڕاسستت فڕێیدەرە سەر زەوی و دەبێت بەمارێکی گەورە و سەرجەم مارەکانی جادووگەرەکان دەخوات و قووتیان ئەدات، فڕێیدایە سەرزەوی و بڕیارەکەی خوای گەورە هاتە جێ.
لێرەوە هەق و راستی دەرکەوت، ناهەقی و جادوو و سیحر هەردەبێ سەری شۆڕبێت لەبەرامبەر بڕیاری خوای گەورە، جێی خۆیەتی ئەوەی لەبواری پزشکیدا کاردەکات بەرلەهەموو کەسێکی تر کڕنووش بۆ گەورەیی و خاوەن دەسەڵاتداریێتی خوا ببات و تەسبیحاتی بکات کە جگە لەخوای گەورە کەسێکی تر ئەوتوانایەی هەیە بتوانێت شێوە و رووخسار و لەشی مرۆڤ بەو شێوە رێك و پێکە دروست بکات ؟ ئایا ساحیرەکان وفیرعەون لەتوانایاندا هەبوو مرۆڤێك دروست بکەن و گیانی پێببەخشن ؟ هەروەها ئەوەی پسپۆڕی بواری بۆشایی ئاسمانە ئەرکی سەرشانیەتی بەرلەهەموو کەسێك زووتر شایەتمان بێنێت و بیر لە گەورەیی خوا بکاتەوەکەچۆن ئەم هەموو ئاسمان و ئەستێرە و خۆر و مانگی لەئسمانەکان ڕاگرتووە و لەهەمان کاتیش رووناکی و گەرمایی بەزەوی دەبەخشن، ساحیرەکانی فیرعەونیش زانیان کە ئەمەی موسا کردی هەقیقەتێك بوو و جادوونەبوو یەکسەر چوونە کڕنووش) والقى السحرة ساجدين (جگەلەمەش وتیان : باوەڕمان بەخوای موساو هارون هێنا.
ئەم چل جادووگەرەی فیرعەون رۆژێك لەرۆژان گوێیان لە ئامۆژگاری وبانگەوازێکی حەزرەتی موسا نەبوو، خۆ ئەوان هەر خەریکی جادووگەری بوون وتەنانەت ئیمانیان بە خودای گەورە نەبوو، لەم سەردەمەش هەزارانی وەکو ئەو جادووگەرانەی سەردەمی فیرعەون گیرۆدەی دەستی تاوان و گوناهن و تەنانەت خودای گەورە دەناسێت بەڵام ئامادەنییە رۆژی تەنها پێنج جار سەری بۆ خوا کەچ بکات و بڵێت) سبحان ربى الاعلى وبحمده (تەمەنی گەیشتۆتە چل ساڵان مێشکی پڕە لەزانست و زانیاریی لەسەر ئیسلام و خواو پێغەمبەر بەڵام رۆژێك لە رۆژان سەری نەخستۆتە سەر زەوی و تەسبیحاتی خوای خۆی بکات !!!... چل جادووگەرەکەی فیرعەون هەقیقەتەکەیان بەچاوی خۆیان بینی و چوونە کڕنووش و ئیمانیان هێنا و فیرعەون دڵە خووڕپە رووی تێکر د و هاتە هەژین و پرسیاری لەخۆی دەکرد و دەیووت : ئەم هەموو خەڵکەم بۆچی کۆکردەوە و چی ڕوویدا ؟؟!!!
فیرعەونی ستەمکار شەرمەزاری رووی تێکرد و بە جادووگەرەکانی وت : بەر لەوەی مۆڵەت لەمن وەربگرن و باوەڕتان بەموسا هێنا دەبێ گەورەترین و سەختترین پاداشت لەمن وەربگرن، سەیری هەڵوێستی ئەو زاڵمە بکە، ئەمجارە فیرعەون چی بەجادووگەرەکان دەڵێت ؟ پێی وتن :بزانە گەورەترین جادوو لەموساوە فێربوون !!!سەیری تۆمەت و بوختانی ئەوستەمکارەبکە، کەس هەیە نەزانێت کەخوا هەقە و پێغەمبەرەکان هەقن و قورئانیش هەروا؟ ئەی بۆچی ئێمە لەو هەقیقەتانە ڕابکەین و وێڵی رێگای شەیتان بین ؟ بۆ خوشکانمان بەگوێی فەرمایشتەکانی خوای گەورە و

پێغەمبەرەکەی ناکەن؟ ئەی بۆ ئەم هەموو غەش و خیانەتە لەبازاڕەکان وفەرمانگەکان دەکرێت ؟ ئەی بۆ گەنجەکان دوای چاولێکەرییەکانی ولاتانی رۆژاوا کەوتوون و چاویان لەخراپە و تاوان و گوناهە و رۆژێک لەرۆژان بیر لە ئاخیرەتیان ناکەنەوە؟ ئەی گەنجەکانن باش بزانن کە هەقیقەت و راستی تەنها لەئیسلامەوەیەو هیچ ئایینێک بەقەدد ئیسلام کراوە و روون نییە، ئایینەکانی تر هەمووی شاراوەن و دەستکاری کراون، جگە لە قەشە و حاخامەکانیان نەبێت کەسانی خوار خۆیان هەقیقەتەکان نازانن، چونکە هەمووی شاراوەن و ئایینەکەیان دەستکاری کراوە و بەتاڵن و بەهیچ شێوەیەك لەلای خوای گەورە قەبووڵ نین جگە لەئاییینی ئیسلامیی پیرۆز نەبێت) سەیری بکەقورئانی پیرۆز و فقە و فەرموودەکانی پێغەمبەر لەهەموو ماڵ و لەهەمووشوێنێك هەیە و ئاشکران و شاراوە نین و هەمووکەسێك بەگوێرەی خۆی شتێکی لێ ئەزانێت.(

ئنجا فیرعەون بە جادووگەرە باوەڕ هێنەرەکانی ووت : دەست و قاچتان ئەبڕم و بەزیندوویی بەدارخورما هەڵتان ئەواسم و تاوەکو هەناسە لەگیانتان نامێنێت و بە ئازارەوە ئەمرن، بەلام ئایا جادووگەرەکان پەشیمانی رووی تێکردن و لەسزاکە ترسان؟ نەخێر .... تەنانەت زۆر بێباکانە و چاونەترسانە سووکایەتیان بەفیرعەون کرد و لەبەرچاوی هەموو ئامادەبووانی گۆڕەپان و نمایشەکە وتیان : تۆ دەسەلاتت بەسەر ئێمەوە نییە و دەسەلات و کاربەدەستییەکەت کاتییەو چی لەدەستت دێت بیکە و باکت لەهیچ شتێك نەبێت، سەیری ئەم باوەڕە بەتینەی جادووگەرە باوەڕدارەکان بکە کە لەحزەیەکی زۆر کەمە لەو مەیدانەدا باوەڕیان بەحەزرەتی موساو خوای گەورە هێناوە و هیچ حسابێك بۆ فیرعەونی ستەمکار ناکەن.

جادووگەرەکان بە فیرعەون دەڵێن تۆ دەسەلاتت بەسەر ئەم دنیایەدانییە و بۆماوەیەکی کاتیی حوکم دەکەیت و دنیاش تاسەر بۆتۆنییە و جێی دەهێلیت، کاربەدەست و گەنجی واهەیە لەم رۆژگارە دەسبەرداری دنیا نابێت و پێی حەیف و مخابنە دەست لە گوناهو تاوان هەڵبگرێت، چونکە ئەوەندە رووی لەدنیا کردووەهەموخۆشی وناڕەحەتیەکانی بەهەشت و دۆزەخی نەبراوەی بیرچۆتەوە، دەڵێ ئەترسم سەروەت و سامانی دنیام لەدەست بچێت بۆچی پەنا نەبەمە بەر زینا و رابوواردن و مەی خواردنەوە؟ ئامادەیە قیامەتەکەی لەدەست بدات، گەنجەکان وەرن و چاو لەباوەڕی ئەو چل جادووگەرە بکەن و ئیمانتان کامڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە، هەموو ماڵ وسەروەت و سامان و خێزان و ژن و منداڵ و دایك و باوكت بكە بە قوربانی کەسێك) الّذي لا يغفل و لاينام(، بیکە بە قوربانی ڕێی ئەو کەسەی هیدایەتی بە جادووگەرەکان بەخشی و پشتی فیرعەونیش ئەشکێنێ و لەناوی ئەبات، ئەو چل جادووگەرەی باوەڕیان بەحەزرەتی موساو خوای حەزرەتی موسا هێنا باکیان نەبوو لەوەی کەفیرعەون دەست و قاچیان ببڕێت، و بەدارخورما هەڵیان بواسێت گەنجی ئەمرۆ دەبێت ئیمانی وەکو ئەوانە بێت و لەهیچ شتێك نەترسێت چونکە بەبەردەوام خوای گەورە لەگەڵ بەندەکانییەتی و لەژێر چاودێری خوای گەورەدان و خۆیشی بیسەر و بینەرە بەسەر هەموو شتێك کە ڕوودەدات.

لێرەوە دووشت ڕوویدا، باوەڕی ئاسیای خێزانی فیرعەون وەکو خۆی بەنهێنی مایەوە، جگە لە ئاسیاش ژنێك لە ماڵەکەی فیرعەون وەکو ئارایشت سازێك کاری دەکرد .ئەوەتارۆژێکیان قژی کچەکەی فیرعەون دادەهێنێت و شانەکە لەدەستی بەردەبێتەوە و هەڵیدەگرێتەوە و دەڵێت یا الله ... کچەکەش دەڵێ مەبەستت لە و خوایە کێیە ؟ ئایا باوکمە ؟ دەڵێ نەخێر ... خودای من و تۆ و خوای باوکیشتە .کچەکەش دەچێتەلای فیرعەونی باوکی و بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە و فیرعەون فەرمان دەردەکات ژنەکە بهێننە لای، کاتێك دەیهێننەلای فیرعەون پێی دەڵێت : زوو پەشیمان بەوە و تەنها باوەڕ بەمن بهێنە، ئەو ئافرەتە پاکەش باکی لەهیچ نییە و پێی دەڵێت جگە لەخوای گەورە

باوەڕ بەکەسی تر ناهێنم و هەرئەو خوای من و تۆ و خوای هەموو کەسێکیشە، سەیری باوەڕو چاونەترسیی ئەم ئافرەتە خۆڕاگر و خاوەن غیرەتەبکە، خۆزگە خوشکانمان لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ وەکو ئەو لەسەر باوەڕەکەیان سوورتر و مکوڕ تر دەبوون.
بۆئەوەی ئافرەتەکەی کۆشك لەباوەڕەکەی پەشیمان بێتەوە فیرعەون بڕیاردەردەکات کە مەنجەڵێکی پڕ لەمسی تواوە یاخود پڕلەزەیتی کولاوی بۆبهێنن، کاتێك دەیهێننە بەردەمی بە ئافرەتەکە دەڵێت : گەر پەشیمان نەبیتەوە کوڕەگەورەکەت دەخەمە ناوئەو مەنجەڵەوە و دەیتوێنمەوە، بەلاّم خۆڕاگری ئەم ئافرەتە لەباوەڕو خۆڕاگری عەمماری هاوەڵی پێغەمبەری پێشەوا بەهێزتر و پتەو ترە، کاتێك کەعەممار باوك و دایکی شەهید دەکرێت و لەترسی کوشتنی دایك وباوکی ناوی خوای کافرەکان دەهێنێت، بەلاّم ئەو ژنەی کۆشکەکەی فیرعەون وانییەو هەرچەندەی حەزرەتی موسای نەبینیوە و قسەی لەگەڵ نەکردووە رازی نابێت باوەڕەکەی لەدەست بدات و ئامادەش نییە پەشیمان بێتەوە!!!!...
بەلاّم ئایاکام ئافرەتی ئەم سەردەمە وەکو ئەو ئافرەتەباوەڕدارەکەی ناوکۆشکی فیرعەون بەوشێوەیە بەجەرگە و بۆلەدەستنەدانی ئیمانەکەی ئامادەیە تەنانەت کوڕەکەی لەناومەنجەڵێکی پڕ لە زەیت و مسی کولاّوەوە، بەزیندوویی بسووتێنرێت ؟
کوڕی گەورەی ئەخەنە ناو مەنجەڵەکەوە و بڵق ئەدات و ئێسقانەکانی ئەکەونە سەر لێواری مەنجەڵەکەوە، بەلاّم ئەو هەر ئامادەنییە دەسبەرداری ئیمانە پتەوەکەی بێت وهەرچوار کوڕەکەی بەبەرچاوییەوە ئەخەنە ناومەنجەڵەکەوە و وەکو ئەوی تریان لێدێت کەبووبەئێسقان، هێشتا دایکیان بەسەبرەو ئامادەنییە مل بۆ داواکەی فیرعەون کەچ بکات، ئەم ئافرەتە خۆی و منالە بچووکەکەی باوەشی ئەمێنن، دارو دەستەی فیرعەون منالەکە لەباوەشیی ئەستێنن، دایکەکە نایدات و منداڵەکە لێرەوە دێتە گۆو دەڵێت : دایکەقەیناکا ئینشائەللاّ لەبەهەشتدا بەیەك دەگەین !!!!... منالەکەش ئەخەنە ناو مەنجەڵەکەوە، ئنجا فیرعەون دەڵێت : هێشتا کات ماوە گەربێتوو دان بە خودایەتی مندا بنێیت ئەوا ناتخەمەناومەنجەڵەکەوەو ناتسوتێنم، ئافرەتەکەش چۆن شتی وا قەبوڵ دەکات و لەولایشەوە چوار منالەکەی لەدەستداوە و بەبەرچاوی خۆیەوە خرانە ناومەنجەڵە ئاگرینەکەوە .ژنەکە هەر ڕازی نابێت و بەفیرعەون دەڵێت : تەنها یەك داوام هەیە ئێسقانەکانی من و کوڕەکانم کۆبکەرەوە و لەیەك شوێن بمانێژە، ژنەکەش هەڵئەدەنە ناومەنجەڵەکە وەکو ئەوان ئەبێت بەئێسقان....
فیرعەون داواکەی بەجێدەهێنێت و هەموویێسقانەکان لەنێوان مەککە وفەلەستین دەنێژرێن، ئەوەتا لەشەوی ئیسراو میعراجدا کاتێ پێغەمبەر لەگەڵ حەزرەتی جبریلدا بەرەو ئاسمانەکان دەکەوێتە ڕێ ، لەو شوێنە بۆنێکی زۆر خۆش دەکات، و پرسیار لەحەزرەتی جبریل دەکات کە ئەم زەوییە چییە کە ئەو بۆنەی خۆشەی لێدێت ؟ حەزرەتی جبریلیش پێی دەفەرمووێ ئەوە ئەوشوێنەیە کەئێسقانەکانی ژنەکەو منداڵەکانی تێدا نێژراوە کەلەلایەن فیرعەونەوەخرانە مەنجەڵێکی گەورەی پڕ لەئاگر و سەرجەم چیرۆکەکە بۆ پێغەمبەری پێشەوا دەگێڕێتەوە بەڵکو بۆئێمەش بگێڕێتەوەتاوەکو باوەڕمان وەکو باوەڕی ئەو ئافرەتە وابێت.
ئاسیای خێزانی فیرعەون دیمەنی سووتانی ژنەکە و منداڵەکانی دەبینێت و ڕوو لەفیرعەونی مێردی دەکات ، ئیتر بەس نییە ئەوەتا موسا لەناو خەڵکدا ڕیسوای کردی و چل جادووگەرەکەش باوەڕیان هێناو وازیان لەتۆهێناو ئەو زوڵم ستەمەی تۆ تاکەی ؟
ئاسیاش کە بەنهێنی ئیمانداربوو ئیمانەکەی ئاشکرا کردو باوەڕەکەی خۆی دووپات کردەوە، لێرەوە فیرعەون زیاتر

تووڕەبوون دەیگرێت و دەست و قاچەکانی ئاسیای خێزانی دەبڕێت و هەتا دەمرێت بەو ئـازارەوە گیـانی دەردەچـێت بەڵام ئەم نزایانە دەکات و لەخوای گەورە دەپاڕێتەوە) ربی ابنی لی عندك بیتـا فی الجنـە (داوا دەکـات خـوای گەورە لەخۆی نزیك بکاتەوە و هەروەها لەبەهەشتیش خانووەکی پێبەخشێت، کەسێك خوای گەورەی خۆش بوویێت و ئەوەی لەدنیا هەیەتی و دەیکات بەقوربانی خوای گەورە، ئاسیاش بەرلەبەهەشتی پان وبەرین داوای نزیك بوونەوە دەکات لەخوای گەورە!!!...

سەیری باوەڕو هێزی ئەو ئافرەتە بکەن چۆن ڕووبەڕووی مێردە ستەمکارەکەی دەبێتەوەو باوەڕەکەی ئاشکرا دەکات، هەربۆیە پێغەمبـــــەر ی ئازیزمان فەرموویەتی : باوەڕی ئەم سێ کەسە کامڵ و تەواوە کەئەوانیش ئاسیا و مەریم و فاتیمەن سەلامی خوایان لەسەربێت، ئەمانە ئافرەت بوون بەڵام چ ئافرەتێکی ئیماندار و پـاك و چـاونەترس و باکیان لەسزای ستەمکاران نەبووە و زۆر سووربووینە لەسەر باوەڕە پتەوەکەیان.

چەندە ژن هەیە بەدەست مێردەکانیان گیرۆدەن و ئەزیەت دەخۆن، بەڵام با سەبر بگرن و ئارامگربن چـونکە ئەگـەر مێردەکانیان ستەمیان لێبکەن ئەوا سـتەمەکانیان ناگاتـە سـتەمەکەی فیرعـەون، پێغەمبـەر دەفـەرموویێت خـوای گەورەلەبەهەشتدا کۆشکێکی وای بۆ ئاسیا ئامادەکردووە سەرتا پای تەڕە بەبۆنی خۆش و بـۆنێکی ئەوەنـدە خۆشـی هەیە سەرتا پای بەهەشتی گرتۆتەوە، ئەی دەبێت بۆنی ئێسقانەکانی ئەو ژنە و منداڵەکانی چ بۆنێك بێت کە خوای گەورە لەسەر زەویدا بۆنداری کردوون و پێغەمبەری ئازیزیش بۆنی کردووە!!..؟؟

ئەمجارەیان فیرعەون هەوڵی کوشتنی حـەزرەتی موسـا دەدات و دەڵێـت : دەبـێ کوشـتنی خـوای موسـاش نیـشانی هەموولایەکتان بدەم .

تادەهات بەنی ئیسرائیل زیـاتر و زێـتر بەدەسـتی فیرعـەون و داودەسـتەکەی دەچەوسـێنرانەوە و ئـازار دەدران و بەبەردەوام کاریان پێدەکرا و نەدەبوو پشووێك بدەن، بەنی ئیسرائیلیەکان بەردەوام گلەییەکانیان ئەهێنایـە لای حەزرەتی موسا و لەو میانەیەشدا حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسـەربێت داوای لێـدەکردن ئـارامگربن و خوای گەورە هەرسەریان دەکەوێنێت و سزاش بۆ فیرعەون دەنێرێت، دواتر خوای گـەورە حـەزرەتی موسـای ئاگـادار کردەوەکەبەنی ئیسرائیل کۆبکاتەوە و لەدەست فیرعـەونی سـتەمکار ڕابکـەن، ژمـارەی بـەنی ئیـسرائیلیش لـەو کاتـــــەدا (600,000) شەش سەد هەزار کەسە.

حەزرەتی موسا بەر لەوەی بەنی ئیسرائیل لـە ڕۆیـشتنەکە ئاگاداربکاتەوەپێـشتر دوعـای کـرد و لـەخوای گـەورە پاڕایەوە کەهەرچی سەروەت و سامان و موڵکی فیرعەون هەیە لەناوی ببات و نەیهێڵێت، سەرەنجام دوعاکەی گیرابوو هەرچی موڵك و سامانی فیرعەون و دارودەستەکەی بوو نەماو تەنانەت دراوەکانیان بوون بـە بـەرد !!!...هـەروەها حەزرەتی موسا لەخوا پاڕایەوە و فەرمووی خوایە وابکەی کەسێك لەگەلەکەی فیرعەون باوەڕ نەهێنێت تاوەکو سزای سەختی تۆئەبینێت، خوای گەورە ئەمەشی قەبوڵ کردو بۆماوەیەکی درێژ باران نەباری و ڕووباری نیل وشـك بـوو و ئاوی تیانەما، بەفەرمانی خوای گەورە تەنها ماڵی بەنی ئیـسرائیلیەکان بەبـەردەوام ئاویـان هـەبوو و وشـکایی ئەوانی نەگرتبوویەوە، دارو دەستەی فیرعەون بۆلای حەزرەتی موسا دەهاتن و داوایـان دەکـرد لـەم وشکە سـاڵیە ڕزگاریان بکات و هاوکارییان بکات .حەزرەتی موسا دوعای دەکرد باران دەبـاری و ڕووبـاری نیـل پڕدەبۆوەلـەئاو، هەروەها بەروبووم و خۆراکیان وشك بووبوو)ونقص من الثمرات (لەماوەی ساڵێکدا هەر دارێك تەنها یەك هـەناری ئـەدا و دارخورمـاش بەهـەمان شێوە تـەنها دەنکێـك خورمـای ئـەگرت !!!!.. دیـسان دەهاتنـەوەلای حـەزرەتی موسابەهەمان شێوە دوعای دەکردتاوەکو میوە وبەروبوومیان بۆ ئەگەڕایەوە، بەڵام مخابن دوای بینینی ئـەو هـەموو

موعجیزاته فیرعەونەکان هەرلەسەر کەللەڕەقیەکەی خۆیان نەدەهاتنە خوارەوە و باوەڕیان نەدەهێنا.
ئەمجارەیان خوای گەورەلافاوو وزریانێکی توندی بۆناردن، بەلاّم چ لافاوو زریانێك کەلافاوەکە دەگەیشتە کۆلاّنەکان تەنها ماڵی فیرعەونەکانی دەگرتەوە و نزیك ماڵی بەنی ئیسرائیلیەکان نەدەکەوتەوە !!!..دیسان چوونەوەلای موسا بەڵکو ئەمجارەش رزگارییان بێت و سەلامەت دەربچن، جارێکی تر لەخوای گەورە پاڕایەوە و لەم لافاوەش دەربازییان بوو کەسەرجەم ماڵەکانی گرتبوونەوە، ئەمجارەیان خوای گەورە سزای تری بۆناردن و کوللەیەکی ئێجگار زۆری نارده سەر بەرووبووم و کشتوکاڵەکانی فیرعەونەکان و هەرهەموویان لەناوبرد و خواردیان، هیچ سەوزایی و بەرهەمێکیان نەماو لەدەستیان چوو، ئەمانە هەرهەمووی ئایات و موعجیزاتی خوای گەورەبوون بۆئەوەی چیتر ڕوولەکوفر و شیرك نەکەن.
حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت نۆ بەڵگە و نیشانەی پێ پیشاندان کەچی باوەڕیان نەهێنا، بەڵگەی ئەو گۆچانەی بوو بەمار و بەهۆیەوە جادووگەرەکان باوەڕیان هێنا، بەڵگەیەکی تری ئەوەبوو دەستەکانی بوون بەنور و هەموو دنیای ڕووناك کردەوە، لەگەڵ ئەو بەڵگانەی تر کەباسمان لێوەکرد وەکو سەرهەڵدانی لافاوو وشك بوونی رووباری نیل و چاك بوونەوەی کشتوکاڵ و گەڕانەوەی سەوزایی و بەرووبوومیان وەکو جاران و هەڵکردنی لافاو بۆناوماڵەکانیان و نەچوونەژوورەوەی ئاو بۆ ماڵی بەنی ئیسرائیلییەکان و چەندین نموونەی تر لەکاتی وشکەساڵی، خوای گەورە بەردەوامە لەناردنی سزاکانی بۆ فیرعەونەکان و ئەمجارەیان ئەسپێیەکی زۆر لەلەشیان بلاّو بۆوە، خەوو خۆراکیان نەما و بەدەست زۆری ئەسپێوە دەیانناڵاند کەسەرجەم ماڵەکانی فیرعەونەکانی گرتبۆوە، جارێکی تر هاتنەوە بۆلای حەزرەتی موسا و دوعای بۆکردن و ئەمجارەش رزگاریان بوو، هەر باوەڕیان نەهێنا جارێکی تر خوای گەورە سزای خۆی بەسەرداباراندن و بۆقێکی ئێجگار زۆر سەرتاپای ماڵەکانی فیرعەونەکانی گرتەوەو ڕێگاکانیان و شوێنی نووستنیان و خۆراك و جل و بەرگیان پڕبوون لەبۆق، ئەمانە چیرۆك نین و هەرهەمووی موعجیزات و سزای خوای گەورە بوون بۆئەوەی ئەو گەلە ستەمکارە دەسبەرداری تاوان و گوناهو کوفرەکانیان بن، سەیربکە بۆق ناچێتە ماڵی بەنی ئیسرائیلییەکان و دەچێتە ماڵی فیرعەونەکان، ئەوانی تریش هەروەها لافاوو کولله و وشکە ساڵی و بێ ئاوی بەهەمان شێوەتەنها بۆ فیرعەونەکانە و خۆیان بەچاوی خۆیان ئەیبینن، هەمووکات خوای گەورە ئاگاداره بەکاروکردەوەی هەموو مرۆڤێك، ئەرز و ئاسمان لەژێر فەرمانیی خوای گەورە دایەوەکو باڵندەکان بوون بەسەربازی خواو ڕێگەیان لەفیلەکانی ئەبرەهە گرت و بەردبارنیان کردن.
فیرعەونی ستەمکارو دارو دەستەکەی هەربەردەوام بوون لەسەر تاوانەکانیان و باوەڕیان بەخوای گەورە وموعجیزاتەکانی حەزرەتی موسا نەدەهێنا، و لووت بەرزی یەخەی گرتبوون و دەسبەرداری نەدەبوون، تەنها لەکاتی هاتنی سزای خوای گەورە بۆ سەریان بەپەلە ڕوویان لەحەزرەتی موسا دەکرد کەشتێك بکات، خوداکەی سزاکەیان لەسەر هەڵبگرێت، ئەمجارەیان خوای گەورە دوا سزای بۆناردن بەلاّم لەهەموو سزاکان سەیر ترو ترسناکتر، خوێن بەسەریانەوە باری بۆنموونە :ماڵەکانیان پڕبوو لەخوێن قاپ و ئەوشت و مەکانەی پێیان دەخوارد و دەخواردەوە پڕبوون لەخوێن!!!....
کانی و کانیاوەکانیان هەرخوێن بوو سەرتاپای ڕووباری نیلیش بوو بەخوێن، ئەوئاوەی فیرعەونەکان دەیانخواردەوە و بەکاریان دەهێنا هەرخوێن بوو بەلاّم هی بەنی ئیسرائیلیەکان پێچەوانەی ئەوان بوو و ئاوێکی ئاسایی بوو..
لەوەش سەیرتر و سەرسامترئەوەبوو کەئاولەدەستی بەنی ئیسرائیل بوو و فیرعەونەکان لێیان داوائەکردن و ئەوانیش پێیان ئەدان لەدەست فیرعەونەکان دەبوو بەخوێن!!!..

ئەگەر خوا گەرەکی بێت ئایینەکەی سەربخات هەموو سزا و موعجیزاتێك ئەنێرێت، بەلاّم نابیّ کەسی باوەڕدار و بانگخواز دەستەودامێن دابنیشێت بەڵکو دەبیّ وەکو موسا ئاسا لەجووڵەو بانگەواز دابێت و پشوونەدات ئەوکاتە باوەڕێکی تەواوو پتەوت هەیە، و دەبیّ خەڵوە بکەیت و بەرەومالّی خوا بڕۆیت و بڵێیت) عجلت إليك ربي لترضى (دەبیّ شەونخوونی بکەیت و ڕووبەڕووی فەساد و بەدڕەوشتی ببیتەوەو دەبیّ لە مێشك ودڵتەوە بەرنامەیەك هەبێت کەبۆخوا تێدەکۆشم و ماندوو دەبم و بۆخواش هیدایەت بەم خەڵکە ئەبەخشم و لەدڵی خۆتا دوعا بکە و بڵیّ : خودایە دەوڵەمەندم بکەیت بۆئەوەی بەو دەوڵەمەندییەوە هاوکاری بێنازان و بیّ باوکان و هەژارونەداران بکەم، و پەیمان بیّ پرۆژەیەك دابمەزرێنم تەنها بۆگەنجان تاوەکو بتوانن ژن بهێنن و خێزان پێك بهێنن، لەدڵی خۆتەوە بڕیاربدە گەرچوویتە کۆلێژ هۆشیاری بەهاوڕێکانم ببەخشم و ئامۆژگارییان بکەم بۆئەوەی ڕوولەوئایینە بکەن و نزیکی کاری ناشەرعیی و خراپە نەکەونەوە، و زۆرنزا بکە و بڵیّ خوایە گەر ژنم هێنا سالّحمان بکەیت و وابکەم منالّەکانم پەروەردەیەکی ئیسلامییان فێر بکەم و هەروەها فێری قورئانیان بکەم و لەئیسلام شارەزابن، دەزانی بەو جۆرە نزاو پاڕانەوە و پەیمانەکانی ناخی دڵت لەگەلّ خالیقەکەت، خوا پشتیوانت دەبێت و گیرای دەکات، بەلاّم گەرتۆدابنیشیت و بڵێیت خوا خۆی دینەکەی سەردەخات و پێویستی بەمن نییە، نەخێر ....شتی وامەڵیّ و خۆت ماندووبکەو بۆئەم ئیسلامە ماندووبە و پشوومەدە چونکە تۆجیّ نشینی خوای گەورەیت لەسەرئەو زەوییە.

فیرعەونەکان زیاتر لەسەر تاوان و ستەمەکانیان بەردەوام بوون وسەرەنجام ئەمجارەیان بەئێشترین و توندترین سزای خوای گەورەیان بۆدێت، خوای گەورە فەرمانی بەحەزرەتی موسا کرد مالّی بەنی ئیسرائیلییەکان دەست نیشان بکەو شەو هەموویان کۆبکەرەوە و لەماڵەوە بچنە دەرەوە و میسر جیّ بهێڵن، بەبیّ ئەوەی کەسێکی نزیك فیرعەون بەوکارەی حەزرەتی موسا ئاگاداربێت پێغەمبەر موسا بەوشەوە (600,000) بەنی ئیسرائیلی لەمنالّ و پیر وگەنج و پیاوو ئافرەت و گیانەوەرەکانیان دێنێتە دەرەوە و بڕیارەکەی خوای گەورەیان پێڕادەگەیەنێت بەرەو دەرەوەی میسر دەڕۆن، کەبۆبەیانی فیرعەون و دارودەستەکەی خەبەریان بوویەوەسەیر دەکەن شار چۆلّ و یەك بەنی ئیسرائیلی تیانەماوە !!!..

فیرعەون فەرمان دەردەکات لەهەرکوێیەك بن دەبیّ قۆڵبەست بکرێن و سزابدرێن، خوای گەورە خۆی خستیە دڵی فیرعەون و دارودەستەکەی کەدەبێت بێنە دەرەوە و ماڵەکانیـــــــــــــان جیّ بهێڵن] فأخرجناهم من جنات و عيون ومقام كريم كذلك وأورثناهم بني اسرائيل[، خوا فەرمانی کرد و خستیە دڵیانەوەکەتەنانەت دەبیّ فیرعەونیش کۆشك و تەلارەکەی جیّ بهێڵێت و بەدوای حەزرەتی موساو بەنی ئیسڕائیلدا بگەڕێت.

هەموو سەروەت و سامان و باغ و هەڕەمەکانیان جیّ هێشت، و دواتر بەنی ئیسرائیل دەستیان بەسەر داگرت و بوو بەهی ئەوان .بەلاّم ئەمە دەبیّ بچێتە بواری جێبەجێکردنەوەچونکە بڕیاری خوای گەورەیە و گەورەترین سزای خوای گەورە چاوەڕوانی فیرعەونی ستەمکارەلەدەرەوەی کۆشك و کورسییەکەی کەلەسەری دادەنیشـــــــــــــت و دەیووت) أنا ربكم الاعلى!!!!.... (

فیرعەون و دارو دەستە ستەمکارەکەی کەژمارەیان ئێجگار زۆربوولەبەنی ئیسرائیل و حەزرەتی موسا نزیك بوونەوە، بەنی ئیسرائیلییەکان ترسان و هاواری حەزرەتی موسایان کردو ئەویش فەرمووی مەترسن خوای گەورە لەگەلّ ئێمەیە و بەسەلامەتی دەرئەچین و دەبیّ فیرعەون و دەست و پێوەندەکەی لەناوبچن) إنّ معي ربي سيهدين(، خوای گەورە فەرمانی بەحەزرەتی موسا کرد گۆچانەکەی لەئاوەکەبدات و حەزرەتی موساش فەرمانەکەی بەجیّ گەیاند و ئاوی ڕووباری نیل شەق بوو، هەندێك لەزاناکان دەڵێن ئاوەکە بۆ دوانزە لق دابەش بوو تاوەکو بەفەرمانی خوای

گەورە ئەو شەش سەد هەزارکەسە دەربازییان بێت ونەخنکێن، هەروەها زەوییەکەی وشك بوو، دەستبەجێ بوو بەخۆڵ. خوای گەورە دەفەرموویێت] وجاوزنا بني اسرائيل البحر فأتبعه فرعون وجنده بغيا و عدوا حتى إذا ادركه الغـرق[، زاناکان قسەیەکی جوانیان هەیەودەڵێن فیرعەون ویستی نەبوو بەدوای حەزرەتی موساو بـەنی ئیـسرائیلدا بـڕوات چونکە ئەیزانی شتێکی بەسەردێت، ئەوکاتە فیرعەون لە پێشەوەی لەشکر و سوپاگەورەکەیدابووە، بەفەرمانی خوای گەورە ئەسپەکە لەحیلەی داوە و بەشوێن حەزرەتی موساو بەنی ئیسرائیل ڕایکردووە، کەوفیرعەون کەوتـە دوایـان هەردەبێ لەشکرەکەی دوای ئەو لەدوای بڕۆن و فەرمانەکەی جێبەجێ بکەن !!...دەستبەجێ خوای گـەورە فـەرمانی بەئـاوی ڕووبارەکەوە کرد کەوەکو خۆی لێبێتەوە و هەرهەموولەشکرەکە بەفیرعەونیشەوەغەرقی دەریا بوون، ئەمەیە گەورەترین موعجیزەی خوای گەورەخۆئەگەر لەم ڕۆژگارەش موعجیزە نـەمابێت ئـەوا قورئـانی پـیرۆز گـەورەترین موعجزەیە یاخود مێشکی مرۆڤ و زەوی و ئاسمانەکان ئەمانـە هەرهـەموویان گـەورەترین و دیـارترین مـوعجیزەی ئەوخوایە گەورەیەن) الّذي لا يغفل ولا ينام(، کە ئاوی ڕووبارگەیشتە نزیـك دەم و لـووتی فیرعـەونی سـتەمکار بزانەچی دەڵێت ؟ لێرەوە هەست بەهەڵە و ستەمەکانی خۆی دەکات و دەڵێت) قال امنتُ أنّه لااله الا ألّـذي امـن بـە بنو أسـرائيل (فیرعەون دەڵێ باوەڕم بەوخوایە هێنا کەبەنی ئیسرائیلییەکان باوەڕیان پێهێنا، خـوای گـەورە پێـی ئەفەرمووێت : ئێستا باوەڕ بەمن دەهێنیت ؟ کەئەم هـەموو سـزایەم بـۆ نـاردی و ئـەو هەمووموعجیزەیـەم لـەڕێی پێغەمبەرەکەمەوە نیشانی تۆ و دارو دەستە سـتەمکارەکەت دا، حـەزرەتی جوبرائیـل بـۆ پێغەمبـەری ئەگێڕێتـەوە لەوکاتەی فیرعەون غەرقی دەریا بوو بەلێشاو ئاوم ئەخستە دەم و قوڕگییەوە نەوەك باوەڕ بهێنێت و خوای گەورەش لێی خۆش ببێت، و حەزرەتی جوبرائیل بۆ پێغەمبەری ئەگێڕێتەوە ئەوەندە ڕقم لە فیرعەونی ستەمکاربووە ترساوم لەوەی خوای گەورە تەوبەکەی قەبوڵ بکات و لێی خۆش بێت!!!!...

کەواتە لێرەوە بزانن تەوبە لەسەر کەسێك قەبوڵ نییە کەسەرتـا پای ژیان و هەڵس و کەوتی ستەمکارانە بوویێت و دژی فەرمانەکانی خوا جووڵابێتەوەو فەسادی بڵاو کردبێتەوە وشیرك و هاوبەشی بۆخوای گەورە پەیدا کردبێت چـۆن کۆتـاییەکەی خێر ئەبێت، پاشان خوای گەورە بەفیرعەونی فەرموو]واليوم ننجيك ببدنك لتكون لمن خلفـك ايـة وإن كثيرا من الناس عن اياتنـا غـافلون [ئەمە بڕیاری خوایە و هاتەجێ ئێستاش لاشەی فیرعەونی ستەمکاروەکو خـۆی ماوە و نابێت بڕزێت بۆئەوەی ببێت بە پەند و عیبرەت بۆ هەموو ستەمکـــــــــارێکی دوای خۆی، ئەی ئەوەتـا نییە سەدان و هـەزاران سـتەمکارو تـاغوتی زەمانـە لـەدوای فیرعـەون هـاتوون ودژایـەتی ئـایین دەکـەن و خـەڵکان دەچەوسێننەوەو، کۆمەڵکوژی بەرپا دەکەن و مافی ئـافرەت زەوت ئەکـەن و گـە نجان لەسـێدارەئەدەن و تەنانـەت بەچەکی ناووکی وڵاتانی تر ئیبادە دەکەن و لەناوی دەبەن، خۆئەمانـە لاشـەی فیرعـەونییان بینیـوەو دەشـزانن کەئەمە ستەمکارەکەی زیاتر لەچوارهەزارساڵ بەر لەئێستایە و تەرمەکەی وەکـو خـۆی مـاوە،) مانـەوەی لاشـەی فیرعەون وەکو خۆی موعجیزەیەکی خوایە بۆ ئەم ڕۆژگارەو پێتدەڵێت و وەکومن یاخی مەبە و ستەم مەکە و دژایەتی ئایین و ئیسلامەتی مەکەو لەخوابترسە.(

,ەستەی

جەستەی فیرعەونی ستەمکار

کەحەزرەتی موسا و گەلەکەی دیمەنی خنکانی فیرعەون و دارو دەستەکەیان بینی لەڕووبارەکە پەڕینەوە ئـەودیو و بەنی ئیسرائیلییەکان لەشوێنێکی دوای ئاوەکە چاویان بەگەلێك کەوت کە بتیان ئەپەرست، ڕوویـان لەحـەزرەتی

موسا کرد کەوەکو خوای ئەوان خوایەکیان لەبت بۆبتاشێت تاوەکو بیپەرستن !!!..سەیری ناپاکێتی ئەم بەنی ئیسرائیلییە؟ ئەوان خۆنەوەی یەعقوب پێغەمبەرن و باشیش دەزانن کەحەزرەتی موسا پێغەمبەری خوایە ولەژێر دەستی فیرعەون و دەست و پێوەندەکەی ڕزگاری کردن کەچی لەم کاتەدا گومڕا ئەبن وهەڵئەگەڕێنەوە!!!!....

وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ (53) وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنْفُسَكُمْ بِاتِّخَاذِكُمُ الْعِجْلَ فَتُوبُوا إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ عِنْدَ بَارِئِكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ إِنَّهُ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ (54) وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ (55)

ثُمَّ بَعَثْنَاكُمْ مِنْ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (56) وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْغَمَامَ وَأَنْزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(57)

وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَذِهِ الْقَرْيَةَ فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا وَقُولُوا حِطَّةٌ نَغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ (58) فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنْزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ (59) طه..

خۆئەمان پێشتر موعجیزاتەکانیان بینی و هەر نۆ ئایاتەکەی خوای گەورەیان بینی کە بۆ حەزرەتی موسای نارد و ئەو بەنی ئیسرائیلییەی لە سزاکانی فیرعەون پاراست و بەدووری گرتن کە بۆماڵەکانی فیرعەونی ئەنارد وەکو خوێن بارین ولافاوو ئەسپێ و هتد.....لێرەوە ئەرکی سەرشانی حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت قورستر وگرانتر دەبێت، خوای گەورە فەرمانی پێکردن کەبەرەو (بڕۆن کەلەسینا نزیکە، وادی المقدس گوی) و خوا فەرمانی بەحەزرەتی موسا کرد لەشاخێکی ئەو شوێنە دەبێت بۆماوەی سی ڕۆژ بمێنیتەوە و دەبێ بەڕۆژووش بیت و ئنجا تەوراتت بۆ ئەنێرمە خوارەوە .حەزرەتی موسا بۆ بەنی ئیسرائیل باسەکە دەگێڕێتەوە ودەفەرمووێت : من لەگەڵ خوای گەورە مەوعیدم هەیەو دەبێت لەلاتان بڕۆم و حەزرەتی هارون لەلای بەنی ئیسرائیل جێدەهێڵێت، حەزرەتی موسا زۆر بە پەلە دەڕوات بەدەم مەوعیدەکەوە و خوای گەورە پێی دەفەرمووێت بۆبەوشێوەیە و بە پەلە هاتیتە ئێرە ؟ وَمَا أَعْجَلَكَ عَنْ قَوْمِكَ يَا مُوسَى ، قَالَ هُمْ أُولَاءِ عَلَى أَثَرِي وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَى ....حەزرەتی موسا بڕیارەکەی خوا بەجێدەهێنێت و بۆماوەی سی ڕۆژ لەشاخەکە ئەمێنێتەوە و بەردەوام لەگەڵ خوای گەورەدا لەگفتوگۆدایە، دەگاتە سیهەمین ڕۆژ ڕۆژووەکەی ئەشکێنێت و خوای گەورەش پێی ئەفەرمووێت بۆ ڕۆژووەکەت شکاندئەی موسا خۆمن فەرمانم پێنەکردی ؟ئەویش ئەفەرمووێت : لەبەر بۆنی دەمم شکاندم ، خوای گەورەش پێی دەفەرمووێت : ئەی نازانی خۆشترین بۆن لای من بۆنی دەمی بەڕۆژووبووانە؟ پاشان خوای گەورە پێی دەفەرمووێت : مادام بڕیارەکەی منت شکاند دەبێ دە ڕۆژی تر بەڕۆژووبیتەوە، حەزرەتی موساش زۆرلای ئاساییە چونکە حەزدەکات بەردەوام لەگەڵ خوای گەورە قسەبکات و چونکە زۆر تامەزرۆی قسە کردنە لەگەڵ خوای گەورە.حەزرەتی موسا دەڕۆژی تر لەشاخەکە مایەوەو خەریکی وتوێژە لەگەڵ خوای گەورەلەولایشەوە بەنی ئیسرائیل وتیان :دەڕۆژ ڕەتیداوە و حەزرەتی موسا نەگەڕایەوە و پەیمانەکەی نەگەیاندە سەر، لەوکاتە ئاڵتون و زێڕی فیرعەونەکان لای ئافرەتەکانی بەنی ئیسرائیل دەبێت و خۆیانیان پێ ئارایشت داوە .

کەسێکیان لەناوە بەناوی) سامیری (و پێیان دەڵێت ڕەنگە بەهۆی ئەو زێڕەوە کە ئەمانەتێکی فیرعەونەکانە و لای ژنەکانی ئێمەیە ڕەنگە بەهۆیەوە دووچاری ئەو موسیبەتە بووبین و بەهۆیەوەش موسا لەناومان نەما !!!.. سامیری پێیان دەڵێت : با ئەو ئاڵتوو ن وزێڕانە بسووتێنین و پاشان بیپەرستین، هەندێك لەزانایان دەگێڕنەوە کە سامیری بەهرەیەکی هەبووە ئەویش ئەوەیە جوبرائیل و شوێن پێی ئەسپەکەی حەزرەتی جوبرائیلی بینیوە، ئەسپەکەی

جوبرائیل پێیەکانی بەرز کردۆتەوە و، خستوویەتی شوێن چاڵەکەی کەسامیری بەبەنی ئیسرائیلی وت کەزێڕەکـەی تیادا بسووتێنن، بەفەرمانی خوای گەورە شوێن پێی ئەسپەکەی حەزرەتی جبریل لەچاڵەکە دەرچووە و، بەفەرمانی خوای گەورەلەشوێنی ماددەی زێڕەکە دەنگێك دەرچووە) فأصبح له خوار (ئەم دەنگـە بـۆ ئـەوان بـووە فرسـەتێك تـاوەکو بڵێن ئەمە خواکەمانە وهاتەقسەکردن و بیپەرستین، لەم نێوەندەدا حـەزرەتی هـارون نـەیزانی چیبکات، لەشەش سەد هەزار کەس تەنها حەفتا کەسێك باوەڕ بە هارون دەهێنن و بەقسەی دەکەن!!..و ئەوانی تر بـەگوێی سامیری ئەکەن و پەنا دەبەنە بەرپەرستنی مانگایەك و بەخوایەکی خۆیانی دائەنێن، هێشتا حەزرەتی موسـا بـەم کارە ئاگادارنییە و لە خەڵوە دایە و خەریکی قسەکردنە لەگەڵ خوای گـەورە، حـەزرەتی موسـا ئەوەنـدە لـەززەت لەوتوێژو قسەکان وەرئەگرێت کەلەگەڵ خوای گەورە لەقسەکردندایەو ئنجا داوا لە خوای گەورە دەکات کەدەمـەوێ بتبینم و خۆتم پێ پیشان بدەی، خوای گەورە فەرمووی ناتوانی بمبینیت، بەڵام ئەو لەسەر داواکەی هەر مکـووڕە . خوای گەورە پێی فەرموو :ئەی موسا سەیری ئەم شاخەی دواوەت بکە، کە ئاوڕ ئەداتەوە نوور و ڕۆشنایی خوای گەورە لەشاخەکە ئەدات و یەکسەر حەزرەتی موسا ئەبوورێتەوە و لەهۆش خۆی دەچێت) وخرّ موسی صعِقا (کـە کاتێـك بەهۆش خۆی هاتەوەفەرمووی) خوایە گیان بمبوورە وتەوبەم کرد و باوەڕم پێتهێنا ... (

ئەوەتا حەزرەتی عائیشە ڕوو لە پێغەمبەری پێشەوا ئەکات و پێی ئەفەرمووێت : ئەی پێغەمبـەری خـوا لەشـەوی ئیسراو میعراجدا خوای گەورەت بینی ؟ پێغەمبەری ئازیزیش سەلام ورەحمەتی خوای گەورەی لەسەربێت دەفەرمووێت :تەنها نور وڕووناکی خوای گەورەم بینی و ئەوەندە نوربووتاچاو حـەزی دەکـرد زیـاتر و زێـتر چـاوی بـەونوورە بکەوێت.

دوای نزاکانی حەزرەتی موسا خوای گەورە تەوراتی بۆنارد و هەندێك لـەزاناکان دەڵـێن لەوحـەکان لەسـەر بـەرد نووسرابوونەوە، خوای گەورە فەرمانی بەحەزرەتی موسا کرد کەبۆلای بەنی ئیسرائیلیەکان بگەڕێتەوە .کە گەڕایەوە ناویان دەبینێت بەنی ئیسرائیل ئەویان هەر لەیادنەماوە و وا مانگایەکی زێڕین دەپەرستن، حەزرەتی موسا تـووڕە ئەبێت و ڕیشی حەزرەتی هارونی براکەی ڕائەکێشێت و لێی تـووڕە ئـەبێت، ئنجـا حـەزرەتی موسـا داوای لێکـردن کەتەوبە بکەن، تەوبەکەش چۆنە و بەچ شێوەیەکە ؟ دەبێ خۆیان بکوژن، وە ئەوکەسەی تەوبەکەی قـەبووڵ بێـت دەمرێت و دەکوژرێت) وتوبوا الی بارئکم واقتلوا انفسکم...(

فَرَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ يَا قَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ الْعَهْدُ أَمْ أَرَدْتُمْ أَنْ يَحِلَّ
عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِنْ رَبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُمْ مَوْعِدِي (86) قَالُوا مَا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَكِنَّا حُمِّلْنَا أَوْزَارًا مِنْ زِينَةِ الْقَوْمِ
فَقَذَفْنَاهَا فَكَذَلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ (87) فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ فَقَالُوا هَذَا إِلَهُكُمْ وَإِلَهُ مُوسَى فَنَسِيَ (88)
أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا (89) وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِنْ قَبْلُ يَا قَوْمِ إِنَّمَا فُتِنْتُمْ
بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوا أَمْرِي (90) قَالُوا لَنْ نَبْرَحَ عَلَيْهِ عَاكِفِينَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَى (91) قَالَ
يَا هَارُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوا (92) أَلَّا تَتَّبِعَنِ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِي (93) قَالَ يَا ابْنَ أُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِي
إِنِّي خَشِيتُ أَنْ تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي (94) قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَا سَامِرِيُّ (95) قَالَ بَصُرْتُ
بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا بِهِ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِنْ أَثَرِ الرَّسُولِ فَنَبَذْتُهَا وَكَذَلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي (96) قَالَ فَاذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي
الْحَيَاةِ أَنْ تَقُولَ لَا مِسَاسَ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَنْ تُخْلَفَهُ وَانْظُرْ إِلَى إِلَهِكَ الَّذِي ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا لَنُحَرِّقَنَّهُ ثُمَّ لَنَنْسِفَنَّهُ فِي
الْيَمِّ نَسْفًا (97) إِنَّمَا إِلَهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا (98) كَذَلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ مَا قَدْ
سَبَقَ وَقَدْ آتَيْنَاكَ مِنْ لَدُنَّا ذِكْرًا (99) مَنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُ يَحْمِلُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وِزْرًا (100) خَالِدِينَ فِيهِ وَسَاءَ لَهُمْ

يَوْمَ الْقِيَامَةِ حِمْلًا ...(101) طه.

ئێمەش هەرچەندی گوناهبارین و سەرپێچیمان لەبڕیارەکانی خواو پێغەمبەرەکەی کردبێت بەڵام هێشتا خوای گەورە بەڕەحم و بەزەییە بەرامبەرمان ئەوەتا هەمووشەوێك خوای گەورە دێتە ئاسمانەکانی خوارەوە و دەفەرمووێت] هل من تائب فـــــأتوب له[، سەیری لێبووردەیی خوای گەورە بکە بانگی بەندەیەکی زەلیل و گوناهباردەکات بۆ لێخۆشبوون و مەرحەمەتی خۆی، یاخود خوای گەورە لەفەرمووددەی قودسیدا فەرموویەتی تاوان و گوناهەکانی نەوەی ئادەم هەرچەندەی زۆربن و بگەنە بەرزایی ئاسمانەکان و دڵنیابێت تەوبە بکات کەلێی خۆش دەبم، ئەوابێگومان لێ خۆش ئەبم و ئەیخەمە ژێر رەحمەتی خۆمەوە، بۆیە پێویستە ئێمە وەکو گەلانی پێشوو نەکەین و بەتاوان و ڕووڕەشی و حەرام خواردن و شەڕکردنمان لەدژی ئایینی خواو ڕێبازەکەی پێغەمبەر نەچینە بەردەم قاپی خوای گەورە.

با بەتەوبە و ئیسغتفار و ڕووسپییەوە بچینە حزوری خوای گەورە چونکە خوای گەورە تەوبەکارانی خۆش دەوێت، لەئێستاوە باپەیمان لەگەڵ خوای گەورە نوێ بکەینەوە و بڵێین خودایە ئەواتەوبەمان کرد و بەرەو لای تۆ گەڕاینەوە و لێمان خۆشببە و سەرفرازمان بکەو لەتاوان و گوناهەکانمان خۆش ببە و تۆ خوای ئێمەی و ئێمەش بەندەی لاواز و بێ دەسەڵاتی تۆین، متمانەتان هەبێت بەو تەوبەیە و گەڕانەوەیە خوا لێمان خۆش ئەبێت و لەبری ئەو تەوبەیە و وازهێنان لەگوناهو تاوان خوای گەورە لێمان دەبووریت و پاداشتمان بەهەشتی نەبڕاوە ئەبێت .

حەزرەتی موسا لەوحەکە بۆ بەنی ئیسرائیل دەهێنێت و پێیان دەفەرمووێت ئەی بەنی ئیسرائیل ئەمە تەوراتە و لەلایەن خواوە بۆم هاتووە و ئیتر پەیڕەوی بکەن و پشتگوێی مەخەن، بەنی ئیسرائیلییەکانیش و تیان) سمیعنا و عصینا....(

گوێمان لێتگرت بەڵام بەگوێت ناکەین و وازمان لێبێنە !!!!...بەم شێوەیە حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لێبێت لەناویان ئەمێنێتەوە و چەندین موعجیزاتی تری خوای گەورەیان پێ نیشان ئەدات تاوەکو وەفات ئەکات، بەڵام بەنی ئیسرائیل دوای بینینی ئەم هەموو موعجیزاتە و لەناوچوونی فیرعەون و مردنی سامیری و دابەزینی تەورات لەلایەن خواوە بۆیان هەر باوەڕ ناهێنن و بەردەوام دەبن لەسەر شیرك و گوناهو تاوانەکانیان ....ئنجا هەر ڕۆژە و بەجۆرێك حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورەی لەسەربێت ئەزیەت ئەدرا، دواتر حەزرەتی موسا پەنجا کەسیانی هەڵبژارد و لەگەڵ خۆی بۆسەرکێوی) طور (بردن، کە ئەم پەنجا کەسەیان لەوانی تر باشتر بوون و باوەڕیان نوێ کردەوە ...لەکاتی گەیشتنیان بۆ سەرکێوەکە بە حەزرەتی موسایان وت : باوەڕ ناهێنین تاوەکو خواکەت نەبینین !!!...حەزرەتی موساش جارێکی تر پێی وتن : لەخوا بترسن و خوای گەورە بناسن، هیچ کەڵکێکی نەبوو و گوێیان پێنەدا تاوەکو خوای گەورە فەرمانی کرد کە گیانی هەر پەنجا کەسەکە بکێشرێت و دەستبەجێ لە شوێنی خۆیان مردن...

حەزرەتی موسا کەوتە پاڕانەوە و فەرمووی : ئەی خوایە ئەمانە لەگەڵ من بەمەبەستی پەرستنی تۆ هاتن بۆ سەر ئەم کێوە، ئەی ئێستا چ وەڵامێکی بەنی ئیسرائیلیەکان بدەمەوە کە ئەمانە لە چاکەکانیان بوون!!!؟؟؟ ئەی خوایە تکاکارم زیندوویان بکەیتەوە و ڕۆحەکانیان بۆبگەڕێنیتەوە جەستەکانیان، خوای گەورەش نزاکەی قەبوڵ کرد و یەك لەدوای یەك زیندوو بوونەوە و هەریەکەیان دیمەنی زیندووبوونەوەی ئەوی تری ئەبینی !!!.. جارێکی تر باوەڕتان هێنایەوە و لەگەڵ حەزرەتی موسا لەسەر کێوەکە دابەزینە خوارەوە و گەڕانەوە ناو بەنی ئیسرائیل، جارێکی تر پشتیان لەحەزرەتی موسا کردەوە و وازیان لەباوەڕەکەیان هێنا !!!.ئەمجارەشیان کەوتنەوە خۆ بۆ

دژایەتیکردنی ئەوپێغەمبەرە، لێرەدا خوای گەورە بەبەرچاوی هەرهەموویان کێوی) گور (ی بەسەر سەریان بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و لەسەر سەری هەموویانی راگرت، گەر تۆبە نەکەن و دەسبەرداری تاوان و گوناهو سەرپێچییەکانیان نەبن ئەوا ئەیدات بەسەرسەریانەوە !!!...

ئەمە پیشەی جوولەکەکانە لەهەموو سەردەمێکدا، خاوەنی پەیمانی خۆیان نین و بەرژەوەندییەکانیان لەپێشەوەی هەموو ئامانجێکیانە و بەبەردەوام چاو لەراستییەکان ئەپۆشن و لەگەڵ خوا و پێغەمبەر و کەسانی تر راست ناکەن و خیانەت ئەکەن.

گەیشتە ئەو ئاستەی کەبەنی ئیسرائیل نەیانتوانی فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکەن و پابەندی تەورات بن کە خوای گەورە بۆ حەزرەتی موسای نارد، خوای گەورە بە حەزرەتی موسای راگەیاند ماوەی چل ساڵان خاوەن وڵات نابن و لەشوێنێك ئۆقرە ناگرن و جێگیر نابن.خواردنی بەنی ئیسرائیل) من و سلوی (بوو،) من (خواردنی شیرین بوون بەشێوەی باران) سلوی (ش، باڵندەیەك بوو ئەیانگرت و ئەیانخوارد ...ئاویش بەردێکی گەورەیان لەگەڵ خۆیان ئەگێڕا و دوانزە کونی تیابوو، هەر هۆزێك بەشی خۆی بەردەکەوت کەژمارەیان دوانزە تیرەبوون، ئەمەش خۆی لەخۆیدا موعجیزەیەکی گەورەبوو لەبەرئەوەی ئەم چینە کەلەگەڵ حەزرەتی موسادا بوون بەکەڵکی پێشەنگیی و لەکۆڵ گتنی پەیام نەدەهاتن، خوای گەورە لەماوەی ئەو چل ساڵەدا پێشەنگیی لێسەندنەوە و نەبوون بەخاوەنی خاك و وڵات و هەر رۆژەی لەشوێنێك دائەمەزران و شوێنێکی جێگیریان نەبوو!!!...

حەزرەتی موسا سەلامی خوای گەورە لێبێت بەرلە وەفاتکردنی وەسیەتی کرد کە تەرمەکەی لە قودس بنێژرێت، ژیانی پڕ ماندوو بوون و ئەزیەت کێشانی حەزرەتی موسا بەکۆتا هات و دوای ئەویش پێغەمبەرێکی تر ئەم پەیامە بەرز و پیرۆزە هەڵدەگرێت بۆ بەجێگەیاندنی کارە گرنگەکانی خوای گەورە لەسەر زەوی.

*　　　　　　*　　　　　　*

پێغەمبەر داود سەلامی خودای لەسەر بێت:

أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ (246) وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوا أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (247) وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (248) فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو اللَّهِ كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ (249) وَلَمَّا بَرَزُوا لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُوا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (250) فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُودُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ ... البقرة.

پێغەمبەری پێشەوامان فەرموویەتی :هیچ رۆژێك لە رۆژان بەنی ئیسرائیل بێ پێغەمبەر نەبووینەو بە بەردەوامی

خوای گەورە پێغەمبەری بۆ ناردوون ، هێشتا پێغەمبەرێکی تر لە ژیاندامابوو خودا پێغەمبەرێکی تری بۆ دەناردن . داب و نەریتی ئەوسای جوولەکەکان وابووە کە دەکەوتنە خۆشحاڵی و گەیشتن بـە هـەموو شـتێك ئـەوا راسـتەوخۆ دەستیان دەچووە خوێنی پێغەمبەرێك و شەهیدیان دەکرد .. زۆربەی پێغەمبەرانی خودا قوربانی دەستی جوولەکەکان بووینە و تەنانەت بە گوێرەی هەندێك ریوایەت لە رۆژێکدا سێ پێغەمبەریان شەهید کردووە.
لە هەمووولایەك لەنێو جولەکەکان تاوان و فەساد تەشەنەی کردبوو و لە بەرامبەردا خودای گەورە بە چینێك ئازاری دان کە بە) عمالیقة (ناسراو بـوون ، گـەورەترین شـەڕ لـە نێـوان جوولەکـەکان و عەمالیقـەکان هەڵگیرسـا و عەمالیقەکان زۆر بە هێز و پتە وو باڵا بەرز بووینە . گەیشتە ئەو رادەیەی تابوتیان برد کە لە قورئانـدا خـوای گەرە ئاماژەی پێکردووە ، ئەو تابوتە وەکو تابوتی مردوو وابوو کۆمەڵێك شتی تێدابوو وەکو جل و بەرگی حەزرەتی موسا و لەوحەکانی تەورات کە خودای باڵادەست بۆی هەناردبوو ، لەگەڵ گۆچانەکەی حەزرەتی موساو هەندێ کەل و پەلی هارون سەلامی خودایـان لەسـەر بێـت، بـەنی ئیسرائیل بـۆ هەرشـوێنێك رۆیـشتبانا تابوتەکـەیان وەك تەبەڕوکێك لەگەڵ خۆیان ئەیانبرد.
تابوتەکە لەلایەن ئیسرائیلیەکان پارێزراو بوو هەرکاتێ دووچاری گرفت و کێشەیەك بوونایـە ئـەوا روویـان لـەو تابوتە دەکرد و وەك کالأیـەکی پـیرۆز بـەکاریان ئـەهێنا ، تەنانـەت لـەکاتی شـەڕو رووبەروبونـەوە لەگـەڵ بەرامبەرەکانیان لەگەڵ خۆیان دەیانبردە سەنگەرەکانی شەڕ..
سەرەنجام عەمالیقەکان تابوتەکەیان لە بەنی ئیسرائیل بردو زۆریشیان لێ کوشـتن و لـە قودسـیش دەریانکردنـە دەرەوە ، و پەرتەوازە بوون و پاشاکەیان لە پێغەمبەر جیابۆوە.
هیچ پێغەمبەرێکیش لەو سەردەمە پەیوەندییان بە موڵك و سامانی پاشاکانەوە نەبووە ، دوای ئەوە پێغەمبەرێکیان بۆهات ناوی) شەمۆئیل یاخود شەمعون (بوو ، داوایان لەو پێغەمبەرە کرد کە شەڕێك دەکەن و دەبێ هاریکارییـان بکات بۆ گەڕاندنەوەی تابوتەکە کە دروشمی عیززەت و شانازی بەنی ئیسرائیل بووە ، حەزرەتی شەمۆئیلیش پێـی وتن : ئەی ئەگەر شەڕەکە هەڵگیرسا و ئێوە نەتانکرد و پاشەکشەتان کرد ؟ وتیان چۆن شەڕ ناکەین ئـەی نـابینی تەنانەت لە شارەکەی خۆشمان دەرکراوین و پەڕاگەندەبووین] .. فلمـا کتب علیهم القتـال تولـوا [شـەڕەکەیان نەکرد.
دواتر پێغەمبەر شەمۆئیل پێی وتن : کە بەم زووانە خودا پاشایەکتان بۆ دەنێرێت کـە نـاوی) گـالوت (ە ، ئـەو تالوتە لەناو خۆیانە و کەسێکی هەژارو دەستکورت و پیشەی) دەبـاغ(ی، ئـەکات واتـە کـارو پیـشەی پێـستەی گیانەوەرە و چاکی دەکات و دەیفرۆشێت .. بەلام پیاوێکی زۆر بەهێز و باڵا بەرز و سپی و چاوشین بـووە ، تـابلێی کەسێکی حەکیم و زانستخواز و بە توڵە بووە ،) ان الله قد بعث لکم گالوت ملیکا . (لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە. ئەوانیش وتیان) انی یکون الملك علینا (، ئەمە چۆن دەبێت بکرێت بە پاشای ئێمە لەکاتێکـدا نـەماڵی هەیـە و نە پارە سـامان.. دوایی کەسێك هەیە ناوو ناوبانگێتی تالوتی زانی بێت ؟ ئەمە مەحاڵە و رازی نین لەسەری.
ئەم پێغەمبەرە وەڵامی دانەوە کە خودا لە ناو ئێوە هەڵیبژاردووە و زانست و زانیاری تەواوی لەلایە ،] وقـال لهـم نبیهم إن ایە ملکە ان یأتیکم التابوت .. [ئەم جارە پێغەمبەر شەمعون پێـی وتـن : ئایـا رازیـن کـە خـودا خـۆی تابوتەکەتان بۆ بگەڕێنێتەوە ؟ وتیان بەڵێ ؟ پێمان نیشان بدە ؟ بە فـەرمانی خـودا فریـشتەکان ئـەو تابوتـە گەورەیان لە ناو عەمالیقەکان هەڵگرت و بە ئاسماندا بەرزیان کردو گەڕاندیانەوە دەستی جولەکەکان.
پاشان رەزامەندی خۆیان بـە پاشـا بـوونی تـالوت نیـشاندا و نـاوبراو کرابـە سـەرکردەی شـەڕێکی گـەورە بـۆ

رزگارکردنەوەی قودس ، لەبری چوار ملیۆن جولەکە تەنها هەشت هەزار شەڕ کـەر چـوونە ریـزی تـالوت و خۆیـان ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر قودس ، ئنجا تالوت رووی لە سوپاکەی کردو پێی وتـن : ان الله مبتلـیکم بنهـر ... واتـا نزیك ئاوێك دەبینەوە لە نێوان فەلەستین و ئوردەن ، و پێی راگەیاندن ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە لەمن نی یە و ئەوەی نە یخواتەوە لە منە] . الا من اغتفر غرفە بیدیە [مەگەر بە پێی پێویست و کەمێك خواردنەوە لە ئاوەکە نەبێت بەقەد یەك مشتە دەست . بەلام بە هۆی ئەم بڕیارەی تالوت سێ سەد و چـواردە کـەس لـە ریـزی سـوپاکە مانەوە.

خوای گەورە بەندەکانی خۆی تاقیی ئەکاتەوە تاچەند رازین بە فەرمان و بڕیاری پـەروەردگار؟ هـەروەها چـەندە متمانەمان بە یارمەتی خوای گەورە هەیە و کلیلی دەرگای سەرکەوتن لای خوای میهرەبانـە و هێـز و توانـای زۆر و ژمارەزۆری نابنە پێوەر بۆ سەرکەوتن، بەڵکو دڵسۆزی و متمانە بە خوای گەورە سەنگی مەحـەکی هـەموو کۆمـەڵ و کەسێکە بەسەر دوژمنی بەرامبەر ...

بەلام ئەو ژمارە کەمە خۆڕاگر بوون و هانی تالوتیان دا کە خودا لەگـەڵ ئارامگرانـە و سـەردەکەوین ، سـوپاکەی تالوت بەرەو رووی سوپاکەی عەمالیقەکان کەوتنە رێ ، سەرکردەی عەمالیقەکان ناوی جالوتە ، ئەم سـەرکردەیە تابلێی کەسێکی بە هێز و لە رادەبەدەر بالا بەرزبووە ، کە چاوی بە سوپاکەی تالوت دەکەوێت خەم دایدەگرێت .

ئەوکاتە لەدەستپێکی هەموو شەڕێك بەهێزترین کەسی نێوان هەردوو سوپا هاتۆتە دەرەوە بـۆ ئـەوەی رووبـەرووی یەکتربینەوە و هێز و توانای یەکتریان بۆ دیاربێت ، جالوت دێتـە دەرەوە و هـاوار دەکـات کەسـێك بێتـە دەرەوە و رووبەرووم بێتەوە ، تالوت لە بەرامبەردا لە ناو سوپاکەی بانگ رادێرێ و دەڵـێ کـێ ئامادەیـە بـەرەنگاریی ئـەم سەرکردەیە ببێتەوە ؟ کەسێك دەنگ ناکات و چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە و وەلام نابیستێت...

ئەمجارە دەڵێت کێ بەرەنگاری بێتەوە کچەکەی خۆمی پێشکەش ئەکەم ، چونکە تازە بۆتە پاشا و فەرمانڕەوا. کورتە بالایەکی نۆزدە سالان لە ریزی سوپاکە دێتە دەرەوە و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ تا بەرەنگاری جالوت بێتەوە .هێشتا داود نەبۆتە پێغەمبەر ئەم داودە کەسێکی تابلێی سپی و جوان و قژ زەردی چـاو شـینە و کورتـە بالایـە .. خوداش بە) نعم العبـد و اواب (ناوی بردووە چونکە ئەوەندە بە هێز و بەغیرەت بووە لەکاتی هێرشبردن باکی لە هیچ هێزێك نەبووە.

دەچێتە بەرامبەر جالوت بەلام زۆر لە جالوت بچکۆلەترە و تەنانەت بالای داود پێغەمبەر دەگاتە نزیك قاچەکانی جالوت ، لێرەدا جالوت پێی دەڵێ تۆ بگەڕێوە ناو سوپاکەت و حەزناکەم تـۆ بکـوژم چـونکە تـۆ زۆر بـچووکیت .. حەزرەتی داود پێـــی دەڵێ : گەڕانەوەم مەحاڵە و دەمەوێ بتکوژم . حەزرەتی داود کیـسێکی بەدەسـتەوەیە و سـێ بەردی تیادایە و بە گوریسێك گرێی داوە ، هەردووکیان لەسەر ئەسپ بەرامبەر یەکتری دێـن بـۆ ئـەوەی یـەکێکیان ئەوەی تر بکوژێت ، حەزرەتی داود گوریسەکە کە بەردی پێوە بەستراوە زۆر بەخێرایی بە دەوری خۆی ئەسووڕێنێتەوە و زۆر بە هێز لە نێو چەوانی جالوتی ئەدات و جالوتی پاشا لەسەر ئەسـپەکەی دەکەوێتـە خـوارەوە و دەسـتبەجێ گیانی دەردەچێت] وقتل داود جالوت. [

سوپاکەی جالوت کە ئەمەیان بینی ورەیان رووخا ، هەرچەندە ژمارەیان هەزاران هەزار شەڕ کەر بوو بەلام بەرامبەر سێ سەد و چواردە شەڕکەری سوپاکەی تالوت ئۆقرەیان نەما ، لێرەدا حەزرەتی داود بوو بـە سـەرکردە و مـەلیك و سوڵتە و دین تێکـــــــــەڵی یەکتر بوون] واتاه الله الملك و علمە مما یشاء [خوا کردی بە مەلیك و پێغەمبەر و پاشان کچەکەی تالوتی هێنا و کردی بە خێزانی خۆی، لە قورئاندا خوای گەورە زۆر بەروونی و جـوانی وەسـفی

حەزرەتی داودی کردووە] واژكر عبدنا داود ژالایدی انـه اواب . [چـونكە كەسـێكی ئەوەنـدە بەخـشندە و دەسـت ڕۆیشتوو بووە و كۆمەكی و هاریكاری پێشكەش بە هەموو كەسێك كـردووە و بـەردەوام خێـری كـردووە ، و زۆربـەی كاتیش سەری لە كڕنووش دابووە و زۆر دوعای كردووە و زۆریش خودای خۆشویستووە وەكو پێغەمبەرمان فەرموویەتی)كان یحب الله كثیرا.. (

بەردەوایش فەرمووییـەتی] اللهم ارزقني حبك وحب من احبك وحب عمل یقرب الیك واجعل حبك الي [زۆر دوعـای دەكرد و دەلالایەوە و دەیفەرموو خودایە داوای خۆشویستنی تۆ دەكەم كە خۆشەویستتر بێت لە ماڵ و منداڵ و لە خۆم ..چەندێ بەكوڵ لەخوای گەورە پاڕاویتەوە كەخۆشتی بوویت؟ چەندێكیش بە دوای هۆكارەكانی گەیشتن ماندووبوویت و گەڕاویت تاوەكو خوای گەورەت خۆش بوویت ؟

لەخۆت بپرسە ئاخۆ ناوت لەوناوانەیە كە خوای گـەورە خۆشـی ئـەوێن ؟ ئـاخۆ منـیش خـوای گـەورەم لەهـەموو دروستكراوەكانی تر خۆشتر دەوێت ؟یاخود پارە و پول و ئارەزووەكانی خۆم لە خواكەم خۆشتر ئەوێت ؟ ئەزانی گـەر خوای خوای گەورە تۆی خۆش بوویت ئەبیتە خۆشەویستی هەموو كەس.. ؟؟ !!تەنانەت خۆشەویستی بێ گیانەكانیش ؟

لەم سەردەمەی ئێستادا خۆشەویستی) ماددە (و) دنیا (زاڵترە بەسەر بەندەكان خـالیق و بەدیهێنـەری دنیامـان لەبیرچووە !!.نیشانەی خۆشویستنی خوای گەورە لەوەدایە كـە ئـایین و فەرمانـەكانیت خـۆش بوویـت و پـەیڕەوی بكەیت، و خۆت لەحەرام و دەرچوون لەسنووری شەرع و خوای گەورە چی پێ خۆشە تۆش بەوشـێوەیە بیـت و خۆشـت بوویت، فەرمانەكانیشی جێبەجێ بكەیت ئەوا ئەوپەڕی خۆشەویستییە...

هەروەها گەورەترین نیشانەی خۆشەویستی خوای گەورە بۆ بەندەكەی ئەوەیە كە هەوڵت دابێ یان هەوڵ بدەی كەلای خەڵكان خوای گەورە خۆشەویست بكەیت !!..نەكەی كارێكی وابكەی بەهۆی تۆوە خەڵكان پشت لە ئـایینی پـیرۆزی ئیسلام بكەن، چونكە بەوهۆیە گوناهبار ئەبیت و گوناهی ئەو كەسەش دەكەوێتە سەرشـانی تـۆ و خـوای گـەورەش لەخۆت دەرە نجێنیت.

خوای گەورە زەبوری بۆ نارد] واتینا داود زبورا [لەمێژووی دنیـادا كەسـێك نـەبووە لـە دەنـگ خۆشـی هاوتـای حەزرەتی داود بوویێت چونكە دەنگێكی فرە خۆشی هەبووە ، پێغەمبەر صلى الله علیه وسلم دەفەرموویێت كـە كاتێـك حەزرەتی داود زەبوری دەخوێند هەموو چیاكان لەگەڵ دەنگی دەهاتنە جووڵە و تەسبیحاتی خوایان دەكرد و هـەموو باڵندەیەكی ئاسمان بەدەوری دەسووڕانەوە و سوبحانەڵلایان دەكرد .. جگە لەوەی لەشەووەوە تاوەكو تابەیانی لەگەڵ حەزرەتی داود چیاو شاخ و باڵندەكان جمەیان دەهات و زیكر و تەسبیـــــــحاتی خوایان دەكرد] والطیر محشورة كل لە اواب... [

ئەمجارەیان خودای گەورە موعجیزەیەكی تری پێبەخشی ئەویش نەرم كردنی ئاسـنە ، سـوبحانەڵلا ئاسـن لەبـەر دەستی حەزرەتی داود وەكو هەویر وابووە و زۆر بە ئاسانی كاری پێكردووە و نەرمی كردووە ، جگـە لـەوەی) درع (واتە جلێكی ئاسنینی دروستكرد بۆ كاتی جەنگ كە نە شمشێر و نە ڕم زەرەری بە لەشی جەنگاوەرەكە نەدەگەیاند .. چونكە خودا خۆی فێری كرد كە لە ئەڵقە ئەڵقەی بچووك دروستی بكات و بە یەكترییەوە بیانبەستێتەوە ، لێـرەوە خودا فێرت دەكات كە دەبێ هەوڵ بدەی فێری داهێنان و شت دروستكردن ببیت] علمناه صنعة لبوس . [جگە لـەوەی كەسێكی زۆر حەكیم و عەلیم و زاناو عابید و دانا بووە ، لە كۆشكەكەیا كاتی خۆی دابەش كردبوو بۆ شەونوێژ بـۆ تەسبیحات بۆ ئاشتەوایی بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ خەڵكان..

لەو کاتەی لە میحرابەکەیا خەریکی زیکر و تەسبیحاتی خودایە دوو کەس دێنە لای و گرفتێکیان هەیە یـەکێکیان دەڵێ : من خاوەن تاکە مەڕێکم و ئەمەشیان نەوەد و نۆ مەڕی هەیە و داوای لێکردووم تا مەڕەکـەی پێبـدەم و بـۆم بەخێو بکات ئێستاش داوای هەقی خۆم دەکـەم و مەڕەکـەم بداتـەوە و بـەلام نایداتـــەوە ؟ حـەزرەتی داودیـش دەفەرمووێت : ئەوە زوڵمی لێتکردووە و دەبێت بۆت بگەڕێنێتـەوە ، لەهەنـدێ ریوایەتـدا هـاتووە دەسـتبەجێ دوو کەسەکە لەبەردەم حەزرەتی داودا ون بوون کە فریشتە بوون و خودا بۆ ئەوەی ناردوون تاوەکو حـەزرەتی داود لـەم کێشەیە تاقی بکاتەوە..

پاشان کە قسەی یەکێکیانی وەرگرت و کەزانی ئەمە تاقیکردنەوەیـەکی خودایـە دەسـتبەجێ داوای لێخۆشـبوون و ئیستغفاری کرد ، و راستەوخۆ سەری برد بۆ کڕنووش و خودا لێی خۆشبوو..

ئەمجارە خوا وەحی بۆ ناردو پێی فەرموو] یا داود انا جعلناك خليفة في الارض فاحكم بين الناس بالعدل . [هەروەها رۆژێك نا رۆژێك بە رۆژووبووە و شەوانیش بەر لەوەی بچێتە ناو جێگاکەی بەردەوام نوێژی کردووە و داوای ئیستغفاری دەکرد پێغەمبەری ئازیز دەفەرمووێت : خۆشەویـستترین رۆژوو لای خـوای گـەورە رۆژووی حـەزرەتی داود بووە، هەموو کاتەکانی دابەش دەکرد بۆ هەموو بوارێك. لەم رۆژگارەشدا ئەوانەی شوکری نیعمەتەکانی خوای گەورە دەکەن بە پەنجەیدەست دەژمێردرێن و ژمارەیان کەمە، یاخود کەسی واهەیە هیچ خـشتەیەکی ئـەوتۆوی نییـە بـۆ دابەشکردنی کارەکانی رۆژانەی بـەردەوام لـەبێ فـەرمانی خـوای گـەورە دایـە و ئامادەیـە تابەرەبـەیان بـەدیار هۆکارەکانی راگەیاندن دابنیشێت کەچی ئامادەنییە شەونوێژێك و سوننەتێکی پێغەمبــــــــــەر بەجێ نەگەیەنێت].اعملوا ال داود شكرا [سەیرکە خودا سەدان نیعمەتی پێبەخشیوە ئەو هەر لە شـوکرانەی نیعمەتـەکان بێـدەنگ نەبووە و کەسێکی ئەوەندە شوکرانەبژێربووە ، دەگێڕنەوە رۆژێك پیاوێك دێتە ناو کۆشکی حەزرەتی داودە وە ، زۆر سەیرە کە ئەم پیاوە لە کوێ هاتۆتە ژوورەوە چونکە دیواری کۆشکەکەی ئەوەندە بەرز بووە کەس نەیتوانیوە بچێتە ناوەوەی کۆشکەکەیەوە ، هەواڵ دەگاتە حەزرەتی داود کە کەسێك هاتۆتە ناوەوەی کۆشکەکەت، حەزرەتی داودیـش دەچێتە کۆشکەکەی و پرسیار لە کەسەکە دەکات کە تۆ کێیت ؟ ئەویش دەڵـێ کـاتی مردنـت هـاتووە .. حـەزرەتی داودیش دەڵێت : کەواتە تۆ فریشتەی گیان کێشانی ؟ فەرموو گیانم بکێشە و لەو کاتەدا لەلایەن فریشتەی گیـان کێشان رۆحی پیرۆزی دەکێشرێت کەتەمەنی سەد ساڵی تەواوە . و حـەزرەتی سـولەیمانی کـوڕی بـچووکە و پێـشتر وەسیەتی کردبوو کە لە قودس بیــــــــنێژن .

حەزرەتی سولەیمان سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت، فەرمان بە باڵندەکان دەکـات سـێبەر بکـەن چـونکە لـەو کاتەی تەرمی حەزرەتی داودیان بۆ قودس دەبرد کەش و هەوا لە رادەبەدەر گـەرم بـووە و بـە فـەرمانی حـەزرەتی سولەیمان باڵندەکان سەرتاپای بەری خۆر دەگرن و دەیکەن بە سێبەر تا ئەوکاتەی تەرمی حەزرەتی داود لە قودس سپاردەی خاك دەکرێت .. خەڵکەکە توانای رۆیشتنی نەبووە بە دوای تەرمەکە چونکە کەش و هەوا زۆر گـەرم بـووە وەك پێغەمبەرمان بۆ هاوەڵەکانی دەگێڕێتەوە کە حەزرەتی سولەیمان بە دەست ئیشارەتی بۆ باڵنـدەکان کـرد کـە لەشەقەی باڵ بدەن تاوەکو تینی گەرمایەکە بشکێنن و ، وایانکرد و خەڵکەکە لە تینی گەرما رزگاریان بوو ، دوای وەفاتی حەزرەتی داود حەزرەتی سولەیمان شـوێنی گرتـەوە و بـوو بـە پێغەمبـەری خـوای گـەورە ... پێغەمبـەر دەفەرمووێت لەبە هەشتا حەزرەتی داود علیە السلام بە دەنگە خۆشەکەی قورئان بۆ ئیمانداران ئەخوێنێت..

یەکێ لە نزاکانی حەزرەتی داود ئەوەبووە کە بەردەوام دەیفەرموو :خۆشەویستی خۆت و ئەو کەسانەم پێببەخشە کە خۆشیانت ئەوێت، کەواتە تۆش بۆ ئەم نزا و داواکارییە لەخوای گەورە ناکەیتە گەورەترین ئامانجت، لەگەڵ ئـەو

کەسانەش هەڵس و کەوت بکە کە خوای گەورە خۆشیانی ئەوێت و بەردەوام لەگەڵیانە و لێیان جیانابێتەوە، بەتایبەت ئەو گەنجانە چ کور چ کچ نزای لەم شێوەیە بکەن و بڵێن : خوایە هاوسەرێکم پێببەخشیت تۆی خۆش بووێت و منیشی خۆش بووێت.چەندە ئاسوودە و بەختەوەرە ئەو خێزانەی کە خوای گەورەیان خۆش ئەوێت، باش بزانە گەر خوای گەورە هاوسەرەکەتی خۆش ویست ئەوا بێگومان تۆشی خۆش دەوێت و لەیادت ناکات .

* * *

پێغەمبەر سولەیمان سەلامی خودای لەسەربێت:

وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ (78) فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ (79) وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَكُمْ لِتُحْصِنَكُمْ مِنْ بَأْسِكُمْ فَهَلْ أَنْتُمْ شَاكِرُونَ (80) وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ (81) وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلًا دُونَ ذَلِكَ وَكُنَّا لَهُمْ حَافِظِينَ ...(82) الانبياء .

سەردەمی ئەو پێغەمبەرە سەردەمێکی زێڕینە لە مێژووی مرۆڤایەتی ، سەردەمێکە بۆ بنیاتنانەوەی شارستانیەت و پێشکەوتن و سەرهەڵدانی داهێنان، پێغەمبەر سولەیمان کەسێکی حەکیم و بە هێز بووە بەهێز بەومانایەی توانی هەموو جنۆکە و باڵندەکان بەویستی خۆی بخاتە جووڵە و لەبەردەستی ئەو کاربکەن و بە گوێی بکەن ، حەزرەتی سولەیمان شە و و رۆژ لە هەوڵ و کارکردن دابوو تا گەیشتە ئەو رادەیەی توانی کۆمەڵگایەکی هۆشیار و مەدەنی دابمەزرێنێت..

گەلەکەیشی بە خەڵك و جنۆکە و باڵندەوە هەر لەگەڵ ئەو پێغەمبەرە لە کاردا بوون و ساردبوونەوە رووی تێنەدەکردن ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێ] علمناه منطق الطير [، کاتێك دوو باڵندە بەیەکەوە دەکەوتنە قسە و گفتو گۆ سوبحانەللا حەزرەتی سولەیمان لێیان حاڵی دەبوو و لەگەڵیان دەکەوتە گفتوگۆ ، و تەنانەت لەگەڵ جنۆکەکانیش دەکەوتە قسە و کاری لەگەڵ دەکردن] ومن الجن من يعمل بين يديه بإذن ربه [بە فەرمانی خودا هەرشتێك حەزرەتی سولەیمان داوای بکردایا و ئارەزووی لێبایە دەستبەجێ بۆیان جێبەجێ دەکرد ، تەنانەت لەگەڵ مێروولەکانیش دەهاتە ئاخاوتن و لە یەکتری حاڵی دەبوون... یەکێکی تر لەو موعجیزە و بەخشانەی خودا کە بۆ حەزرەتی سولەیمانی دانابوو موسەخەر کردنی گێژووڵەکە و با و هەڵکردنی با لە هەموو شوێنێك بە ویستی ئەو پێغەمبەرە بوو] فسخرنا له الريح .... تجري بأمريه . [

بەخششێکی تری خودا بۆ حەزرەتی سولەیمان ، بەخشینی کانییێکی پڕ لەمس بوو بۆ ئەو پێغەمبەرە] واسلنا له عين القتر [ئەمە وەنەبێ کە ئەم شتانە هەمووی بێ هەوڵی حەزرەتی لەلایەن حەزرەتی سولەیمانەوە لەلایەن خودا بۆی هاتبێت ، نەخێر ... چونکە ئەو پێغەمبەرە شەوو رۆژ لەهەوڵ و کۆششدا بووە و بەردەوام لە رکوع و کڕنووش دابووە و داوای زانست و زانیاری لە خودای گەورە کردووە..

هەروەها گەورەترین و رێك و پێك ترین سوپا بەخششێکی خودا بوو بۆ حەزرەتی سولەیمان سەلامی خودای لەسەر ، بەڵام چ سوپا و لەشکرێك ، سوپایەکی یەکگرتوو لە جنۆکە و باڵندە و گیانداران . بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە تواناو هێزی جنۆکەکان زۆر لەتوانای مرۆڤەکان جیاواز ترە چونکە جنۆکە زۆر بە هێزن و لەتوانایاندایە هەموو شتێك بکەن تەنانەت دەتوانن بە چرکەیەك چەند کیلۆ مەترێك بڕن و بفڕنە ئاسمانیش ، لەوکاتەدا ئەگەر جنۆکەکان بیانویستایە بڕۆن ئەوا لەسەر تەختەیەك دادەنیشتن و بە خێرایی باو گێژووڵەکە دەکەوتنە رێ، بۆ

هەرکوێ بیانویستایە دەڕۆیشتن.
ئەو نیعمەت و بەخششانەی کە خودا بە حەزرەتی سولەیمانی دابوو تەنها بۆ زانست و زانیاریی و خێر بەکاری دەهێنا ، وەك دەفەرموویت] رب اغفرلي وهب لي ملكـــــــا لا ينبغي لاحد من بعدي[، خوایە موڵکێکم بدەیتێ لەدوای خۆم بۆ کەسێك نەمێنێت...
ئێستا ئیسرائیل لەشاری قودس بەدوای ئاسەواری ئەو شارستانیەتەدا دەگەڕێن و هیچ شتێکیان دەست ناکەوێت و نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەم ئایەتە ئەسەلمێنێت کە قورئان کەلامی خوای گەورەیە و باوەڕمان پتەوتر ئەکات...
لێرەوە لەم سەردەمەی حەزرەتی سولەیمان سەلامی خودای لەسەر دووشت بەیەکەوە گرێ دراون ئەوانیش زانست و داهێنان و باوەڕی ئەو پێغەمبەرەیە بە خوداکەی خۆی ، ئەم پێغەمبەرە فێرمان دەکات کە زانست و زانیارییەکانمان لە ڕێی خودا ببەخشین و بە خۆڕایی بێت و باوەڕی کامڵیشی لەگەڵدا بێت وامان لێنەیەت بە زانستەکە هەڵبخەڵەتێین چونکە باش بزانین ئەو هەموو زانست و بەخشش و زانیاریانە لە خوداوەیە و هی ئێمە نییە با هەردەم بڵێین] هذا من فضل ربي ليبلوني ااشكر ام اكفر. [فێرت دەکات کەتۆ خاوەن بڕوانامە و دەرچووی کۆلیژیت یاخود خاوەنی هێز و کاری ئەوە ئەوبڕوانامە و هێز وتاقەتە هەڵتنەخەڵەتێنێت و لووت بەرزت نەکات، چونکە هەر خودا خۆی پێی بەخشیویت و زۆرلای ئاسانیشە بە) کن فیکون (یێك لێتی بسەنێتەوە، ئەگەر خاوەن هێزو بازووی خۆتی ڕۆژێك دادێت پیر دەبیت و تواناو هێزەکەت نامێنێ و تەنها توانات نییە چەند کیلۆگرامێکی کەم بەدەستتەوە هەڵبگریت .
ئەگەر خاوەنی بڕوانامەش بیت، ڕۆژێك دێت لەدەستت بچێت بەهۆی تەکەبوری و لووت بەرزیەکەت، کەنەزانیت چۆن و لەچ ڕێگایەك بەکاری بهێنیت ، دەبێ بزانیت کەزانست و زانیاری بڕوانامەکەت بۆ پارەبێت یاخود بۆ سوود گەیاندنی مرۆڤایەتی و لە پێناو خوای گەورە بێت ... پیاوێك ئەناسم زۆر دەوڵەمەند بوو، ئەو پیاوە ڕۆژێك خۆی ئەشوات کە دێتە دەرەوە ئەبوورێتەوە، دواتر کەهەڵئەستێتەوە و هۆشی دێتەوە سەرخۆی هیچی لەبیر نەماوە تەنانەت ناوی خێزان و مناڵەکانیشی نازانێت !!!... تەنانەت وای لێهات نەیزانی ماڵ و داراییەکەی چەندە !!!..
گەرخوا لێی سەندەوە ئەوا لەماوەیەکی زۆر زوو و ئاسان لێی ئەسەنێتەوە چونکە خوای گەورە بەسەر هەمووشتێك زاڵە و توانای بەسەر هەمووشتێکەوەیە، تکائەکەم نزاکانی ئەو پێغەمبەرە بکەن بەبەرنامەی ژیانتان] هذا من فضل ربي [نەکەی موڵکی دنیا بەهی خۆتی بزانیت چونکە موڵکی دنیا کاتییە و لەدەستت ئەچێت کەواتە دڵی خۆت بەو موڵکە کاتییە خۆش مەکە و خوای گەورەت لەبیربێت .

بێینە سەر باسی جنۆکەکانی ژێر دەستی حەزرەتی سولەیمان] ومن الجن من يعمل بين يديه بإذن ربه [و هەروەها]يعملون له مايشاء من محارب و تماثيل .. [لە فەرمانی دەرنەدەچوون ملکەچی بڕیارەکانی بوون و هەموو کارێکیان بۆ دەکرد ، وە ئەگەر سەرپێچیان لە بڕیارەکانی حەزرەتی سولەیمان بکردایا ئەوا ئازاری دەدان کارگەی گەورەیان دروست کردبوو و باڵەخانەی بەرز و پەیکەری لەڕادەبەدەر گەورەیان دروستکرد..
دواتر خودای گەورە بە نەخۆشیەکی ئیفلیج بوون حەزرەتی سولەیمان بەسەردەکاتەوە] ولقد فتنا سليمان [و] والقينا على كرســـــــيه جسدا ثم اناب [، ویستی خودا وایە و دەیەوێت هەموو پێغەمبەرەکانی تاقی بکاتەوە چونکە کە خودا یەکێکی خۆش ویست ئەوا بە موسیبەت و نەخۆشکەوتن ئەوکەسە بەسەر دەکاتەوە، لێرەدا حەزرەتی

سوله یمان جەستەی بەتەواوەتی لە کاردەکەوێت و لەسەر کورسییێك دایدەنیشێنن .. گەر دەردەدارانیش بەرامبەر بە تاقیکردنەوەی خوای گەورە ئارامگربن ئەوا دەبن بەهاوەڵیی حەزرەتی سوله یمان سەلامی خوای گەورە لەسەربێت.

بەڵام ئەو پێغەمبەرە زۆر شوکرانە بژێر و خۆڕاگرە و هەردەم دەفەرمووێت] ربـــي اوزعني ان اشـــكر نعمتـك الـتي انعمت علي و على والدي وان اعمــــــل صالحــا ترضـــــاه [ئەم نزایانەی هەر لەرابردووش دەیفەرموو چونکە لەلای روون بوو کە ئەم نیعمەت و بەخششانە هەر هی خودایە و هی خودی خۆی نییە هـەر بـۆلای پـەروەردگاریش دەگەڕێتەوە ، هەروەها خودا خۆیشی پێی راگەیاندبوو کـە قـسە و گفتوگۆکـانی لەگـەڵ باڵنـدەکان و جنۆکـەکان هەمووی بەخشش و نیعمەتی خودا خۆیەتی و هیچی هی حـەزرەتی سـوله یمان نییـە ، هـەموو جارێـك حـەزرەتی سوله یمان هەموو جنۆکە و باڵندەکانی کۆ دەکردەوە و پێی دەفەرموون وامەزانن ئەم هەموو بەخشش و نیعمەتانە هی منە بەڵکو هەمووی فەزڵ و نیعمەتی خودان و هیچ شتێکی بە هێز و بازووی من نەهاتۆتە ژێردەستم و لەو کاتانەدا حەزرەتی سوله یمان زۆر سوپاسی نیعمەتەکانی خودای دەکردو زۆریش لە خودادەپاڕایەوە تاوەکو زانست و زانیاریی زیاتری پێ ببەخشێت.

با باس لە بەسەرهاتەکانی حەزرەتی سوله یمان بکەین ، بۆ نموونە لەوکاتەی سوپاکەی رێکخستووە کە لە جنۆکە و باڵندەکان پێکهاتوون بەڕێ دەکەون و تادەگەنە شیوێك و ماڵی مێروولەکانی لێیە] حتى اذا اتو الى وادي النملة [واتە کە گەیشتنە ئـەو شـوێنەی مێروولـەکانی لێیـە مێروولەیـەك سـوپاکەی سـوله یمانی بینـی و ئاگـاداری مێروولەکانی تری کردەوە و پێی وتن ئاگاداری خۆتان بن نەوەك سوپاکەی حەزرەتی سوله یمان لەناوتان ببـات و بکەونە ژێر پێی سوپاکەی !!!..

کە حەزرەتی سوله یمان گوێی لە دەنگی مێروولەکە بوو زەردەخەنە گرتی و پێکەنی ، حەزرەتی سوله یمان لێـرەدا سوپاکەی رادەگرێت کە ئەسپ و سوارچاکێکی ئێجگار زۆری لەگەڵدایە و دەفەرمووێ بوەستن و هـەموو ئـەم ئەسـپانە بکەن بە خێر .. لێی دەپرسن لەبەرچی ؟ ئەویش دەفەرمووێت : زیکرێکی خودام بیرچوو بیکەم ، و بـەهۆی سـەرنج دانم لە زۆری سوپاکەم بیرم چوو تەسبیحاتی خودای گەورە بکەم..

رۆژێکیان لەگەڵ ئەو هەموو سەرباز و موڵك و سامانە بەڕێ ئەکەوێت و پێی ئەڵێن : چەندە موڵك و سامانێکی زۆرت هەیە !!!... حەزرەتی سوله یمانیش ئەفەرمووێت : وەڵلاهی هەرهەموو موڵـك و سـامانەکەم یـەك) سبحان الله (ناهێنێت کەبیڵێم!!!...

هەروەها حەزرەتی سوله یمان کۆشکێکی زۆر گەورە و لەرادەبەدەر نایاب و خۆشی هـەبوو هـەموو شـتێکی تێـدابوو، لئاستێکی لەرادەبەدەر پێشکەوتن دابوون گەر باڵەخانەیەك زەوییەکەی شووشە بێت و ژێرەوەی شووشەکەش ئاو بێت ، ئاخۆ شێوازی بیناکە و تەکنەلۆژیاکەی دەبێ چەندە پێشکەوتوو بووبێت؟!!!

لەدووری حەزرەتی سوله یمانە گەلێك هەبوون کەگەلی بەلقیسیان پـێ دەووتــن ، خۆریـان ئە پەرست، حـەزرەتی سوله یمان پە پوویەکی هەبوو زۆر گوێڕایەڵ و تۆکمە و زیتەڵ بوو ، گەڕا بە دوای نەیبینیەوە ، دوایی خۆی هاتەوە و هەواڵی بۆ حەزرەتی سوله یمان هێنا کە چوومەتە) سبأ (کە لە یەمەنەو گەلێك هەن کە شاژنەکەیان بەلقیـسە خۆر ئە پەرستن.

لەوکاتەدا پە پووەکە واتا) هود هود (دەنووکی لەزەوی ئەدا و بە حەزرەتی سوله یمان دەفەرمووێ کە خودایەك لە ژێر ئەم زەوییە و لەسەر ئەم زەوییە رزق و رۆزیمان بدات چۆن دەبێت ئەمانە خۆر بپەرستن ؟؟

حەزرەتی سوله یمانیش نامەیەك بۆ شاژنە بەلقیس دەنووسێت و داوای لێدەکات باوەڕ بـەخوا بهێنێـت و هیدایـەت

وەربگرێت ، بەرلەوەی بەلقیس بێت بۆلای حەزرەتی سولە یمان ئەم پێغەمبەرە روو لە سوپاكەی دەكات دەفەرمووێت كام لە ئێوە تواناو هێزی هەیە كۆشكەكەی شاژنە) بةَلقیس(م، بە تەواوەتی بۆ بهێنێت بەلاَم بیگۆڕێت ؟
جنۆكەیەك دەڵێت روو وەرگێڕە بە چركەیەك بۆت دەهێنم و حەزرەتی سولە یمانیش دەفەرمووێ نا .. یەكێكی بە زانست ترم دەوێت و لێرەدا گەرەكیەتی زانستەكە هەموویان بگرێتەوە و نەوەك تەنها بۆ كەسێك و جنۆكەیەك...
یەكێكی تریان بە حەزرەتی سولە یمان ئەفەرمووێت : بە چاو تروكانێك عەرشەكەی شاژنە بەلقیست بۆ دەهێنمـــــــــــە ئێرە!!!
جنۆكەكەعەرشەكە دەهێنێت لەو كاتەی بەلقیس هاتۆتە لای حەزرەتی سولە یمان، بەلاَم جنۆكەكە گۆڕانكاری لە عەرشەكەی بەلقیس كردووە و حەزرەتی سولە یمانیش روو لە بەلقیس دەكات و پێی دەفەرمووێت) أهذا عرشكِ(؟؟ ، بەلقیس لێرە دوو دڵی رووی تێدەكات و بە وردی سەیری دەكات و دەڵێت) كأنه هو (چونكە گۆڕانكاریی تیا كراوە ، پاشان حەزرەتی سولە یمان بەلقیس دەباتە عەرشەكەی خۆی و نیشانی دەدات] فلما رأته حسبته لوجه [ژێر عەرشەكەی سولە یمان هەمووی ئاوە و عەرشەكەش لە شووشە دروستكراوە .. بەلقیس جلەكانی هەڵدەكات نەوەك تەڕبێت بەلاَم نازانێ شووشەیە و ژێری ئاوە !! ئنجا بەلقیس دەڵێت) وأسلمت مع سليمان لرب العالمين ... (
چۆنیەتی وەفاتكردنی حەزرەتی سولە یمان :
جنۆكە و عیفریتەكان كۆشكێكی گەورە دروست دەكەن و حەزرەتی سولە یمانیش بەرامبەریان و ەستاوە و سەیریان دەكات و دارێكی بە دەستەوەیە و ئە یخاتەژێر باڵیەوە و بە دیاریانەوەیە..
كە راوێژكارێكی لێی نزیك دەبێتەوە دەبینێت حەزرەتی سولە یمان گیانی دەرچووە و وەفاتی فەرمووە ، ئەم راوێژكارەی هیچ دەنگێك ناكات و نایدركێنێت نەوەكو جنۆكەكان ساردبوونەوە روویان تێبكات و دەسبەرداری دروستكردنی كۆشكەكەبن و ئەم دیمەنە ماوەیەكی زۆر وەكو خۆی دەمێنێتەوە واتە دیمەنەكەی حەزرەتی سولە یمان ، و جنۆكەكانیش غەیبیان نییە كە حەزرەتی سولە یمان وەفاتی كردووە و تاوەكو كۆشكەكە تەواو دەكەن، و تیشكی خۆر لە گۆچانەكەی حەزرەتی سولە یمان ئەدات و دەكەوێتە سەر زەوی ئنجا ئەزانن كە وەفاتی فەرمووە ..
* *
*

پێغەمبەر عوزەیر سەلامی خودای لەسەربێت:

أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَى قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّى يُحْيِي هَذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَلْ لَبِثْتَ مِئَةَ عَامٍ فَانْظُرْ إِلَى طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَانْظُرْ إِلَى حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آَيَةً لِلنَّاسِ وَانْظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنْشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (259) وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ .. البقرة.
دوای ماوەیەكی زۆر پاش پێغەمبەر سولە یمان و حەزرەتی موسا خودای گەورە پێغەمبەرێكی تری هێنایە دنیا كە ئەویش حەزرەتی عوزەیرە سەلامی خودای گەورەی لەسەربێت ، حەزرەتی عوزەیر لەناو بەنی ئیسرائیلیەكان دەژیا و

خوای گەورە فەرمانی پێکرد خۆی ئامادە بکات و بەرەو دێیەك بڕوات و خەڵکەکەی بەرەو باوەڕ هێنان و هیدایەت بانگ بکات.
حەزرەتی عوزەیر کەوتە خۆو خواردن و کەل و پەلەکانی ئامادەکرد و بە گوێ درێژەکەیەوە بەرەو دێیەکە کەوتە رێ کە خودا پێی راگەیاندبوو ، بەڕێ کەوت تاگەیشتە شوێنەکە بینی دێیەکی تەواوە بەلاّم کەسی تێدانییە و چۆڵە] خاوية على عروشـــــها [بەو واتایەی دیواری خانووەکان ماوە و هەموو سەرەوەی خانووەکان کەوتۆتە سەر زەوی و پووش و پەلاش خانووەکانی داپۆشیوە و تەنانەت لە دێیەکە باڵندەیەکیش نەدەبینرا ,حـەزرەتی عـوزەیر سـەری سوڕدەمێنێت و دەکەوێتە بیر کردنەوە کە ئایا ئەم خەڵکە چی لێهاتووە و کەسی تیا نەماوە ؟ یاخود دەبێ مـن بـە هەڵە نەهاتبم و ڕێگام لێ ون بووبێ ؟ دەگەڕێت زۆریش لە ژێر دار و پەرووی خانووە رووخاوەکان دەگەڕێت و هـیچ کەسێك نابینێتەوە !!! ... حەزرەتی عوزەیر کەوتە بیر کردنەوە کە رەنگە خودای گەورە منی بۆ ئەوە ناردبێ کە بەم زووانە کۆمەڵە خەڵکێك روو لە و دێیە بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن.. دوای مانـدووبوون بـە ڕێگـاوە و پـاش نـان خواردن کەلەگەڵ خۆیدا هێنابووی وەك دەڵێن نان و ترێ و هەنجیری لەگەڵ خۆی بردووە لەسەر زەوی رادەکـشێت و قاچەکانی بە دیوارێك هەڵئەپەسێرێت و سەیری دێیەکە دەکات و شتێك هاتە خەیاڵیەوە] قال انی یحیی الله هذه بعد موتها [، واتا کەی دەبێ خودای گەورە ئەم دێیە زیندوو بکاتەوە و بەچ شـێوەیەك ؟ پرسـیارەکەی مەبەسـتی توانای خوای گەورە نیە، بەڵکو سەرسوڕمانی خۆیەتی کەی ئەم شارە ئاوەدان ئەبێتەوە تـاوەکو ئـایین و فـەرمانی خوای گەورەیان پێبگەیەنم.
خودا لێرەوە ئەم تاقیکردنەوە نیشانی حەزرەتی عوزەیر دەدات و] فأماته الله مائة عام [خودا لەتوانای داهەبوو هەموو خەڵکی دێیەکەی زیندوو کردبایە و پیشانی حەزرەتی عوزەیری دابایە ، بەلاّم مردنەکەی بۆ ماوەی سەد ساڵ نیشانی حەزرەتی عوزەیردا ، دوای سەد ساڵ حەزرەتی عوزەیر گیانی هاتـەوە بـەر و وەکـو خـۆی قاچـەکانی بـە دیوارەکەوە وەستاون و خواردنەکەی وەکو خۆیەتی و بەلاّم گوێ درێژەکەی نەماوە و چەند کۆنە ئێـسقانێکی کـۆن و رزیوی لە نزیکە ..
لەوکاتەدا خودای گەورە فریشتەیەك لەسەر شێوەی مرۆڤ دەنێرێتە لای حەزرەتی عوزەیر و پرسیاری لێدەکات] کم لبثت [واتە چەندێك خەوتی ؟ ئەویش وا هەست دەکات رۆژێك یان چەند رۆژێك خەوتبێت] قال یوما او بعض یوم [، فریشتەکەش کەلە شێوەی مرۆڤە پێی دەڵێت] بل لبثت مائة عام !!!.. [
حەزرەتی عوزەیر سەرسامی رووی تێدەکات و لە دڵی خۆیـدا دەڵێـت چـۆن شـتی وا دەبێـت سـەد سـاڵ خـەوتبم ؟ فریشتەکە پێی دەڵێ سەیری گوێ درێژەکەت بکە] ولنجعلك اية [تۆ دەکەین بە ئایەتێك بۆ هەموو خەڵکی کەدەبێ بمرن و دواییش زیندوو ببنـەوە ، لـە بەرامبـەر چـاوەکانی حـەزرەتی عـوزەیردا و بـە فـەرمانی خـودای گـەورە ئێسقانەکانی گوێ درێژەکە یەکیان گرت و دەمـارو گۆشـتەکان و پێـستەی بـۆ هاتـەوە و وەکـو خـۆی لێهاتـەوە و هەڵسایەوە سەر پێیەکانی ، سەیری کاری ئەم خالیقە بکە کە چەندە جوان و پڕ فەڕە و هەربەو هۆیەشە حەزرەتی عوزەیر و سەرجەم پێغەمبەرانی تر باوەڕیان بەخودای تاك و تەنها پتەوو بەهێزبووە و بەو هۆیەشـەوە خـۆڕاگر و پێشەنگ بووینە، ئەمە خۆی لەخۆیدا تاقیی کردنەوەیەکی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەران و بۆ ئێمەش کـە لـەدوای زیندووبوونەوەت پرسیارت لێئەکات لەبارەی ئایەتەکانی زیندووبوونـەوە و گەڕانـەوەت بـۆلای خـوای گـەورە کـە لەقورئانی پیرۆز و لەبەسەرهاتەکەی حەزرەتی عوزەیر باسی کـردووە و بەنموونـە نیـشانی ئـەو پێغەمبەرەیـدا، باشیش بزانە کە خوای گەورە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات چونکە عەقڵو هۆشی پێبەخشیوی، جگە لەمـەش هـەموو

گەردوون و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیان بەدەستی ئەوە و لەژێر فەرمانی ئەودایە.
پاشان فریشتەکە پێی فەرموو] فانظر الی طعامك لم يتسنة . [میوە و خواردنەکانت وەکو خۆیەتی و تێك نەچووە !!...سەیری ئەم موعجیزەیەش بکە کەخوای گەورە دوای سەد ساڵ نەیهێشت میوەکانی بڕزێت، کەواتە خوای گەورە زەمەنی بۆ سەد ساڵ وەستاند هەم بۆ گوێدرێژەکە هەمیش بۆ میوە و خۆراکەکەی حەزرەتی عوزەیر بەهەمان شێوەش بۆ یارانی ئەشکەوت بەم شێوەیە ...دواتر خوای گەورە فەرمانی پێدەکات بڕۆ بۆ دێیەکەی کەتۆم راسپارد، بۆچی بچێت ؟ بێگومان حیکمەتێکی خۆی هەیە، کەتۆش ناوت لەکۆلێژێك یاخود پەیمانگەیەك دەردەچێت بێگومان حیکمەتێکی تێدایە، قوتابی وائەناسم دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی کۆلێژ ناوی لەدێیەکی زۆر دوور و لەسەر سنوور دەرچووە ...کەچۆتە دێیەکە جگە لەچەند کەسێکی بەساڵاچوو کەسێکی تر نوێژی نەکردووە و کڕنووشی بۆ خوای گەورە نەبردووە، لەئەنجامدا ئەو گەنجە وایکردووە کە دێیەکە ئاوەدان بکاتەوە و لەهەمان کاتیش هەڵساوە بەدروستکردنی مزگەوتێك بۆ دانیشتوانی دێیەکە لەپاڵ دیواری ئەو قوتابخانەیەی کەتێیدا بە مامۆستا دامەزراوە !!!..
ئەوە ئاوەدانکردنەوەی دێیەکە و فەرام هێنانی خۆشگوزەرانی بەختەوەرییە بۆ دانیشتوانی دێیەکە، چونکە بەهۆی ئەو مامۆستا گەنجەوە دانیشتوانی دێیەکە روویان لەخوای گەورە کرد و تەنانەت ئەوانەی جاران نوێژیان نەدەکرد بەهۆی ئەو مامۆستایەوە نوێژێکیان بەبێ کۆمەڵ نەدەکرد و ئەوەندە خەڵکی دیندار و رێك و پێکیان لێدەرچوو، کەواتە چوونت بۆ هەر شوێنێك ئەوە حیکمەتێکی تیایە و متمانەت هەبێت خێری بەدواوەیە، حەزرەتی عوزەیرکە دەگاتە دێیەکە دەبینێ زۆر قەرەباڵغ و پڕ لە خەڵك و ئاوەدانییە و گەلێکی ئیسرائیلی بوون ، حەزرەتی عوزەیر لایان نزیك بۆوە و لە نزیك کۆمەڵێکیان دانیشت و لەگەڵیان کەوتە گفتوگۆ ، پێی فەرموون ئێوە ناوی حەزرەتی عوزەیرتان بیستووە و ئەیناسن ؟ وتیان بەڵێ زانیومانە کە نێردراوی خودا بووە و نزیکەی سەد ساڵێك دەبێت مردووە و نەماوە..
ئەویش پێیان دەفەرمووێت من عوزەیرم و نێرداوی خودای گەورەم ، ئەوانیش دەڵێن شتی وا چۆن دەبێت و راست نییە ، دیسان دەڵێت من عوزەیرم ، ئەوانیش دەڵێن حەزرەتی عوزەیر چەند نیشانەیەکی هەبووە ... تەنها پیرەژنێك خەسڵەتەکانی حەزرەتی عوزەیر دەزانێت و تەمەنی لەسەرووی سەد و بیست ساڵیەوەو چاوەکانی کوێرن.
هەندێك دەڵێن خزمەتکاری حەزرەتی عوزەیر بووە و هەندێکیش دەڵێن دایکی بووە ، کە پیرەژنەکە دەهێنن و ئەویش پێی دەڵێت من حەزرەتی عوزەیرم ، پیرەژنەکەش دەڵێت یەك لە نیشانەکانی حەزرەتی عوزەیر ئەوە بووە هەموو تەوراتی لەبەر بووە ، وەئەگەر دوعای بۆ کەسێك بکردایە راستەوخۆ خودا دوعاکەی وەردەگرت و گیرای ئەکرد ، حەزرەتی عوزەیر دوعا بۆ پیرەژنەکە دەکات چاوەکانی چاك بێتەوە دەستبەجێ خودا شیفا بۆ پیرەژنەکە دەنێرێت و رووناکی دەگەڕێتەوە چاوەکانی و پاشان لە سەرەتاوە تاکۆتایی هەموو تەوراتیان لەبەر بۆ دەخوێنێتەوە و زۆر بە جوانی و رەوانی . خۆ لەو سەردەمە تەورات نەمابوو و کەسێك لەبەری نەبووە جگە لە حەزرەتی عوزەیر نەبێت .
ریوایەتێکی تر هەیە دەڵێن حەزرەتی عوزەیر پێی ووتون : وەرن لە گەڵما تەوراتێکی کۆن هەیە شاردوومەتەوە لە دێیەکەی خۆما بابچین بیهێنین ، کە پیرەژنەکە چاوەکانی چاك بوونەوە و دەیناسێتەوە و دەستبەجێ بەنی ئیسرائیل باوەڕی پێدەهێنن و تەوبە دەکەن و جارێکی تر روو لە خودای گەورە دەکەن ، جوولەکەکان ئەوەندە عوزەیریان گەورە کرد تەنانەت گەیاندیانە ئەو رادەیەی وتیان کوڕی خودایە] وقالت اليهود عزير ابن الله... [
لێرەوە دڵنیابن ئایینەکانی تر خوار و خێچی و دەستکاری کەوتە ناویەوە و تەنها ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو خۆی

به پاك و بێگەردی مایەوە و تادنیاش ماوە هەر بەو پاكییە دەمێنێتەوە و خوای گەورەش خۆی پارێزگاری لێدەكات و كەسێك بۆی نییە دەستكاری ئایەتێكی قورئانی پیرۆز بكات، كەواتە پێویستە ئێمەش دەست بەئایینەكەمانەوە بگرین و لەكاروباری رۆژانەماندا پەیڕەوی بكەین و پشتگوێی نەخەین ..ئەمە پیشەی جولەكەیە و ئەوەتا یان پێغەمبەرانیان شەهید كردووە ویان ئەزیەتیان ئەدەن، یان لەشێوەی سروشتی خۆی دەری ئەكەن و ئەیكەن بەكوڕی خوا !!!.. ئەگەر ئێمە بەچاوی خۆمان نەبینن مردو زیندوو ئەكرێتەوە، ئەی ئەوەنییە خۆمان پێش ئەوەی بێینە بوون مردوو بووین ؟؟!!

ئێستا زیندووین و هەرئەو خوایەشە كە ئەمان مرێنێت و زیندووشمان ئەكاتەوە، كەواتە زیندوو كردنەوەی دووەم جار زۆر ئاسانترە لە دروستكردنی یەكەم جار.

چی لە عوزەیر پێغەمبەر فێربووین:

گەورەیی و بالآدەستی خودای گەورە.

زیندووبوونەوەمان دوای مردن.

لێرە بۆمان دەردەكەوێت بۆچی سەد ساڵ ، چونكە بەوماوەیە حەزارەت دێتە بوون

فێربووین كەخودا توانای بەسەر هەموو شتێكەوە هەیە و هەرخۆی زیندووكەرەوەیە

پێمان دەڵێت بێ ئومێدمەبن لە هیدایەت وەرگرتنی خەڵكان خودا خۆی هیدایەت بەخشە و گەورە و میهـــــــــرەبان و بەرەحمە.

*   *   *

پێغەمبەر زەكەریا و یەحیا سەلامی خودایان لەسەربێت:

كهيعص (1) ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (2) إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا (3) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ
الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (4) وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ
وَلِيًّا (5) يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا (6) يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ
قَبْلُ سَمِيًّا (7) قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا (8) قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ
هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا (9) قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ
سَوِيًّا (10) فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَنْ سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (11) يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ
وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا (12) وَحَنَانًا مِنْ لَدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا (13) وَبَرًّا بِوَالِدَيْهِ وَلَمْ يَكُنْ جَبَّارًا عَصِيًّا (14) وَسَلَامٌ
عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا (15) مريم.

وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ (89) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ
إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ ...(90) الانبياء.

لەدوای حەزرەتی موسا سەلامی خودای لەسەر بێت بنەماڵەیەكی ئیماندار و لە خواترس و زۆر دڵسۆز بۆ پەیامەكەی خودا پەیدابوون و بە) ال عمران (ناسراو بوون تابڵێی دیندار و خۆڕاگر و بە ئەمەك بوون بۆ گەیاندنی پەیامی خودا بە خەڵكی ، لەنەوەی ئەم ئالی عیمرانە دووكچ هەبوون لەگەڵ زاوایەكیان كە ئەویش حەزرەتی زەكەریا بوو علیە السلام ، ئەمانە لە فەلەستین دەژیان و جگە لەوان كەسێكی تر نەبووە باوەڕی بە خودا هەبووبێ لەو سەردەمەدا.

ویستی خودا وابوو كە ئەم خێزانەی عیمران كوڕیان نەبووە نە ئالی عیمران و نەحەزرەتی زەكەریا ، خێزانی عیمران لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەناوی نەكراوە ، بەڵام ئەوەندە خەمخۆری دینەكەی خوا بووە چونكە لە

هەموولایەکەوە فەساد و بەد ڕەوشتی سەری هەڵدابوو ، ئەو ئافرەتە بەردەوام سەری لە کڕنووشدابووە و لە خوا پاڕاوەتەوە بەڵکو خودا منداڵێکی پێببەخشێت و ببێت بەو عیسا مەسیحەی کە خەڵکی لە چاوەڕوانی ئەو پێغەمبەرە دابووینە ... لە هەمان کاتیش ئەو کچەی کە داویەتی بە حەزرەتی زەکەریا ئەمیش منداڵی نابێت ، خێزانی عیمران لەتەمەن دەرچووە کە منالی ببێت و کەسیش لەو باوەڕەدا نەبووە کە ئەو ژنە منالی ببێت ، هەروەك حەزرەتی زەکەریاش تەمەنی گەورە بووە و دەیفەرموو] إني وهن العظم مني واشتعل الرأس شيبا [و دەڵێت : من تەمەنم بەسەرچوو و تەنانەت ئێسقانەکانم تواناو لەنگەرییان نەماوە و سەرتاپای سەریشم سپی بوون ، و چۆن منالم دەبێت چ جای ئەوەی دایکی خێزانەکەم منالی ببێت ؟؟؟ دوعاکانی خەسووی حەزرەتی زەکەریا لەبەر بەرژەوەندی خۆی نەبوو بەڵکو لەبەرژەوەندی دینەکەی دابوو چونکە دەیانووت : ئەم خەڵکەی بەنی ئیسرائیل پەند و عیبرەت وەرناگرێت مەگەر پێغەمبەرێکیان بۆ نەیەت.

خێزانی عیمران دوعا دەکات] إذ قالت امرأة عمران ربي اني نذرت لك مافي بطني محررا فتقبل مني إنك انت السميع العليم [وتی نەزری دەکەم کە خزمەتی پەرستگاو ئاینی تۆ بکات ، لێرەوە خودا نزاکەی قەبوڵ کرد و خێزانی عیمران زۆر دڵی خۆش بوو و هەردەم سوپاسی خودای دەکرد و سەری لە کڕنۆشدا بوو .. گەورەیی ئەو ئافرەتە لەوەدایە پەیمان بەخوای گەورە ئەدات گەر منالم ببێ ئەوە بۆ خزمەتکردنی ئایینەکەی تۆ تەرخانی ئەکەم !!..هەرکەس خاوەنی ئەم نیەتە پاکە بێت و بڵێت : خوایە منالێکم بدەیتێ و پەیڕەوی بەرنامەکەی تۆ بکات و خزمەتکاریی ئایینەکەت بێ و کەسێکی بانگخواز بێ بۆ ئایینەکەت یاخود خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرز بێت و خزمەتی مرۆڤایەتی بکات بکات لە پێناو خوای گەورە ... تکایە با نیەتەکانمان لەدروستکردنی ژیانمان ڕۆڵ بگێڕێت.

پێیان دەوت : منالەکەت کوڕ بێت دەبێت بە پێغەمبەر و قودس لە ژێر ڕکێفی خوانەناس و موشریکەکان ڕزگاردەکات ، بەلام کەسکەکەی داناو منالی بوو ، کوڕ نەبوو ، و کچ دەرچوو و دەڵێت] ربی إني وضعتها انثی وليس الذكر كالانثی [خوایە من کچم بوو] !!!!... وإني سميتها مريم [و لە نەزر و پەیمانەکەی کە داومە پەشیمان نیم کە ببێتە خزمەتکاری پەرستگا ، و پاشان دەفەرمووێت : خودایە پەنات پێئەگرم لەوەی کە شەیتان بتوانێ زەفەر بەو مەریەمە و نەوەکەیشی بگەیەنێت، سەیری ئەم ئافرەتە بەرێز و خواناسە بکەن کەچەندە بەپەرۆشە منالێکی ببێت خزمەتی ئایینەکەی بکات، خۆخەم لەنەزۆکیی جارانی ناخوات بەڵکو خەم دەخوات کەلەو سەردەمەی ئەوی تیا دەژێیت کەخەریکە ناوی خوا لەسەر زار و زمانەکان نامێنێت و بگرە تەنها باوی نامێنێت.

خوای گەورە وەحیی بۆ نارد کە نەزرەکەتمان قەبوڵ کرد و زۆر دڵی خۆش دەبێت ، کە مەریەم گەورە بوو و لە شیر خواردن بۆوە ، ژنەکەی عیمران کە دایکی مەریەمە ئەم کچە جوان و نورانیە بۆ پەرستگا ئەبات و دەیەوێت نەزرەکەی بگەیەنێتە سەر ، مەریەم تا بڵێی منالێکی جوان و نورانی بووە و لە دوورەوە خەڵك تامەزرۆی بینینیان کردووە و بۆی پەرۆش بوون ، لەو کاتەدا بەپێی یاسای بەنی ئیسرائیل قەدەغە بوو کە کچ یاخود ئافرەت نزیك پەرستگا بکەوێت و پەرستش و عیبادەتی تێدا ئەنجام بدات و خزمەتی پەرستگاکەش بکات بۆیە داوایان کرد بۆ ئەم کارە کەفیلێك پەیدا بکات ، بەلام سەیر لەوەدابوو هەرهەموو خەڵکی حەزیان دەکرد ببن بە کەفیلی مەریەم و بۆیە لەسەر کەفالەتکردنی مەریەم بە گرەو ڕێککەوتن ، ڕێککەوتنەکەش چۆن بوو ؟ هەموو کاهینەکان دەبێ قەڵەمی دەستیان هەڵبدەنە ناو ئاوێك و قەڵەمی کام کاهین بە بەرزی لەناو ئاوەکەدا وەستا ئەوا دەبێت خاوەنی ئەو قەڵەمە ببێت بە کەفیلی مەریەم .

سەرجەم قەڵەمی کاهینەکانیان خستە ئاوەکەوە و قەڵەمەکەی حەزرەتی زەکەریا بە بەرزی لەناو ئاوەکە وەستا و حەزرەتی زەکەریا کەفالەتی کرد ، ئەمە ویستی خودای گەورەی لەسەر بوو کە دەبێت پێغەمبەرێك کەفالەتی مەریەم بکات نەوەك کاهینێك و بەندەیەك چونکە ئەو دەزانێت چۆن چۆنی پەروەردەی بکات، لێرەدا ویستی خوای گەورە وابوو کە ئەبێ ئەوکەسەی ئەوان چاوەڕوانی ئەکەن بێتە دنیاوە، ئەبێ ئافرەت رۆڵی خۆی تێدا ببینێت و خاوەن پڕۆژەی خۆی بێت بۆ خزمەتکردنی پەرستگاکە و ئاوەدان کردنەوە و زیندووکردنەوەی ئایینەکەیان هەرلەبەر ئەمەشە لەو مەریەمە عیسای مەسیح لەدایك ئەبێت و دێتە دنیاوە.

مەریەم دەنێردرێتە پەرستگاو بەردەوام خزمەتی پەرستگا دەکات و نوێژ دەکات و نزا دەکات، بەڵام چ مەریەمێك مەریەمێکی بەحەیاو بەشەرم و گوێڕایەڵ و ملکەچی خودا، خۆزگە لەم رۆژگارەی ئێمەش خوشکان و دایکانمان نموونەی مەریەمیان دەبوو، بەڵێ هەر جارەی برسی بێت بە فەرمانی خودا فریشتەکان خواردنی بۆ دەهێنن هەموو جۆرە خواردنێکی چوار وەرزە !!!.. ئەوەتا حەزرەتی زەکەریا رۆژێك مەریەم بەسەر دەکاتەوە و جۆرەها خواردن لەبەردەم مەریەم دەبینێت و لێی دەپرسێت) انی لکی هژا (ئەویش وەلأمی دەداتەوە) هو من عنداللە) ... (هنالك دعا زکریا ربە (بیر دەکاتەوە ئەمە لەلایەن خوداوە رزق و رۆزی بۆ دێت و منیش منالم نییە..

نزا دەکات) ربي هب لي من لدك ذرية طيبة (خوایە منداڵێکی پاك و خاوێنم پێببەخشی بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاییینەکەت کە خەریکە لەناو بەنی ئیسرائیل باوی نامێنێت بە هۆی شیرك و گوناهەکانیان، با ئێمەش لەرۆژگارێکی وەك ئەمڕۆ بەردەوام ئەو جۆرە دوعایانە بکەین، کەخەریکە لەم رۆژگارەدا مناڵەکانمان بەرەو هەلاکەت بچن بەهۆی بلأوبوونەوەی دەیەها هۆکاریی راگەیاندن کە کەمێکیان بۆ سوود و خێر بەکاردەهێنرێت .

حەزرەتی زەکەریا لە نزاکانی بەردەوامە و دەفەرمووێ] ولم اكن بدعائك ربي شقيا [، هەروەها دەفەرمووێ] وإني خفت الموالي من ورائـي [، حەزرەتی زەکەریا ئاماژە بە بەنی ئیسرائیل دەکات کە ترسی هەیە لەوەی ئەوان ئایینی خودا لەناوبەرن ، خۆ دەشزانێت کە خێزانەکەیشی لە تەمەن دەرچووە و ئەستەمە منداڵی ببێت ، بۆیە دەستبەجێ خودای گەورە دوعاکانی حەزرەتی زەکەریای گیرا کرد و قەبوڵی کرد و خێزانەکەی سکی بوو و کوڕێکی پێبەخشی بە ناوی) یحیی (خودا پێی فەرموو] یا زکریا انا نبشرك بغلام اسـمە یحیی لم نجعل لە من قبـل سمیا ... [بەلأم گرنگییەکەی لەوەدایە خودای گەورە خۆی ناوی یەحیا... گەر کەسێ مناڵی نەبێت پەنا بۆ کێ ئەبا؟ بۆ مەزارگە و شێخ و سەیدەکان !!!...ئەی خوای گەورە بۆ خۆی) وهاب (نییە ؟؟؟ پێغەمبەرێك ئەوەندە ساڵە مناڵی نەبووە پەنای بۆ کێ بردووە..؟؟

لەراستیدا ئەوەی جگە لەخوای گەورە داوای مناڵ لەکەسی تر بکات ئەوەگوناهێکی زۆر گەورەی کردووە، و متمانەی بەخوای گەورە نییە .... بەڵکو متمانەی بە دروستکراوەکانی خوای گەورە هەیە ... پاڕانەی خۆت .... زیکری) استغفار (ی، خۆت ... شەونوێەکانی خۆت ... متمانەی خۆت ... بەخوای گەورە، گەورەترین هۆکارن بۆمناڵ بەخشین کەواتە تەنها روولەخوای گەورە بکە و روو لەهیچ کەسێکی تر نەکەیت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە بۆچی ناوی نا) یەحیی (؟ لەبەرئەوەی یەحیا بە مانای زیندوو دێت و نامرێت بە مانای شەهید بوون دێت ، چونکە شەهیدانی ڕێی خوا بەهیچ شێوەیەك نامرن و زیندوون ، دوای ئەوەی خودا وەحیی بۆ حەزرەتی زەکەریا ئەنێرێت حەزرەتی زەکەریا سەرسامی رووی تێدەکات و دەفەرمووێ] انی یکون لی غلام و کانت امرأتی عاقر [واتە هیچ خەسڵەتێکی مناڵ بوونی تیانییە و نەزۆکە و لەتەمەنیش دەرچووە !!!... ئەمجارە دەفەرمووێت] وقد بلغت من الکبر عتیا [خوداش وەحیی بۆ دەنێرێ] قال کذلك ربك علي هين [ئەی

زەکەریا ئەمەلای من زۆر ئاسانە] وقد خلقتك من قبل ولم تك شيئا [حەزرەتی زەکەریا داوا لە خودای گەورە دەکات ئایەتێکی پیشان بدات کە نیشانەیەك بێت بۆ لەدایك بوونی یەحیای کوڕی ،] ان لا تكلم الناس ثلاثة ايام سويا [بۆئەوەیە تاوەکو بەردەوام لە بری قسەکردن تەسبیحات و شوکری خودا بکات.

بە فەرمانی خودا یەحیا بە سێ ساڵ پێش حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم هاتە دنیا و خودای پێی فەرموو] یا يحيى خذ الكتـــــاب بقوة واتيناه الحكم صبيا [، لەتەمەنی سیانزە ساڵان خودای گەورە کردی بە پێغەمبەر و زانست و زانیاریی پێبەخشی و هەڵیبژارد بۆ ڕێنماییکردنی بەنی ئیسرائیل .

گەنجەکان لەم سەردەمەدا چەندە بەجوانی و پڕ بەدڵت دینداری بکەیت هێشتا کەمە، چونکە هۆکاری لەخشتە بردنی گەنجان زۆرن ... وابکەیت وەکو حەزرەتی یەحیای گەنج بەهەموو هێزتەوە دەست بە ئایینی خوا بگریت و بەردەوام لەگەڵ قورئان بژیت، نەکەی پاشەگەز بیتەوە و دەسبەرداری ئایینە جوانەکەت و ڕەوشتە جوان و نایابەکەت نەبیت، نەکەی لەجێبەجێکردن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکان شلگیریی بکەیت، یەحیا ئاسا گەنجییەکەت بکە بەقوربانی خوای گەورە.

حەزرەتی یەحیا زۆر هەوڵی لەگەڵ بەنی ئیسرائیل داو هیچ سوود و قازانجێکی نەبوو و بە گوێیان نەدەکرد و سەرپێچیان لە فەرمانەکانی دەکرد و ئەزیەت و ئازاریان دەدا ، لەو سەردەمەدا پاشایەك هەبوو حەزی لەکچی براکەی خۆی دەکرد و بۆیە حەزرەتی یەحیا ئاگاداری ئەو پاشایەی کردەوە کە ئایین و بەرنامەی خودا، ڕێ بەو کارە نادەن کە برازاکەی خۆت بۆ خۆت مارەبکەیت و بیکەیتە خێزانی خۆت . برازای پاشاکە چوو بۆلای پاشاکە، کە مامی بوو و پێی وت : گەردەتەوێت من بهێنیت مارەییەکەم یەك شتە ئەویش ئەوەیە دەبێ سەری یەحیام بۆ بڕیت و بۆم بهێنیت ئنجا رازی ئەبم !!! مەلیکەکەش بە گوێی برازاکەی کرد و فەرمانی کرد کە سەری یەحیا ببڕن و بۆی بهێنن ، بە گوێیان کرد و یەحیای نەوجەوانیان سەربڕی و حەزرەتی زەکەریا ئەم دیمەنەی سەربڕینی ڕۆڵەکەی بینی ، بەوەندەش نەوەستان و پلانیان داڕشت بۆ شەهید کردنی حەزرەتی زەکەریا سەلامی خودای لێبێت ، حەزرەتی زەکەریا بەمەی زانی و لەناو دارێك خۆی شاردەوە و جوولەکەکان بەمەیان زانی و دارەکەیان کرد بە دوو لەتەوە و حەزرەتی زەکەریاشیان شەهید کرد.....

هەموو مرۆڤێك مردنی لەسەرە و یەخەی دەگرێت، هەرئەبێ بمرێت ومالئاوایی لە دنیا بکات و خوای گەورە بڕیاریداوە هەرکەسە و بەجۆرێك بمرێت .گەر ئاوتت ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و دینداریش خەسڵەتت بێت،هەوڵت سەرخستنی پەیامەکەی خوای گەورە بێت و، کار و کاسبیت حەلاڵ بێ و هەموو نیەتێکت بۆ خوای میهرەبان بێت و پەرۆشی ئایینەکەی پەروەردگارت بیت گەر بمریت بە) شەهید(ی، ئەمریت و یەحیای گەنج هاوەڵتە لە فیردەوس و بەدیداری شادئەبیت.

جێی خۆیەتی باوکە بەڕێزەکان چاو لەحەزرەتی زەکەریا بکەن و کوڕ و کچەکانتان گۆش بکەن بەدینداری و پەروەردەیەکی ئیسلامیی، خوای گەورەیان لەلاشیرین و خۆشەویست بکەن ...دایکە خۆشەویستەکانیش دروشمی دایکەمەریەم هەڵبگرن بۆ پەروەردەکردنی منالەکانتان خەمیی قیامەتیان بخۆن و نزا بکەن چونکە نزای ئێوەلای خوای گەورە قەبوڵە و بێ هیوایی و نائومێدی رووتان تێنەکات، و بەهیچ شێوەیەك مەڵێ : کە ئەو منالەی خوای گەورە پێی بەخشیوم کچ یان کوڕ، زەحمەتە ڕۆڵی گەورە بگێڕێت بۆ خزمەتکردنی ئەم ئایینە، و بەردەوام شانازییان پێوەبکە مادام باوەڕدارن و لەسەر ئایینی ئیسلامی پیرۆز جێگیرن و ساردبوونەوە ڕوویان تێناکات.

* * *

پێغەمبەر عیسای کوڕی مەریەم سەلامی خودای لەسەربێت :

وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (157) بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (158)وَإِنْ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ إِلَّا لَيُؤْمِنَنَّ بِهِ قَبْلَ مَوْتِهِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكُونُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا . ال عمران...

حەزرەتی عیسا کە بە مەسیح ناسراوە یەکێکە لە پێغەمبەرانی خودا) مەسیح (واتــا زۆر گەشـتیار و زۆر گـەڕاو، یاخود بەدەستهێنان بەسەر نەخۆش و کەم ئەندام و مردووەکان و ئەمانە هەرهەموویان لە مەسیحەوە هاتوون، واتا دەستی بەسەرهەر کەسێکدا هێنابێ بە فەرمانی خوای گەورە ئەوکەسە شیفای بۆهاتووە و چاك بۆتەوە.

جگەلەوەش بە درێژایی هاتنە دنیای ماڵ و شوێنێکی حەسانەوەی نەبووە و ، بە بەردەوام خەریکی بانگەواز بووە و خەڵکی بۆلای خودای گەورە بـانگ کردووە و کۆڵی نەداوە . پێغەمبەرێکە بەبێ باوك هاتە دنیاوە بۆ ئەوەی هەمووان بزانن کە خودا توانای بەسەر هەموو شتێکەوە هەیەو هەرخۆی خالیق و بـە دەسـەڵاتە وەك چـۆن ئـادەم و حـەوای لەنەبوونەوە هێنایـــــــــە بوون.

پاش ئەوەی خاتوو مەریەم گەورە دەبێ خودای گەورە دەفـەرموێت] واذكـر في الكتـاب مـريم اذ نتبـدت مـن اهلـها مكـــــــانا شرقیا [مەریەم لە خەڵکەکە دوور کەوتەوە و شوێنێکی بۆخۆی تەرخان کرد بەمەبەستی پەرستش و زیکر کردنی خودای گەورە ، تـاوەکو گەورە دەبێت و تەمەنی دەگاتە سەرووی پانزە ساڵان.

بە فەرمانی خـودای گـەورە حـەزرەتی جبریـل لـە شـێوەیەکی زۆر نـورانی و درەوشـاوەوە دەچـێتە لای حـەزرەتی مەریـــــــــەم و] وارسـلنا إليها روحنا [، لەو کاتەدا حەزرەتی مەریەم سەری سووڕ دەمێنێت و پێی دەڵێت]اني اعوذ بـالرحمن ان كنت تقيـا [، من پەنـات پێ ئەگرم بە خودا بێی بەلامدا و ئەزیەتم بـدەیت . حـەزرەتی جبریل پێی دەفەرموێت لەلای خوداوە هاتووم و] لاهب لكِ غلاما زكيـا [مەریەمیش دەڵێت] انـی یکـون لـي غـلام ولم یمسسني بشر ولم اكن بغیـا [چۆن شتی وادەبێت کەسێك لەمن نزیك نەبۆتەوە ، مەریەم بـاوەڕی تـەواوی بـە خودا هەبوو کەتوانای بەسەر هەموو شتێکەوە هەیە وەکو چۆن لـە بەهەشـتەوە میـوەی بـۆ نـارد لـەو کاتـەی لـە پەرستگاکەی خۆیدابوو.

ئەمجارە جبریل سەلامی خودای لەسەر بێت پێی دەفەرموێت ئەمە لای خودای گـەورە زۆر ئاسـانە کـە منداڵـت پـێ ببەخشێت و ئەمە دەکەین بە ئایەتێك بۆ هەموو مرۆڤ....

لەم وتوێژەی نێوانیاندا حەزرەتی جوبریل فووێك دەکات بەرووخسار و باڵای مەریەم و بەو هۆیەوە سکی پڕدەبێـت چونکە ئەمە بڕیارێکی ئیلاهییە و دەبێت وابێت ، مەریەم تا سکی تەواو گەورە دەبێت ناچێتە دەرەوە دواتـر خـودا مزگێنی پێدەبەخشێت] وإذ قـالت الملائكـــــــة یا مریم ان الله اصطفاكِ علـی و طهـركِ واصطفاكِ علـى نســاء العـــالمين. [

مژدەیان پێدا کە خودا تۆی هەڵبژارد و پاك و بێگەردی کردیت و تۆی لە هەموو ئافرەتێکی جیهان بەرزتر کـرد و هەڵیبژاردیت . بێگومان گەیشتنی مەریەم بەم مەقامە بەرز و پیرۆزە بە هۆی گوێڕایەڵیی تەواوی بووە بۆ خودا کـە پێی فەرمووبوو] یا مریم اقنتي لربكِ واسجدي واركعي مع الراكعين [چونکە کچێکی گوێڕایەڵ بوو بە فەرمانەکانی خوداو تـابلێی ژیر و ئاقڵ لە لوتکەی پاکێتی دابوو و هەروەها بەندەی خودای گەورە بوو.

خوای گەورە دووجار وشەی) اصطفى (بەکار دەهێنێت واتا هەڵبژێردراو، لەنێوان ئـەو دوو) اصطفى (یـەش،) گەرێ (هاتووەپاك و بێگەردی لە ڕەوشت و هەڵس وکەوت و بیرو باوەڕ و شەرم و حەیاو جەستە ....بێنە بەرچـاوت کەکاتێ گوناهێك ئەنجام ئەدەیت چـەندە هەسـت بەناڕەحـەتی و ناخۆشـی و پیـسیی ناخـت ئەکـەیت، خوشـکە بەڕێزەکەم تۆ پاکیت نەکەی ئەم پاکیی و بێگەردییەت لەدەست بدەیت و بەقسەی کوڕێك هەڵنەخەڵەتێیت، نەکەی لاشەی خۆت بە جل و بەرگی پیس ناشیرین و پیس بکەیت و بۆ چاو پیسان جەستەکەت پیس بکەیت.
چەندە جوانە لای خوای گەورە بەپاکیی بناسرێیت، و هاوەڵیی مەریەمی داوێـن پـاك بیـت ...لـەم رۆژگـارەدا وای لێهاتووە بەهەنجەتی جۆراو جۆر خیانەت ئەکەین ... گەر من کچێك نەناسم یاخود کوڕەکە نەناسم و پێشتر نەزانم چۆنە و چۆن نییە؟ چۆن ژیانی هاوسەرایەتی لەگەڵ پێك بهێنم!!؟؟ بۆ ماوەیەك پەیوەندیی دڵداری دا ئەمەزرێت و دواتر لەیەکتر بێزار ئەبن، بەلاَم دوای ئەو هەموو قسە ناسك و جوانانە کەلەگەڵ یەکتری کردوویانە و بگرە مـاچ گۆڕینەوەی نێوانیان ...تەنانەت زۆربەی جار گەیشتۆتە لەدەستدانی شـەرەف و کەرامـەت و ئـابڕوو !!!...مەریـەم فێری داوێن پاکیی و ئابڕووپاکیمان ئەکات، گەریەکێك لەدەرگای دڵتی دا، ئازایانـە پێـی بڵـێ : ئـەوە بـاوکم و ئەوەش خێزانم و دەتوانی بێیتە خوازبێنیم ...پێویست بە پەیوەندیی بـێ شـەرعیی ناکـات ئـەزانن گـەر کـچێك بەئاسانی خۆی بدات بەدەستی کوڕێکەوە، هیچ کات ئەو کچە لای کوڕەکە گەورە نییە و هەر لەبەر ئەمەشە زۆرجـار دیاردەی) طلاق (سەر هەڵدەدات.
پێویستە خوشکان و دایکان پاك بن و بەهەشتیش لە پێشوازی کەسانی پاك و بێگەرددایە خوای گەورەش کەسـانی پاك و بێگەردی خۆش دەوێت و بەوهۆیەوەش لەبەهەشتی بەریندا دەبێتە هاوەڵ و ڕەفیقی مەریەمی داوێن پاك.
مەریەم لە شار چووە دەرەوە وتەواو لە شار دووركەوتەوە و لە قودسەوە ڕووی لە بەیت لـەحم کـرد ، و تاگەیـشتە دارخورمایەکی زۆر وشك و بێ بەر ، لە ژێر دارەکە ژانی مناڵ بوون سەرتاپای گیانی مەریەمی گرتەوە و ئازارێکی زۆر توند بەرۆکی بەرنەدا و وتی] یالیتني متت قبل هذا وکنت نسیا منـسیا [مەریەم لەبـەر ئازارەکـانی خۆزگـە بـە نەبوون دەخوازێت . ئا لەو کاتەدا حەزرەتی عیسا بەبێ باوك دێتە دنیـا ، خـودای گـەورە دار خورمایەکـەی بـۆ ژیاندەوە و پڕی کرد لە خورما ، فەرمانی پێدەکات لە دار خورماکە بدات و دەنکە خورماکـان دەکەونـە خـوارەوە و بیخۆ ، هەروەها لە ژێر پێکانی ئاو هەڵدەقووڵێ و تێر لە ئاوەکە دەخواتەوە و تینوێتی دەشـکێت ، پاشـان خـودا فەرمانی پێدەکات بۆ شارەکەی خۆی بگەڕێتەوە ..
کە دەگاتەوە قودس خەڵکەکە بەرەو ڕووی دێن و سەریان سووڕدەمێنێت و پێی دەڵێن ئەی خوشـکی هـارون براکـەت وانەبوو خۆ عابیدو لە خوا ترس بوو تۆ ئەم مناڵەت لە کوێ بوو ، مەگەرتۆ کچی عیمران نیـت ؟؟] وماکـان امـك بغیا [، دایکت پاك بووە و پەنای نەبردۆتە بەر زینا!!!...
خودا فەرمانی بە مەریەم کردووە کە هیچ قسەیەکیان لەگەڵ نەکەیت و ئەویش وا دەکات) ولم اکلم الیوم انسیا (، ئا لێرەدا مەریەم بەسەر ئیشارەتێك بۆ جوولەکەکان ئەکات کە قسە لەگەڵ ئەم مناڵە بکەن.....
یەکەم وشە کەلەزاری عیسای کوڕی مەریەم دەردەچێت لەو کاتەی لە باوەشی دایکیدایـە و جوولەکـەکان چـاوەڕێی وەلامـــــن] قال اني عبدالله [دەڵێت من بەندەی خودام ، پاشان دەڵێت] اتني الکتاب [پـەیام و کتێـبم بـۆ دەنێرێت و] وجعلنی نبیا [و] وجعلنی مبارکا اینما کنت [منی کردۆتە پێغەمبەر و بچم بۆ هەر شوێنێك پیرۆزم..
ڕاستەوخۆ جوولەکەکان کەوتنە خۆ وتیان ئەمە سیحر و جـادووە مەریـەم دەیکـات و راسـت ناکـات !!!.. ئنجـا مەریەمیان بە باغیە ناوبرد و تۆمەتی زیناکاریان خستە پاڵ و عیسا پێغەمبەریشیان بە کوڕی زیناکارەکە نـاوبرد

..

خودای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا فەرموویەتی نەوەکانی ئادەم جنێو بەمن دەدەن و شیرك دەکەن و وادەڵـێن کـە عیسا و عوزەیر کوڕی منن بەڵام من خودای تـاك و تەنهام و) احدٌ صمدٌ (م ، و هـەروەها) لم الـد (و کەسـیش لەمن نەبووە ، نە منالّم لێبووە و نە منالّیشم دەبێت . خودا فەرموویەتی] إن مثل عیسی کمثل ادم خلقه من تراب [، حەزرەتی عیسا گەورە دەبێت تـا دەگاتە سی سالآن] وقفینا علی اثرهم بعیسی ابن مـریم مـصدقا لمـا بـین یدیـه واتیناه الا نجیـــــــل [بەوتەی زانایان کەحەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم تەمەنی گەیشتۆتە سـی سـالآن خـودا وەحیی بۆ ناردووە لەگەڵ کتێبی ئینجیل.

هەندێك لە شەرع و بەرنامەکانی ئینجیل و تەوراتی تێکەڵ بەیەکتر کرد و چاکە و خرا پەی بۆ جوولەکەکان خستە روو و لە شتی حەرام و حەڵاڵ ئاگاداری کردنەوە ، خودا چەندین موعجیزەشی بۆنارد و پیـشانی خەڵکەکـەی ئـەدا وەکو خۆڵ و ئاوی تێکەڵ بەیەکتر دەکرد و دواتر شێوەی چۆلەکەیەکی دروست دەکرد یەکسەر ئەو شێوەیەی دروسـتی دەکرد رۆحی بۆ دەهات و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕی وەکو دەیفەرموو] اني اخلق لکم من الطین کهیأة الطیر فأنفخ فیه فیکـــــــون طیرا بإذني [، دیسان جوولەکەکان باوەڕیان پێنەکرد چونکە ئەوەندە سەرسەخت و لووت بـەرز و لـە خۆبایی بوون.

یەکێکی تر لە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا ئەوە بوو هەر کەسێك لە زکماکییەوە چاوی نەبووایە دەستی دەخـستە سەر چاوەکانی و دەستبەجێ رۆشنایی دەکەوتەوە چاوەکانی چاك دەبۆوە ، هەروەها ئەوەی پێـستی بەڵـەك دەبـوو چاك بوونەوەی ئەستەم بوو حەزرەتی عیسا دەستی بەسەردادەهێنا و راستەوخۆ چاك دەبۆوە ، جگە لەوەی دەیزانـی کە خەڵکەکە نیوەڕۆیان و ئێواران چی دەخۆن و چی دەکەن و چی ناکەن ، بەڵام هەر باوەڕیان پێنەکرد و دەیانووت : عیسا جادووگەرەو سیحر دەکات .. بەڵام زۆکەم باوەڕیان پێهێنا وەکو زانایان دەڵێن ئەوانەی باوەڕیان بە حەزرەتی عیسا هێنا ژمارەیان یانزە کەس بووە و هەندێکیشیان دەڵێن حەڤدە کەسێك بوون.

لێرەوە جوولەکەکان بوون بە سێ بەش و بەشێکیان وتیان عیسا خودایە و بەشەکەی تریان وتیان کـوڕی خودایـە و بەشی سێیەمیان وتیان بەندەی خودایە بەڵام کۆمەڵێك شك و گومانیان لـە دلا بـوو ، ئـە مجارەیان حەوارییـەکان پێیان وت) هل یستطیع ربك ان ینزل علینا مائدة من السماء (؟ خۆ ئەمانە حەواریونەکانن و باوەڕیان بە عیسای کوڕی مەریەم هێناوە بەڵام گومانیان بۆ دروست بووە] قال یا قومي اتقوا الله [پێی فـەرموون گەلەکـەم لـە خـوا بترسن....

دواتر بە فەرمانی خودا سفرە و خوان و نانێکی زۆر گەورە لە ئاسمان هاتە خوارەوە و باوەڕیان هێنا و لەنانەکەیان خوارد تەنها یەکێیان خیانەتی کرد و هەڵگەڕاوە و سەرجەم جوولەکەکان لەم دیاردەیە ترسان .

بۆیە جوولەکە بێ باوەڕەکان خۆیان گەیاندە لای پاشای ئەو سەردەمە کە رۆم بوو ، پێیـان وت : ئەگـەر هـەوڵێك نەدەیت بۆ لەناوبردنی عیسا ئەوا سەروەت و سامان و موڵکی ئێمە و تۆ لە دەست دەچێت ، پاشا رۆمەکەش بڕیاریدا کە عیسا قۆڵبەست بکرێت و دەبێ لە خاچیش بدرێت ، بێگومان ئەم بڕیارەش دەرهەق بە عیسای کوڕی مەریەم پاش سێ ساڵ لە پێغەمبەرایەتی هات کە تەمەنی گەیشتبووە سی و سێ سالآن...

)ئیبن عباس (لە پێغەمبەری پێشەوا دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێ : کاتـێ عیسای کوڕی مەریەم بەم هەواڵەی زانی کە پیلانیان داڕشتووە بۆ لە خاچ دانی ، خۆی شۆرد و چووەلای هاوەڵەکانی ئەوانەی کە باوەڕیان پێ هێنا بوو و پێـی فەرموون کێ لە ئێوە ئامادەیە شێوە و رووخساری بێتە سەر شێوە و رووخساری من چونکە لەبەهەشـتدا لەگـەڵ مـن

دەبێت ...
گەنجێکی تازە پێڕاگەیشتوو هەڵسایە سەر پێ و وتی : من ئامادەم ، حەزرەتی عیسا فەرمووی : تۆ دانیشە ... دیسان دووبارەی کردەوە کێ لە ئێوە ئامادەیە ئەم کارەی پێ بسپێرم ؟ جارێکی تر گەنجەکە هەستایەوە و ئنجا حەزرەتی عیسا پێی فەرموو] ولك ذلك [ئنجا چووە پێش حەزرەتی عیسا و شێوە و ڕووخساری وەکو حەزرەتی عیسا لێهات.. پاشان پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت دەفەرمووێت : بەم شێوەیە و بەبەرچاوی هەموو هاوەڵەکانی حەزرەتی عیسا سەلامی خودای لەسەربێت بە فەرمانی خودا بەرەو ئاسمان بەرز بۆوە و بۆلای خودا ڕۆیشت و پاشان گەنجەکە کە شێوەی وەکو حەزرەتی عیسا لێهات قۆڵبەستکرا و لە خاچ درا....
ئەو کەسەی کە خیانەتی لە حەزرەتی عیسا کرد دوانزە جار قۆڵبەستکرا و وتی : لەڕیزی هاوەڵانی عیسا نیم و دژی ئەوم ، پێشتریش حەزرەتی عیسا ئەم هەواڵەی بە هاوەڵەکانیدابوو کەکەسێك لەنێو ئێوەدا هەیە دوانزە جار خیانەت دەکات و لە باوەڕەکەی پەشیمان دەبێتەوە!!!!...
ئایینی مەسیحیەت دووسەد و چل ساڵی خایاند و پاشان پاشایەك هات بەناوی قوستەنتینیە ، ئەم پاشایە ئایینی مەسیحییەتی هەڵبژارد بەڵام گۆڕانکارییەکی تەواوی تێدا کرد و لەوکاتەوە مەسیحییەکان بوون بە سێ بەش کە بەشێکیان پێیان ئەوترێت یەعقوبیە ئەمانە لەو بڕوایەدابوون کە حەزرەتی عیسا خودایە ... بەشەکەی تر مەستورییەن کە ئەمانە ئێستاش هەن و لەو بڕوایەدان کە حەزرەتی عیسا کوڕی خودایە!!!...
بەشەکەی تریان پێیان دەووترێ یونیتریا ، ئەمانە ئێستاش هەن و کڵێسایان زۆرە و لە ئەمریکادا زۆرن و لەو بڕوایەدان کە حەزرەتی عیسا بەندەی خودایە.. پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێت : ڕۆژێك دادێت کە حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم لە ئاسمان دێتە خوارەوە و نیشانەکانی قیامەت نزیك دەبێت و هەموو پێغەمبەرانیش دەبن بە برا هەروەها دەفەرمووێت لەوکاتەدا من نزیکترین کەسم لە حەزرەتی عیسا چونکە هیچ پێغەمبەرێکی تر لە نێوان من و حەزرەتی عیسادا نەبووە ...
بۆیە حەزرەتی عیساش بەشارەت دەدات کەلەدوای من پێغەمبەرێك دێت] یأتی من بعدی اسمه احمد [، کە بەڕاستی ئەمانە هەموو ڕاستی و هەقیقەتی قورئانی پیرۆز دەخەنە ڕوو ..وتەیەك بۆ ئەوانەی) أهل کتاب (ن، و مەسیحین ...چاولێکردن لە باوباپیران و دەوروبەر و بێ نەزانین ژیان بەفیڕۆدانە، ئایینی مەسیحیەت ڕاستەو باوەڕمان هەیە کەلەلای خوای گەورەوە هاتووە ...بەڵام کەی لە خوای گەورە ئەوەشێتەوە بۆ خەڵکی سەر زەوی لە یەکتردا چەند یاسایەك بنێرێت، هەروەك لەوڵاتێك چەند) دەستوور (ی نابێت، بەهەمان شێوەش بۆ مرۆڤەکان چەند بەرنامەیەك نابێت.
هەر پێغەمبەرێك هاتبێت فەرمانەکانی خوای گەورەی بەجێگەیاندووە ئنجا ماوەی ژیانی کۆتایی پێهاتووە، و پەیامەکەیشی کاری پێنەکرێت تاوەکو خوای گەورە پەیامێکی تر ڕەوانە ئەکات، کەپەیامێکی تر هات پەیامەکەی پێشتر لەکارپێکردن ئەوەستێت هەر لەبەر ئەمەشە) تەورات (و) ئینجیل (وەکو خۆیان نەماونەتەوەو دەستکاری کراون و هەقیقەتەکانیان شێوێنراون و دەستکارییان کراوە!!!...
ئیتر کاتی ئەوەنەهاتووە بپرسین بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ زیاتر قورئان هاتووە و کەسێك نەیتوانیوە دەستکاری بکات؟؟؟ بێگومان کەسێك بۆی نییە دەستکاری بکات چونکە خوای گەورە خۆی پارێزگاری لێئەکات] إنا نحن نزلنا الذکر وإنا له لحافظون[، بەڵام ئینجیل و تەورات دەستکارییان تێدا کراوە و هەرکەسە و بەئارەزووی خۆی و بەهەرناوێك بێت ئینجیل و تەوراتی نووسیوەتەوە و بەئارەزووی خۆیشی دەستکاری کردووە!!!!...

بەكورناسينى) عيسى (پێغەمبەر بەكورى خوا ، دووره لەهەموو تێگەيشتنێك گەر سيفەتى خواى گەورەى تيادابووايە نەخەو دەيبردەوە و نەخۆراكى ئەخوارد و نەشێوەشى وەكو مرۆڤ ئەبوو ... چۆن خاليق وەكو مەخلوق ئەبێت!!؟؟ خاليق بەديهێنەر و نەمرە و كەس شێوەى لەو ناچێت و كەسيش لەو نەبووە و تاك وتەنهايە] قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ.[*

براو خوشكانى مەسيحى كاتى ئەوەنەهاتووە چاو لە راستييەكان بكەن و دان بەگەورەيى خواى گەورە بنێن و ملكەچى بڕيار و فەرمانەكانى ئەوخوايە بن كە تاك و تەنهايە و بالأدەستە بەسەر هەموو شتێكەوە؟ كاتى ئەوەنەهاتووە چيتر خەسڵەت و بيرۆكەى باب و باپيرانتان نەكەنە بير و هۆشى خۆتان.

بۆبيرى جوانى خۆتان ناكەنە كار و فەرمانەكانى خواى گەورە جێبەجێ بكەن ؟ كە دوايين فەرمانە بۆ مرۆڤەكان ئەويش دەست هەڵگرتن لە ئايينەكانى تر و پەيڕەوكردن و شوێنكەوتنى ڕێبازى سەردارى پێغەمبەران كە ئەويش حەزرەتى موحەممەدە سەلأت و سەلامى خواى گەورەى لەسەربێت و دەستگرتنە بە ئايينەكەى كە بێگومان كتێبەكەى كە قورئانى پيرۆزە مەزنترين و پيرۆزترين كتێبە كەلەلايەن خواى گەورەوە بۆى هاتووە و كەسێكيش نەيتوانيوە دەستكارى بكات و هيچ كەسێكيش بۆى نييە دەستكارى بكات كە خواى گەورە خۆى دەيپارێزيت....

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (16) فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا (17) قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا (18) قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (19) قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (20) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (21) فَحَمَلَتْهُ فَانْتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا (22) فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا (23) فَنَادَاهَا مِنْ تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (24) وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (25) فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنْسِيًّا (26) فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا (27) يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا (28) فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَنْ كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا (29) قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا (30) وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا (31) وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا (32) وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدْتُ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا (33) ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ (34) مَا كَانَ لِلَّهِ أَنْ يَتَّخِذَ مِنْ وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (35) وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ (36) مريم.

* *